



# ڕێژەی تەلاقدان و جیابوونەوە لە کوردستان 66% زیادیکردووە

**ڕووداو-هەولێر**

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان، بەتەنیا لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ 3533 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە (2274 تەڵاق، 1259 جیابوونەوە) لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمارکراوە، کە زۆربەی ئەوانەش تەمەنیان لەنێوان 18-30 ساڵدایە. بەڵام بەدرێژایی ساڵی 2008 تەنیا 3663 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەبووە، هەروەها ساڵی رابردووش 4237 حاڵەت هەبووە. بەپێی لێکدانەوەی ئەو ئامارانەش ڕێژەی تەلاق و جیابوونەوە لە هەرێمی رووی لە هەڵکشانێکی سەرسوڕهێنەردایە، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2008 ڕێژەکە 92.9% و بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردووش ڕێژەکە 66.7% زیادی کردووە. پارێزەر مەها سەباح، یەکێکە لەو پارێزەرانەی لەدادگاکانی هەرێمی کوردستان کار لە دۆسیەکانی باری کەسی دەکات، دەڵێ کەمدەرامەتی گەنجان و زۆری داواکاری کچان، هۆکارێکی سەرەکی پشت جیابوونەوەو تەڵاقن.



15







ژمارە (130)
دووشەممە 2010/9/20
29ی گەلاوێژی 2710
(750) دینار
چاپی کوردستان
www.rudaw.net
Rûdaw ڕووداو
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت


## لیژنەی لێکۆڵینەوە: هیشام مەحمود لە شەرگات سەردەشت عوسمانی وەرگرت

# ئەو ئەفسەرەی هیشام مەحمودی دەستگیر کرد تیرۆر کرا

## بەڕێوەبەری پۆلیسی بێجی بۆ (ڕووداو): بە فەرمانی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر هیشام مەحموودمان دەستگیرکرد

**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای بێجی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین ڕایگەیاند کە هیچ کەس لە پۆلیس و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەشداری لە دەستگیرکردنی هیشام مەحموود ئیسماعیل تۆمەتبار بە بەشداریکردن لە تیرۆرکردنی قوتابی و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسماندا نەکردووە. ڕوونیشکردەوە کە ئەوان ئەو داواکراوەیان لە ڕۆژی 2010/6/23 لەسەر فەرمانی دادگای لێکۆلینەوەی هەولێر لە بێجی دەستگیرکرد و ڕۆژی 2010/6/27 لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی بێجییەوە ڕادەستی پۆلیسی هەولێر کرا.

سەردەشت عوسمان ڕۆژی 2010/5/4 لە هەولێر ڕفێندرا و ڕۆژی 2010/5/5 تەرمەکەی لە مووسڵ دۆزرایەوە. بەپێی ڕاگەیێندراوی دووەمی لێژنەی لێکۆڵینەوە کە ڕۆژی 2010/9/15 بڵاوکرایەوە، هیشام مەحموود تەمەن 28 ساڵ، بەرەگەز کورد و دانیشتووی شاری مووسڵ کە دوکانی فیتەری هەبووە لە پیشەسازی قەزای بێجی سەر بە پارێزگای سەلاحەدین، دەستی هەبووە لە ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆرکردنی سەردەشتدا، بەهاوکاری پۆلیسی بێجی دەستگیریان کرد.

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە کە هیشام مەحموود وەک لە لێکۆڵینەوەدا دانی بەوەداناوە کە سەردەشت عوسمانی لە 2010/5/4 لە شارۆچکەی شەرگات لە سێ تۆمەتباری دیکەی باندەکە لە ئۆتۆمبێلێکدا وەرگرتووە بەدەست و قاچ و دەم بەستراوی و بەزیندوویی، ئینجا ئۆتۆمبێلەکە لێخوڕیوە و لەگەڵ تۆمەتبار (ا . م) بردوویانەتە مووسڵ و تەسلیمی بەرپرسی باندەی ئەنسارولئیسلام کراوە. هەر بەپێی ڕاگەیێندراوەکە "پاش چەند ڕۆژێک لەلایەن بەرپرسی باندەکە تۆمەتباری دەستگیرکراو دەزانێت کە تاوانلێکراویان کوشتووە".

عەقید خەلیل عەلی جبوری، بەڕێوەبەری پۆلیسی بێجی، لە هەڤپەیڤنێکدا بە تەلەفۆن لەگەڵ (ڕووداو)، سەبارەت بە چۆنیەتی دەستگیرکردنی هیشام گوتی "ئاسایشی هەرێمی کوردستان وێنە و نەخشەی دووکانەکەی ئەویان لە بێجی بۆ ناردین، وا پێدەچوو کە ئەوان موتابەعەیان کردووە، هەروەها نووسراوی دادگاشیان بۆ ناردین بۆ دەستگیرکردنی، کە فەرمانی گرتنی لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر دەرچووبوو. ئێمەش دەستگیرمان کردو دۆسیەکەمان دایە دادگای لێکۆڵینەوەی بێجی، دادوەری لێکۆڵینەوەی بێجیش بڕیاریدا بینێریتە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر و، بەشێوەیەکی



وێنەی هیشام مەحمود کە لەلایەن لێژنەی لێکۆڵینەوە لە دۆسیەی سەردەشت عوسمان بڵاوکرایەوە

یاسایی تەسلیمی پۆلیسی هەولێر کرا".

هەروەها گوتی "هیچ کەس لە ئاسایش و پۆلیسی هەولێر نەهاتە بێجی بۆ دەستگیرکردنی، ئەوان فەرمانی گرتنیان لە دادگاوە بۆ ناردین و ئێمەش دەستگیرمان کرد".

عەقید خەلیل، زانیاری زیاتری لەوبارەوە دایە (ڕووداو) و گوتی "ڕۆژی 2010/6/23 مفەوەزێک بە فەرماندەیی موقەدەم حوسێن عەلی ئەحمەد ئەرکی دەستگیرکردنی ئەو داواکراوەیان ئەنجامدا، دوای چوونی خۆی و دۆسیەکەی بۆ بەردەم دادوەری دادگای لێکۆڵینەوەی بێجی، لەڕۆژی 2010/6/27 بەشێوەیەکی یاسایی تەسلیمی پۆلیسی هەولێر کرا". گوتیشی "ئەوەی جێگەی سەرنجە دوو ڕۆژ دوای ئەوە، واتە لەڕۆژی 2010/6/29 تیرۆریستان تەقینەوەیەکیان لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو ئەنجامدا، لە ئاکامدا موقەدەم حوسێن عەلی شەهید بوو، ئێمەش ئەو کردەوەمان بە دەستگیرکردنی داواکراو هیشام مەحمود بەستەوە، چونکە پێش ئەو ماوەیە کردەوەی تیرۆریستی لەنێو بێجی زۆر کەمببوون".

### هیشام بە ڕەگەز عەرەبە

سەباح ڕەمەزان یونس، خاڵی گەورەی هیشام کە دانیشتووی شارۆچکەی بەردەڕەشی سەر بە قەزای ئاکرێیە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو ماوەی پێنج ساڵە ئاگای لە هیشام نییە، چونکە پێنج ساڵە ماڵی لە موسڵ هێناوەتە بەردەڕەش گوتیشی "نزیکەی سێ مانگە دەزانین کە هیشام گیراوە، بەڵام دەیانگوت لەسەر خواردنی پارەی کەسێک لە بێجی گیراوە". خاڵی هیشام زیاتر لەبارەی خوارزاکەیەوە گوتی "هیشام لەبەرئەوەی تاقانە بوو هەمیشە بە ئارەزووی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد و کەس نەیدەتوانی قسەی لەگەڵ بکات و پرسیشی بە هیچ کەسێک نەدەکرد لە کارەکانی، بە تایبەت پاش کۆچی دوایی باوکی".

سەباح زۆر خەمبارە کە لە ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە هیشام تاوانی کردووە وگوتی "داواکارین یاسا سەروەر بێت، با یاسا ڕێوشوێنی خۆی بگرێتەبەر". هەرچەندە لیژنەی لێکۆلینەوە لە ڕاگەیێندراوەکەیدا دەڵێ هیشام کوردە، بەڵام خزمێکی زۆر نزیکی باوکی، کە نەویویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕەگو ڕیشەمان دەچێتەوە سەر عەرەب، واتە بە ڕەچەڵەک عەرەبین لە عەشیرەتی بەدرانین و کاتی خۆی هاتووین لە ناوچەی بەردەڕەش نیشتەجێبووین، باوکمان ژن و ژنخوازی هەر لەگەڵ کورد کردووە، کچی خۆی داوەتە کورد، بەم شێوەیە لە کوردستان نیشتەجێبووین، تەنانەت ئێستاکە زمانی عەرەبیشم لە یاد کردووە و ڕەچەڵەکی خۆمان لە ناسنامە کردووەتە کورد، باوکی هیشام کە لە ئێمەیە عەرەبە". ئەو خزمەی هیشام گوتی "ئەگەر بەڕاستی ئەو تاوانەی کردبێ حکومەت چی لێ دەکات با لێی بیکات، ئەوکات مافی لە سێدارەدانیشی هەیە".

3

## بۆ یەکەمجار (ڕووداو) ئاشکرای دەکات

# گۆڕان سێ مانگە 680 ملیۆن دینار وەردەگرێت

**ڕووداو- سلێمانی**

هەرچەندە تائێستا پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند نەکراوە، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە 2010/6/1 وە بودجە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان خەرج دەکات و سەرچاوەیەکی بەرپرس لە گۆڕان بۆ (ڕووداو) ئاشکرای کرد "بڕی ئەو بودجەیەی مانگانە وەریدەگرین 680 ملیۆن دینارە".

بەرپرسەکەی بزووتنەوەی گۆڕان ڕەخنەی لەوە گرت کە حکومەت بودجەیەکی کەمیان دەداتێ بە بەراورد لەگەڵ حیزبێکی وەک یەکگرتوو کە مانگانە 450 ملیۆن دینار وەردەگرێت و تەنیا 6 کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە "ئەو پارەیەی ئێستا گۆڕان وەریدەگرێت زۆر کەمە و 190 ملیۆن دینار لە یەکگرتووی ئیسلامی زیاتر وەردەگرێت، لە کاتێکدا گۆڕان 25 کورسی پەرلەمانی هەیە، بەڵام بڕیاریدا ئەو پارەیە وەربگیرێت بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی بزووتنەوەکە تاوەکو کاتی دیاریکردنی بودجە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ڕۆژی 2010/8/28 شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان، کە لە هەریەک لە مستەفای سەید قادر و عوسمانی حاجی مەحموود پێکهاتبوون، سەردانی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتیان کردووەو دواتریش سەردانی کۆسرەت ڕەسول جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتییان کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادارلە کۆبوونەوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "شاندی گۆڕان داوای لە سەرۆکی حکومەت کرد کێشەی نانبڕاوەکان بەیەکجاری چارەسەر بکرێ، پاسەوانی پێویست بۆ بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان (کە لە داهاتوو دەیانکاتەوە) دابین بکرێن، مەسەلەی بودجەی گۆڕانیش لەو کۆبوونەوەیەدا باسکراوە، کە کەمەو پێویستە زیاد بکرێت".

سەرچاوەکە گوتیشی د.بەرهەم بەڵێنی جێبەجێکردنی دوو داواکاری یەکەمی پێداون "بەڵام بەڵێنی زیادکردنی بودجەی مانگانەی گۆڕانی نەداوە".

4

## جێگری وەزیری دارایی عێراق:

# 10%ی مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارەکان کەمدەکرێت و مووچەی خانەنشینانیش زیاد دەکرێت

**تایبەت بە ڕووداو**

فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق ئاشکرایکرد کە بودجەی خەملێندراوی 2011ی عێراق ئامادەیە و بڕەکەی 102 تریلیۆن و 667 ملیار دینارە، بەشی کوردستانیش لەو بودجەیە 12 تریلیۆن و 484 ملیار دینارە.

فازل نەبی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژەی بەوەدا کە لەو هەفتەیەدا پرۆژەی بودجەی 2011 دەدەنە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، گوتی لەو بودجەیەدا "20%ی مووچەی سەرۆک کۆمار، سەرۆک وەزیران، سەرۆکی پەرلەمان کەمکراوەتەوە، هەروەها بڕی 10% لە مووچەی پەرلەمانتار و وەزیرەکان کەمکراوەتەوە".

سەبارەت ڕەوانەکردنی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ پەرلەمانی کوردستان پێش پەسەندکردنی بودجەی عێراق، فازڵ نەبی گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت ئەو بودجەیەی بۆی دیاریکراوە پێش پەسەندکردنی بودجەی گشتیی عێراقیش ڕەوانەی پەرلەمانی خۆی بکات و تاوتوێ بکرێت، چونکە گۆڕانەکە زۆر زۆر کەم دەبێت".

فازڵ نەبی ئەوەی ئاشکرا کرد کە عێراق 2 ملیۆن و 645 هەزار مووچە خۆری هەیەو لەوانەش 650 هەزار و 849 کەسیان مووچەخۆری هەرێمی کوردستانن. سەبارەت بەو مووچانەی زیادکراون، فازڵ نەبی گوتی "مووچەی خانەنشینان کە لە بودجەی ساڵی 2010 ڕەچاو نەکرابوو زیاد دەکرێت، هەروەها مووچەی سەربازەکانیش زیادکراوە، ئەوەی یەک ساڵ خزمەتی هەیە تا دەگاتە فەریق ڕوکن، مووچەی لیوا بەقەد مووچەی بەڕێوەبەری گشتی و مووچەی فەریق بەقەد مووچەی بریکاری وەزارەتی لێکراوە، ئەو پێشمەرگانەی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقن ئەم زیادکردنی مووچەیە دەیانگرێتەوە".

2

# لە تورکیا کورد بەدوای دیکلارکی تورک و تورکیش بەدوای ئادامزی کورددا دەگەڕێ

**تایبەت بە ڕووداو**

هەریەک لە پارتی دادو گەشەپێدان AKPی دەسەڵاتداری تورکیا و پارتی ئاشتی و دیموکراسی BDP، یەکدی بەخۆدزینەوە لەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لەباکووری کوردستان تۆمەتبار دەکەن. لەکاتێکدا دەسەڵاتدارانی تورکیا لایەنی کوردی بە بێ ئیرادە ناودەبەن، سیاسەتڤانانی کوردیش پێیانوایە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا جورئەتی چارەسەرکردنی کێشەی کوردیان نیە، چونکە باوەڕیان پێ نییە.

لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، حوسێن چەلیک جێگری سەرۆکیAKP ڕەخنەی تووندی ئاراستەی بەرپرسانی BDP کرد و گوتی "برادەرانی BDP ئیرادە لە خۆیان نیشان نادەن".

چەلیک لەگەڵ دانپێدانان بەوەی کە "لەو ڕۆژەوەی ئۆجەلان هێنراوەتەوە تورکیا کاربەدەستانی دەوڵەت دەیبینن و لەگەڵی دادەنیشن"، بەتووندی ئەوەی ڕەتکردەوە کە ئەوان وەک حکومەتی AKپارتی لە زینداندا لەگەڵ ئۆجەلان دانوستاندنیان کردبێت و گوتی "شتی وا نییە، نەبووە و ناشبێت. لە بنەڕەتدا هەڵوێستی هەڵەی BDPەش ئەوەیە، سەیر بکەن لە ئینگلتەرا، لە ئێرلەندای باکوور کە کێشەی IRA چارەسەرکرا کەس نەچوو لەگەڵ IRA دانیشێت و گفتوگۆی لەگەڵ بکات. چوون لەگەڵ شین فێین و جێری ئادامز گفتوگۆیان کرد". چەلیک بە پرسیارەوە گوتی "باشە جێری ئادامزی تورکیا کێیە؟". وەک ئاماژەیەکیش بۆ بەرپرسانی ئێستای BDP گوتی "دەڵێین وەرن لەگەڵتان دانیشین، دەڵێن بڕۆن لەگەڵ ئۆجەلان و موراد قەرەیلان دانیشن". بەڵام عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەیەکەم هەڤپەیڤیندا لەوەتەی گیراوە، ڕایگەیاند کە ئەو نەیگوتووە تورکیا دەبێ هەر لەگەڵ ئەو دابنیشێ.

لەبەرامبەردا، ئەحمەد تورک سەرۆکی پێشووی DTPی قەدەخەکراو کە ڕۆژی 2010/9/5 بەسەرۆکایەتی شاندێک سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) بەرپرسانی AKPی بە "بێ جورئەت و بێ جەسارەت" لەئاست چارەسەری کێشەی کورد ناوبردو وەک ئاماژەیەک بۆ فریدریک دیکلارک سەرۆکی پێشووی باشووری ئەفریقیا لەسەردەمی ڕژێمی ئەپارتاید گوتی "ئەگەر سیاسەت جورئەت و جەسارەتی تێدا نەبێ ناتوانی کێشەکان چارەسەر بکەی. تەماشای کێشەی ئەپارتاید بکە لە باشووری ئەفریقیا، ئەگەر دیکلارک دەستی ماندێلای نەگرتبا ئاشتی نەدەبوو، ڕەگەزپەرستی دژی ڕەشپێستەکان کۆتایی نەدەهات.. بەڵام کێشەکە ئەوەیە تاوەکو ئێستا سیاسەت و سەرکردەیەکی وا بە جورئەت لە تورکیا پەیدا نەبووە".

9،6،5



## ڕێکخەری بزووتنەوەی ئایندە:

# 30%ی دەنگەکانی بادینان بەدەستدێنین

**ڕووداو-دهۆک**

جەمیل ئەنوەر بەرواری، ڕێکخەری ئەو حیزبە نوێیەی بەو دواییە لە بادینان بەناوی بزووتنەوەی ئایندەی کوردستان دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند، دەڵێ 25%ی ئەندامانی بزووتنەوەی ئایندە کۆنە ئەندامەکانی پارتی گەلن و ئەوانیدیکەش خەڵکی بێ لایەنن. گوتیشی "لەهەڵبژاردنی داهاتوودا 30%ی دەنگەکانی بادینان بەدەستدێنین".

جەمیل ئەنوەر، کە دوای یەککگرتنی حیزبی یەککگرتن کە لە پارتی گەل و سۆسیالیست و پاسۆک پێکهاتبوو، چووە نێو پارتی دیموکراتی کوردستان، پێشتر ئەندامی ناوچەی خەباتی پارتی بووە لە زاخۆ و 10 ساڵە وازی لە پارتی هێناوە. جەمیل ئەنوەر لە هەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لەبارەی هۆکار و ئامانجی دامەزراندنی ئەو حیزبەیان گوتی "ئێمە بینیمان لە کوردستان جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان کەسانی حیزبی و بێلایەن، بۆیە بڕیارماندا ئەو حیزبە دابمەزرێنین تا ئەو جیاوازییە نەمێنێ".

جەمیل ئەنوەر گوتی ئەوان ڕێکخستنی حیزبی دروستناکەن، بەڵکو "تەنیا سەرکردایەتییەکی 30 کەسیمان دەبێ، لەگەڵ هەردوو لێژنەی پەیوەندییەکانی کوردستان و ئەورووپا، هەروەها دەزگەیەکی ڕاگەیاندن دادەمەزرێنین بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونەکانمان". گوتیشی ئەوان وەک بزووتنەوەی گۆڕان ناکەن کە دژایەتی یەکێتی دەکرد "ئێمە دژایەتی هیچ حیزبێک ناکەین"، هەروەها گوتیشی "بزووتنەوەی گۆڕان نەیتوانیوە هیچ گۆڕانێک دروست بکات".

سەبارەت بە سەرچاوەی دارایی حیزبەکەشیان، گوتی ئەوان لەسەرەتادا زۆر بێ پارەبوون لەبەرئەوە هەندێ لە ئەندامانیان لە کرەکووک کشانەوە، بەڵام دواتر 25 هەزار دۆلاری خۆی بۆ کاروباری بزووتنەوەی ئایندە تەرخانکرد و گوتی "هێشتا ئەو بڕە پارەیە تەواو نەبووە، ئامادەم تا یەک ملیۆن دۆلار خەرج بکەم تاوەکو ئەو بزووتنەوەیە سەر بکەوێت و دیموکراسی لە ناوچەی بادینان بچەسپێ".

سەبارەت بە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووشدا، جەمیل ئەنوەر گوتی بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ناکەن، بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و کوردستان لە 2013 بەشدار دەبن "ئەگەر تەزویر نەکرێت، 20 - 30% دەنگەکانی بادینان بەدەستدێنین، هەروەها لە هەولێر و کەرکووکیش دەنگ دێنین، بەڵام لە سلێمانی لاوازین".

4


6

عەبدوڵڵا ئۆجەلان: دواشانسمان دایە ئەردۆغان

8
خاوەنی کۆمپانیای بەڕێز: سلێمانی 285 ملیۆنێری تێدایە بەڵام بەخشندە نین

10

ئەفشین: بەگیتاری کوردێک بوومە گۆرانیبێژ

12
3 ساڵە بکوژانی سوهەیلە نەگیراون

15
پەرلەمان دەیەوێ پێشینەی هاوسەرگیری بکاتە 5 ملیۆن دینار

## ڕاپۆرتە هەواڵ

### 6 کەسی یەک خێزان بێ هۆش بوون



**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-سەنگەسەر**

لە گەڕەکی ڕزگاری شارۆچکەی سەنگەسەر، 6 کەسی یەک خێزان بەهۆی خواردنی هێلکەی بەسەرچوو لەهۆش خۆیان چوون و گەیێنرانە نەخۆشخانە و چارەسەرکران . سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی سەنگەسەر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوانە بەهۆی خواردنی هێلکەی بە سەرچوو بۆ ماوەی یەک کاژێر و نیو لەهۆش خۆیان چوون" . ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "تائێستا هێلکەکانمان نەبردوونەتە تاقیگە، بەڵام بەسەر چوون و خاوەنی ئەو دووکانەی هێلکەکانی بەو خێزانە فرۆشتووە، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک دەستگیرکرا، بەڵام خێزانەکە سکاڵایا نەبوو، بۆیە دووکاندارەکە ئازاد کراوە" .

## فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بۆ (ڕووداو):

# بەشی کوردستان لە بودجەی ساڵی داهاتوودا 12 تریلیۆن و 484 ملیار دینار دەبێ

فازل نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)، دەڵێت هەرێمی کوردستان دەتوانێ پێش پەسەندکردنی بودجەی 2011ی عێراق، بودجەی خۆی پەسەند بکات. ئاشکراشیکرد کە ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان "650 هەزار و849کەسن"، هەروەها ڕایگەیاند مووچەی سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق 20%" و مووچەی پەرلەمانتار و وەزیرەکانیش 10%ی کەمکراونەتەوە لە پرۆژەی بودجەی ساڵی 2011 دا کە هێشتا نەدراوەتە ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی عێراق.

**هێمن بابان و نەجیبە محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

### بودجەی ساڵی 2011ی عێراق 102 تریلیۆن و 667 ملیار دینارە

**ڕووداو: بودجەی خەمڵێنراوی عێراق بۆ ساڵی 2011 چەندەو چۆن دابەشکراوە؟**

**فازل نەبی:** ئێمە لە وەزارەتی دارایی پێشتر بەڵێنمان دابوو بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2011 لە 15ی مانگی ئەیلولدا ئامادەبکەین، پاش گفتوگۆکردن لەگەڵ وەزارەتەکان و دەزگاکانی سەر بە ئەنجومەنی وەزیران و ئەوانەی سەر بە وەزارەتەکان نین، پرۆژەی بودجەمان تەواوکرد. لەم هەفتەیەدا بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی دەنێرین. بودجەی ساڵی داهاتووی عێراق بریتییە لە 102 تریلیۆن و 667 ملیار دیناری عێراقی. واتە نزیکەی 18 تریلیۆن دینار لە بودجەی ئەمساڵ زیاترە، کە نزیکەی 84 تریلیۆن و شتێک بوو. بودجەی بەکارخستن کە پشکی شێری بەرکەوتووە لە بودجەی 2011دا، بڕی 74 تریلیۆن و 904 ملیار دینارە، بودجەی وەبەرهێنانیش 27 تریلیۆن و 762ملیار دینارە. لەبەر زیادکردنی بودجەی بەکارخستن نەمانتوانی بودجەی وەبەرهێنان وەک پێویست زیاد بکەین.

**ڕووداو: ئەی داهاتەکانی عێراق چەندن و سەرچاوەکانی داهات چین و چۆن دابەشبوون؟**

**فازل نەبی:** داهاتەکانی عێراق بڕی 80 تریلیۆن و 838 ملیار دیناری عێراقییە. داهاتەکانی عێراق بەگشتی بریتین لەداهاتی نەوت، گومرگ، باجی تاکەکەس، باجی کۆمپانیاکان، باجی سەر فەرمانبەران، باج لەسەر سوو، پارەکانی دەستەو کۆمپانیا گشتییەکانی عێراق کە دەبێت 10%ی بدەنە گەنجینەی دەوڵەت، کرێی خزمەتگوزاری، جگە لە داهاتی دیکە. نەوت سەرچاوەی سەرەکی داهاتی عێراقە بە ڕێژەی 88،75%. پاشان داهاتەکانی دیکە بەڕێژەی 11%دێت، لەنێویاندا نزیکەی 3%ی داهاتی گومرکە و 4،34%ی داهاتی باجە.

**ڕووداو: قەبارەی کورتهێنانی بودجەی گشتیی عێراق بۆ ساڵی 2011 چەندە؟**

### زیاتر لە 24%ی مووچەخۆرانی عێراق لە هەرێمی کوردستانن

**فازل نەبی:** کورتهێنانمان لە بودجەدا بریتییە لە 21 تریلیۆن و 828 ملیاری دیناری عێراقی، ئەمەش لە ڕێگەی هەردوو قەرزی ناوخۆیی و قەرزی دەرەکی پڕدەکەینەوە، ئەگەر وەزارەتی نەوت وەکو پێویست نەوت هەناردە نەکات. بەڵام ئەگەر توانی وەکو پێویست و تۆزێک زیاتر نەوت هەناردە بکات، ئەوا پێویستیمان بە قەرزی دەرەکی و ناوخۆیی نابێت. بڕیارە عێراق لە سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی بڕی 4 ملیار و 500 ملیۆن دۆلار و لە ڕێکخراوی بانکی نێودەوڵەتی بڕی 2 ملیار دۆلار بەقەرز بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە وەربگرێ.

**ڕووداو: پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتیی ئەمساڵی عێراق چەند دەبێ؟**

**فازل نەبی:** بەپێی ڕێککەوتنێکی سیاسی، نەک دارایی لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەند بڕی 17% لە خەرجییەکانی بودجەی عێراق بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، پاش دەرکردنی خەرجیی حاکیمەو سیادی. خەرجییە سیادییەکان مەبەست لێی ئەو خەرجییانەی هەموو عێراق دەگرێتەوە، وەک خەرجییەکانی سەرۆکایەتی کۆمار و سەرۆکایەتی وەزیران و چەندین دەزگا و وەزارەت لەسەر ئاستی عێراق. خەرجییەکانی حاکمەش پارەی کڕینی خۆراک و دەرمان و پارەی سەرژمێریی دانیشتووان و چەند خەرجییەکی تایبەت بە کارەبا دەگرێتەوە. لە بڕگەکانی شەشەم و حەوتەمی ماددەی 15ی پرۆژە یاسای بودجەی عێراق بۆ ساڵی 2011 ئەوە دووپاتکراوەتەوە، لە بڕگەی 9ی هەمان مادە باس لەوەکراوە لەنێوان سەرۆک وەزیرانی عێراق و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان خەرجییەکانی پاسەوانی هەرێم کە پێشمەرگەن لە مووچە و دابینکردنی کەلوپەل و چەک بۆیان دیاریدەکرێت. بەو شێوەیە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011 وەک لە بودجەی گشتی عێراقدا دیاریکراوە بڕی 12 تریلیۆن و 484 ملیار دیناری عێراقییە. لەو بودجەیە 8 تریلیۆن و 316 ملیار بۆ خەرجیی بەکارخستن و 4 تریلیۆن و 168 ملیار بۆ خەرجی وەبەرهێنان دانراوە.

**ڕووداو: ئەو مووچانەی زیادکراون بەپێی پرۆژەی یاسای بودجەی 2011ی عێراق چین؟**

**فازل نەبی:** مووچەی خانەنشینان کە لە بودجەی ساڵی 2010 ڕەچاو نەکرابوو زیاد دەکرێت، هەروەها مووچەی سەربازەکانیش زیادکراوە، لەوەی یەک ساڵ خزمەتی هەیە تا دەگاتە فەریق ڕوکن. موچەی لیوا بەقەد مووچەی بەڕێوەبەری گشتی و مووچەی فەریق بەقەد مووچەی بریکاری وەزیری لێکراوە. ئەو پێشمەرگانەی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقن ئەم زیادەکردنەیەی مووچە دەیانگرێتەوە.

### بودجەی خەمڵێندراوی 2011ی عێراق:

- بودجەی ساڵی 2011ی عێراق 102 تریلیۆن و 667 ملیار دینارە.
- پشکی کوردستان لەو بودجەیە 12 تریلیۆن و 484 ملیار دینارە
- بودجەی ئەمساڵ 18 تریلیۆن دینار لە بودجەی 2010 زیاترە.
- بودجەی بەکارخستن بڕی 74 تریلیۆن و 904 ملیار دینارە
- بودجەی وەبەرهێنان 27 تریلیۆن و 762ملیار دینارە.
- 8 تریلیۆن و 316 ملیار لە بودجەی هەرێم بۆ خەرجیی بەکارخستنە
- 4 تریلیۆن و 168 ملیار لە بودجەی هەرێم بۆ خەرجیی وەبەرهێنانە.
- وەزارەتی پەروەدەی عێراق بە 8 تریلیۆن و 500 ملیار دینار پڕ خەرجترین وەزارەتی عێراقە، ژینگەش بە 86 ملیار کەمترینیانە
- 6 تریلیۆن بۆ وەزارەتی نەوت، 7 تریلیۆن بۆ بەرگری، 7 تریلیۆن و 740 ملیاریش بۆ وەزارەتی ناوخۆ تەرخانکراوە
- 3 تریلیۆن و 500 ملیار دینار بۆ کۆبۆنی خۆراک تەرخانکراوە
- بودجەی ماددەی 140 لە بودجەی خەمڵێنداری ساڵی داهاتوو 200 ملیار دینارە

**ڕووداو: بودجەی هەرێمی کوردستان چۆن ڕەوانە دەکەن، ڕاستە گوایە ئێستاش وەک دوو ئیدارە دەدرێت؟**

**فازل نەبی:** نەخێر ئێمە بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان دەدەینە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر. بودجەی بەکارخستنی هەرێمی کوردستان دابەشی 12 مانگی دەکەین و مانگانە ئەو بەشە لەنێوان 3 بۆ 8ی هەموو مانگێک دەگەیێنینە هەرێمی کوردستان. بەڵام بودجەی وەبەرهێنان ئەوا پرۆژەکانیان پێشکەشی وەزارەتی پلاندانانی عێراقی دەکەن، ئەوانیش ڕەزامەندی دەردەبڕن و ئێمەش پارەکە دابین دەکەین.

**ڕووداو: کێشەی بودجەی پێشمەرگەتان لە بودجەی 2011 چارەسەرکردووە؟**

**فازل نەبی:** زۆرجار برادەرانی هەرێمی کوردستان وا دەزانن ئەو کێشەیە پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی عێراقەوە هەیە، بەڵام ئەمە هەڵەیە، چونکە بودجەی وەزارەتی بەرگری لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دیاری دەکرێت، بودجەی پێشمەرگە پەیوەندی بەوەزارەتی بەرگرییەوە هەیە.

**ڕووداو: لە بودجەی 2011ی عێراق چەند پارەی بۆ گرێبەستەکانی چەک کڕینی عێراق دانراوە؟**

**فازل نەبی:** لەڕاستیدا ناکرێت وردەکاری چەک کڕین و گرێبەستەکانتان بۆ ئاشکرا بکەین، چونکە هێشتا نهێنین، بەڵام بەگشتی وەزارەتی بەرگری لە بودجەی گشتی 2011 دا بڕی نزیکەی 7 تریلیۆن دیناری بۆ دانراوە. وەزارەتی ناوخۆش بڕی 7 تریلیۆن و 740 ملیار.

**ڕووداو: پڕ خەرجترین و کەم خەرجترین وەزارەتی عێراق لە بودجەی2011 کامانەن؟**

**فازل نەبی:** وەزارەتی پەروەردە کە بڕی 8 تریلیۆن و 500 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، پڕخەرجترین وەزارەتی عێراقە، پاشان وەزارەتی کارەبا دێت کە بڕی 8 تریلیۆن و 309 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، بڕی 6 تریلیۆنیش بۆ وەزارەتی نەوت و نزیکەی هەمان ژمارەش بۆ وەزارەتی تەندروستی دانراوە. کەمترین خەرجیی وەزاریش بۆ وەزارەتی ژینگەیە کە تەنها 86 ملیارە، وەزارەتی مافی مرۆڤیش 280 ملیاری بۆ تەرخانکراوە.

**ڕووداو: ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بەپێی بودجەی 2011ی عێراق چەند دەبن؟**

**فازل نەبی:** عێراق 2 ملیۆن و 645 هەزار مووچەخۆری هەیە، لەو ژمارەیە ژمارەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان 650 هەزار و 849 کەسە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە کاتی خۆی بەپێ پلان دامەزراندن هەبوو، لە هیچ شوێنێکی دنیا نییە ئەنجومەنی وەزیران خەڵک دابمەزرێنێ، دەبێ هەرێمی کوردستان ئەنجومەنی خزمەتی بۆ دامەزراندن هەبێت.



### 20%ی مووچەی سەرۆک کۆمار، وەزیران، پەرلەمان، 10%ی مووچەی پەرلەمانتارو وەزیرەکان کەم دەکرێتەوە

**ڕووداو: پێکنەهێنانی حکومەت کاریگەری لەسەر دواکەوتنی بودجە دەبێت؟**

**فازل نەبی:** حکومەتی ئێستا هەموو دەسەڵاتی هەیە، پاش گفتوگۆکردنی پرۆژەی ئامادەکراوی ئێمە ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق بکات، کە لەوانەیە ڕەوانەکردنی بۆ پەرلەمان 20 ڕۆژێکی بوێ. بودجە ڕەوانەی پەرلەمان دەکەین ئەگەر حکومەتیش تا ئەوکات پێکنەییێت.

**ڕووداو: حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ پێش پەسەندکردنی بودجەی عێراق، بودجەی خۆی ڕەوانەی پەرلەمان بکات؟**

**فازل نەبی:** حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێ ئەو بودجەیەی بۆی دیاریکراوە پێش پەسەندکردنی بودجەی گشتیی عێراقیش ڕەوانەی پەرلەمانی خۆی بکات و تاوتوێ بکرێت، چونکە گۆڕانەکە زۆر زۆر کەم دەبێت.

**ڕووداو: مووچەی وەزیر و پەرلەمانتارەکان کەمکراوەتەوە لە پرۆژەی بودجەی 2011دا؟**

**فازل نەبی:** پەرلەمانتار مووچەی وەزیر وەردەگرێت، بەڵام بەقەد وەزیر کار ناکات، جگە لەوە 30 پاسەوانی بۆ دادەمەزرێنرێت. مووچەی پەرلەمانتارێک نزیکەی 13 ملیۆنە، 22 ملیۆن و 500هەزار دیناریش مووچەی پاسەوانەکانیەتی کە زۆرینەیان یەک پاسەوانیان هەیەو هەیە ئەویشی نییە، بۆیە مووچەی پەرلەمانتار و وەزیرەکان بە بڕی 10% کەمکراوەتەوە، مووچەی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی پەرلەمانیش بە بڕی 20% کەمکراوەتەوە لە پرۆژەی بودجەی 2011دا.

### ئەو پێشمەرگانەی سەر بە وەزارەتی بەرگریی عێراقن زیادەی مووچە دەیانگرێتەوە

**ڕووداو: بڕی چەند لە بودجەی 2011 بۆ خۆراکی کۆبۆن تەرخانکراوە؟**

**فازل نەبی:** 3 تریلیۆن و 500 ملیار دینار.

**ڕووداو: ئەی بۆ ماددەی 140؟**

**فازڵ نەبی:** 200 ملیار دینار.

**ڕووداو: عێراق لە ساڵی 2011 بودجەی تەکمیلی دەبێت؟**

**فازل نەبی:** نەخێر، بودجەی تەکمیلی یاسایی نییە، فێڵێکی شەرعی داراییە.

**ڕووداو: باس لە لابردنی سفرەکانی سەر دراوی عێراق دەکرێت، لادەبرێن؟**

**فازل نەبی:** ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵام ئێمە لەگەڵ لابردنی نین، چونکە گەندەڵییەکی ئیداری و دارایی زیاتر دروست دەکات، خەڵک زەرەر دەکات لە پارە گۆڕینەوە.




## کارڵ هێنریک ئاسارگارد، کونسوڵی فەخری سوێد لە هەولێر:

# نزیکەی 10 هەزار هاووڵاتی سوێدی لەکوردستان دەژین

**ڕووداو-هەولێر**

کارڵ هێنریک ئاسارگارد کونسوڵی فەخری سوێد لەهەولێر ڕایگەیاند ژیانی لە هەرێمی کوردستان پێ خۆشە، بەهۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر سوێدی لەکوردستان دەژین، کارڵ ڕایگەیاند کە بەپێی زانیاری ئەوان "نزیکەی 10 هەزار کوردی سوێدی لەهەرێمی کوردستان هەن".

کارڵ هێنریک ئاسارگارد، نزیکەی دوو ساڵە لەگەڵ خێزانەکەی لەهەرێمی کوردستان دەژی و ناوبراو لەگەڵ ئەم پۆستەدا کارێکی دیکەشی لەکوردستان هەیەو لەبواری کشتوکاڵیدا کار دەکات.

لەماوەی ڕابردوودا چەندین پەناخوازی کورد ڕوویان لە وڵاتی سوێد کردو بەپێی یاساو ڕێساکانی ئەو وڵاتە مافی مانەوەیان پێدراوەو هەندێکیشیان ڕەگەزنامەی سوێدیان پێدراوە. سەبارەت بە ژمارەی هاووڵاتیانی کوردی سوێدی، کە لە کوردستان دەژین کارڵ هێنریک دەڵێت "سیستەمی سوێدی لەڕووی تۆمارکردنی ناوی هاووڵاتیانەوە زۆر جیاوازە لەگەڵ وڵاتانی دیکە. ئێمە تەنیا وەک هاوڵاتی سوێدی ناو تۆمار دەکەین و لەبەرئەوە هیچ ئاماژەیەک بەنەتەوەی ئەو کەسە ناکرێت. بەڵام پێموابێت عێراقییەکان دووەم گەورەترین نەتەوەی پەنابەرن لەسوێد لەدوای ئێرانییەکان". گوتیشی "زۆر زەحمەتە بزانین کە چەند سوێدی لە کوردستان و عێراقن، بەڵام پێمانوایە کە نزیکەی 10 هەزار هاووڵاتی سوێدی لە هەرێمی کوردستان هەن".

لە ڕۆژی 19ی ئەو مانگەدا هەڵبژاردنەکانی شارەوانی و پەرلەمانی سوێد بەڕێوەچوو و ژمارەیەکی زۆر کوردی سوێد پێشوەختە لەهەرێمی کوردستان دەنگیان دا. کونسولی سوێدی ڕایگەیاند "نزیکەی 180 کەس دەنگیان داوە لە عێراق بەگشتی. 60 لە هەولێر، 80 لە سلێمانی و 40 لە بەغدا".

پاڵێوراوی کورد لەو هەڵبژاردنەدا لەسوێد زۆرن، هەندێ کورد چاویان لەوەیە بگەنە پۆستی باڵاش لەو وڵاتەدا، لەوانەش وەزیری دەرەوە. سەبارەت بە گەیشتنی کورد بۆ پۆستە باڵاکانی ئەو وڵاتە، ئاسارگارد گوتی "ئەوەیان دەگەڕێتەوە بۆ پارتە سیاسییەکان بۆ بەرزکردنەوەی پاڵێوراوەکانیان. بۆ نموونە ئێمە وەزیرێکمان هەیە بەرەگەز خەڵکی ئەفریقیایە. سەرۆکی باڵی ئافرەتانی حیزبی سۆشیال دیموکراتەکان کوردی تورکیایە. ڕەنگە ئەویش لەحکوومەتی داهاتوودا بتوانێ ببێتە وەزیر ئەگەر حکوومەتەکە لەلایەن پارتەکەیەوە پێکهێنرا. هەروەها پەرلەمانتارێکیشمان هەیە خەڵکی سلێمانییە. بەگشتی ژمارەی کوردەکان زۆرە لەنێو پارتەکانی سوێددا، ئەمەش ڕێگەیان ئاسان دەکات بۆ وەرگرتنی پۆستی گەورە لە داهاتوودا".

سەبارەت بە دروستکردنی پەیوەندی ئابووری لەنێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی سوێد، کونسوڵی سوێدی گوتی "ماوەیەک پێش ئێستا وەزیری بازرگانی سوێدی سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و سەرۆکی دەستەی هەناردەکاری سوێدیش لێرە ماوەتەوەو ئێمە بەردەوام پەیوەندی پێوە دەکەین و چاومان بەو شاندە بازرگانانە دەکەوێت کە دەیانەوێت لێرە کاری وەبەرهێنان بکەن"، ناوبراو ئاشکراشیکرد کە "ئێستا چوار کۆمپانیای سوێدی لێرە کاردەکەن لەوانە کۆمپانیاکانی ئێریکسۆنی مۆبایل و سکانیای ئۆتۆمبێلی گەورە".

# "دەیانەوێ شەڕی ئێران و ئەمریکا بگوازنەوە هەرێمی کوردستان"

### وەزارەتی ئەوقاف:
### کونسولخانەی ئێران بەیاننامەی بەسەر مەلاکانی کوردستاندا دابەشکردووە

### کونسولخانەی ئێران لە هەولێر:
### ئێمە دابەشمان نەکردووە

**ڕووداو-هەولێر**

لەسەر بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکی عەلی خامنەیی، ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لەشاری هەولێر بە سەر مەلای مزگەوتەکاندا لەلایەن کونسولخانەی ئێرانەوە، ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو کونسوڵخانەیە بە"دەستوەردان لە کاروباری هەرێمی کوردستان" تۆمەتبار کرد و، کونسولی گشتیی ئێرانیش لەهەولێر دەڵێت "هیچمان بڵاونەکردووەتەوە".

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) بڵاوکردنەوەی ئەو بەیاننامەیەی لەلایەن کونسولخانەی ئێرانەوە لە هەرێمی کوردستان بە "دەستوەردان لە کاروباری ناوخۆیی هەرێمی کوردستان"ناوبرد.

نەقشبەندی گوتی" کونسولخانەی ئێران لە هەولێر بەیاننامەیەکی دەرکردووە کە وتارێکی عەلی خامنەیی ڕێبەری شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە، تێیدا ئیدانەی هەوڵی سووتاندنی قورئان و هەوڵەکانی سوکایەتیکردن بە قورئان دەکات و هەڕەشە و سووکایەتی بە ئەمریکا دەکات، دەیەوێت پشێوی و شەڕی ئەمریکا و ئێران بگوازێتەوە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمە جگە لە بەیاننامەیەکی سیاسی هیچ پەیوەندیی بە ئایینەوە نییە، شتێکی عەقیدی نییە"، نەقشبەندی پێشیوایە " نابێ کونسولخانەی ئێران دەست لەکاروباری نێوخۆیی هەرێمی کوردستان وەربدات".

لەبارەی دابەشکردنی ئەو بەیاننامەیەش نەقشبەندی کە پێیوایە لە هەرێمی کوردستان هەوڵ بۆ"بەشیعەکردن" لە ئارادا هەیە، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە ئەوان دڵنیان کونسوڵخانەی ئێران ئەو بەیاننامەیەی بڵاوکردووەتەوەو دەڵێت "تەنانەت بەسەر ژمارەیەک مەلا و زانای ئاینیدا دابەشکراوە".

لەو بڵاوکراوەیەدا، وتارێکی عەلی خامنەیی بڵاوکراوەتەوە کە تێیدا هێرشی توندی کردووەتە سەر ئەمریکاو ئیسرائیل و بە شێواندنی وێنەی ئیسلام و "بڵاوکردنەوەی بیری دژ بە ئیسلام" تۆمەتباری کردوون.

عەبدولعەزیزیم حوسەینی، کونسولی گشتیی ئێران لە شاری هەولێر لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو) ڕەتیکردەوە کونسوڵخانەکەیان ئەو بەیاننامەیەی بڵاوکردبێتەوە و گوتیشی "ئەوانە قسەی ناڕاست و ناتەواون و بوختانە بۆمان هەڵدەبەسترێت"، بە نیگەرانیشەوە وەڵامی وەزارەتی ئەوقافی دایەوەو گوتی" ئەوە مەسەلەیەکی دیپلۆماسییە و پەیوەندی بە هەندێ وەزارەتەوە نییە، دەبێ وەزارەتی ئەوان پەیوەندی بە فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بکەن لەهەر مەسەلەیەکی وادا"، حوسەینی جەختیشیکردەوە "ئێمە هیچ بەیاننامەیەکمان بەسەر هیچ مەلایەکدا دابەشنەکردووە، ئەوەی دەگوترێت شتێکی ناڕاستە و وەزارەتی ئەوقاف لەمبارەیەوە هیچیان بە ئێمە ڕانەگەیاندووە".

# پۆلیسێک جبەخانەی پۆلیسی ڕانیەی دزی

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

ماوەیەک لەمەوبەر چەند پارچە چەکێکی جبەخانەی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ڕانیە دزرا، لەسەر ئەوەش نزیکەی 20 پۆلیس دەستگیرکران، دوای لێکۆڵینەوە یەکێک لە پۆلیسەکان دانی بە دزینی چەکەکان داناو ئاشکرایکرد بە هاوکاری برایەکی لە ماوەی سێ شەودا ئەو چەکانەی دزیوە.

عەمید لەشکر سەعید، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای ڕانیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"پۆلیسێکی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای ڕانیە بە ناوی عوسمان محەممەد شێخە لە کاتی پاسەوانی خۆیدا ئەو دزییەی کردووە بە هاوکاری لەگەڵا برایەکی کە پیشەی کاسبە بە ناوی دارا محەممەد شێخە، دانیان بە دزینی ئەو کەلوپەلانە داناوە کە 8 کلاشینکۆف و بیکەسییەک بوون و ئێستا گەڕێندراونەتەوە بۆ جبەخانەی بەڕێوەبەرایەتیمان".

دەربارەی دەستگیرکردنی پۆلیسەکانیتر ناوبراو گوتی "ئەو پۆلیسانە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە دەستگیرکرابوون، دواتر ئازاد کران"، بەڵام ئەوانەی بۆ لێکۆڵینەوە دەستگیرکرابوون "هیچ قەرەبوویەک ناکرێنەوە، چونکە کە دزییەکە کراوە ئەوانە لە دەوام بوونە".

عەمید لەشکر وردەکاری چۆنیەتی دزییەکەی ئاشکرا کردو گوتی "دزییەکە لە ماوەی سێ شەودا کراوە لەو کاتەی کە نۆرەی پاسەوانی ئەو پۆلیسە بووە لە شەوانی 5-2010/8/8". عەمید لەشکر ئەو کارەی ئەو پۆلیسە کردوویەتی بە "خیانەت" ناوبرد.

ئەو دووکەسە دۆسیەکەیان ئێستا لە دادگایە، "دۆسیەی عوسمان لە دادگای عەسکەری لە گرتن و گواستنەوەی سلێمانیە، لەبەرئەوەی کارمەندی هێزی ناوخۆیە و براکەشی دۆسیەی لە دادگای لێکۆڵینەوەی ڕانیەیە، بەڵام نازانین سزاکەی چەند و چی دەبێت".

بەپێی ئامارێکی پۆلیسی قەزای ڕانیە لە بنکەی پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی ڕانییە، لە ماوەی 8 مانگی ئەمساڵدا 46 حاڵەتی دزی جۆراوجۆر لە سنوورەکەیان تۆمارکراوەو دۆسیەی تایبەتی بۆ کراوەتەوە لەلایەن دادگاوە.

ڕووداو

ڕاپۆرت

## ڕای جیاوازمان لەسەر 3 خاڵی کورد هەیە



**ڕووداو - الشرق الاوسط**

ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا گوتی ئەگەر مالیکی سوور بوو لەسەر مانەوە لە پۆستی سەرۆکی وەزیران ئەوا "وڵات بەرەو پشێوییەکی زۆر زیاتر دەچێت"، گوتیشی دەبێ مالیکی لەوە بگات "نابێ جارێکی دیکە کەسێک هەبێت بڵێت من سەرۆکی هەتاهەتایی عێراقم"، عەللاوی لەبارەی 19 داواکارییەکەی کوردیشەوە گوتی "هیچ کێشەیەکی گەورەمان لەسەر نییە، دوو یان سێ خاڵ هەیە ڕای جیاوازمان لەبارەیەوە هەیە".

# هیشام مەحموود کێ یە؟

**تەیار عادل گۆران**
**ڕووداو-بەردەڕەش**

دوای ئەوەی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە تیرۆرکردنی قوتابی و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان، ڕایگەیاند کە (هیشام مەحموود ئیسماعیل) دەستگیرکراوە و یەکێکە لە ئەندامانی ئەو گرووپەی ئەنسارولئیسلام کە سەردەشت عوسمانی ڕفاندووە و کوشتووە، بە ڕەگەز کوردە، بەڵام یەکێک لە خزمە نزیکەکانی هیشام بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان بە ڕەچەڵەک عەرەبن و باپیریان کاتی خۆی هاتووەتە کوردستان و ژن و ژنخوازی لەگەڵ کورد کردووە، بۆیە لە ناسنامەشدا خۆیان بە کورد تۆمارکردووە.

سەباح ڕەمەزان یونس، خاڵی هیشام بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو پێنج ساڵە زۆر ئاگاداری هیشام نییە "بەڵام نزیکەی سێ مانگە دەزانین کە هیشام گیراوە، بەڵام دەیانگوت لەسەر خواردنی پارەی کەسێک لە بێجی گیراوە". سەباح کە خاڵی گەورەی هیشامە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ڕایگەیاند کەوا ئەو بە هیچ شێوەیەک ئاگاداری کارەکانی خوارزاکەی نەبووە، چونکە ئەو لە ساڵی 2005 لە ترسی کاری تیرۆرستی ماڵەکەی لە موسڵ بارکردووە بۆ بەردەڕەش و لەو ماوەیەدا هیچ پەیوەندیەکی بە هیشامەوە نەماوە. خاڵی هیشام کە لە ماڵەکەی خۆی لە بەردەڕەش بۆ (ڕووداو) دوا، زیاتر لەبارەی خوارزاکەیەوە گوتی "هیشام کوڕی تاقانەی دایک و باوکیەتی، پێنج خوشکی هەیە، کە سێیان شوویان کردووەو ئەوانیدیکە لەگەڵ دایکیان دەژین، باوکیان کە بە مەحموود فیتەر ناسرابوو لە شاری مووسڵ بەهۆی نەخۆشی شەکرە کۆچی دوایی کرد"، خاڵی گوتی "ئێستاش ماڵیان لە شاری مووسڵە و نیشتەجێی گەڕەکی کەرامەن". سەباح ڕەمەزان

### خاڵی هیشام مەحموود :
### هیشام تاقانەبوو و بە گوێی نەدەکردم

گوتی "هیشام لەبەرئەوەی تاقانە بوو هەمیشە بەپێی ڕەزامەندی خۆی هەڵسوکەوتی دەکرد و کەس نەیدەتوانی قسەی لەگەڵ بکات و پرسیشی بە هیچ کەسێک نەدەکرد لە کارەکانی، بە تایبەت پاش کۆچی دوایی باوکی و دایکیشی کە دەکاتە خوشکم هیچ دەسەڵاتێکی بەسەرەوە نەبوو، ئاگاداری ئەوەش نەبوو کە چی دەکات، ئێمە هەر ئەوەندەمان لەبارەیەوە دەزانی کە بە کاری فیتەریەوە خەریکە".

وەک خۆی دەگێڕێتەوە کاتێک وێنەی هیشام لە تەلەفزیۆنەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەو ئاگای لێ نەبووەو، خزمێک بە تەلەفۆن لەوەی ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام پێشتر زانیبووی گیراوە، بەڵام بەدوایدا نەچووە، "چونکە زۆر جار ئامۆژگاری هیشامم کردبوو، بەڵام بە گوێی نەدەکردم"، خاڵی هیشام دەڵێ خوارزاکەی زۆر کاری دەکرد کە ئەو لە ژیانیدا ئەو کارانەی نەکردوون "بەردەوام ئۆتۆمبێلی بە قیست دەکڕین". سەباح زۆر خەمبارە کە لە ڕاگەیاندنی لیژنەی لێکۆڵینەوەدا هاتووە کە هیشام تاوانی کردووە "هەرچەندە ئێمە هیچ زانیاریەکی تەواومان لەسەر کارەکانی نییە، بەڵام داواکارین یاسا سەروەر بێت، با یاسا ڕێوشوێنی خۆی بگرێتەبەر. باوەڕ ناکەم کەس حەز بکات سەگی بەردەم ماڵەکەشی ئازاری خەڵک بدات، نەک خوارزاکەی، من لەوەتەی ئەو هەواڵەم بیستووە زۆر خەمبارم و چاوم هەڵنایێت بچمە نێو خەڵک و شەرم دەکەین، ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە بەهۆی هیشامەوە یاخوا بەسەر هیچ کەسی دیکە نەیێت، زۆر لە دۆستان دڵنەوایم دەدەنەوە، بەڵام هەر بۆم ناخۆشە. ئەگەر کەسێک گوناهێکی هەبێت خوا هەر ئاشکرای دەکات".

ماڵی هیشام لە بنەڕەتدا خەڵکی ناوچەی بەردەڕەشن و، باپیری هیشام کاتی خۆی لە گوندی کانیلانی ناوچەی بەردەڕەش نیشتەجێبووەو، ئێستاکەش چەند خزمێکی لەو گوندە نیشتەجێن. محەممەد ئیسماعیل، موختاری گوندی کانیلان دەڵێ "ئەوەی ئێمە زانیبێتمان ئیسماعیل کە دەکاتە باپیری هیشام جاران لە گوندەکەی ئێمە نیشتەجێبوون، بەڵام باوکی هیشام و بەخۆیشی هیچ لەو گوندە نەبووە. وەک موختاری ئەو گوندە هیشامم نەناسیوە، بەڵام باپیری و کەسوکاریم ناسیوە".

### خزمێکی زۆر نزیکی هیشام:
### ئێمە بە ڕەچەڵەک عەرەبین و باپیرمان هاتووەتە کوردستان

یەکێکی دیکە لە خزمە نزیکەکانی هیشام، کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە هیشام لە منداڵیەوە لەگەڵ باوکی خەریکی کاری فیتەری بووە لە پشت سناعەی شاری مووسڵ، بەڵام "من خۆم ماوەی 5 ساڵە هیشامم نەبینیووە، کاتێک وێنەکەیم لە تەلەفزیۆن بینی، نەمناسیوە چونکە زۆر قەڵەو بووەو سەریشی تۆزێک ڕووتاوەتەوە".

ئەو خزمەی هیشام گوتی کە ئەوان خەڵکی گوندی کانیلانن "بەڵام ڕەگو ڕیشەمان دەچێتەوە سەر عەرەب، واتە بە ڕەچەڵەک عەرەبین لە عەشیرەتی بەدرانین و کاتی خۆی هاتووین لە ناوچەی بەردەڕەش نیشتەجێبووین، باوکمان ژن و ژنخوازی هەر لەگەڵ کورد کردووە، کچی خۆی داوەتە کورد، بەم شێوەیە لە کوردستان نیشتەجێبووین، تەنانەت ئێستاکە زمانی عەرەبیشم لە یاد کردووە و ڕەچەڵەکی خۆمان لە ناسنامە کردووەتە کورد، باوکی هیشام لە ئێمەیە واتە عەرەبە، بەڵام دایکی بە ڕەچەڵەک خەڵکی گوندی تلجۆمری ناوچەی بەردەڕەشە و هەر کچی پووری باوکی هیشامیشە".

محەممەد ئیسماعیل، موختاری گوندی کانیلان ئاماژەی بەوەدا کە هیشام هیچ کاتێک لە گوندەکەی ئەوان نەژیاوە و لەناو عەرەبان ناسنامەکەشی لەسەر گوندی کانیلان نییە بەڵکو ناسنامەکەی لەسەر قەزای شێخانە، "بەڵام باپیری هیشام کە ناوی ئیسماعیل فەرحانە لەگەڵ برای باوکی لە گوندەکەی ئێمە ژیاون". هەروەها بەپێی زانیارییەکان مامێکی هیشام دانیشتووی قەزای خەباتی پارێزگای هەولێرە.

بەپێی هەندێ زانیاری دەکرێ کە هیشام مەحموود بەشداری لە تیرۆرکردنی کوردێکی خەڵکی ناوچەی بەردەڕەشدا کردبێ، کە مانگی نیسانی ساڵی ڕابردوو لە سناعەی موسڵ لەلایەن گرووپە چەکدارە ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە تیرۆرکرا.

ئەو خزمە نزیکەی هیشام گوتی هیشام کە ئەو تاوانەی کردبێ ئەوان کەسیان لەگەڵی نین "ئەگەر بەڕاستی ئەو تاوانەی کردبێ حکومەت چی لێ دەکات با لێی بیکات، ئەوکات مافی لە سێدارەدانیشی هەیە". ئەو خزمەی هیشام گوتیشی کە ئەو زۆر دڵی بە دایکی هیشام دەسووتێ چونکە تاقە کوڕیەتی و ئەو هیچ تاوانێکی نییە کە کوڕەکەی ئەو تاوانەی کردبێ.

# چۆن دەستگیرکرا؟

## بەڕێوەبەری پۆلیسی بێجی: بەپێی فەرمانی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر هیشام مەحمودمان دەستگیرکرد



**عەبدوڵڵا قرگەیی**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای بێجیی پارێزگای سەلاحەدین لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاشکرای دەکات کە هیچ کەسێک لە پۆلیس و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بەشداری نەکردووە لە دەستگیرکردنی هیشام مەحموود ئیسماعیل کە تۆمەتبارکراوە بە بەشداریکردن لە تیرۆرکردنی قوتابی و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان. ڕوونیشیکردەوە کە ئەوان ئەو داواکراوەیان لە ڕۆژی 2010/6/23 لەسەر فەرمانی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر لە بێجی دەستگیرکرد و، لەڕۆژی 2010/6/27 لەلایەن دادگای لێکۆڵینەوەی بێجییەوە تەسلیمی پۆلیسی هەولێر کرا.

### "هیشام سەردەشتی لە شەرگات وەرگرت"

سەردەشت عوسمان قوتابی بەشی ئینگلیزی کۆلیژی زمانی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر، لە ڕۆژی 2010/5/4 لەبەردەم کۆلیژی هونەرە جوانەکان ڕفێندرا و ڕۆژی 2010/5/5 تەرمەکەی لە موسڵ دۆزرایەوە، بەپێی ڕاگەیێندراوی دووەمی لیژنەی لێکۆڵینەوە کە لە ڕۆژی 15ی ئەو مانگەدا بڵاوکرایەوە" بە وتەی چەند شاهیدێکی نزیک لە شوێنی ڕووداو کە بە چاوی خۆیان بینیویانە چۆن ناوبراو بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری هۆندا (مینی پاس) ڕەنگی سپی ژمارە (فحص بغداد) بردراوە". هەروەها لە ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە، دواتر بەپێی زانیاری و بەدواداچوونەکانیان بۆیان دەرکەوتووە کە "کەسێکی سەر بە گرووپی (انصار الاسلام) بەناوی (هیشام مەحمود ئیسماعیل) کە تەمەنی 28 ساڵە و بەرەگەز کوردە و دانیشتووی شاری (موصل)ە و پیشەی فیتەرە لە پیشەسازی شارۆچکەی (بێجی) دەستی هەبووە لە شەهیدکردنی ناوبراودا. لەژێر چاودێری لیژنە و لە ڕێگای دادگاوە ئاسایش بەهەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی قەزای بێجی، توانرا ناوبراو دەستگیر بکرێت و ڕەوانەی لیژنەی لێکۆڵینەوە کرا".

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیێندراوەکەدا هاتووە کە تۆمەتبار هیشام مەحمود لە لێکۆڵینەوەدا دانی بەوە داناوە کە لە "2010/5/4 لەلایەن بەرپرسی ئەم باندە بەناوی (ا . ا) ئاگادار کراوەتەوە بچێتە شارۆچکەی (شەرگات)ی سەر بە پارێزگای سەلاحەددین، لەوێ پەیوەندی بە ئەندامێکی دیکەی ئەم باندە بکات بەناوی (ا . م) کە ئەمانەتێک هەیە وەریبگرێت و بیگەیێنێتە شاری موسڵ، لەبەرئەوەی ناوبراو شارەزایی هەیە لەم سنوورە، تۆمەتبار دەچێتە شوێنی دیاریکراو لەوێ ئۆتۆمبێلەکە لە سێ تۆمەتباری دیکەی ئەم باندە وەردەگرێت کە تاوانلێکراوی تێدابووە بەدەست و قاچ و دەم بەستراوی و بەزیندوویی، ئینجا تۆمەتبار خۆی ئۆتۆمبێلەکە لێدەخوڕێ و لەگەڵ تۆمەتبار (ا . م) دەچێتە شاری موسڵ، لە گەڕەکی (انتصار) ئۆتۆمبێلەکە و تاوانلێکراو تەسلیم بە بەرپرسی باندەکە (ا . ا) دەکات". هەر بەپێی ڕاگەیێندراوەکە "پاش چەند ڕۆژێک لەلایەن بەرپرسی باندەکە تۆمەتباری دەستگیرکراو دەزانێت کە تاوانلێکراویان تیرۆرکردووە". سەبارەت بە هۆی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانیش لەلایەن ئەو گرووپەوە، لیژنەکە بەپێی قسەکانی هیشام مەحموود دەڵێ "سەردەشت عوسمان حەسەن بەڵێنی بەم گرووپەدابوو کە هەندێک کاریان بۆ بکات، بەڵام کارەکانی بۆیان ئەنجام نەدابوو".

### پۆلیسی عێراقی هیشامی دەستگیرکرد

عەقید خەلیل عەلی جبوری، بەڕێوەبەری پۆلیسی بێجی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە، ڕایگەیاند "هاوکارییەکی باش لەنێوان ئێمە و پۆلیس و دەسەڵاتە ئەمنییەکانی هەرێمی کوردستاندا هەیە بۆ بەدواداچوونی تۆمەتباران و تاوانباران، هەروەها زانیاری لەگەڵ یەکتر دەگۆڕینەوە لەبارەیانەوە".

سەبارەت بە دەستگیرکردنی هیشام مەحموود ئیسماعیل، کە تۆمەتبارە بە بەشداریکردن لە کردەوەی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بەڕێوەبەری پۆلیسی بێجی ڕایگەیاند "تۆمەتبار کاری فیتەری دەکرد لە بێجی و سەیارەی چاکدەکردنەوە، پێش ئەوەی من ببمە بەڕێوەبەری پۆلیسی بێجی دۆسیەی لە پۆلیسی بێجی هەبوو، کە ئەو دانیشتووی ناو شاری موسڵە و بەڵگەنامەی لەوبارەوە هێناون بۆ ئەوەی بتوانێ لە بێجی نیشتەجێ ببێ، هیچ شتێک لەبارەی بوونی جۆرە چالاکییەکی گومانلێکراو لەبارەیەوە لە دۆسیەکەیدا نەبوو، کە ئەو زانیاریانە لەبارەیەوە پێش ئەوەی من ببمە بەڕێوەبەری پۆلیسی بێجی وەرگیرابوون. ئاسایشی هەرێمی کوردستان وێنە و نەخشەی دووکانەکەی ئەویان لە بێجی بۆ ناردین، لەوەوە وا پێدەچوو کە ئەوان موتابەعەیان کردووە، هەروەها نووسراوی دادگاشیان بۆ ناردبووین بۆ دەستگیرکردنی، کە فەرمانی گرتنی لە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر دەرچووبوو. ئێمەش دەستگیرمان کردو لە زیندانی بەڕێوەبەرایەتی خۆمان دەستبەسەرمانکرد و دۆسیەکەمان دایە دادگای لێکۆڵینەوەی بێجی، دادوەری لێکۆڵینەوەی بێجیش بڕیاریدا بینێرێتە دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر و، بەشێوەیەکی یاسایی تەسلیمی پۆلیسی هەولێر کرا".

هەروەها گوتی "هیچ کەس لە ئاسایش و پۆلیسی هەولێر نەهاتە بێجی بۆ دەستگیرکردنی، ئەوان فەرمانی گرتنیان لە دادگاوە بۆ ناردین و ئێمەش دەستگیرمان کرد".

### ئەو ئەفسەرەی دەستگیری کرد تیرۆرکرا

عەقید خەلیل عەلی جبوری ڕوونکردنەوەی زانیاری زیاتری لەوبارەوە دایە (ڕووداو) و ڕایگەیاند "ڕۆژی 2010/6/23 مفەوەزێک بە فەرماندەیی موقەدەم حوسێن عەلی ئەحمەد ئەرکی دەستگیرکردنی ئەو داواکراوەیان ئەنجامدا، دوای چوونی خۆی و دۆسیەکەی بۆ بەردەم دادوەری دادگای لێکۆلینەوەی بێجی، لەڕۆژی 2010/6/27 بەشێوەیەکی یاسایی تەسلیمی پۆلیسی هەولێر کرا". بەڵام وەک ئەو لە درێژەی گێڕانەوەی چۆنیەتی دەستگیرکردنی هیشام مەحمودی کرد گوتی "ئەوەی جێگەی سەرنجە دوو ڕۆژ دوای ئەوە، واتە لەڕۆژی 2010/6/29 تیرۆریستان تەقینەوەیەکیان لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتییەکەمان بە تەقاندنەوەی ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو ئەنجامدا، لە ئاکامدا موقەدەم حوسێن عەلی ئەحمەد شەهید بوو، ئێمەش ئەو کردەوەمان بە دەستگیرکردنی داواکراو هیشام مەحمود بەستەوە، چونکە پێش ئەو ماوەیە کردەوەی تیرۆریستی لەنێو بێجی زۆر کەمبوون".

هەر زیاتر لەبارەی دەستگیرکردنی هیشام مەحمودەوە، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای بێجی گوتی "دوای دەستگیرکردنی داواکراو هیشام مەحمود ئیسماعیل، لە زیندانی بەڕێوەبەرایەتی خۆمان دەستبەسەرمانکرد و دۆسیەکەمان دایە دادگای لێکۆلینەوەی بێجی". گوتیشی "داواکراو سەرەتا دەیگوت من خەڵکی موسڵم، دوایێ دەیگوت من خەڵکی هەولێرم و لە موسڵ نیشتەجێبووم پێش ئەوەی بێمە بێجی و ئاسایشی هەولێر ڕقی لە منە". هەروەها زیاتر لەبارەی تەسلیمکردنی هیشام مەحموود بە هەولێر گوتی "ئێمە ناردمانە دادگا، دادوەریش پرسیاری لێکرد ئایا ئەو نووسراوەی دادگا لەبارەی تۆوە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ناو و ناونیشانت، گوتی بەڵێ. بەوشێوەیە بۆ ئەو شوێنەی داوایکردبوو نێردرا، کە ئەویش دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێرە".

# ئەنجامەکانی لیژنەی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەیان لەسەرە

**ڕێبەند سەعدوڵڵا**
**ڕووداو - هەولێر**

ڕێکخراوە جیهانییەکانی ڕۆژنامەنووسان و لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان داوای لێکۆڵینەوە لەسەر ئەنجامە ڕاگەیێندراوەکانی ڕۆژی 2010/9/15ی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی تیرۆرکردنی قوتابی و ڕۆژنامەنووس سەردەشت عوسمان دەکەن، برا گەورەی سەردەشتیش دەڵێ ئەو ڕاگەیێندراوە "چیرۆکێکی بێ سەرەوبەرە"ی هۆنیوەتەوە.

### لەکاتی تیرۆرکردنەکەدا: پەنجەی تاوانباری بۆ پارتی و ئیسلامییەکانە

دوای تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، نووسەرێکی سەرەکی ماڵپەڕی هاوپشتی بەکر عوسمان (ئارام عەلی)ی بەناوی موزەفەر عەبدوڵڵا، لە ڕۆژی 2010/5/7 لەو ماڵپەڕەیاندا بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (کێ بەرپرسە لە تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان؟)، لە بەشێکی وتارەکەدا نووسەر دەڵێ "بۆ هەر کەسێکی ئازادیخواز، چ لە ناوەوەی کوردستان بێت یاخود لە دەرەوە، کە ئەم هەواڵە دەبیستێ دەست بەجێ کۆمەڵێ بەڵگە کە ئەم شێوازی تیرۆرە لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە ناچاری دەکات بەر لە دۆزینەوەی تاوانباران، پەنجە ڕاکێشێ بۆ تۆمەتبارکردنی پارتی و ئیسلامییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەو بیانکاتە قەفەسی تاوانبارییەوە". ئەوەی پارتی دەگێڕێتەوە بۆ دەسەڵاتداریی لە هەولێر و نادیاری تیرۆرکردنی چەند ڕۆژنامەنووس و نووسەری دیکە، هەروەها بۆ پەنجە درێژکردنی بۆ ئیسلامییەکانیش پشت بەوە دەبەستێ بۆ بانگەشەکانی مەلاکانی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامی و ئیسلامییەکانی دیکە و مەلایەکانی پارتی و یەکێتی دژی نووسەران و ڕۆشنبیران لە ڕابردوودا.

هەروەها دوای دۆزینەوەی تەرمی سەردەشت عوسمان، لەلایەن زۆر نووسەر و ڕۆژنامەنووسەوە بەرپرسیارێتی پاراستنی گیان و ئاسایشی خەڵک و دۆزینەوەی تاوانبارانی هەر ڕووداوێکیش لەو ناوچەیدا بە تاوانبارانی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمانیشەوە خرایە ئەستۆی پارتی، لەبەرئەوەی تاوەکو ئێستا دەزگا ئەمنییەکان لە کوردستان یەکنەخراون، لەلایەن زۆر نووسەر و ڕۆژنامەنووس و لە زۆر خۆپیشاندانیشدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ پارتی بە ئەنجامدانی ئەو تیرۆرە تۆمەتبارکرا.

هەروەها سەبارەت بە ڕاگەیێندراوی یەکەمی لیژنەی لێکۆڵینەوە لە کەیسی سەردەشت عوسمان، کە لەڕۆژی 2010/5/23دا بڵاوکرایەوە، لەسەر ئەوەی سەردەشتی تەنیا بە قوتابی ناوهێنابوو و، گوترابوو کە گوللە لەسەری دراوە نەک دەمی، لەلایەن "کەمپینی بێدەنگ نابین" کە لەلایەن بزووتنەوەی گۆڕانەوە پشتیوانی دەکرا و لەلایەن بنەماڵەی سەردەشتیشەوە ڕەخنەی لێگیرا و ڕەتکرایەوە، چونکە وەک سەردار عوسمان لەکاتی هێنانەوەی تەرمەکەیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "دوو گوللە لەناو دەمی درابوو".



بەڵام بەپێی لێدوانی ڕۆژنامەنووسێک لەشاری موسڵ بەناوی دڵدار هەرکی بۆ (ڕووداو) کە لە ژمارە 117ی (ڕووداو)دا بڵاوکرایەوە، گوتی کە ئەو بەدواداچوونی بۆ ڕووداوی تیرۆرکردنەکە کردووە لەلای بنکەی پۆلیسی ئەحرار کە تەرمی سەردەشتی هەڵگرتبووەوە لە موسڵ و دۆسیەکەی لەلای ئەوانە و، دایک و باوکی سەردەشتیش لەلای ئەوان ئیفادەی خۆیانداوە، گوتی بەپێی وتەی ئەفسەری لێکۆڵینەوەی ئەو بنکەیە "لەو پەیکەرە هێلکاریەی بۆ سەری سەردەشت دروستکراوە و پێشاندرا، زۆر بەڕوونی دیارە گوللەکە لەلای سەرەوە لەسەری دراوە نەک لە دەمیەوە، هەروەک لە ڕاپۆرتی پزیشکی دادوەریی موسڵدا هێلکاری بۆ کرابوو".

هەروەها سەبارەت بەوەش کە لە گۆڤارێکدا بڵاوکرابووەوە کە چەند برادەرێکی سەردەشت پێیان ڕاگەیاندووە کە سەردەشت ئەوکاتەی لە قۆناخی یەکەمی زانکۆ بووە جارێکیتر بۆ ماوەی دوو ڕۆژ ڕفێندراوە، هەروەک لە ژمارە 114ی (ڕووداو)دا بڵاوکرایەوە، هەژار عوسمانی برای سەردەشت گوتی "ئێمە وەک خێزان و کەسوکاری سەردەشت ئاگامان لەوە نییە جارێکی دیکە ڕفێندرابێت، ئێمەش دوای تیرۆرکردنی ئەوەمان لە برادەرەکانی گوێ لێبووە".

### برای گەورەی سەردەشت عوسمان: ئیدانەی دەکەم

بەکر عوسمان، برای گەورەی سەردەشت لە وتارێکدا کە ڕۆژی 2010/9/15 لە ماڵپەڕی هاوپشتیدا لەسەر ڕاگەیێندراوی دووەمی لیژنەی لێکۆلینەوە بڵاویکردەوە لەژێر ناونیشانی (چوار مانگ بەر لە ئێستا سەردەشت لە تاریکیدا تیرۆرکرا) دەڵێ "بۆ هەر کەسێک لە نزیکەوە سەردەشتی ناسیبێت، یا چەند دێڕێک لە نووسینەکانی سەردەشتی خوێندبێتەوە یان تەنانەت دووراودووریش سەردەشتی ناسیبێت، ئەوە ڕوونە کە سەردەشت کەسێکی خۆشەویستی دەوروبەرەکەی و مەدەنی و عەلمانی بوو. بەهیچ شێوەیەک بە تاڵە موویەکیش ئەو بەند نابێتەوە بەبیروباوەڕی تیرۆرستییەوە، ئەو تۆمەتە بێبناخەیە و دوورە لە ڕاستی. ئەسڵی مەسەلەکە هەر ئەوەیە کە سەردەشت ڕۆژنامەنووس بوو و لەسەر کاری ڕۆژنامەوانی و نووسین و ڕەخنەگرتن لە ناعەدالەتی کۆمەڵگای کوردستان تیرۆرکرا". هەروەها دەڵێ "من لێرەدا وەک برای سەردەشت عوسمان بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنم کە نەک هەر ڕاستی و دروستی ئەو ئەنجامی بە ناو لێکۆڵینەوانە ڕەتدەکەمەوە، بەڵکو بەوپەڕی بێزاریەوە ئیدانەی ئەم هەوڵە بێ ئاکامە بۆ بەتیرۆریست ناساندنی براکەم و تاوانبارکردنی بە هاوکاریکردنی گرووپی تیرۆریستی ئەنسارولئیسلام دەکەم".

### هەڵوێستی ڕێکخراوە جیهانییەکان

**CPJ: نیگەرانین بەرامبەر لێکۆڵینەوە کەمتەرخەمەکە**
**ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور: بەڵگەکانی ئەو ئەنجامانە بخەنەڕوو**

کۆمیتەی بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان CPJ کە ڕێکخراوێکی جیهانی بنکە لە ئەمریکایە، لە بەیاننامەیەکدا لەبارەی ڕاگەیێندراوەکەی لیژنەی لێکۆلینەوە لە کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان لە بەیاننامەیەکدا کە لەلایەن محەممەد عەبدولدائیمی سەرپەرشتی بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقیای ڕێکخراوەکەوە بڵاوکراوەتەوە هاتووە "CPJ نیگەرانە بەرامبەر لێکۆڵینەوە کەمتەرخەمەکە و داوا لە کاربەدەستانی کوردی دەکات کە پرۆسەیەکی وردتر و گونجاوتر لەسەر کوشتنی سەردەشت عوسمان ئەنجامبدات". عەبدولدائیم هەروەها دەڵێ "لێکۆڵینەوەکەی حکوومەت لەسەر کوشتنی سەردەشت عوسمان بەشێوەیەکی بەرچاو کەموکورتی تێدایە. ئێمە چاوەڕێمان دەکرد ڕاپۆرتەکە لە 430 وشە زیاتر بێت. ڕاپۆرتەکە تۆمەتی سەرسوڕهێنەرانەی تێدایە و نەیانتوانیوە بیشیانسەلمێنێت. ئێمە داوا لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین کە پرۆسەیەکی لێکۆڵینەوەی باوەڕپێکراو ئەنجامبدەن لەسەر کەیسی کوشتنی یەکێک لە هاوکارەکانمان".

ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنووری بنکە لە پاریسیش دەڵێ "ڕێکخراوی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور خۆشحاڵە بەهەوڵەکانی کاربەدەستانی هەرێمی کوردستان بۆ دۆزینەوەی بکوژانی سەردەشت عوسمان، بەڵام گومانی لە باوەڕپێکراوی لێکۆڵینەوەکە هەیە".

هەروەها ڕێکخراوەکە لە درێژەی بەیاننامەکەیدا دەڵێ، شاندێکی ڕێکخراوەکەیان کە لە مانگی تەمموزی ڕابردوو لە سەرداندابوون بۆ هەرێمی کوردستان، هەوڵێکی زۆریاندا بۆ بینینی لیژنەی لێکۆڵینەوەکە و سەرەڕای ئەوەی پەیوەندییان بە وەزیری ناوخۆ و نووسینگەی د. بەرهەم ساڵحی سەرۆکی وەزیرانەوە کرد "نەیانتوانی ئەندامانی لیژنەکەیان دەستبکەوێت". هەروەها ڕێکخراوەکە دەڵێ "ڕاستییەکە ئەوەیە کە دۆزینەوە نوێیەکانی ئەو لیژنەیە هەمووی لە دانپێدانانی یەک کەسەوەیە، ئەمەش وات لێدەکات کە بەئاگاوە لێی بڕوانیت، ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور داوا لەکاربەدەستان دەکات کە ئەو بەڵگانە بخاتە بەردەست کە لیژنەکە بەکاریهێناون بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە ڕاگەیێندراوە".

### لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان داوای ئامادەبوونی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەکات

شێردڵ تەحسین، جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و لیژنە خۆجێییەکانی پەرلەمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەوان تا ئێستا نازانن کێ لێکۆڵینەوەکەی ئەنجامداوە لەسەر کەیسەکە، لەبەرئەوە "ئەندامانی لیژنەی ناوخۆ داواکارن ئەوانەی لێکۆڵینەوەکەیان ئەنجامداوە بانگهێشتی پەرلەمان بکرێن و چۆنیەتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە بۆ پەرلەمان ڕوونبکەنەوە".

گوتیشی ئەوان داوایەکیان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی ڕۆژی 2010/9/22 ئەندامانی لیژنەی لێکۆلینەوە لەبەردەم ئەندامانی لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان ئامادەبن و وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە.

لەبارەی باوەڕی خۆیشی لەبارەی ڕاگەیێندراوی لیژنەکە، ئاماژەی بەوەدا کە پێشتر هەندێک زانیاری لەمبارەوە هەبووە، بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی "تاوەکو ڕۆژی 2010/9/22 لەگەڵ لیژنەکە دانەنیشین، ناتوانین ڕای خۆمان لەبارەی دروستی لێکۆڵینەوەکە دەربڕین".

شێردڵ تەحسین، کە لە فراکسیۆنی هەولێری تورکمانە ئەوەشی دووپاتکردەوە "ئەگەر توانیان قەناعەتمان پێ بکەن باشە، ئەگەرنا ئەوکات ئێمەش قسەی خۆمان دەبێت".

ڕۆژی 2010/5/10 سەرۆکایەتی پەرلەمان لیژنەی ناوخۆ و ئاسایشی ڕاسپارد بۆ دواداچوونکردن بۆ کەیسی تیرۆرکردنی سەردەشت عوسمان، بۆیە جێگری سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش گوتی "درێژە بەو بەدواداچوونە دەدەین تا ڕاگەیاندنی ئەنجامی کۆتایی".

هەروەها کاروان ساڵح، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش لە پەرلەمان لە فراکسیۆنی گۆڕان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە بەناوی لیژنەی ناوخۆ داوامان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە ڕۆژی 9/22 لیژنەی لێکۆڵینەوەکە بانگهێشتی پەرلەمان بکات، جا نازانم داواکە قبووڵ دەکات یان نا".

هەروەها گوتی "کاتی خۆی سەرۆکایەتی پەرلەمان خۆی داوای لێکردین بەدواداچوونی ئەو کەیسە بکەین، بۆیە بەئەرکی خۆمانی دەزانین بگەینە ئەنجام و ڕاپۆرتی خۆمان پێشکێش بکەین، بۆیە دەبێ لیژنەکە لەبەردەم پەرلەمان ئامادەبێت تاوەکو کۆتایی بە بەدواداچوونەکە بێنین".

### حکومەت : ئەوە هەڵوێستی ئێمەشە

سەبارەت بەدەرەنجامە ڕاگەیێندراوەکان، د. کاوە مەحموود گوتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "ڕاگەیاندنی ئەو دەرەنجامانە لە دەزگایەکی ڕەسمی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووە، کە وەزارەتی ناوخۆیە، بۆیە لە هەمانکاتدا ئەو ڕاگەیێندراوە هەڵوێستی ڕەسمی حکومەتیش دەگەیێنێت". گوتیشی "ئەو لایەنەی لێکۆڵینەوەی لە دۆسیەکە کردووە، دەزگایەکی سەر بە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە و هاوکات تەعبیر لە بیروبۆچوونی حکومەتیش دەکات".

## پێنج رانیەیی دەچنە ئەمریکا



رووداو-رانیە

دوای ئەوەی ساڵی رابردوو 7 ئەمریکی لە شاری dulutهی ئەمریکا سەردانی شاری رانیەیان کرد، وا بڕیارە شاندێکی پێنج کەسی لە قەزای رانیە لە رۆژی 2010/9/24 سەردانی ئەو شارە بکەن. خالید قادر محەممەد، کە رێکخەری پەیوەندییەکەیە رایگەیاند ئەو سەردانانە لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی کەلتوری پەیوەندییە لەگەڵ شاری Duluth ی ئەمریکا. بە تایبەتیش لەو شارەدا رێکخراوێک هەیە بەناوی ( دەستەخوشکی نێودەوڵەتی) کە کار لەسەر دروستکردنی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی کەلتوری لەنێوان خەڵکی ئەمریکا و خەڵکی وڵاتانی دیکە دەکات.

# حکوومەتی هەرێمی کوردستان بودجەی دایە بزووتنەوەی گۆڕان

## تا پەسەند کردنی یاسای بودجەی حیزبەکان، مانگانە گۆڕان 680 ملیۆن دینار لە حکوومەت وەردەگرێت

نەوزاد مەحموود
رووداو-سلێمانی

لە مانگی حوزەیرانی رابردووەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەشێوەی سولفە وەک حیزبەکانی دیکە، بوودجە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەردەگرێت.

بزووتنەوەی گۆڕان تائێستا نەیتوانیوە سەرکردایەتییەک بۆخۆی دیاری بکات و شێوازی رێکخستنی هەوادارانیشی تائێستا لە مشتومڕدایە لەنێوان سەرکردەکانیدا لەوەدا ئایا بە ستوونی یان ئاسۆیی رێکیبخەن. یەکێک لە هەڵسوڕاوە دیارەکانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ "بێگومان ئەگەر سەرکردایەتی و بڕیارەکان بەشێوەی ستوونی فەرزبکرێن ، قبوڵ ناکرێ".

هەرچەندە تائێستا پرۆژە یاسای بودجەی حیزبەکان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند نەکراوە، بەڵام حکوومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە لە 2010/6/1ەوە بودجە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان خەرجبکرێ ، سەرچاوەیەک لە بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی راگەیاند " بڕی ئەو بودجەیەی مانگانە بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەریدەگرێت 680ملیۆن دینارە". تا ئێستا گۆڕان بودجەی سێ مانگی وەرگرتووە. ئەو سەرچاوە بەرپرسەی گۆڕان گوتیشی " ئەو پارەیەی وەریدەگرین، وەک سولفەیە، کاتێک بودجەی حیزبەکان دیاریکرا، ئەگەر گۆڕان زیاتری بەرکەوت، ئەوا حکومەت ئەویشی بۆ دەگێڕێتەوە و ئەگەر کەمتریشی بەرکەوت لەو 680ملیۆنە، ئەوا لەپارەی داهاتووی دەیگێڕێتەوە".

ئەو بەرپرسەی بزووتنەوەی گۆڕان رەخنە لەوە دەگرێ کە حکومەت بودجەیەکی کەمیان دەداتێ بەبەراورد لەگەڵ حیزبێکی وەک یەکگرتوو کە مانگانە 450 ملیۆن دینار وەردەگرێت کەچی 6 کورسی لە پەرلەمانی کوردستاندا هەیە "ئەو پارەیەی ئێستا گۆڕان وەریدەگرێت زۆر کەمە و 190ملیۆن دینار لە یەکگرتووی ئیسلامی زیاتر وەردەگرێت، لە کاتێکدا بزووتنەوەی گۆڕان 25کورسی پەرلەمانی هەیە، بەڵام بڕیاردرا ئەو پارەیە وەربگیرێت بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکانی بزووتنەوەکە تاوەکو کاتی دیاریکردنی بودجە".

سەفینی مەلا قەرە، یەکێک لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لە پارێزگای هەولێر لە بارەی ئەو پارەیەوە لە حکوومەت وەریدەگرن دەڵێ، هەیئەتێکی تایبەتیان داناوە بۆ لێکۆلینەوە لە شێوازی خەرجکردنی"هەر ئەو هەیئەتەش بڕیاری کۆتایی لەبارەی چۆنیەتی خەرجکردن و بەکارهێنانی دەدات".

### شاندی گۆڕان بۆ 3 داواکاری چوونە لای سەرۆکی حکومەت

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون رۆژی 2010/8/28 شاندێکی بزووتنەوەی گۆڕان، کە لە هەریەک لە مستەفای سەید قادر و عوسمانی حاجی مەحموود پێکهاتبوون، سەردانی د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح سەرۆکی حکومەتیان کردووەو دواتریش پێکەوە سەردانی کۆسرەت رەسول جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیان کردووە.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکە بە (رووداو)ی راگەیاند " شاندی گۆڕان داوای لە سەرۆکی حکومەت کردووە کێشەی نانبڕاوەکان بەیەکجاری چارەسەر بکرێ ، پاسەوانی پێویست بۆ بارەگاکانی بزووتنەوەی گۆڕان (کە لە داهاتوو دەیانکاتەوە) دابین بکرێن ، مەسەلەی بودجەی گۆڕانیش لەو کۆبوونەوەیەدا باسکراوە، کە کەمەو پێویستە زیاد بکرێت".

خەرجکردنی ئەو بودجەیە بۆ بزوتنەوەی گۆڕان لە دوای دەربڕینی رەزامەندی تاڵەبانی دێت. وەک نێچیرڤان بارزانی لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (ئاوێنە)دا رایگەیاند مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان رەزامەندی لەسەر دانی بودجە بە بزووتنەوەی گۆڕان دەربڕیوەو، ماوەتەوە رەزامەندی مام جەلال.




سەرچاوە ئاگادارەکەی ئەو کۆبوونەوەیەی گۆڕان و د.بەرهەم گوتیشی"د.بەرهەم بەڵێنی دابینکردنی پاسەوانی بارەگاکانی گۆڕان و چارەسەرکردنی تەواوی کێشەی نانبڕاوەکانی داوە، بەڵام بەڵێنی زیادکردنی بودجەی مانگانەی گۆڕانی نەداوە".

### سەرۆک دیارە و سەرکردایەتی دیار نییە

دوای ئەو رەخنە زۆرەی بزووتنەوەی گۆڕان لە یەکێتی گرت لە بارەی پەیکەری رێکخستن و شێوازی کارکردنی، ئێستا بزووتنەوەکە خەریکە بۆخۆیشی رووبەڕووی هەمان دۆخ دەبێتەوە و مشتومڕی ساخکردنەوەی پێکهێنانی رێکخستن و بەستنی کۆنفرانس و کۆنگرە درێژەی هەیە.

سالار عەزیز ، سەرکردەی بزووتنەوەکە دەڵێ، "ئەو برادەرانەی تائێستا لەناو بزوتنەوەکەدا بڕیاریانداوە، ئێستاش هەر ئەوان بڕیاردەرن و لەهەوڵی خۆرێکخستنەوەدان"، هەروەها گوتیشی "ئەوەی تائێستا لەسەری رێککەوتووین ئەوەیە کە رێکخستنمان لە خوارەوە بۆ سەرەوە بێت"، سالار عەزیز لە بارەی کۆنفرانس و کۆنگرەشەوە گوتی "ئێمە تائێستا پرۆگرامێکمان نییە کاتی بەستنی کۆنگرە و کۆنفرانس دیاری بکات، بۆیە لەناوخۆماندا رەخنەمان لەسەر نییە بۆ دواکەوتنی کۆنگرە و هیچ کێشەیەکیشمان نییە تاوەکو پەلە بکەین لەبەستنی".

بەڵام بابەکر دڕەیی، کە ئەویش ئەندامی ئەنجوومەنی کۆمپانیای وشە و هەڵسوڕاوێکی گۆڕانە دەڵێ، "تا ئێستاش دیار نییە سەرکردایەتی گۆڕان کێ یە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی گۆڕان، خەڵکی جۆراوجۆری تێدایە و پەیوەندیشی بە جۆری سیاسەتکردن و تێڕوانینی ئەو خەڵکە جۆراوجۆرانەی ناو بزووتنەوەکەوە هەیە".

دڕەیی، ئەوە ئاسان نابینێ کە بزووتنەوەی گۆڕان بتوانێ بەو زووانە کۆنفرانس و کۆنگرە ببەستێ "تاوەکو ساڵێکی دیکەش زەحمەتە ئەوە بکرێت، بەڵام بڕیار فەرزکردن و سەپاندنی سەرکردایەتی قبوڵ ناکرێت و رەتدەکرێتەوە، دەبێ سەرکردایەتی بەشێوەی هەڵبژاردن و دەنگدان دیاری بکرێ". سەبارەت بە پەیکەری رێکخستنی بزووتنەوەی گۆڕانیش گوتی "بیروڕای جیاواز لەسەر شێوازی ستوونی و ئاسۆیی هەیە بۆ رێکخستن، هەرچەندە شێوازی ئاسۆیی پەسەندی زۆرینەیە".

هەرچەندە سەرکردە و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی گۆڕان بەردەوام دووپاتیدەکەنەوە ، کە دەیانەوێ لە رێگەی دەنگدانی بازنەکان و رێکخستنەکانی خوارەوە سەرکردایەتی هەڵبژێرن، بەڵام وەک یەکێک لە سەرکردەکانی ئەو بزووتنەوەیە دەڵێ، تائێستا بڕیاری کۆتایی لای خودی نەوشیروان مستەفایە "بەڵام بۆ هەر مەسەلەیەک کە پێویستی بە موناقەشە بێت، کاک نەوشیروان رای خۆی هەڵدەگرێت بۆ کۆتایی".

وەک سەرچاوەیەکیش پشتڕاستی کردەوە، گەنجانی ناو ئەو بزووتنەوەیە دەیانەوێ سەرکردایەتی گۆڕان زیاتر بەدەست گەنجانەوە بێت نەک پڕ بکرێ لە ئەندامە جیابووەکانی سەرکردایەتی یەکێتی، بەڵام جۆرێک لە ناتەبایی و ململانێ لەو بارەوە هەیە، بەڵام سالار عەزیز ئەوە رەتدەکاتەوەو دەڵێ "ئەوە راست نییە، تەنها بۆچوونی جیاواز هەیە".

سەرکردەیەکی بزووتنەوەی گۆڕان گوتی "تائێستا بڕیاردەری سەرەکی کاک نەوشیروان خۆیەتی و کەسیش لەو بارەیەوە کێشەیەکی نییە".

نەوشیروان مستەفا دوای پێکهێنانی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ یەکەمجار چووە ئەوروپا، ئەو بەرپرسەی گۆڕان گوتی"سەردانەکەی بۆ ئەوروپا، تەنها بۆ کاری تایبەتی خۆیەتی، بەڵام لەوێش کۆبوونەوەی لەگەڵ هەڵسوڕاوانی گۆڕان کردووە لەبارەی چۆنیەتی رێکخستنی بزووتنەی گۆڕان".

---

## حیزبەکا نوی هاتە دامەزراندن

### جەمیل ئەنوەر رێکخەرێ بزاڤا ئایندە:

# گۆڕان تا نۆکە چ گۆڕانکاری نەکرینە



عەبدوللا نهێلی
رووداو-دهۆک

بزاڤەکا نویی ل کوردستانێ بناڤێ بزاڤا ئایندەیێ کوردستانێ هاتییە دروستکردن، جەمیل ئەنوەر بەرواری، رێکخەرێ وێ بزاڤێ دهەڤپەیڤینەکێدا دگەل (رووداو) دیارکر ئەو کەڤنە کادرێن پارتی گەلی دیموکراتی کوردستان یا هەلوەشاینە، وان خۆ لێکدایە و ئەو بزاڤە دامەزراندیە و پرانیا ئەو کەسێن تانووکە پشتەڤانیا وانکری کەسێن رەوشەنبیر و فەرمانبەر و بازرگانێن مەزنن ل دەرڤە و ناڤخۆیێ کوردستانێ.

رۆژا 2010/4/9 یەکەم پەیوەندی ب جەمیل ئەنوەر هاتیەکرن بو دامەزراندنا بزاڤا ئایندەی کوردستان، ئەو دبێژی" د رۆژا ساڵڤەگەڕا نەمان و چۆنا رژێما بەعسا سەدام دا، یەکەم پەیوەندی ژبۆ دانانا ڤێ بزاڤێ هاتییە کرن، ل دەسپێکێ ژمارەکا کەڤنە کادرێن پارتی گەل یا هەلوەشیایی ئەوا ب سەرۆکاتیا سامی سنجاری ل دەرڤەی وەلاتی هندەک پێنگاڤ هاتنە هاڤێتن، پاشان ل بەهدینان مە دەسپێکر و بەرەف هەولێر و کەرکوک و سلێمانیێ چۆین".

جەمیل ئەنوەر دبێژی مەراما وان ل دامەزراندنا ڤێ رێکخراوا تازەیا سیاسی ئەوەیە کو " مەدیت ل کوردستانێ جیاوازیەکا مەزنا دناڤبەرا کەسێن بێلایەن و حیزبی دا دهێتە کرن، حیزب ل کوردستانێ یا بوویە بەرژەوەندی و هەردوو حیزبێن دەسهەلاتدار یێ مووچەیەکێ مەزن ددەنە خەلکی تاکو پشتەڤانیا وانبکەن، لەورا مە ئەو بزاڤە پێکئینا داکو ئەوێ جیاوازیێ نەهێلین، بتایبەتی لدەڤەرا بەهدینان ژبەرکێمیا پارتێن سیاسی، ئازادیا رادەربڕینی و دیموکراسێ گەلەکا لاوازە، مە ئەڤ بزاڤە دامەزراندیە داکو دیموکراسی و ئازادیا رادەربڕینی بەرقراببیت و گەندەلی بنبڕببیت".

جەمیل زێدەتر بەحسا بزاڤا خوە کر و گۆت " مە سێ ئارمانجێن سەرەکی هەنە (یەکسانی، دیموکراسی و گەشەپێدان) ئەم چ رێکخستنێ ناکەین، بتنێ دێ سەرکردایەتیەک مە هەبیت ژ 30 کەسان و دوو لیژنێن پەیوەندییان ئێک ل کوردستانێ و یا دووێ ل ئەوروپا، دگەل دەزگەهەکێ راگەهاندنێ".

وان ئێکەمجار د دیدارا گوڤارەکێدا ل 2010/8/15 جەمیل ئەنوەری دروستبوونا ڤێ رێکخراوێ راگەهاند، ئەو دبێژی" بەری راگەهاندنێ مە سەرکردایەتی دروستکر بوو، تانووکە 10 کەس هاتینە دانان، مە لبەرە 20 کەسێن دی ژێ دەستنیشان بکەین، بەلێ نووکە 6 کەسێن سەرەکی وەک سەرکردە، دگەل لیژنەیەکا پەیوەندیان ژ 5 کەسان هاتینە دیارکرن، مە نیەتە ل دەسپێکا مەها بهێت دبەیانامەکێدا و بفەرمی ناڤێن وان راگەهینین، ژبەر سەرژمێریا گشتی ئەوا نووکە بەرهەڤێن وێ دهێنە کرن راگەهاندنا سەرکردایەتیا بزاڤا مە گیرۆبوو، هەر دیسان ل سالا 2011 دێ کونفراسێ خۆ گرێدەین، پاشان دێ داخازا مۆلەتا فەرمی ژ پەرلەمان و حکومەتێ کەین".

تانووکە بتنێ جەمیل ئەنوەری ل ڤێ رێکخراوێ خو ئاشکرا کریە، ئەو ئەگەرا ڤێ چەندێ ڤە دگێڕی بۆ هندێ کو " رەنگە هندەک بهێنە گوهارتن، لەورا نووکە نەشێم ناڤێ کەسێ راگەهینم، ژ وان کەسێن سەرکردە باهدینی و سۆران دناڤدا هەنە، بەلێ پرانیا وان سۆرانینە".

ل گور گۆتنێن جەمیل ئەنوەر ، تا نووکە کەسێن بێلایەن و هندەک کەڤنە کادرێن پارتی گەل پێشوازی ل دروستبوونا وان کریە و دبێژی هەروەسا " هەمی توێژان هەژارا تا دەولەمەند و کورێن سەرۆک عەشیر و سەرۆک عەشیرا بخۆ ژی پێشوازیا مە کریە و حەزدکەن بهێنە دگەل مەدا، 25% کەڤنە کادرێن پارتی گەل و 75% کەسێن بێلایەنن ئەوێن تا نووکە پشتەڤانیا مە دکەن و گەلەک ژوانا ئەون یێن مووچەیی هەردوو حیزبێت دەسهەلاتدار وەردگرن و بتنێ بۆ مووچەی دگەل واندانە، ئەگەر نە باوەری پێنینە و سەر سندوقا دەنگێ خۆ نادەنە وان، وەک سەنگ ژی نووکە سەنگا مە یا مەزن لە بەهدینانە، پاشان هەولێر، کەرکوک و سلێمانی. ل سلێمانیێ ئەم گەلەک دلاوازین".

پارتی دیموکراتی کوردستان هەر ل دەما دامەزرانا وێ تا نها بەهدینان ناڤندەکا سەرەکیا هێزا وێ بوویە، پرانیا ئەو هێزێن سیاسیێن ل ڤێ دەڤەرێ سەرهەلدای بسەر نەکەتنە. ئەو دبێژی ئەو بزاڤەک جودانە و تانووکە ئەو تووشی چ ئاریشا نەبووینە د کارێ خۆدا ل ڤێ دەڤەرێ " تانووکە کەس نەبوویە رێگر، چ گەف ژی لمن نەهاتینەکرن، بخۆ ئەز کەسەکێ ئازامە و ژ مرنێ ناترسم، هەڤالێن مە هەمی دزانن، باوەڕناکەم چ گەف و توندوتیژی بێنە پێشیا مە، چونکە خەلک ژی دزانن ئەوێن دگەل ڤێ بزاڤێدا هەمی پێشمەرگە بوونە و خودان خزمەتن".

تانووکە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی پێشوازی ل بزاڤا ئایندە نەکریە، جەمیل ئەنوەر دبێژی" نە کەس بوویە رێگر، نە کەسێ دەستخۆشی لمەکریە، مەلبەرە ب رێکا ئەو لیژنا پەیوەندیا کو دێ دانێین پەیوەندیێن خۆ دگەل هەمی پارت و لایەنێن سیاسیێن کورستانێ ب هێز بکەین".

جەمیل ئەنوەر دبێژی ئەو ل دەستپێکێ توشی ئاستەنگێن مادی بوون و هندەک هەڤالێن وان ل کەرکووکێ ژبەر نەبوونا پارەی نەشیان کاربکەن، لەورا دبێژی " من 250 هزار دۆلار ل پارێن خۆ بۆ سەر ئێخستنا ڤێ بزاڤێ دانایە. ژ وان 250 هزار دۆلاران، تانووکە ئەم ل کارێن بزاڤێ خەرج دکەین، هێشتا خلاس نەبووینە، ئەزێ بەرهەفم تا یەک ملیۆن دۆلار، ئانکو 100 دەفتەرێن دۆلاری خەرجبکەم بەس ئەڤ بزاڤە سەرکەڤیت و خەلک ب ئازادانە باخڤیت و دیموکراسی پەیدابیت، من چ تشتی دی نەڤێت".

ئەو دبێژی وان داخازا پارەی ژ کەس نەکریە و دبێژی" ئەم ئەوکەسێن ب دروستکرنا ڤێ بزاڤێ رابووی رەوشا مە یا ئابووری گەلەکا باشە، مە داخازا مادەی ژ چ لایەنا نەکریە، چونکە ئەم رێکخستنێ ناکەین، بتنێ دێ دەزگەهەکێ راگەهاندنێ دانین بۆ بەلاڤکرنا ئارمانج و بۆچوونێن من، چونکە نووکە شەرێ راگەهاندنێ یە، ئەگەرنە ئەم نابێژنە کەسێ وەرە دگەلمەدا ببمە رێکخستیێ مە، وەکودی دێ هەمی هەڤالێن مە برێکا سندوقێ هاریکاریا مادەی کەن، چونکە ئەزێ بەرهەڤم ئێک ملیۆن دولارا خەرج بکەم، هەر نووکە 15 کەس دناڤمەدانە وەک من ملیۆن دۆلاران خەرج بکەن".

> من 250 هزار دۆلارێن دای و دێشێم 100 دەفتەر دۆلارێن دیکەژی دەم

> ئەم ریکخستنێ چێناکەین بەلێ دێ دەزگەهەکا راگەهاندنێ دانێین

> مەها بێت دێ ناڤێ سەرکردە و لیژنا پەیوەندیێن بزاڤا ئایندە راگەهینین

> مەزنترین هێزامە ل بەهدینانە

جەمیل ئەنوەر، دبێژی وی ب کارکرنێ ئەو پارە بدەستڤە ئینانە " سالا 2000 من دەست ب بازرگانیا کڕین و فرۆتنا ئەرد و خانیا ل زاخۆ کر، من سەرکەفتنەکا مەزن دبازرگانیا خۆدا ئینا و هەمی بازرگانیا من یا ناڤخۆیێ کوردستانێ بوو، نووکە من پارەیەکێ باشێ هەی و کاردکەم".

جەمیل ئەنوەر ، بەحسێ پێنگاڤێن خوە دکەن و دبێژی" ئەم وەک بزووتنەوەی گۆڕان ناکەین، تانووکە گۆڕان چ گۆڕانکاری نەکرینە، هەمی هەول و بزاڤێن وان لاوازکرنا ئێکەتیێ یە، بەلێ ئەم نەوەساینە، ئەم دێ لسەر ئارمانجێن خۆ ل هەمی کوردستانێ کارکەین، بێ کو هەڤرکیا چ لایەنا بکەین".

بزاڤا ئایندە هێشتا پەیکەرێ وێ و تەنانەت ناڤێ وێ ژی بۆ خەلکێ کوردستانێ نە ناڤەکێ بەرنیاسە ، بەلێ ئەو دبێژی ئەو دێ بەشداریێ د هەلبژاتنێن بێت یێ پەرلەمانێ عێراقێ و کوردستانێ کەن و دێ رێژەکا زۆرا دەنگان بەن، بەلێ بەشداریێ د هەلبژاردنێن ئەنجوومەنێن هەرسێ پارێزگەهێن هەرێما کوردستانێ دا ناکەن، و دێ رێژەکا باشا دەنگان بەن، ب تایبەتی ل بەهدینان " مە خۆ بۆ هەلبژاردنێن پارێزگەهان بەرهەڤ نەکریە، 5% دێ بەشداربین، بەلێ بۆ پەرلەمانێ عێراقێ و کوردستانێ ل 2013 مە بەرهەڤیەکا باش کریە، ئەگەر تەزویر نەهێتە کرن! دێ 20-30% دەنگێن بەهدینان بەین، دیسان ل هەولێر و کەرکوکێ ژی دێ گەلەک دەنگان بەین، من دڤێت ئاشکرا بکەم کو ئەم دێ گەلەک لسەر نەهێلانا تەزویرێ دهەلبژاتنان دا کارکەین، هەر دەما بێ تەزویر چ حیزبا ببەت بلا ببەت، دێ دەستخۆشیێ لێ کەین".

وەک بارەگایێ سەرەکی جەمیل ئاشکرا نەکر دێ ل کی باژێری دانانێن ، بەلێ ژبەر کو هەولێر پایتەختێ هەرێما کوردستانێیە ئەوی دیارکر "بارا پتر بارەگایێ سەرەکی دێ ل هەولێرێ بیت".

سەبارەت جیاوازیا دناڤبەرا بزاڤا وان و پارتی گەل دا، کو ل سالا 1992 دگەل سۆسیالیست و پاسۆک بوونە ئێک حیزب بناڤێ حیزبا یەکگرتن و پاشی د سالا 1993دا چۆنە ناڤ پارتی، گۆت " ئارمانجا پارتی گەل بەرەف ئیشتیراکیا زانستی دچۆ، بەلێ بزاڤا مە بەرەف دیموکراسیێ دچی، نەبزاڤەکا علمانییە، بخۆ ئەز نڤێژا دکەم و مە باوەری ب ئەخلاقێ هەمی دیانەتا هەیە".

### جەمیل ئەنوەر:

سالا 1964 ل دەڤەرا بەرواریا ل قەزا ئامێدیێ ژ دایک بوویە.
سەرەتایی و ئامادەیی ل دهۆکێ تەمام کریە.
بەری سەرهەلدانێ بوویە پێشمەرگەه دگەل پارتی گەل دا، پشتی ئەو پارت هەلوەشیایی و چۆیەناف پارتی، بوویە ئەندامێ لیژنا خەبات یا پارتی ل زاخۆ.
ل سالا 2000 ئیستیقالە ل پارتی دایە
لسەردەمێ حکومەتا بەعس کولیژا تەکنەلۆژیا ل بەغدا خاندیە، بەلێ تمام نەکریە
2010-2009 بەکالۆریۆس ل یاسایێ ل کولیژا یاسا یا زانکۆیا ئەهلیا نەورۆز بدەست ئینایە

## کوردستانی



سەردانی ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەم

**رووداو-دهۆک**

سیاسەتمەداری نێودرای کوردی باکووری کوردستان، لەیلا زانا بە یاوەری شاندێک لە پارێزگای دهۆکە کە بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی ژنانی کوردستان سەردانی ئەو شارەیان کردووە. لەیلا زانا بە (رووداو)ی راگەیاند"ئەوە جاری سێیەمە دێمە هەرێمی کوردستان، ئەمجارە سەردانی زۆر ڕێکخراو و دەزگای ژنان و چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان دەکەم". کۆنفرانســی نیشــتمانی ژنانی کوردستان ئەمساڵ لە شــاری ئامەدی باکووری کوردستان سازکراو، وا بڕیارە کۆنفرانسی دووەمیشی لە دەستپێکی ساڵی 2011 لە باشووری کوردستان ساز بکرێ.



### ئەحمەد تورک، سەرۆکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات:

# دەمانەوێ بیانوو نەدەینە ئەردۆغان و ئاگربەست درێژ بکرێتەوە

شاندێکی کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات KCD و پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP، لە رۆژی 2010/9/5 سەردانی باشووری کوردستانیان کرد. ئەحمەد تورک ، سەرۆکی شاندەکە لەرۆژی دواتردا لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) رایگەیاند کە ئەوان دەیانەوێ ئاگربەستی یەکلایەنەی PKK درێژبکرێتەوە ، کە لەڕۆژی 13ی مانگی رابردوو راگەیێندرا بۆ ماوەی 40 رۆژ و رۆژی 20ی ئەو مانگە کۆتایی دێت، ئەحمەد تورک دەڵێ بۆ ئەوەی زەمینەی ئاشتی فراوان بکەن و ئەو بیانووەش بۆ سەرۆک وەزیری تورکیا نەمێنێتەوە کە لەبەر ریفراندۆمی دەستوور نەیانتوانی هیچ هەنگاوێک بهاوێژن. بەڵام کوشتنی 9 گەریلای PKK لە گەڤەر و وەڵامدانەوەی PKKبۆ سەر پۆلیس کارەکەیان سەخت کرد.

**رووداو- هەولێر**

**رووداو: پێش ئەوەی بێنە باشـــووری کوردستان، راتگەیانـــد کە حەزدەکەن پێش بینینی مام جەلال ، عەبدوڵلا گیول ببینن، بینیتان؟**

**ئەحمەد تورک:** ئێمە کۆبوونەوەیەکمان بۆ ڕێکخراوە کوردییەکان رێکخســت گوتمـــان دوای ریفراندۆمی دەســتوور هەوڵی بینینی ســەرۆک کۆماری تورکیا دەدەین، بەڵام گوتمان پێش هەموو شتێک پێویستە سەرۆکەکانی کورد و ڕێکخراوە کوردییەکان ببینین بۆ ئەوەی هەموویان کاربکەن لەســەر حکومەتی تورکیا بۆ درێژەدان بە ئاشــتی و درێژە پێدانی ئاگربەست. دوای ریفراندۆم و ئاگربەســت دەکەوینە هەوڵدان بۆ بینینی سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆماری تورکیا، ئەو یەکتر بینینەش لەســەر ناوی ڕێکخراوە کوردییەکان و کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکرات KCD رێکدەخەین. ئێمە دەمانەوێ هەمـــوو پارتە کوردییەکان و هەموو ئاشـــتیخوازەکان لەوکاتەدا رۆڵـــی خۆیان بگێڕن بۆ ئاشتی، پێش هەموانیش پێویستە کورد بۆ ئاشتی خەباتێکی زۆر بکەن، هەمـــوو کوردێک ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشـــان، لەوانەش مام جەلال کە ئەمڕۆ ســـەرۆک کۆماری عێراقە و دەتوانێ لەســـەر ئاستی سیاسی و دیپلۆماســـی کار بۆ ئەوە بکات، هەروەها کاک مەســـعود بارزانی ســـەرۆکی هەرێمی فیدرالی کوردستان دەتوانێ کار بۆ ئاشتی بکات.

**رووداو: ئێوە دوێنێ لەگەڵ مام جەلال دانیشتن چ داوایەکتان لێکرد؟**

**ئەحمەد تـــورک:** خاڵێکی هـــەرە گرنگ بۆ ئێمە ئەوەیـــە کـــە وەڵامبدرێتەوەو ببێتە ئاگربەســـتێکی دوولایەنە و ئاگربەستێکی یەک لایەنە نەبێت، چونکە ئەگەر ئاگربەست دوولایەنە نەبێت بەڕاستی سوودی نابێت، بە بڕیاری یەک لا کێشـــەکە چارەسەر نابێت. خاڵی دووەم ئەوەیە ئێمە لەســـەر کۆنفرانســـێکی نەتەوەیی رادەوەســـتین، کە گفتوگۆیەکی نێوخۆیی کوردی دروســـتببێ، ئەو کۆنفرانسە بۆ ئەوە نییە کە بڵێین با هەر چوار پارچەی کوردســـتان ببێتە یەک، بۆئەوەیە ئێمە بزانین وەک چوار پارچەی کوردستان دەتوانین چ هەنگاوێکی دیکە بۆ ئاشـــتی بهاوێژین، داوا ئاشتییانەییەکانی کورد چین، کە ئەو گفتوگۆیە لەنێو کورددا دروستببێ و مافەکان و داواکانی کورد لەهەمـــوو لایەکەوە بە یەکدەنگ و شـــێوە داوابکرێن بەڕاســـتی کاریگەری خۆی دەبێ لەسەر دەوڵەتان و هەموو جیهان.

**رووداو: واتە ئێوە دەتانـــەوێ بارزانی و تاڵەبانی گوشار بخەنە سەر تورکیا بۆ ئەوەی وەڵامی ئاگربەست بداتەوەو ئەویش هێرشەکانی راوەستێنێ؟**

**ئەحمەد تورک:** ناڵێین گوشار دەڵێین گفتوگۆیەک لەوبارەوە لەگـــەڵ تورکیا بکەن. ئێمە دەمانەوێ بەو کۆنفرانســـە و هەوڵەکانمان ئەوە بێنینە بەرچاو کە تاوەکو کێشەی کورد چارەسەر نەبێت دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاســـتدا پەیدا نابێت. ئەگەر کوردانی باکوور بێدەنگ ببن بەڕاســـتی ئـــەوە کار لە هەموو کورد دەکات، بەکورتی ئەگـــەر باکوور بێدەنگ ببێ باشووریش پەرێشان دەبێت، هەروەها هەوڵدانەکانی کورد بۆ چارەســـەرێکی ئاشتیانە زۆر لە هێزی خۆی لەدەستدەدات. ئاشتی لەگەڵ کورد بۆ پێکەوە ژیانی کورد و تورکیـــش زۆر گرنگە، چونکە ئێمە دەبینین تێڕوانینـــی کورد و تورک رۆژ بـــە رۆژ زیاتر لەیەکتر دوور دەکەوێتەوەو رق و کینە دەکەوێتە نێوان هەردوو گەلەوە، پێویستە رێگە لەوە بگرین، چونکە خەباتی ئێمە بۆ پێکدادهەڵپژان و رووبەڕووکردنەوەی گەلان نییە لەگەڵ یەکتر، بەڵکو بۆ برایەتی نێوان گەلانە.

**رووداو: گوتتـــان یەکێک لە خاڵە گرنگەکانتان بۆ گفتوگۆ لەسەرکردن لەگەڵ ســـەرکردەکانی باشوور ئەوەیە هەوڵی خۆیان بدەن کە تورکیاش وەڵامی ئەو ئاگربەستە بداتەوە. نێچیرڤان بارزانی لە پەیامەکەیدا لەبارەی ئەو ئاگربەستە گوتی پێویستە ئەو ئاگربەستە دوولایەنە بێت. ئێوە لەبەرنامەتاندابوو ئەویش ببینن، بەڵام وادیارە ئەو لە کوردستان نییە. بۆچی ویستتان ئەویـــش ببینـــن ، ئایـــا داوایەکـــی تایبەتیتان لەو چوارچێوەیەدا لەو هەبوو؟**

**ئەحمەد تورک:** ئێمە دەمانـــەوێ گفتوگۆ لەگەڵ هەموو کوردێک بکەین. نێچیرڤان بارزانی لە سیاسەتی کورددا خاوەن پێگەیەکی دیارە و هەموو کەس دەزانێ کە نێچیرڤان بارزانی کەســـێکی زانایە، ئەو ماوەیەک ســـەرۆک وەزیر بووە، لەســـەر چارەسەری کێشەی کورد بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەرێگەی دیپلۆماسییەوە خاوەن کاریگەرییە، لەبەرئەوەش بینین و گفتوگۆش لەگەڵ ئەو کەسایەتیانە بۆ چارەسەری ئاشتیانە گرنگ و پێویستە.

**رووداو: باکوور بەگشتی و سەرکردە و پارتەکانی باکووری کوردســـتان ترسێکیان هەبوو لە پەیوەندی هەرێمی کوردســـتان لەگەڵ تورکیا، دەتوانین بڵێین ئێســـتا ئەو ترسە نەماوە، کە ئێوە ئێستا داوادەکەن ئەو پەیوەندییە بۆ سەرگرتنی هەوڵە ئاشتیخوازییەکان بەکاربهێندرێن؟**

**ئەحمەد تورک:** ئێمە ئەو ترســـەمان نەبوو، بەڵام گەلی ئێمە دەڵێ ئەو سیاسەت و پەیوەندییەی لەگەڵ تورکیا دەکرێ با بەشێوەیەکی کراوەبێت. کورد دەڵێن مام جەلال و کاک مەسعود سەرۆکی ئێمەشن، بەڵام کە پەیوەندی لەگەڵ تورکیا دەکەن پێویستە ئێمەش

> **دەمانەوێ بارزانی و تاڵەبانی گفتوگۆ لەگەڵ تورکیا بکەن کە وەڵامی ئاگربەست بداتەوە**

> **گیول و ئەردۆغان ئەگەر باوەڕیان بەچارەسەری کێشەی کورد هەبووایە جورئەتیشیان بۆ ئەوە دەبوو**

> **کێشەی تورکیا ئەوەیە کەسێکی وەک دیکلارکی تێدا هەڵناکەوێ**

بزانین پەیوەندییەکە لەســـەر چییە. ئەوەش راستە. بـــەڵام کە ئەو پەیوەندییانە بەشـــاراوەیی بمێننەوە، ئەوکات گەل دەڵێ ئاخۆ دەبێ باشووری کوردستان و تورکیا چیان گوتبێ و چ بڕیارێکیان دابێت، لەبەرئەوە ئێمە دەمانـــەوێ روونییەکی زیاتر هەبێت لەوبوارەدا. بەڵام ئێمە دەزانین کە ئەو کەســـانە ساڵەهای ساڵە تێکۆشان و زەحمەتییەکی زۆر بۆ گەلی کورد دەکێشن. ئێمـــە دژی ئەوە نین پەیوەندی ئابووری و سیاســـی لەنێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەبێت، بەڵکو دەمانەوێ فراوانتریش ببێ، بەڵام ئەوەشمان دەوێ کە گەلیش بزانێ ئەو پەیوەندییانە بە چ مەبەستێکن.

**رووداو: باسی کۆنفرانسی ئاشتی یان کۆنفرانسی نەتەوەییت کرد. دەگوترێ ئەو پلانەی بۆ کۆنفرانسەکە دانرابوو ئەوەبوو وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت نوێنەری تورکیاش لە کۆنفرانســـەکەدا بەشداربێ، بۆ ئەوەی لەوێدا ســـتراتیژی ئاشـــتیانەی چارەسەری کێشەی کورد لە هەموو بەشـــەکانی کوردستاندا دیاریبکرێ، بـــەڵام لەبەرئەوەی دواتر تورکیا پەشـــیمان بووەوە لـــە ئامادەبوون لە کۆنفرانســـەدا هەوڵی بەســـتنی کۆنفرانسەکە وەستا. ئەوە چۆن بوو؟**

**ئەحمەد تورک:** بەڕاســـتی دەوڵەتـــی تورک بە عەقلیەتێکی دیموکراســـیانە تەماشای کێشەی کورد ناکات، هەمیشە کورد وەک تەگەرە و هەڕەشە دەبینن بۆخۆیان، ئەگەر ئەوان بە عەقلیەتێکی دیموکراسیانە و بەپێـــی بنەمای برایەتی گەلان تەماشـــای کورد و کێشەی کوردیان بکردبا کێشـــە نەدەما. دەوڵەت و حکومەتی تورکیا پێشـــتر سیاسەتی رەتکردنەوەی هەبوونی کورد و تواندنەوەی کوردیان پەیڕەو دەکرد، هەم گەلی تورکیان بەرامبەر کورد چەواشـــەکردووە و هەمیـــش وێنـــەی کوردیـــان وەک زیندەوەرێکی نەویستراو لە مێشـــکی تورکاندا نەخشاندووە، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ بیانەوێ هەنگاویش بهاوێژن ناتوانن ئەو وێنەیە بەئاسانی لە مێشکی گەلی تورک دەربێنن. بۆ نموونە بۆ مەسەلەی پرۆسەی "کرانەوەی دیموکراتی" کە پێشتر ناوی "کرانەوە بەڕووی کورد"دابوو، دوای ئەوەی رەگەزپەرستەکانی تورک لە بەرامبەری راست بوونەوە ئیدی ناوەکەیان کردە "یەکێتی نەتەوەیی". لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی بڕوایان بە دیموکراسی لاوازە و وابیر دەکەنەوە ئەگەر کورد ببنە خاوەن ماف لەوانەیە بۆ تورکیا زیانمەند بێ. بەڵام ئێمە وای نابینین، ئێمە دەڵێیـــن ئەگەر دیموکراســـی هەبـــێ و کورد بگەنە مافەکانیان ئەوکات یەکێتییەکـــی ئارەزوومەندانە و بەهێز لەنێوان گەلاندا دروستدەبێ. ئەگەر کورد بگاتە مافەکانی، دیموکراســـی بۆ گەلـــی تورکیش فراوانتر دەبێ. بەڵام ئەوان هێشـــتا ئـــەو بۆچوونەیان نییە چونکە عەقلیەتی ئەوان عەقلیەتێکی دیموکراسیانە نییە.

**رووداو: لە تورکیا پەروەردەیەکی شۆڤێنی هەیە، هەمـــوو منـــداڵ و گەنجێک لە تورکیـــا بە ترس لە دەوروبەر و ئاتورک پەروەردە دەکرێ..**

**ئەحمەد تورک:** راســـتە ، بەڵام ئەو پەروەردەیە حکومەت دەیکات، گەل شـــۆڤێنی نییە، سیاسەت و سیســـتەم گەلـــی کردووەتە شـــۆڤێنی. ئەوانەی کردوویانەتە شۆڤێنیســـت ئەمـــڕۆ ناتوانن هیچیان پێبدەنە قبوڵ کردن.

**رووداو: راســـتە گرووپـــی شـــۆڤێنی توند دژی کورد لە شارەکانی تورکیا سەریانهەڵداوە کە دەڵێن دەبێ کورد بارکەن بڕۆن، بەڵام لەشەڕەکانی دواییدا بینیمان کە هەندێ لە دایکی ســـەربازە کوژراوەکان ئامادەنەبوون تەوقە لەگەڵ فەرماندە سەربازییەکان بکەن، واتە حەزێک بۆ ئاشتی لەنێو گەلی تورکیاشدا دروستبووە، بەڵام جورئەتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەبەر ترسی لەدەســـتدانی دەنگ لەنێو پارتە تورکییەکاندا هێشتا دروستنەبووە، لەوانەش پارتی دادو گەشەپێدانی رەجەب تەیب ئەردۆغان. ئەوە چۆن دەبینن؟**

**ئەحمەد تورک:** راســـتە، خۆی کەموکوڕیەکەش ئەوەیە. ئەگەر سیاسەت جورئەت و جەسارەتی تێدا نەبێ ناتوانی کێشـــەکان چارەسەر بکەی. تەماشای کێشـــەی ئەپارتاید بکـــە لە باشووری ئەفریقیا ، ئەگەر دێکلارک دەســـتی ماندێلای نەگرتبا ئاشـــتی دروســـتنەدەبوو، رەگەزپەرستی دژی رەشپێستەکان کۆتایـــی نەدەهـــات. ئەگـــەر دیگۆل بەرامبـــەر رەگەزپەرســـتانی فەرەنسی هەڵوێســـتی نەنواندبا کێشـــەی جەزائیر چارەسەر نەدەبوو، لە ئێرلەنداش هەروابـــوو. بەڵام کێشـــەکە ئەوەیە تاوەکو ئێســـتا سیاسەت و سەرکردەیەکی وا بە جورئەت لە تورکیا دروستنەبووە. کاتێک سەرۆک حیزبەکان باوەڕیان بە دیموکراسی نەبێ ناتوانن کێشەکان چارەسەر بکەن و ببنە خاوەن ئەو جورئەتە. راســـتە ئەو گفتوگۆیە ئێستا هەیە لە تورکیا، بەڵام ئەوە گفتوگۆیە بۆئەوەی ئاشتی دروستنەبێ.

**رووداو: دەگوترێ عەبدوڵلا گیول و رەجەب تەیب ئەردۆغان باوەڕیان بە چارەسەری کێشەی کورد هەیە ، بەڵام لە ترسی لەدەستدانی دەنگەکان ئەو جورئەتە نادەنە خۆیان و دەترسێن؟**

**ئەحمەد تورک:** نەخێر وانییـــە، ئەگەر باوەڕیان هەبووایە جورئەتیشیان دەبوو. سیاسەت وایە، ئەگەر بڕوات بە شتێک هەبێ جورئەتیشت بۆی پەیدادەبێ.

**رووداو: ئێوە لەســـەردانەکەتاندا بۆ باشـــووری کوردســـتان هیچ پەمێکتان هەبوو بۆ سەرکردایەتی پارتی کرێکارانی کوردستان PKK بۆ درێژکردنەوەی ئاگربەستی یەکلایەنەیان؟**

**ئەحمەد تورک:** ئێمە پەیامەکانی خۆمان لە رێگەی رۆژنامەکانەوە دەگەیێنین و دەیدەینە هەموو جیهان. بەڕای ئێمە پێویســـتە ئەو ئاگربەســـتە درێژبکرێ و دەرفەتێک بۆ ئاشتی دروستببێ، ئەگەر هەنگاویش بۆ ئاشتی نەنرێن قەیناکات، با هەموو جیهان بزانێ کێ یە ئەو لایەنەی هەنگاو بۆ ئاشـــتی ناهاوێژێت و کێ درێژەدان بەو شەڕە دەخوازێت. پێویستە هەموو جیهان ئەوەببینێ، بۆیە دەبێ بەسەبر و تەحەموول بین.

**رووداو: تـــۆ لەوبڕوایـــەدای ئەگەر ئاگربەســـتی یەکلایەنە درێژ بکرێتەوە، ئەردۆغان دوای ریفراندۆمی دەستوور هەنگاو بهاوێژێت؟**

**ئەحمەد تورک:** بەڕاســـتی ئێمـــە نامانەوێ بێ ئومێد ببین، بەڵام کە تەماشـــا دەکەین شـــتێکی وا نابینین. بەڵام دەمانەوێ ئەو بیانووەش نەهێڵین کە بڵێ، دوای ریفراندۆم تەنیا 7 رۆژ ماوەی ئاگربەســـت هەبوو، منیش بەو ماوە کورتە نەمدەتوانی هیچ بکەم و لەماوەی هەڵمەتی ریفراندۆمیشدا دەرفەتم نەبوو، لەبەرئەوە ئێمە ئەو چەکە لەدەســـتی دەردێنین و با ئاگربەستەکە هەندێک درێژ بکرێتەوە. ئەز لەبەرئەوە داوادەکەم ئاگربەست درێژ بکرێتەوە نەک لەبەرئەوەی کە زۆر باوەڕم پێی هەبێ.

# باکووری کوردستان 5 رۆژ ناچێتە قوتابخانە

**فورات کەلەمکی**

**رووداو- دیاربەکر**

تەڤگەری زمان و پەروەردەی کوردی TZP-Kurdî بۆ نیشـــاندانی ناڕەزایی بەرامبەر سیستمی خوێندن لە قوتابخانەکانـــی تورکیا کە بەبـــێ زمانی کوردی بەڕێوەدەچێـــت، داوای لەگەلی کـــورد کرد یەکەمین هەفتەی ساڵی نوێی خوێندن لە باکووری کوردستان و تورکیـــا بایکۆت بکـــەن و منداڵەکانیـــان رەوانەی قوتابخانە نەکەن. ژمارەیەکـــی زۆر لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەسایەتی کورد و هەروەها پارتی ئاشتی و دیموکراسیش BDP پشتگیریی ئەم بڕیارەی 'TZP-Kurdî'یـــان کـــرد و رایانگەیانـــد کە هەفتەی یەکەم منداڵەکانیان رەوانـــەی قوتابخانەکان ناکەن. لەبەرامبـــەردا، نیعمەت چوبوکچو وەزیری پەروەردەی نەتەوەیی بڕیارەکەی بە "ئیســـتیغلالکردنی منداڵان" ناوبرد.

پاش بایکۆتکردنی ریفراندۆمی دەســـتوور لەلایەن BDP کـــە رۆژی 12ی ئەیلوول ئەنجامدراو بەهۆیەوە بەشـــێکی زۆری هاووڵاتیانـــی کورد نەچوونە ســـەر ســـندووقەکانی دەنگـــدان، ئێســـتا کـــورد دەیەوێ ئامادەکاری بۆ بایکۆتکردنی قوتابخانەکان بکات و لەو چوارچێوەیەدا 'TZP-Kurdî' داوای لە هاووڵاتیانی کورد کـــردووە لە 20 تا 25 ئەم مانگە کە دەبێتە یەکەمین هەفتەی دەستپێکردنی ساڵی خوێندنی-2010 2011، منداڵەکانیان رەوانەی قوتابخانەکان نەکەن.

خەجێ شەن گوتەبێژبەناوی 'TZP-Kurdî' رایگەیاند کە چالاکیی بایکۆتکردنی قوتابخانەکان لە سەرانسەری باکووری کوردستان و تورکیا فراوان دەبێ و گوتیشی "ئەمە تەنیا چالاکیی 'TZP-Kurdî' نییە و دەبێ هەموو ڕێکخراوە کوردییەکان پشتگیریی بکەن و داوا بکەن کە پەروەردە سەر بە ئیدارەی هەرێمەکان بێت.

هەرچەنـــدە هەندێـــک لـــە دەزگا و دامـــەزراوە




ئافیش و ڕێکلامێکی بانگەوازکردن بۆ بایکۆتکردنی قوتابخانە (فۆتۆ: DIHA)

کوردییـــەکان لەگەڵ ئەو بڕیـــارە نین، بەڵام نوێنەری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەکو،Egitim Sen ÎHD و بارۆی دیاربەکر لەبارەی بڕیاری 'TZP-Kurdî' بۆ بایکۆتکردن، رایانگەیاند کە ئەوە بڕیارێکی دروستە و گرنگە بۆ بەدەســـتهێنانی مافی پەروەردەکردن بە زمانی دایک. سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراسی پشتگیریی لەو هەنگاوە کردو گوتی "ئەمە هەڵمەتێکی گرنگە و ئێمە وەکو BDP داوا لـــە گەلی خۆمان دەکەین بەپیر بانگەوازەکەوە بچن". هەروەها گوتیشی "خۆیشم 5 رۆژ منداڵەکەم رەوانەی قوتابخانـــە ناکەم، چونکە دەمـــەوێ پەروەردەکردنی کچەکەم بە زمانی دایکی بێ".

لەلایـــەن خۆیـــەوە، نیعمەت چوبوکچـــو وەزیری پـــەروەردەی نەتەوەیی لە تورکیا بـــە بەیاننامەیەک رەخنەی لە بایکۆتـــی 'TZP-Kurdî'ی گرت و گوتی "ڕێگرتن لە خوێندنی منداڵ، ئیستیغلالکردنی منداڵە. ئێمە بە تونـــدی ئەم بڕیارە پرۆتێســـتۆ دەکەین کە منداڵەکانمـــان بـــۆ کاری سیاســـی بەکاردەهێنرێن. پـــەروەردە مافێکی دەســـتوورییە و بەپێی پەیمانی مافی منداڵیش گەر ئەم مافە بەشێوەیەکی نادروست بەکاربێـــت، ماناکەی ئەوەیە کە منداڵ ئیســـتیغلال دەکرێت. ئەمە شـــتێکە قابلی قبووڵ نییە و ئەوانەش کە منداڵەکانیان رەوانەی قوتابخانە ناکەن، رێوشوێنی یاسایی لەدژیان دەگرینەبەر".

هەر لەوبارەوە سەن ئیسماعیل کۆنجوکی سەرۆکی گشـــتیی تورک ئەگیتـــم، گوتی کە ئـــەوە "تاوانە و حیزبێکی سیاســـی ناتوانێ بڵێ ئێمە منداڵ رەوانەی قوتابخانە ناکەین، ئەو کەسانەی بڕیاری وا دەردەکەن و ڕێگریی لە مافی پەروەردە و فێربوون دەکەن، دەبێ لێکۆڵینەوەیـــان لەگەڵ بکرێ و نابـــێ منداڵەکانمان وەکو تاشـــەرۆنی پەکەکە بەکاربهێنرێن". دەربارەی هەمان بابەت گورکان ئاڤجی ســـەرۆکی ســـەندیکای فێرکاری دیموکـــرات گوتی "پەروەردە وەکو ئامرازێک بۆ ئایدیۆلۆژیا بەکاردێت. خوێندکار و بنەماڵەکانیان بۆ کاری سیاسی بەکاردەهێنرێن. خاڵێکی رەشیان خستە سەر مێژووی پەروەردەی خۆمان".

لەبەرامبەر ئەو هەڵوێســـتە توندانەدا، هەندێکیش هەن کە میانڕەوانە و بەشـــێوەیەکی نەرم لەو بڕیارە دەڕوانن. حوســـێن چەلیـــک، پەرلەمانتاری شـــاری وانی باکووری کوردســـتان و جێگری سەرۆکی گشتی پارتی داد و گەشـــەپێدان گوتی کە هەموو کەســـێک مافی ئەوەی هەیە فێری زمانی دایک ببێ، گوتیشـــی "داواکاری فێربوونـــی زمانی دایـــک لای من مانایەکی گەورەی هەیـــە و رێزی لێدەگرم، بەڵام لە وڵاتێک کە زمانە فەرمیەکەی تورکییە، پەروەردەکردن بە زمانی دایک مانایەکی دیکە دەدات. پێویستە مرۆڤ پەروەردە بەزمانی دایک و فێربوونی زمانی دایک تێکەڵ بەیەک نەکات. هەروەها من دەبینم کە ئەو هەڵمەتەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی هەڵەیە. هیچ کەسێک ئەو مافەی نییە یاری بە پەروەردەی منداڵ بکات و سیاســـەتی پێوە بکات".

خەجێ شەن گوتەبێژی TZP ئاماژەی بە رووداوی دەستدرێژیکردن کرد لە ناو قوتابخانەکانی 'YÎBO' دا و گوتی "وەک دەزانرێت رووداوی ئەتککردن لە زۆر دەڤەری کوردســـتان قەوماون، وەک رووداوی دەڤەری بەرواری لە ســـێرت و زۆر شـــوێنی دیکە لەناو قوتابخانەکانی 'YÎBO' . بەم هێرشانە ویستیان بەشێوەیەکی فیزیکی هێرش بکەنە ســـەر منداڵی کورد و ئێستاش دەوڵەت یاســـایەکی تایبەتی بۆ منداڵی ســـاوا دەرخستووە، بەپێی ئەو یاســـایە، دوو ســـاڵ پێش دەستپێکردنی خوێنـــدن، دەوڵەت منداڵ لە خێـــزان وەردەگرێ و بۆ خۆی پەروەردەی دەکات و باشتر ئاسیملەی دەکات و لـــە کۆمەڵگە و گیانی کوردەواری دووریان دەخاتەوە. وێڕای ئەوەی کە دەستدرێژی دەکەنە سەر منداڵی 7-8 ســـاڵە. ئامانە کردەوەی نۆرماڵ نین و یەکێکن لە هۆیەکانی بایکۆتکردنی قوتابخانە".

> **وەزیری پەروەردەی تورکیا: ئەمە ئیستیغلالکردنی منداڵانە**

> **چەلیک: رێزم هەیە بۆ داواکاری فێربوونی زمانی دایک**

> **دەمیرتاش: 5 رۆژ منداڵەکەم رەوانەی قوتابخانە ناکەم**

> **ئاڤجی: خاڵێکی رەشیان دانایە سەر مێژوویی پەروەردەی خۆمان**

# کاروباری سیاسی

## ئیئتیلافی نیشتمانی : کێشەکە ئێستا لەسەر سەرۆک کۆمارە

ڕووداو-بابنیوز

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی ئاشکرای کرد کوتلەکەیان وتوێژەکانی لەگەڵ لیستی عێراقییە لەبارەی سـەرۆک وەزیرانەوە تەواوکردووە و"هەردوولا وتوێژ لەگەڵ کورد دەکەن بۆ دەسـتبەرداربوون لە پۆسـتی سـەرۆکایەتی کۆمار لەبەرژەوەندیی لیستی عێراقییە". ڕوونیشیکردەوە کە ئەمریکییەکان هێشتا سەرپەرشتیی وتوێژەکانی نێوان مالیکی و عەللاوی دەکەن، ئەو سەرچاوەیە کە نەیویستووە ناوی ببرێت، ڕاشیگەیاندووە "کێشەکە ئێستا لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمارە کە ئیئتیلافی نیشتمانی و عێراقییە دەیانەوێ کورد دەستبەرداری ببێت لەبەرامبەردا پۆستی سەرۆکی پەرلەمان بە کورد بدرێت".

### عەبدوڵڵا ئۆجەلان، لە یەکەمین هەڤپەیڤینیدا لە زیندان:

# ئەگەر ویستبامان شکستمان بە ریفراندۆم دەهێنا



**عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕایگەیاند کە ئەگەر ویستبایان شکستیان بە ریفراندۆم دەهێنا و ئەو ئەنجامەی ئێستا بەدەستنەدەهات، هاوکات ڕایگەیاند کە ئەوە دوا شانسە کە ئەوان دەیدەنە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان تاوەکو بۆ چارەسەری دیموکراسییانەی کێشەی کورد هەنگاو بهاوێژێت.**

**عەبدوڵڵا ئۆجەلان، ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان PKK، لەوەتەی ڕفاندنی لە کینیا لە 1999/2/15 و زیندانیکردنی لە دوورگەی ئیمرالی لە تورکیا، یەکەمین هەڤپەیڤینی لەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا ئەنجامدا . ئەو هەڤپەیڤینە کە لەلایەن ڕۆژنامەنووس (ئۆزلەم ئاکارسو چەلیک) بۆ ڕۆژنامەی Aksamی تورکی ئەنجامدراوەو لە ژمارەی ڕۆژی 2010/9/15دا بڵاوکراوەتەوە، بەبێ ئەوەی دیاریکرێ ئەو هەڤپەیڤینە ڕاستەوخۆ یان بە پرسیار ناردن یاخود چ ڕۆژێک ئەنجامدراوە.**

**ئۆجەلان ئاماژە بەوە دەکات کە لەوەتەی لە زینداندایە چاوی بە شاندە نێردراوەکانی سوپا و دەزگاکانی دیکەی دەوڵەت کەوتووە و هەوڵیداوە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا دانوستاندنیان لەگەڵدا بکات ئەم ڕیپۆرتاژە ڕوانگەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەبارەت بە دوا پێشهاتەکانی تورکیا و مەسەلەی ریفراندۆمی دەستووری و ئاگربەستی PKK کە تا 20ی ئەم مانگە بەردەوامە، لەخۆ دەگرێت.**

**(ڕووداو) ئەم ڕیپۆرتاژەی لە ڕۆژنامەی ئاکشام و لە زمانی تورکییەوە وەرگێڕاوەتە سەر کوردی.**

ڕووداو- ئیستەنبول

## لێکدانەوەی کورد و تورک بۆ کەسایەتی ئاپۆ ناکۆکە

*** چ کەسانێک چاویان بە ئۆجەلان دەکەوێت؟ ئایا لە دیدارەکاندا باس لە چارەسەری کێشەی کورد دەکرێ؟ ئاگربەستی کاتیی PKK پەیوەندی بەم دیدار و چاوپێکەوتنانەوە هەیە؟**

**ئۆجەلان:** لەو ڕۆژەوەی کە منیان هێناوەتە ئیمرالی چەندین جار لە گەڵ شاندی جیاجیادا گفتوگۆم کردووە. لەسەرەتادا زیاتر کەسانێک لە هەواڵگری و سوپاوە دەهاتن و دەیانویست گفتوگۆم لەگەڵ بکەن. من دەمویست دیدار و چاوپێکەوتنەکان بگەیێنمە ئاستی دانوستاندن (مفاوضات). بەڵام لەو دیدارانەدا کە لەو کاتانەدا ئەنجامدران، هیچ ئەنجامێکی تەندروست بە ئاراستەی چارەسەری و خزمەتگەیاندن بە چارەسەری بەدەستنەهاتن. بەم دواییانە شاندێکی سڤیل لەگەڵ من لە گفتوگۆدان. ئەم گفتوگۆیانەش کە لێرە دەیانکەم لە ئاستی دانوستاندان. ئەم دیدارانە لە ئاستێکی دیاریکراودا درێژەیان هەیە. ئەگەر چارەسەرێکی عادیلانە و دیموکراتییان بۆ کێشەی کورد دەوێ، دەبێ نوێنەرانی سیاسی کورد وەک موخاتەب قەبول بکرێن و دانوستاندنیان لەگەڵ بکرێت، هاوکات لە گۆشەنیگایەکی ڕاستەقینەوە سەیری کێشەکە بکرێت. من نەمگوتووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد تەنها دەبێ لەگەڵ من گفتوگۆ و دانوستاندن بکرێت. گرنگ

## لەبەرئەوەی دایکم منی لە تواندنەوە ڕزگار نەکرد لەسەرەمەرگیشدا تەلەفۆنم بۆ نەکرد

کورد و تورکەکان لەبارەی منەوە ناکۆکن. بۆیە پێموایە دەبێ ڕەچاوی تێکڕای ئەو وردەکارییانە بکرێت. 12 ساڵە لە ئیمرالییەوە بۆ چارەسەری دیموکراتیانەی کێشەی کورد خۆم ماندوو کردووە و هەوڵمداوە، لەمەودواش تا هێزم تێدا بێت و تەندرووستیم ڕێگەم پێبدات بەردەوام دەبم.

**"ئەگەر دیدار و گفتوگان بوەستێندرێن..."**

دوای ریفراندۆم و لە ڕۆژانی نێوان 13-20ی ئەیلول هەندێک شت زیاتر ڕووندەبنەوە. ئەگەر تا ئەو کاتە هیچ گۆڕانکارییەک و پێشکەوتنێک ڕوونەدات، ئەوا من چیتر خۆم ناخەمە بەر بەرپرسیارێتی. ئەگەر لەلایەن حکومەتەوە هەندێک هەنگاوی دیار بهاوێژرێن، ئەوکات هەوڵدەدەم ڕۆڵی خۆم بگێڕم. ئەگەر لە پڕێکدا دیدار و گفتوگۆکان بوەستێندرێن و بادانەوەیەک ڕووبدات، من ئیتر لێرەوە هیچم لە دەست نایەت. ئەگەر دیدار و گفتوگۆکان بەردەوام بن، من بە بەکارهێنانی عەقڵ و لۆژیکی خۆم ڕۆڵ دەبینم.

***گوتتان کورد، BDP و KCD (کۆنگرەی کۆمەڵگەی دیموکراتی) لە ڕێگەی گفتوگۆوە بڕیار دەدەن کە چ جۆرە ژیانێکیان دەوێت. KCK و PKK ش لەناو سیستەمی ئۆتۆنۆمی**

## ئێمە لە دامەزراندنی کۆماردا هەین، بەڵام دوایی نامێنین، ئێستا دەمانەوێ ئەوە بێنینەوە

ئەوەیە کە لەلایەن دەوڵەتەوە بەو ئاراستەیەدا هەنگاوی جدی و ڕاستگۆیانە بهاوێژرێن. ئەگەرنا دەکرێ BDP یان PKK یان منیش موخاتەب بین، فەرق ناکات هەرکامێک بێت. لەسەرەتای دەستپێکردنی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی کارم لەسەر نەخشە ڕێگایەک کرد بۆ ئەوەی چۆن دەستبهاوێژنە ناو چارەسەری کێشەی کورد و لە کوێوە دەست پێبکەن. بەڵام ئێستا نازانم ئەو نەخشە ڕێگایە چی بەسەر هاتووە و لە کوێ حەشاردراوە. من چەندین مانگ کارم لەسەر ئەو نەخشەی ڕێگایە کرد، بەرهەمی ماندووبوونم کە 156 لاپەڕەیە لەلایەن دەوڵەتەوە بە هیچ وەرگیرا و نیشانی ڕای گشتی نەدرا. ئەگەر بەدوای چارەسەری کێشەیەکی مێژوویی وەک کێشەی کوردەوەن دەبێ لەگەڵ لێکدانەوە سایکۆلۆژییەکانی ڕابردوو ڕابێین. ئەوانەی دەیانەوێ لە چارەسەریدا هاوکار بن نابێ سیفەت و لایەنیان وەک پێوەر دیاری بکرێت. من لەوە تێگەیشتووم و دەزانم کە لێکدانەوەی

**دیموکراسیدا پێگەی خۆیان دەستنیشان دەکەن. کورد باسی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی دەکەن، بەڵام ئەگەر ئەمە ڕوویدات لەوە دەترسێن کە لەڕووی ئابوورییەوە زیانیان پێ بگات و ناوچەکە هەژارتر و تەنهاتر لە ئێستای لێ بێت. جگە لەوە ئەمریکاش سەبارەت بە ناوچەکە هەندێ نیگەرانی هەیە و پرسیارێکی دیکەش کە هەمیشە دەکرێت ئەوەیە: ئەی ئەو کوردانەی لە ڕۆژئاوای تورکیا دەژین چییان لێدێت؟**

**ئۆجەلان:** مەسەلەی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی لە تورکیا بە هەڵە گفتوگۆ دەکرێت. ئەو پرۆژەیەی کە ئێمە لەژێر ناوی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی باسی دەکەین، لەسەر بنەمای جوگرافی و نەتەوەیی نییە. کۆمەڵگە سنوور بۆ دەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی دادەنێ و بەخۆی خۆی بەڕێوە دەبات. گرنگ ئەوەیە کە دەسەڵاتەکانی دەوڵەت سنووردار بکرێن. ئەو پرۆژەی ئۆتۆنۆمیی دیموکراسییەی کە ئێمە باسی دەکەین تەنها سنووردار نییە بە کوردستانەوە. ناوچەکانی ئیجە، سەر دەریای ڕەش، ئەناتۆلیای نێوەڕاستیش دەگرێتەوە. دەبێ ئەوە ببینین کە چەمکی دەوڵەتی بنیادنراو لەسەر یەک نەتەوە و خوڵقاندنی یەک میللەت ئیتر قەبوڵ ناکرێت. ئەمریکا ئەم مۆدیلەی پیادە کردووە، بەڵام ئەم مۆدیلە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە هیچ شێوەیەک قەبوڵ ناکرێت. ئێمە کاتێک باسی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی دەکەین مەبەستمانە ناعەدالەتی و ناهەقییەکی مێژووییتان بیر بخەینەوە. ئێمە لە دامەزراندنی کۆماردا هەین، بەڵام دوایی نامێنین. ئەمە ناهەقییە. پرۆژەی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتیی من ڕەخنەیەکە لە مێژووی کۆماری تورکیا. پرۆژەی ئۆتۆنۆمیی دیموکراتی بیرخەرەوە و نوێکردنەوەی ساڵانی نێوان 1919-1922 یە. دەزانرێت کە لەو ساڵانەدا کاتێک مستەفا کەمال کۆنگرەی ئەرزرومی سازدا، شاندی بەدلیس لەجیاتی ئەوەی بەناوی

## تورکە سپییەکان فاشیستن

بەدلیسەوە بەشداری لە کۆنگرەدا بکەن، بەناوی کوردەوە بەشداریان لە کۆنگرەدا کرد. ئێمە دەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووە و ئێستا زیندووی بکەینەوە.

ئەو فاشیزمەی لەلایەن تورکە سپییەکانەوە پیادە دەکرێت، هەوڵی لەنێوبردنی هەموو جیاوازی و تایبەتمەندییەکان دەدات و نادیدەیان دەگرێت. بە درێژایی مێژووی کۆماری تورکیا هەوڵ بۆ درووستکردنی ناسنامە و میللەتی تورک دراوە. بۆ ئەوەش تێکڕای زمان، ناسنامە و کولتوورەکان و تەنانەت بیروباوەڕە ئایینییەکان هەوڵی لەنێوبردن و بەتورککردنیان دراوە. ئەو بۆچوونەی دەوڵەتی نەتەوەیی کە لە تورکیا هەیە، لە هەموو لایەکەوە پەرەی پێدراوە. قۆناغێک دەستی پێکردووە. لەم قۆناغەدا کورد ڕۆڵی پێشەنگ دەبینن. سیستەمی ئۆتۆنۆمی دیموکراتی بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەیی باشترین و گونجاوترین چارەسەرە. ئەمەش تەنها بۆ کورد نابێت و بۆ هەمووانە. نەک هەر لە تورکیاش بگرە لە تێکڕای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا قابیلی جێبەجێکردنە. ڕەنگە ئاسان نەبێ دەستبەجێ دەوڵەتی نەتەوەیی وەلاوە بنرێت، لەوە تێدەگەین، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانرێت کە چیتر لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوەییدا هەڵناکەین.

> **من نەمگوتووە بۆ چارەسەری کێشەی کورد تەنیا دانوستاندن لەگەڵ من بکەن**

***ئایا خۆتان وەک سەرۆکی گەلی کورد دەبینن؟ ئایا داواتان کردووە لە زیندان ئازاد بکرێن؟**

**ئۆجەلان:** من هیچ کاتێک خۆم بەم جۆرە سیفەتانە نەناساندووە. بۆ ئەوانەی زۆر مەراقیانە بزانن کە چۆن و لەبەرچی ئۆجەلان ئەو کارەی کردووە، نمونەی پەیوەندیی نێوان من و دایکم ڕەنگبێ باشترین وەڵام و ڕوونکردنەوە بێت. کاتێک لە تەمەنی 7 ساڵیدا خرامە بەر خوێندن، هەستم کرد کە ناچارکراوم فێری زمانێک بم کە جیاوازە لە زمانی دایکم. وەک منداڵێک ترسم لێ نیشت، بیرم لەوە دەکردەوە کە من چۆن دەتوانم فێری زمانێکی بیانی بم، زۆر بەوە نارەحەت بووم و پێم قەبوڵ نەدەکرا. بە بیرکردنەوەی ئەو سەردەمم کە بیرکردنەوەی منداڵیم بوو، چاوەڕوانیم لە دایکم ئەوەبوو کە من لەم تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆنە کەلتوورییە ڕزگار بکات. لەبەرئەوەی دایکم ئامادە نەبوو ئەو کارە بکات، زۆر موناقەشەم لەگەڵ دایکم کرد. کە لە ماڵ دەرچووم تا ئەو ڕۆژەی دایکیشم مرد، تەنها یەک جار بە تەلەفۆنیش قسەم لەگەڵ نەکرد. ئەم یاخیبوونەم هێندە بەهێزبوو کاتێک دایکم لەسەرەمەرگدا بوو، تەلەفۆنم بۆ نەکرد. هێشتا بەدەست ئازاری ئەوەوە دەناڵێنم. کاتێک لەگەڵ دایکم ئەو موناقەشانەم دەکرد، بەدایکی خۆم دەگوت: "مریشکەکانیش بۆ ئاخاوتن لەگەڵ جوجەڵەکانیان زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە و دەیپارێزن، تۆ بۆ ئەوە ناکەی؟". ئەوەیە کێشەی من. ئەوە هۆکاری

## لەو ریفراندۆمەدا دوا شانسمان دایە ئەردۆغان

درووستبوونی (ئاپۆ)یە. ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییە و ئەو شتەی کە ئەمڕۆ هەموان قسەی لەبارەوە دەکەن و قەبوڵیان کردووە کە شتێک هەیە پێیدەڵێن کێشەی کورد. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە تاوەکو ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت هیچ داواکارییەکی شەخسیم نەبووە. هیچ بۆم گرنگ نییە لە ئیمرالی بم یان لە دەرەوە. بۆ چارەسەری کێشەکە بەم بارودۆخەی ئێستا تێیدام چ بێلایەن یان وەک لایەن ناتوانم ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕم، بەڵام ئەگەر بارودۆخ بڕەخسێنرێت، بۆ ئاشتی و چارەسەری دیموکراسی بە دڵنیاییەوە ئامادەم ڕۆڵ ببینم.

*** ئەگەر BDP بڕیاری بایکۆتی ریفراندۆمی نەدابووایە، بە قسەی ئێوە" هیچ شتێکی تێدا نەبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کوردەکانەوە هەبێ"، ئایا دیسانیش کورد بە (بەڵێ) دەنگیان بۆ گۆڕانکاریی دەستووری دەدا؟**

**ئۆجەلان:** ڕاستە ئێمە بۆ ئەوەی چارەسەرێکی دیموکراتی و دەستوورێکی دیموکراتی بەسەر کۆمار و حکومەتی تورکیادا بسەپێنین، بڕیاری بایکۆتماندا. ئەگەر ئێمە بمانویستبایە ئەم ریفراندۆمە شکستیدەهێنا و دەیدۆڕاند. ئەگەر ئێمە بە (نەخێر) دەنگمان بدابووایە ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەم پاکێتەی گۆڕینی دەستوور تێنەدەپەڕی و مەحاڵ بوو بیباتەوە. ئێمە دوا شانسمان دایە ئەردۆغان، پێویستە باش ئەوە ببینێ. هیوادارم لەمەودوا بۆ مەسەلەی دەستوورێکی دیموکراتی و چارەسەرێکی دیموکراتی گۆڕانکاریی ئیجابی ڕووبدەن.

### کورد چی بکات باشە؟

# مانەوە یان جیابوونەوە

هاوار عەبدولڕەزاق

ڕووداو-هەولێر

پسپۆڕان و توێژەرانی ئەمریکی پێیانوایە کە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان هەڵە دەکەن ئەگەر لەم کاتە هەستیارەی عێراقدا جیاببنەوە و بەدوای سەربەخۆیی بکەون.

زیاتر لەشەش مانگە هەڵبژاردنەکانی عێراق بەڕێوەچووە، کەچی هەتا ئێستا پێکهێنانی حکوومەتی نوێ دیار نییە و هەندێ چاودێریش پێیانوایە کە باشترە کورد ئەم هەلە لەدەست نەدات و بۆ دواجار سەربەخۆبوونی هەرێمەکەی ڕابگەیەنێت.

مانگی ئابی ڕابردوو لە (کۆنگرەی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)دا کە لەشاری بەرشەلۆنەی ئیسپانیا سازدراو (ڕووداو) تێیدا ئامادەبوو، هەندێک لە پسپۆڕان و لێکۆڵینڤانانی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لێکۆڵینەوەیان لەبارەی ڕەوشی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان پێشکێش کرد، ڕاشکاوانە ڕایانگەیاند کە بۆ هەرێمی کوردستان ئێستا باشترین هەلی خۆڕزگارکردنە لەچنگی بەغدا. خاتوو لۆکا بیلووسی لێکۆڵینڤانی ئیتالی کە لەو کۆنگرەیەدا بابەتێکی لەبارەی هەرێمی کوردستان پێشکێش کرد، گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ لەئێستاوە دەست بەگوشار بکات بۆئەوەی خۆی لەبەغدا ڕزگار بکات. بەرژەوەندیی کوردانی عێراق لەوەدایە کە سەربەخۆیی خۆیان ڕابگەیێنن و پێویستە هەرئێستاش ئەو کارە بکەن".

بەڵام پسپۆڕانی ئەمریکی بەپێچەوانەوە هۆشدارییان دایە سەرکردایەتی کورد کە ڕەنگە ئەو هەنگاوە مەترسیدار بێت و کۆتاییەکی باشی نەبێت.

د. پیتەر فیڤەر پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی (دوک)ی ئەمریکی و شارەزا لەسیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە کە ئەگەر کورد بەنیازی کارێکی لەو جۆرە بێت ئەوا گەورەترین هەڵە دەکات " هەڵەیەکی گەورەیە ئەگەر کورد ئاڵۆزییە سیاسییەکەی بەغدا بقۆزێتەوە و دوای سەربەخۆیی بکەوێت، چەندین هۆکاریش هەیە بۆ ئەوەی کورد بیر لەوە نەکاتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە ئەگەری پشتیوانیکردنی ئیدارەی ئۆباما لەو کارەی کورد زۆر کەمە".

فیڤەر لەوبڕوایەدایە کە سەرکردایەتی کورد باشترە بیر لە چارەسەرکردنی کێشەی سیاسی عێراق بکەنەوەو گوتی "سەرکردە سیاسیەکانی کورد دەتوانن یارمەتیدەر بن لەفراوانکردنی گفتوگۆکاندا لەبەغدا. بارودۆخەکەی ئێستا زۆر باش نییە، بەڵام ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی عێراق بەتەواوەتی لەبارودۆخی ئێستا نەگەن، ئەوا زۆر شتی خراپتر ڕوودەدات".

هەروەها مایکڵ نایتس توێژەری ئەمریکی لە پەیمانگای واشنتن بۆ توێژینەوەی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (Washington institute for near east policy)، لەوبڕوایەدایە کە ئەوە خەونێکی مەترسیدارە ئەگەر هەندێ کورد بیر لەوە بکەنەوە بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی چەند ساڵی ڕابردووی هەرێمەکەیانەوە چیدی پێویستیان بەبەغدا نییە. نایتس لەو ڕووەوە گوتی "ئەوە خەیاڵێکی مەترسیدارە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، چونکە سیاسەتمەدارانی عەرەب ڕەنگە لەسەر زۆر شت کۆک نەبن، بەڵام لەسەر یەک شت هەمیشە کۆکن ئەویش ئەوەیە کە نابێت کورد لەعێراق جیا ببێتەوە و کۆنترۆڵی سامانە سروشتییەکانی خۆی بکات".

> **پسپۆڕێکی ئەمریکی: کورد گەورەترین هەڵە دەکات ئەگەر ئاڵۆزییەکەی بەغدا بقۆزێتەوە و بەدوای سەربەخۆییدا بگەڕێت**

گوتیشی "نابێت دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بکەونە ئەو خەیاڵەوە کە خراپبوونی باری ئاسایشی وڵاتەکە و چەقبەستنی پرۆسەی سیاسی عێراق، مانای ئەوە دەگەیەنێت کە دەوڵەتەکە لاواز بووە".

نایتس کە چاودێرێکی بەردەوامی گۆڕانکارییەکانی گۆڕەپانی سیاسی عێراقە، ئاماژە بەخاڵە نەگەتیڤەکانی جیابوونەوەی کورد دەکات و دەڵێ "ئەگەر حکوومەتی هەرێم بتوانێت بەرهەمی نەوتی خۆشی بفرۆشێت، بێ بودجەکەی بەغدا، ئابووری هەرێمەکە ڕاستەوخۆ دادەڕمێت".

هەر لەوبارەوە ولیەم پارک پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە کۆلێژی کینگی بەریتانی هەمان بۆچوونی دەربڕی و گوتی کە ئێستا کاتێکی لەبار نییە بۆ ڕاکردن بەدوای سەربەخۆییدا "هەتا دەوڵەتی عێراق بمێنێ، پێموایە نابێت حکوومەتی هەرێم کارێکی لەو جۆرە بکات و بەدڵنیاییشەوە نابێت بەتەنیا هەڵوێست وەربگرێت".

مایکڵ نایتس هۆشداری دایە کورد کە نابێت پشت بەدەسەڵاتدارانی دراوسێ و ڕۆژئاوا ببەستن "نابێت ئەوان هەموو هێلکەکانیان بخەنە یەک سەبەتەوە و پشت بەزلهێزەکانی ڕۆژئاوا و دراوسێکانیان ببەستن. ڕەنگە ئێستا ئەمریکا، تورکیا و ئێران هاوپەیمانیان بن، بەڵام کەس نازانێت سبەینێ چی ڕوودەدات. بەغدا هەمیشە پەیوەندی بەهەولێرەوە دەبێت، لەبەرئەوە عێراقی فیدراڵ گرنگترین هاوپەیمانی درێژمەودای حکوومەتی هەرێمی کوردستانە".

## مشتومڕ نەکەن بارودۆخەکە چاکبکەن



هیوا مەحمود عوسمان

هەڵوێستە جیاواز و دژ بەیەکەکانی بەرپرس و چالاکوانانی عێراق لەبارەی ڕاپۆرتی ئەم دواییەی ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال لەسەر بارودۆخی زیندانەکانی عێراق و دەستگیرکراوەکان، ئاماژەیەکی ئاشکرایە کە مافەکانی مرۆڤ لە عێراقی نوێ هێشتا بەشێوەیەکی گشتی قسەی سەر زارەکییە لەلایەن زۆر کەسەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی زۆربەی بەرپرسانی حکوومی و حیزبی دووپاتیانکردووەتەوە کە دەیانەوێ ڕێز لە بەهاکانی مافی مرۆڤ بگرن.

هەفتەی ڕابردوو ئەمنستی ئینتەرناشنال ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە کە دەڵێ بەهەزاران دەستگیرکراو بێ ئەوەی بدرێنە دادگا، زیندانیکراون و لەوێدا دووچاری ئەشکەنجەی جەستەیی و دەروونی دەبنەوە.

ئەو پێشێلکارییە زۆرانەی لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەیان پێکراوە، نیشانەی ئەوەن کە تێگەیشتن و زانین و هۆشیاری لەبارەی مافەکانی مرۆڤ زۆر کەمن و پێویستە زۆر بکرێن، چونکە پێدەچێت هێشتا وشەی مافی مرۆڤ پێناسەیەکی نادیاربێ بۆ زۆربەی عێراقییەکان، بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەبواری ئاسایش ئیش دەکەن.

بەڵام بەرپرسانی عێراقی زۆر بەپەلەبوون بۆ دەربڕینی هەڵوێستە جیاجیاکانیان. هەڵوێستە جیاجیاکانی نێوان دادوەری، وەزارەتی داد، بەرپرسانی ئاسایش، سیاسەتمەداران و گرووپەکانی مافی مرۆڤ ئاماژەیەکی ئاشکرابوون بۆ ئەوەی کە سیستەمێکی ئەوتۆ نییە کە یارمەتی چاودێری پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ بدات. ئەمەش لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئامار و ڕاستی و زانیاری بەردەوام دەبێت بۆ هاووڵاتیان و ڕای گشتی.

میکانیزمێکی لەوشێوەیە پێناسەی مافەکانی مرۆڤ تێکەڵاوی کولتووری ئاسایش دەکات و بەرز ڕاگرتنی بەهاکانی مافی مرۆڤ بۆ ڕێگەیەکی باشتر دەبات.

خاڵی سەرەکی لە مشتومڕەکان دەربارەی ڕاپۆرتەکە، ژمارەی دەستگیراوەکان بوو. نەدەبووایە شتێکی لەوجۆرە ڕووبدات. دەکرا حکوومەتی عێراقی تۆماری هەموو کەسێکی هەبێت کە دەستگیرکراوە و ڕێکخراوەکانی وەک ئەمنستی و ڕێکخراوی هیومان ڕایتس ووچ ئازاد بکات لە بینینیان. هەروەکو لایەنەکانی دیکەی حکومڕانی، شەفافیەت گرەنتییەکی سەرەکییە بۆ حوکمڕانی باش تەنانەت لەو بوارەشدا.

نەبوونی پەیوەندی و ڕوونکردنەوە بەتایبەتی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناسراوەکان زیانبەخشن. نابێت عێراقییەکان ئەوە لەبیر بکەن کە ئەوانە هەمان ڕێکخراو بوون کە تاوانەکانی ڕژێمی پێشووی عێراقیان دژی میللەتی عێراق ئاشکرا دەکرد. حکومەتی ئێستای عێراق نوێنەری ئەو میللەتە چەوسێندراوەیە.

دەبێ حکوومەتی عێراقی بە وردی توێژینەوە لەسەر ڕاپۆرتەکە بکات و تۆمەتەکان و ئەوانەی ڕابردووش بەجیدی وەربگرێت و هەنگاوی کۆنکرێتی و پراکتیکی بهاوێژێت تاوەکو هەوڵبدات ڕاپۆرتی داهاتوو لەوەی ئێستا باشتر بێت.

ئەمەش بەوە ناکرێ کە تەنیا ژمارە و سەرچاوەکانیان ڕەتبکرێنەوە. ئەمە کاتێک بەدەستدێت کە بەجیدی مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانە بکەن و بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەش وەڵامی پێشنیازەکانیان بدەنەوە و ئەوەش پیشانبدریت کە هەنگاوی پتەونراوە بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی پێشێلکارییەکان.

زۆر لە خەڵک دەڵێن کە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ ئەوەندە باش نەبووە کاتێک هێزەکانی ئەمریکاش لە عێراق بوون، بەڵام هەر هیچ نەبێت کە ئەوان وەکو چاودێر دەبینران بۆ دڵنیابوون لەوەی کاری گونجاو دەکرێت.

لە دوای ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی لیوا بۆب ئۆوینی وتەبێژی سوپای ئەمریکا لە بەغدا ڕایگەیاند کە زیندانەکانی عێراق "بەبەردەوامی سەردانیکراون و بەستانداردی جیهانی و بنەما یاساییەکان بەڕێوەبراون و چاودێری زیندانییەکان کراوە".

هەروەها قسەکانی فلیپ کرۆڵی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەبارەی ڕاپۆرتەکەوە، دڵی ئەو عێراقییانەی خۆشکرد، کە مەترسی ئەوەیان هەیە ڕەنگە بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ بەرەو خراپ بڕوات. ناوبراو ڕایگەیاند کە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ مەسەلەیەکی گرنگە لە پەیوەندییەکانی نێوان واشنتن و بەغدا و لەوبارەیەوە گوتی" مافەکانی مرۆڤ پێکهاتەیەکی گرنگە لە کارەکانی ئەمریکا بۆ بنیاتنانی سیستەمی حکوومەتی عێراقی".

نیشانە سەرەتاییەکانی کاریگەری کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق خەریکە دەردەکەون، ئەمە یەکەمیان بوو. پێویستە ئەمریکاش هەوڵی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە بدات، ڕەنگە بە یارمەتیدانی حکوومەتی عێراقی و هەندێجاریش بەگوشار خستنەسەر ئەو بەهایانەی کە خوێنی ئەمریکی و عێراقی لەپێناویدا ڕژاون بەرز ڕادەگیرێن.

hiwaosman@yahoo.com
twitter: hiwaosman
facebook: hiwa osman





## " مالیکی وەزارەتە سیادییەکانی دەفرۆشێت"



**روودلو- المختصر**

عەزیز عگێلی، پەرلەمانتار لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانی، لە لێدوانێکدا نوری مالیکی و دەوڵەتی یاسای بە "فرۆشتنی وەزارەتە سیادییەکان لەپێناو مانەوەی لە پۆستی سەرۆک وەزیران" تۆمەتبارکرد، گوتیشی "مالیکی بەڵێنی جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستوور و پێدانی پۆستی سەرکردەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقی بە لیستی عێراقییە داوە، ئەگەر لە پۆستی سەرۆک وەزیراندا بمێنێتەوە". عگێلی لە درێژەی قسەکانیدا گوتی مالیکی بەڵێنی "5 وەزارەتیشی بە ئیئتیلافی نیشتمانی داوە، ئەگەر رازیبین لەسەر مانەوەی لە پۆستەکەیدا".

### بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێت مانگی 10 تێنەپەڕێنێت

# بریکاری وەزیری دارایی : لە نێوەڕاستی مانگی 10 بودجەی 2011 دەنێرینە پەرلەمان

## وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان : زیاتر لە مانگێکە داوامان لە وەزارەتەکان کردووە بودجەی خەمڵێندراوی خۆیان بنێرن

**هێمن بابان رەحیم**
**رووداو-هەولێر**

رەشـید تاهیر، بریکاری وەزارەتـی دارایی و کاروباری ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاشکرایکرد "بودجەی ساڵی 2011ی هەرێمی کوردستان لە نێوەڕاستی مانگی 10 و لەوادەی خۆی دەنێرین بۆ پەرلەمان".

خورشید ئەحمەد سـەلیم، جێگری سەرۆکی لێژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، بە پێویستی دەزانێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کە مانگی 10یە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011 بنێرتە پەرلەمـان" ئەگەر حکومـەت پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشـێل بکات ئەوا یاسـاش پێشـێلدەکات، بۆیە دەبێ حکومەت پابەندبێ بە ناردنی بودجەی خەمڵێنراوی بۆ ساڵی 2011 بۆ پەرلەمانی کوردسـتان لـە وادەی خۆیدا". بەڵام لە هەمانکاتیشـدا دەڵێ لەوانەیە رێکنەکەوتنی فراکسیۆنە براوەکانی هەڵبژاردنەکانی عێراق لەسەر پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق ببێتە هۆکارێک بۆ"درەنگ کەوتنـی ناردنی بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان". بەڵام پێیوایە حکومەت دەتوانێ لە دوو رێگە یەکێکیان هەڵبژێرێ "یان ئەوەتا بودجەی خەمڵێنراوی ئامادەبکات و چاوەڕوانی پەرلەمانی عێـراق نـەکات و رەوانـەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی بکات، یان چاوەڕوانی پەسەندکردنی بودجەی عێراق بکات کە هێشـتا حکومەتەکەی پێکنەهاتـووە، ئەمـەش کاتی دەوێـت". بەڵام خـۆی ئەوەی یەکەمیانی پێ باشـترە " چونکە نابێ حکومەتی خۆمان چاوەڕوانی پەسەندکردنی بودجەی عێراق بـکات، بەڵکو دەبێ بودجەکەی رەوانەی پەرلەمان بکات بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکەین و گفتوگۆی لەسەر بکەین و راپۆرتەکان لە لیژنە ئامادەبکەین، ئەمەش کاتی دەوێت".

بودجەی سـاڵی 2010ی هەرێمی کوردستان بریتی بوو لە 11 تریلیۆن و 433 ملیار و 176ملیۆن دیناری عێراقی، لەنێویدا 3 تریلیۆن و 543 ملیار و 47 ملیۆن دینـاری بودجەی وەبەرهێنان بوو، 7 تریلیـۆن و 899 ملیـار و 102 ملیون دیناری بودجەی تەشغیلی بوو.

لـە 20ی مانگی کانوونـی دووەمی 2010، پرۆژەی یاسـای بودجـەی ئەمسـاڵ نێردرایە پەرلەمـان و لـەڕۆژی 2010/4/13 بەبێ دەنگ لەسەردانی ئۆپۆزیسیۆن پەسەندکرا.

### پەرلەمانتارێکی گۆڕان: ئەگەر لە وادەی خۆیدا بودجە نەگاتە پەرلەمان داوای بانگکردنی سەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکەین

کاوە مەحمود، وتەبێـژی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاشکرای کرد کە زیاتر لە مانگێکە سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لەسەرجەم وەزارەتەکان کردووە بودجەی خەمڵێندراوی خۆیان بۆ سـاڵی 2011 رەوانـەی سـەرۆکایەتی ئەنجوومەنـی وەزیران بکـەن،" حکومەت دەیەوێ لە نزیکترین دەرفەتدا پرۆژەی بودجەی ساڵی 2011ی هەرێمی کوردستان رەوانەی پەرلەمان بکات، هەوڵدەدات بودجـەی 2011 زووتـر لەبودجەی ئەمسـاڵ بگەیێنێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ساڵ بەساڵ زووتر و لەکاتی خۆیدا بودجەی گشتی بگاتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ببێتە نەریتێکی باش و چیدی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێشێل نەکرێت".

وتەبێژی حکومەت رایگەیاند کە بودجەی ساڵی 2011 لـە بودجەی سـاڵی 2010 زیاتر دەبێ، لەبەرئەوەی " گەشەکردن لە هەرێمی کوردستان پێویسـتییەکانی بەرەو هەوراز بردووە، ئەمەش وادەکات بودجەی 2011 زیاتر بێت".

بەپێی برگەی یەکەم لە ماددەی 79ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی هەرێمی کوردسـتان "بودجە لە سـەرەتای تشرینی یەکەم پێش ساڵی دارایی دەگاتە پەرلەمان"، پاشان لەماوەیەکدا کە لە 30 رۆژ تێنەپەڕێ دەبێت لیژنەی دارایی راپۆرتی خۆی لە بارەیەوە پێشکەش بکات.

د.زانـا رەئـوف، ئەندامی لێژنەی یاسـایی پەرلەمان لە فراکسـیۆنی گۆڕان، پێیوایە دەبێ حکومەت پابەندی وادەی مانگی 10 بێت، دەڵێت "ئەگەر حکومەت نەیتوانی، ئەوا پێشێلی پەیڕەوی ناوخۆ دەکات، پێویستە خودی سەرۆکی حکومەت و وەزیـرە بەڕێزەکان بێنە بەردەمی پەرلەمان بۆ ئەوەی داوای رەخسـاندنی کاتی دیکە بکەن بۆ ئەوەی بودجە ئامادەبکەن"، لەبارەی هەڵوێستی فراکسیۆنەکەیان ئەگەر ناردنی پرۆژەی بودجە بۆ پەرلەمـان دوابکەوێت دەڵێت "هەموو ئەگەرەکان دەگرینە بەر و هەموویان کراوەن لە پێشماندا، لە نێویاندا بانگکردنی سـەرۆکی حکومەت و وەزیرە پەیوەندیدارەکان بۆ پەرلەمان".

بەپێی ماددەی 82ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پاش پێشکەشـکردنی راپۆرتی لێژنەی دارایی، دەبێ دوو سـێ رۆژ زیاتر بەسـەر دابەشکردنی ئەو راپۆرتە بەسـەر پەرلەمانتاراندا تێنەپەڕێت، پەرلەمان دەتوانێ کۆبوونـەوەی خۆی لەبارەی بودجەوە سازبدات.

## جێگری سەرۆکی لێژنەی دارایی پەرلەمان: نابێ حکومەت چاوەڕوانی پەسەندکردنی بودجەی عێراق بکات

رەشـید تاهیـر، بریـکاری وەزیـری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لـە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (رووداو) دووپاتیکردەوە کە نزیکەی مانگێک دەبێت حکومـەت داوای لە وەزارەتەکان کردووە بودجەی خەمڵێنـراوی خۆیان رەوانەی پەرلەمان بکەن، لەبارەی ئەنجامەکانیشەوە دەڵێ " کارکردن لەسەر ئامادەکردن و خەملاندنی بودجەی گشتی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بەهاوئاهەنگی لەگـەڵ وەزارەتەکانی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردسـتان بەردەوامە". هاوکات رەشـید تاهیر رەتیکردەوە کە پرۆژەی بودجەی سـاڵی 2011 دوابکەوێت و رایگەیاند "پرۆژەی بودجەی سـاڵی 2011ی هەرێمی کوردستان لە نێوەڕاستی مانگی 10ی ئەمسـاڵ، واتە لـە وادەی خۆیدا دەدەینە پەرلەمان".

جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردسـتان، ئاشـکرای کرد کـە دەیانەوێ لەم وەرزەی ئێسـتای کارکردنی پەرلەماندا سەردانی هەرسـێ پارێزگای هەرێمی کوردستان بکەن بۆ ئـەوەی تەکانێک بە جێبەجێکردنـی پرۆژەکان بـدەن و بەدواداچوونیان بۆ بکـەن" دەمانەوێ بودجەی سـاڵی 2010 ئەمسـاڵ خەرج بکرێ، نامانەوێ پرۆژەکان بمێننەوە بۆ ساڵێکی دیکە". بەڵام کاوە مەحمـود وتەبێژی حکومەت دەڵێ " بودجەی تەشغیلی حکومەت کە نزیکەی 70%ی کۆی بودجەی گشـتی پێکدێنێ هەموو مانگێک خەرج دەکرێـت، ئـەوەی دەمێنێتەوەبودجەی وەبەرهێنانە، رەنگە هەندێک وەزارەت فریا نەکەون هەموو بودجەکەیان ئەمسـاڵ خەرج بکەن، بەڵام سـەرۆکایەتی حکومەت بەردەوام جەخت لەسەر ئـەوە دەکاتەوە کـە وەزارەتەکان دەسـتبکەن بەئیشکردن لەو پرۆژانەی پەسەندکراون".

**عەبدولڕەحمان سدیق ***

prdcenter@yahoo.com

## نەخۆشی سیاسی سیاسەتی نەخۆش بەرهەمدێنێت

کە سیاسـەت هونەری پیادەکردنی ئەوەبێت کـە لەتوانادایە، دیارە کاری سیاسیش زۆر لە دانوستاندن و سازشی ئەرێنی پێویست دەبێت.

پێکەوەبوون وتەوافوق وشـەراکەت و بەشداریی سیاسیش وەک ستراتیژ، پرۆسـەیەکی درێژخایەنـە و دەیان سـاڵ کارکردنی بەردەوامـی دەوێت لە چوارچێوەی (پـرۆژە)ی کرداریی قۆنـاخ جیاجیادا و، پێویستیشـە رۆژانە (پرۆڤە)ی جۆراوجۆری لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی باشتر و چاکتر فێرببین یەکتر قبوڵ بکەین بە جیاوازییەکانی نێوانمانەوە.

سیاسەتمەدارەکانیش لە دواجاردا مرۆڤگەلێکی نێو کۆمەڵگەی خۆیانن کە وەک مرۆڤە ئاساییەکان نەخۆش دەکەون و چاک دەبنەوە، بەڵام سیاسەتمەداری لای خۆمان چونکە هیچ خولێکی دەروونناسـیی نەبینیوە، ئاشنا نەکراوە بە زانسـتی دەروونناسیی سیاسیی، بۆیە فێری قبوڵکردنی ئەنجام و رازیبوون بە شەراکەت و بەشکردنی دەسەڵات و بەکەم رازیبوون و..هتد نەبووە، تائێستاش بە چەمکی یان هەموو یان هیچ کاردەکات و سازشـی سیاسـی بە سازشـی کۆمەڵایەتی دەزانێت و، دۆڕاندنی هەڵبژاردن بەدۆڕاندنی سـامان و سـومعەی کۆمەڵایەتی لێکدەداتەوە.

ئەمڕۆ لە جبهاندا پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لەسەر بنەمای دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان قەوارە براوەکانە،نەک گەڕان بەدوای خاڵە جیاوازەکانی نێـوان پێکهاتەکانی هەمـان قەوارەی سیاسـیدا، کە لای سیاسـەتمەدارە عێراقییەکانەوە تائێستا پەیڕەو دەکرێت، ئەمەش بێگومان پاشخانی پەروەردەیی قوڵی لەپشتەوەیە لە عێراقی ئەمڕۆ و دوێنێدا.

یەکێک لەو پرۆڤانەی کە پێویستە لە قۆناخی منداڵییەوە دەستی پێ بکەین ئەوەیە، کە منداڵانمان پەروەردە بکەین لەسەر داننان بە جیاوازبوونی بەرامبەر و، دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشەکانیش لەگەڵ بەرامبەری جیاوازدا.

بـەڵام ئەوەی لە تەمەنی منداڵی خۆمانـەوە بینیومانە ئەوەیە کە ئێمە لە منداڵییەوە دوو وێنەی لەیەکچوو دەخەینە بەرچاوی منداڵان و، داوایان لێدەکەین کە لە ماوەیەکی زۆر کورتی دیاریکراودا (هەشـت) یان (دە) جیاوازی لەنێوان هەردوو وێنە لەیەکچووەکە بدۆزنەوە.

بەم شێوەیەش کەلتوری دۆزینەوە و زەقکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان وێنە لەیەکچووەکان دێتە ئاراوە، کە دەیان ساڵە مرۆڤی لەسەر پەروەردە دەکرێت.

لام وایە ئەگەر مەبەسـت بەهێزکردنی وردبینـی و دووربینی منداڵان بێت لەم کارەدا، ئەوا دەکرێ هەمان ئامانج وەدەسـت بێنین بە شـێوازێکی تەواو پێچەوانە!.

با بێین داوا لە منداڵان بکەین کە لە نێوان دوو وێنەی جیاوازدا (هەشـت)، یـان (دە)، یان زیاتر خاڵی هاوبەش و لەیەکچوو بدۆزنەوە، بەم شـێوەیەش کارکردنمان بە ئاراستەی پەروەردەکردنیان دەبێت لەسەر کەلتوری دۆزینەوەی خاڵە هاوبەشـەکانی نێوان جیاوازەکان و، شـتە لەیەکچووەکانی نێوان وێنە جیاوازەکان.

ئەم شێوازی کارکردنەش هەنگاوێکی تازەیە بە ئاراستەی بەهێزکردنی گیانی پێکەوەکارکردن، کە لە سـەرەتاوە پێویستی بە دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش و دیمەنی لەیەکچوو هەیە.

جا بۆیە با لە سەرەتاوە منداڵانمان لەسەر ئەوە پەروەردە بکەین کە لەنێوان وێنـە جیاوازەکاندا خاڵی هاوبەش و لەیەکچـوو بدۆزنەوە، نەک لە نێوان وێنە لەیەکچوەکاندا خاڵی جیاواز و دژ بە یەکتر بدۆزنەوە!

*** سەرۆکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی پرد و یەکەم وەزیری ژینگەی عێراق دوای رووخاندنی رژێمی سەدام.**

# ئەم وەرزەی پەرلەمان چۆن دەبێ؟



## نەوت گرنگترین کارمان دەبێت

**ئیسماعیل سەعید محەممەد***

بەدڵنیاییەوە لە خولی ئەم جارەدا کارەکانمان وەک فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەماندا جیاواز دەبن، کەمتر گرنگی بە پێشکەشکردنی پرۆژە یاسـا دەدەین، بەڵکو چەند تەوەرێکی سـەرەکی و گرنگ دەستنیشـان دەکەین لەوانەی بە گرنگیان دەزانین، بۆ ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا کاریان لەسەر بکەین، ئەمەش ناکاتە ئەوەی ئێمە هیچ پرۆژە یاسایەکی دیکە پێشکەش نەکەین، بەڵکو پرۆژە یاسا پێشکەشکراوەکانمان کەم و پوخت دەکەینەوە.

گرنگترین ئەو دۆسییانەی بۆ خولی داهاتوو وەک فراکسیۆنی گۆڕان کاری لەسـەر دەکەین دۆسـیەی نەوت دەبێت لە هەرێمی کوردسـتان، بەو پێیەی نەوت بابەتێکی زۆر هەستیار و گرنگە و سەرچاوەی داهاتی ئەم وڵاتەیە و پەیوەندیی بە داهاتووی نەوەی ئێسـتا و چەندین نەوەی دیکەوە هەیە، دەمانەوێ ئەو دۆسییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان دەسـتیان بۆ بردووە لەو تەمومژ و شاراوەییە رزگاری بکەین و لە بەرچاوی خۆمان و خەڵکیش رۆشنی بکەینەوە، هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکەین کاری حیزبی لە داوودەزگا و سـوپا و وەزارەتەکان بەتایبـەت وەزارەتی ناوخۆ و هێزە چەکدارەکان دووربخرێتەوە و، دەمانەوێ ئـەو هێزانە بە دەزگایی بکەین و لـە حیزب دووربن، هاوکات بەدواداچوونی ئەو پرۆژانەی لە بودجەی ئەمساڵدا بڕیاریان لەسـەردراوە دەکەین، خۆشـمان ئامادە دەکەین بـۆ ئەو پرۆژە بودجەیەی سـاڵی داهاتوو کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبێ لە مانگی 10ی ئەمساڵ بگاتە پەرلەمان.

وەک فراکسـیۆنی گـۆڕان لەم وەرزەی ئێسـتای ئەو خولەدا گۆڕانکاری لە بەرنامە و سـتراتیژماندا دەکەین، دۆسیەی نەوتیش گرنگترین ئەولەویات و سـتراتیژی کاری ئێمـە دەبێت، جگە لە لێپرسـینەوە لە بەرپرسـان، چونکە ئەگەر لە بودجەی هەرێمی کوردسـتان ملیارێک یان 500 ملیـۆن دۆلار لەلایەن یەکێتی و پارتییەوە بەهەدەر بدرێ، ئەوا لە گرێبەستە نەوتییەکاندا ئەو بڕە پارەیـە زۆر زیاترە و چەندین نەوەش گیرۆدە دەکات، بۆیە دەبێ گرنگی بەم دۆسیە بدەین.

***ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان**



## فراکسیۆنەکان یەکدەنگن لە چاودێریکردنی حکومەتدا

**گۆران ئازاد***

لە وەرزی پێشـوودا زۆری و بۆری لەو پرۆژانەی کە فراکسـیۆنی کوردستانی پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کردوون بەدی ناکرێت، بەڵکو ئەوانە کۆمەڵێک پرۆژەی کردەیی و پێویسـت بوون بۆ دۆخی کۆمەڵگە، بۆیە هەمان بەرنامە و پێشکەشـکردنی پرۆژە یاسا درێژە پێدەدەین، بەڵام رەنگە زیاتر گرنگی بەو پرۆژە یاسـایانە دەدەین کە زیاتر پەیوەستن بە کێشە و گرفتە رۆژانەییەکانی خەڵک لە هەرێمی کوردسـتان. کۆدەنگییەک لە هەموو فراکسیۆنەکانی پەرلەمان هەیە کە زیاتر پێویسـتمان بە چاودێریکردنی ئیشوکارەکانی حکومەت و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکانە، نەک دەرکردنی یاسای دیکە.

دەمانـەوێ لێژنەکانی پەرلەمان ببنە بزوێنەری کاری پەرلەمانی و چاودێری بکەن، نەک هەر فراکسـیۆنەو بەجیا، چونکە لە لێژنەکاندا نوێنەری فراکسـیۆنەکان هەیە و ئەم کارەش سەرکەوتووتر دەبێت، چونکە کارکردنی هەر فراکسیۆنێک بەجیا لە ماوەی رابردوو ئیشەکانی پەرلەمانی پەکدەخست، چونکە کاردانەوەی فراکسیۆنەکانی بەرامبەر یەکتر تێدا هەبوو.

ئەو پرۆژانەی کە گرنگن چ ئەوانەی لەلایەن فراکسیۆنی کوردستانی یان فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کـراون، بـۆ نمونە ئێسـتا لە لێژنەی یاسـایی 43 پرۆژە یاسـا لەبەردەستدایە بۆ وتوێژ لەسەرکردن، ئەگەر بەجیدی و بەردەوامیش کاریان لەسـەر بکەین فریای ئەو 43 پرۆژەیە ناکەوین پەسەندیان بکەیـن. ئەوە بەو مانایـە نییە پرۆژەی دیکە پێشـکەش نەکەین، بەڵام پرۆژە هەیە گرنگە، دەبێ کاری لەسـەر بکەین، ناشکرێ زۆری دەرکردنی یاسا بکرێتە پێوانە بۆ چالاکی پەرلەمان، لەگەڵ ئەوەشدا تەقریبەن پەرلەمان کەوتووەتە سـەر سکەی خۆی، کە لەم وەرزەدا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان زیاتر بکرێن و بڕیار و یاساکان زیاتر دەبن.

بەگشـتی ئەم خولە ئەکادیمیتـر و گەرموگوڕتر دەبێت لە خولی پێشوو، چونکە گرفتەکانی خولی پێشوو لە ناشارەزایی پەرلەمانتار لە کاری خۆی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەر و ئەو شتانە کاڵتر بوونەتەوە. زیاتریش کار بۆ دامەزراندنی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و دەستەی نەزاهە دەکەین.

***پەرلەمانتاری یەکێتی لە فراکسیۆنی کوردستانی**



## زۆرترین ئیمزای ئەندامانی کوردستانی کۆ دەکەینەوە

**ناسک تۆفیق عەبدولکەریم***

لـەم خولەی پەرلەماندا گۆڕانکاری لە پـرۆژەو کارەکانماندا دەکەین، بەتایبەت لێکۆڵینەوە لەسـەر ئەو یاسایانە دەکەین کە جێبەجێنەکراون، لە کوردستاندا هەستدەکرێ ئەوەندەی بۆشایی جێبەجێکردنی یاسا هەیە، کەمتر کێشـەی نەبوونی یاسـا هەیە، بۆیە وەک فراکسیۆنی یەکگرتوو بڕیارمانداوە سـەنگی کارەکانمان بەرەو ئەوە ببەیـن کە کارەکانمان لە بەدواداچوونی ئەو یاسـایانەی دەرچوون و جێبەجێناکرێن چڕ بکەینەوە، لەوەشدا بزانین ئایا حکومەت یان داوودەزگا تایبەتمەندەکانن ئەو یاسایانە جێبەجێ ناکەن، جگە لەوە بە پێچەوانەی پێشـوو، ئێمە لە فراکسیۆنی یەکگرتوو، بزانین هەر پرۆژە یاسـا و بڕیارێک لە بەرژەوەندی گشتیدایە دەربچێت هەوڵدەدەین لە پەرلەمانی کوردستان وەک فراکسیۆنی خۆمان نەیخەینە بەردەم سـەرۆکایەتی، بەڵکـو هەوڵدەدەین زۆرترین دەنگی لە پەرلەماندا بۆ کۆبکەینەوە، لەهەموو فراکسیۆنە جیاوازەکان. ئەمە پێشتر وانەبوو، چونکە نامانەوێ چیتر ئەو پرۆژانە تایبەتبن بە فراکسیۆنێکەوە، بەڵکو باشـترە موڵکی هەمووان بێت، دەمانەوێ پرۆژە یاسـاکان زیاتر مۆرکی پەرلەمانی و یاسایی وەربگرن لەوەی تەنها فراکسیۆنی بن، هەروەها هەوڵدەدەین لەگەڵ سەرجەم فراکسیۆنەکانی دیکەی نێو پەرلەمان بۆ هەر کارێکی پێویست هاوئاهەنگ بین، هەروەها کار لەسەر ئەوە دەکەین زیاتر لیژنـەکان چالاک بکەین تاوەکو تاکەکان، زیاتـر هەوڵدەن لە لیژنەکاندا وتوێژ و گفتوگۆی پیشەییانە بکەین نەک سیاسی، بۆ ئەوەی لەنێو هۆڵی پەرلەمان کەمتر قسـە لەسەر یاسـاکان بکرێ، ئەمەش وا دەکات باشتر بپەڕژێینە سەر چاودێریکردنی حکومەت.

فراکسیۆنی یەکگرتوو لەم خولەدا زیاتر جەخت لەسەر چاودێریکردنی حکومـەت و جێبەجێکردنی یاسـاکان لەهەموو بوارەکانـدا دەکاتەوە، هەوڵدەدەین زۆرترین ئەندامی پەرلەمان ئیمزا لەسەر ئەو پرۆژە یاسایانەمان بکـەن کە دەمانـەوێ پێشکەشـیان بکەین، بەتایبەت لە فراکسـیۆنی کوردسـتانی و ئەندامانی ئەو لیژنانەی تایبەتمەندن بەو پرۆژە یاسایانە، ئەمە لەبەرئەوەیە کە خۆمان لابدەین لە رەتکردنەوەی ئەو پرۆژە یاسایانەی بەهۆی ئەوەی لەلایەن فراکسـیۆنێکی دیاریکراوەوە پێشـکەش دەکرێن رەتدەکرێنەوە.

***پەرلەمانتاری فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان**



## گرنگە ئێمەی فراکسیۆنەکان مامەڵەمان لەگەڵ یەکتر بگۆڕین

**دڵشاد شەهاب***

لەم وەرزەی ئێسـتای پەرلەماندا ئێمە دوو سێ ئەولەویاتمان هەیە. دەست دەکەین بە دانان و ناوهێنانی سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، ئەمە یەکێک دەبێ لە گرنگترین کارەکانی پەرلەمان، هەروەها ئەو پرۆژە یاسـایانەی خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە بە تایبەت هەندێک پرۆژە یاسا کە زۆر گرنگن تەواو دەکەین، لەنێوشیاندا دامەزراندنی کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان، جگە لەوە بەرەو ساڵی نوێی خوێندن دەچین، هەوڵدەدەین خوێندنی ئەهلی کە یاسایەکی تایبەتی نییە لە هەرێمی کوردستاندا بە یاسا رێکبخەین، پرۆژە یاسایەک لەو بارەوە ئامادەیە و هەوڵی دەرچوواندنی دەدەین.

لـە خولی وەرزی رابردوودا ئێمـە وەک پەرلەمانتارەکان زیاتر لەژێر کاریگەریـی دەرئەنجامەکانـی هەڵبژاردن و ئەو توندییە سیاسـی و ململانێیەدابووین کە لـە هەڵبژاردنەکاندا رەنگیدابووەوە، دەبێ ئێمە و ئۆپۆزیسـیۆنیش پێداچوونـەوە بە جۆری هەڵسـوکەوت لەگەڵ کاری پەرلەمانیدا بکەین، هەوڵبدەین رووداوەکانی دەرەوەی پەرلەمان کەمترین کاریگەری لەسـەر ئێمە دروسـت بکات، واتە نامانەوێ ئێمە رێگە بۆ ئۆپۆزیسیۆن دیاری بکەین، ناشبێ ئۆپۆزیسیۆن چیتر خۆی لە خانەی دژایەتی و رەتکردنەوەی هەموو شـتەکانی ئەم وڵاتەدا ببینێتەوە، وەک چۆن نابێ ئێمەی فراکسیۆنی کوردستانی بە باش و بە خراپ هەرچییەک لەلایەن خەڵکی دەرەوەی خۆمان پێشکەشکرا رەتبکەینەوە.

ئـەم وەرزە، وەرزی چاودێریکردنـی پرۆژەکانـی حکومەت دەبێ، بەتایبـەت پرۆژەکانی ئاوەدانکردنـەوەو خزمەتگوزاری، چونکە بودجە تاوەکو پەسـەندکرا و دەسـتکرا بـە خەرجکردنـی زۆری پێچوو، لە کۆتایی خولی رابردوودا کارێکی ئەوتۆ نەکرابوو تاوەکو چاودێری بکرێ و هەڵبسـەنگێندرێ، بـەڵام مانگی 10 و 11 و 12 کاتێکی باشـە بۆ چاودێریکردنی پرۆژەکان.

بەگشتی گرنگە گۆڕانکاری لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتریدا بکەین وەک فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، سیاسەتی نەخوێندنەوەی یەکتر دەرئەنجامێکی خراپی بەدەسـتەوەدا، ئەگەر ئەوە بۆ هەموو بوارەکانی دیکـە بگونجێت، ئەوا بۆ پەرلەمان گونجـاو نییە، چونکە نە دەنگدەر دەنگی بە ئۆپۆزیسیۆن داوە بۆ رەتکردنەوەی هەموو شتەکانی ئەم وڵاتە، نە دەنگیشی بە ئێمەداوە بۆ رەتکردنەوەی هەر بیرۆکەیەکی ئۆپۆزیسیۆن ئەگەر باشیش بێت، لەمڕووەوە پێداچوونەوە بە خۆماندا دەکەین.

***پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانی**



## گارنەر بووە ئەندامی کۆمپانیایەکی نەوت

**ڕووداو-کەنەدا**

کۆمپانیای لۆنگفۆرد ئێنەرجی Longford Energyی کەنەدی، ڕایگەیاند کەوا ژەنەڕاڵ جەی گارنەر، سەرپەرشتیاری پێشووی ئیدارەی کاتی ئەمریکا لە عێراق لە ساڵی 2003ی کردووەتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکەی کە خەریکی پەرەپێدانی کێڵگەی نەوتییە لە هەرێمی کوردستان. دوا پۆستی فەرمی ناوبراو جێگری فەرماندەی گشتی سوپای ئەمریکا بووە و پێش ئەوەش فەرماندەی گشتی هێزی ئاسمانی و بەرگریی ستراتیژیی ئەمریکی بووە. خاوەنی مەدالیای بەرگریی ئەمریکایە .

| | |
|---|---|
| $100 = 118850 | $560 = 1تەن شیش |
| €100 = 154500 | $125 = 1تەن چیمەنتۆ |

# گۆرەوی فرۆشەکەی سلێمانی دەیەوێ ببێتە ڕۆک فیلەر

## مەلا یاسین: 285 ملیۆنێر و 4 ملیاردێر لە سلێمانی هەن بەڵام بەخشندە نین بۆ خەڵک

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

ئەگەرچی ڕۆژانی منداڵی بە خەونی بوون بە "مەلا" لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بەسەر برد، بەڵام دواجار یەکێک لە مەلاکانی ئاواییەکەی قورئانەکەی لە دەست وەرگرتەوەو داوای لێکرد نەبێتە مەلا، ئینجا لە بازاڕەوە سەری دەرهێناو بووە بازرگان، ئەو نەیتوانی قوتابخانەی ناوەندیش تەواو بکات و خەونەکەی حوجرەشی درێژە پێنەدا، بەڵام بووە بازرگانێکی سەرکەوتوو، ئێستا گۆرەوی فرۆشەکەی سلێمانی، یەکێک لە ناوە هەرە ناسراوەکانی سلێمانییەو دەیەوێت ببێتە (ڕۆک فیلەر)ی کورد.

"لە 6 ساڵیدا، کە تەمەنم تەمەنی بیرکردنەوە نەبوو، هەمیشە بیرم لەوە دەکردەوە چۆن بتوانم لەگەڵ مامۆستاکان وگەورەکان پەیوەندی ببەستم"، مەلا یاسین، هەر لە پۆلی دووەمی سەرەتاییدا گوێی لە مامۆستاکانی بووە کاتێک پێیانگوتووە "بەعەقڵ زۆر لە تەمەنی گەورەترە".

ئەو ئێستا لە جەنجاڵترین ڕۆژەکانی کاردا، ئەو ڕۆژانە دەگێڕێتەوە کە دەستی پێکرد، لە پۆلی پێنجەمی سەرەتاییدا، هەر کە لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە، لەگەڵ باوکی چووە بۆ سەر سنوور "دەفتەری حساباتی باوکم بەدەستەوە دەگرت و بەشێوەیەک حساباتی باوکم تێدا ڕادەگرت، کە هیچ شتێکی تێدا ون نەدەبوو"، بەڵام بڕیار دەدات یەکەم وانەی بازرگانی دەست پێ بکات "10دینارم لە باوکم بەقەرز وەرگرت و دام بە گۆرەوی و بلوزی منداڵان و دەمهێنایەوە لە سلێمانی لە جادەی مەولەوی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم دەمانفرۆشت".

منداڵی ئەو، پڕبووە لە بزێوی و سەرکێشی و بیرکردنەوە بۆ چوونە ناو بازاڕ، دوای 35 ساڵ، مەلا یاسین دڵتەنگ دەبێت بەو گەنج و منداڵانەی ئێستا هەن "من نازانم منداڵی ئێستا بۆچی ئاوان، تەمبەڵن"، یەکێک لە یادەوەرییە خۆشەکانی دونیای منداڵی ئەو، ئەو هێتەرە کارەباییەیە کە لە قەلاچوالانەوە هێناویەتی لە سلێمانی بیفرۆشێت "لە سەیتەرەی دەباشان یەکێک لە سەربازەکان ویستی بیبات، نەمدایێ، زللەیەکی لێدام و دواتر پێیدامەوە، هێنام لەسلێمانی بە 15 دینار دام بە مامۆستا شێخ محەممەدی دارۆغا و 8دینارم لێ قازانج کرد"، هەر لەبەر ئەوەش یەکەم گەنجی سلێمانییە کە لەپۆلی شەشی سەرەتاییدا خاوەنی 1000دیناری سویسری بەدەستهێنراوی خۆی بووبێت.

### ئامۆژگارییەکەی حوجرە

ئەگەرچی ئەو هەمیشە بە مەلا یاسین بانگ دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا مەلا نییە و ئەو خەونەی نەهێنایە دی، ڕۆژانێکی زۆر بە گەرمی هاتووچۆی حوجرەی مزگەوتی دەکرد و وانەی مەلایەتی دەخوێند "کتێبێکی فەتحولقەریبم بەدەستەوە بوو، ڕۆژێک مەلایەکی ناسراو پێیگوتم ئەوە خەریکی چیت؟ گوتم دەمەوێت ببمە مەلا، کەچی ئەو گوتی کوردستان مەلای کەم نییە، من هەرچی سەیری تۆ دەکەم بۆ ئەوە باشیت ببیت بە بازرگان، بۆیە ئەو کتێبەم بەرەوەو مەبە بە مەلا".

وەک دەوڵەمەندترین منداڵی سەردەمی خۆی، بە1000دیناری سویسری ئەو کاتەوە، ڕێگای ڕۆژانەی حوجرەی بۆ بازاڕ یەکلایی دەکاتەوەو چەند هاوڕێیەکی منداڵی خۆشی دێنێتە ناو کارکردنەوەو ساڵی 1991بایی 300 هەزار دۆلار جگەرەی کارگەی جگەرەی سلێمانی لە بەرەی کوردستانی دەکڕێت.

ساڵی 1996 لە تەمەنی 21 ساڵیدا بەکاری هێنان و بردنی کەلوپەلەوە ڕێگای سلێمانی-بەغدا هەڵدەبژێرێت و ئاسۆی خەونەکانی فراوانتر دەکات، هەر لە بەغداش نازناوی مەلا بەسەریدا دەبڕێت "ڕەمەزان لە بەغدا کاتێک لە هوتێل دەمامینەوە، هەموو شەوێک هاوڕێکانم هەڵدەستاند بۆ پارشێوکردن، ئیتر ئەوان نازناوی مەلا یاسینیان بەسەردا بڕیم".

### سەرکێشی

"ئەوەی بیەوێت لە ژیاندا سەرکەوتووبێت، دەبێ سەرکێشی بکات" ئەمە یاسای ژیانی مەلا یاسینی خاوەنی کۆمپانیای بەڕێزە. یەکێک لە هاوڕێکانی ئێستاو منداڵی ئەو کە زۆر بە سەرکێشییەکانی سەرسامە لەبارەیەوە دەڵێ "خاڵی جیاکەرەوەی مەلا یاسین لە هەموو هاوڕێکانی، سەرکێشییە، هەمیشە لەبازاڕدابووەو هەرگیز لە کەوتن و ئیفلاس بوون ماندوو نابێت، هەرچەند پارەی سفربووبێتەوە، ئیرادەی سفر نابێتەوە"، تاریق نەجیب، یەکێکە لەو هاوڕێیانەی مەلا یاسین کە لە گۆرەوی فرۆشتنەوە تاگەیشتن بە کاری بەڵێندەرایەتی پێکەوە بوون و پێیوایە ئەو خاوەنی سیحرێکە لەپەیوەندیکردندا "لەپەیوەندیدا بێ ئەندازە کاریگەرەو چەند جار لە سفرەوە دەستی پێکردووەتەوە، هەمیشە داهێنانی هەبووە لە بازاڕدا".

وەک خۆی و هاوڕێکانی باسیدەکەن، دووجار ئیفلاسیکردووە، ساڵی 1991 و 1993، تاڵاوی دواکەوتن گەیاندییە فرۆشتنی خانوو، کەلوپەلەکانی ماڵەکەی "وام لێهات ماوەی 30ڕۆژ لەبەر بێ پارەیی و نەبوونی کرێی پاس، بەپێ هاتووچۆم دەکرد". قەت ئەو ڕۆژەشی بیرناچێتەوە، کە هەموو ئاواتی ئەوەبووە پەرداخێک بیبسی بخواتەوە "ئەم نارەحەتییەی کە بووە قوتابخانەیەک بۆ هەستانەوەم، تاوەکو ساڵی 2003 درێژەی کێشا".

### گەڕانەوە بۆ بازاڕ

دوای 10ساڵ بیرکردنەوەو چەشتنی تاڵاوی کەوتنە سەرساجی عەلی، مەلا یاسین شەوێک خەون دەبینێ "لەسەر حەوزی ئاوی مزگەوتەکەی خۆمان بووم، دەمویست دوعا بکەم تا بگەڕێمەوە بازاڕ، پیاوێکی بەرگ سپی هات و سێ جار سەری کردم بە ئاوی حەوزەکەدا و دواتر گوتی، ئێستا دەتوانی نوێژ بکەی و بپاڕێیەوەو بچیەوە بازاڕ".

مەلا یاسین دەڵێ، هەر بەیانی چوومە شەقامی مەولەوی یەکێک لە هاوڕێکانم بانگی کردم و پێمگوت بەتاڵ دێم و دەڕۆم "ئەویش گوتی وەرە با من 50 هەزار دیناری سویسریت بدەمێ پارچەی سەیارەی سیکرابی پێ بکڕەو کارم لەگەڵ بکە"، هەر لەوێوە دەکەوێتە سەر ڕێگای خۆی "لە ماوەی 6 مانگدا 50 هەزار دینارەکەم دایەوەو دووکانێکم بۆخۆم دانا و پاش ماوەیەکی زۆر کەم وەک بازرگانێکی بچووک چەند مووەلیدەیەکی کارەبام لە گەڕەکەکانی سلێمانی دانا"، ئەم بازرگانە لە دۆزینەوەی ڕێگا ون بووەکەیدا هەنگاوە هەڵەکان ڕاستدەکاتەوە و لەچەند لاییکەوە پڕۆژە دەکاتەوە.

### کۆمپانیای بەڕێز

لە زستانی 2005دا، براکانی لە ئەوروپاوە بە تەلەفۆن بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمپانیایەک دەدەنە مەلا یاسین "من گوتم پارەی دامەزراندنی کۆمپانیام نییە، بەڵام ئەوان پارەیەکی باشیان بۆ ناردمەوە"، زستانی 2005 مەلا یاسین لەگەڵ براکانی دەست دەخەنە ناو دەستی یەک بۆ دامەزراندنی کۆمپانیایەک و ناوی دەنێ بەڕێز "ئەوە ناوی منداڵی برادەرێکم بوو، کە زۆر پێی سەرسام بووم و منداڵیی خۆمم تێدا دەبینیەوە، ئێستا ئەو منداڵە هەر لەم کۆمپانیایە کاردەکات و 8 ساڵە کارمەندی منە".

ئەو دەڵێ کۆمپانیای بەڕێز، خاوەنی یەکەمین بیرۆکەی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونە لە کوردستان و بەردی بناخەی کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی ئاسوودە، کە 25 هەزار یەکەی نیشتەجێکردنە و لە زۆربەی قەزاو ناحیەکان و شاری سلێمانی جێبەجێ دەکرێ، لەهەڵەبجەی شەهید لەساڵی 2008 دانرا. هەروەها یەکەمین کۆمپانیای کوردی بوو، یەکەمین جار دەرگا و پەنجەرەی PVC هێنایە کوردستان و مەلا یاسین یەکەمین بازرگان بوو لە کوردستان و لە کارگەکانی خۆیدا، گرەنتی کۆمەڵایەتی بۆ کرێکارەکانی جێبەجێکرد.

ئەو کە ماوەی 10ساڵ لە سلێمانی کرێچی بووە، بەڵێن دەدات تا کۆتایی ئەمساڵ 3210 خێزانی کرێچی بچنە ناو خانووەکانیان و بیر لەوەش دەکاتەوە، تا دووساڵی داهاتوو، لقی کۆمپانیاکەی لە هەندێک لە وڵاتانی ناوچەکە بکاتەوە.

مەلا یاسین ڕەتیدەکاتەوە، هیچ بەرپرس و حیزبێک هاوبەش بن لەو کۆمپانیایەداو دەڵێ لە کۆمەڵگەی ئاسوودەدا، چەند کۆمپانیایەکی نێوخۆیی بەشێوەی لاوەکی هاوبەشن، کە یەکیان کۆمپانیای نۆکانەو بڕی 10% پشکی هەیە.



### ڕۆک فیلەری کورد

فیلەر، یەکێک لە بازرگانە گەورەکانی ئەمریکایە و تایبەتمەندی خۆی لەژیان و بازرگانیدا پاراستووە، مەلا یاسین زۆر بەو پیاوە سەرسامە، ئەو ڕەخنە لە بازرگان و سەرمایەدارەکانی سلێمانی دەگرێت بەوەی کە جیاواز لە کاری بازرگانی پرۆژەی ئاواکاری بە وڵاتی خۆیان نابەخشن و دەڵێ " سلێمانی 285 کەسی تێدایە کە سامانەکەیان لە سەرووی 5ملیۆن دۆلارەوەیە، سامانی 4 کەسیش لە سەرووی ملیار دۆلارەوەیە، پێویستە ئەم بازرگانانە پرۆژەی بێ بەرامبەر وەک بەخشین لە گەڕەکەکاندا دروست بکەن، بەڵام بەداخەوە بازرگانانی ئێمە هەست بە بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆیان ناکەن".

لەگەڵ ئەمانەشدا، مەلا یاسین پێی خۆش نییە ناوی کەسەکان بناسرێت و دەیەوێت وەک (نۆکیا و کۆنکا و تویۆتا) کۆمپانیاکان ببن بەناو و مارکە "فاروقی مەلا مستەفا خاوەنی یەکەمین بیرۆکەی دامەزراندنی هێڵی مۆبایلە لە عێراقدا، بەڵام ئەوەندەی خەڵک فاروقی مەلا مستەفا و حاجی محەممەدی بامۆکی دەناسێت، کۆمپانیاکان ناناسێت".

### گرنگ ئەوەیە پێت لەناو بازاڕ بێت

یاسین مەحموود ڕەشید، ساڵی 1975 لە گوندی حاجی ڕەشیدی دەڤەری چوارتا کە گوندەکە هەر بە ناوی باپیری خۆیەوەیەتی، لەدایکبووە و منداڵی گەورەی ماڵ بووە و 4 براو دوو خوشکی هەیە، ساڵی 1981 چووەتە قوتابخانە و ساڵی 1984هاتوونەتە سلێمانی.

تەنها ماوەی دوو ساڵ بە دڵداری ڕاگەیشتووەو بەهۆی دڵداریشەوە هەندێک شیعری سۆزداری نووسیوە "بەڵام لەساڵی 1993بەهۆی ئیفلاس بوونەوە، کۆتایی بە دڵدارییەکەشم هات و ئەو کچەی خۆشمدەویست، بەهۆی دەستتێوەردانی کچێکی دیکەوە لەدەستم چوو، نەبووە هاوسەرم".

لەساڵی 2000دا، بەڕێکەوت ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێ و ئێستا کچێکی تەمەن 8ساڵی هەیە بەناوی دیە، کە ئەو کۆمەڵگە وەرزشییەی بۆ وەرشکاران دروستی دەکات بەناوی کچەکەوەیەتی.

ئەگەرچی کەوتن و ئیفلاسکردن زۆر هیلاکی کردووە، بەڵام لێم پرسی : ئەگەر جارێکیتر ئیفلاس ببیەوە ئامادەی دەست بەگۆرەوەی فرۆشتن بکەیەوە؟، مەلا یاسین زۆر بەخێرایی گوتی "بەڵێ، گرنگ ئەوە نییە چەندت دەست دەکەوێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هەمیشە پێت لە ناو بازاڕدابێت و جوانترین کار و خزمەت پێشکەش بە بەرامبەرەکەت بکەیت".

# 1000مەڕی جۆرجیا بەفڕۆکە گەیشتنە کوردستان

## "زۆر پێوەیان ماندوو بووم، بەڵام هەر دەبێ نرخی گۆشت دابەزێنین"

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-سلێمانی**

بۆ یەکەمجار بازرگانێکی کورد ئاژەڵ لە دەرەوە لە ڕێگەی فڕۆکەوە دەهێنێتە هەرێمی کوردستان، بازرگانەکە دەڵێ "دەمەوێ لەوەدا ڕچەشکێنی بکەم، ئەوجار بیر لەسوود و قازانجەکەی دەکەمەوە"، ئێستا ئەو مەڕانەی لە وڵاتی جۆرجیاوە هێنراون، لەگوندێکی خۆرئاوای شاری سلێمانی ئامادەن بۆ سەربڕین.

لەدووەم ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵدا، حەمزە محەممەد کە خەڵکی قەڵادزێیە لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانییەوە زیاتر لە 1000 سەر مەڕی لە جۆرجیاوە هێنایە هەرێمی کوردستان، بەمەش حەمزە بووە یەکەم بازرگانی کورد کە بەفڕۆکە ئاژەڵ بێنێتە هەرێمی کوردستان.

حەمزە بۆ (ڕووداو) گوتی "بیرۆکەی هێنانی ئاژەڵ بەفڕۆکە هی هاوڕێیەکی ئێرانیمە، نەمزانی هێندە پێوەی ماندوو دەبم، بەڵام هەرچۆنێک بێ ڕچەشکێنیم کردو ئەو ڕێگەیەم تاقیکردەوە"، ئەو مەڕانە تاوەکو گەیشتوونەتە شاری سلێمانی 300 هەزار دۆلار خەرجیان بووە.

ئەو بازرگانە کوردە هێشتا نازانێ قازانج دەکات لەو کارەی یان نا، بەڵام سوورە لەسەر هێنانی گۆشت بۆ ئەوەی نرخی گۆشت لە بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان بێنێتە خوارەوە. دکتۆر عەباس عەلی، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی دەڵێ "لەهیچ شوێنێکی دنیا نرخی گۆشت هێندەی بازاڕەکانی کوردستان بەرز نییە، بازاڕێک شک نابرێ لەم دنیایەدا گۆشت تێیدا کیلۆی لەسەرووی 14 دۆلارەوەبێ، تەنیا هە رێمی کوردستان نەبێ".

زانا حەمە ساڵح، قایمقامی ناوەندیی شاری سلێمانی دەربارەی دیاریکردنی نرخی گۆشتی ئەو مەڕانەی حەمزە هێناونی گوتی "دەبێ لیژنەیەک نرخی تێچوونی هێنان و خەرجی بخەملێنێ ئەوجا دیاریدەکرێ کیلۆی بە چەند بفرۆشرێ"، جەختیشی لەسەر ئەوە کرد کە هێنانی ئاژەڵ لە دەرەوە کار لە کەمکردنەوەی نرخی گۆشت دەکات لە کوردستان.

حەمزەی بازرگان چیرۆکی هێنانی مەڕەکان بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە. دەڵێ زۆر پێوەی ماندووبوو "بەڵام کۆڵم نەدا، دەبێ کارێک بکەین بەهەر شێوەیەک بێ نرخی گۆشت دابەزێنین". کاتێک مەڕەکان لە جۆرجیا دەکڕێ و دەیەوێ بیانهێنێتەوە کوردستان، هیچ کۆمپانیایەکی فڕۆکەوانی ئامادە نابێ بەرەو ئاسمانی عێراق بفڕێ، بۆ نەهامەتی حەمزەو مەڕەکانی، نە ئێران ڕێگە دەدات بە وڵاتەکەیدا تێپەڕن و نە فڕۆکەکانی ڕوسیاش بەهۆی ناکۆکی سیاسی وڵاتەکەیان لەگەڵ جۆرجیا، ئامادەن بۆی بار بکەن، ناچار کۆمپانیایەکی دەوڵەتی عومان بە 22 هەزار دۆلار زیاتر لە نرخی خۆی بۆی دەهێننەوە فڕۆکەخانەی سلێمانی.

دکتۆر عەباس عەلی، بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی دەڵێ ئەو مەڕانەی حەمزە هێناونی، پشکنینی تەواویان بۆکراوەو گشت مەرجەکانی سەلامەتیان تێدایە، بەپێی بڕوانامەی تەندروستی لەسلێمانی وەرگیراون" ئەوە ڕێگەیەکی باشە بۆ کەمکردنەوەی نرخی گۆشت، قەسابەکان دانیشتوانی سلێمانیان هەراسانکردووە".

بەڕێوەبەری ڤێتێرنەری سلێمانی ڕایگەیاند، بۆ جەژنی ڕەمەزانی ئەمساڵ، قایمقامی مەرکەزی سلێمانی ڕێگەیدا نزیکەی 200 تەن گۆشتی گوێرەکەو بەرخی حازر بهێنرێتە شاری سلێمانی، ئەوە ڕێگەیەکی سەرکەوتووبوو بۆ بەرزتر نەبوونەوەی نرخی گۆشت لەبازاڕەکانی سلێمانی.

بۆ هەردوو سەر مەڕێک لەوانەی حەمزە هێناونی، نزیکەی 275دۆلار لەسەر خۆی کەوتووە، لەکاتێکدا نرخی دوو سەر مەڕ لە کوردستان نزیکەی 500 هەزار دینارە، بۆیە پێدەچێ ئەگەر ئاسانکاری بکرێ لەهێنانیدا، بازرگانانی کوردستان درێژە بەهێنانی ئاژەڵ لەدەرەوەی عێراق بدەن.

شێخ مستەفا عەبدوڵڵا، سەرۆکی یەکێتی هاوردەو ناردنکارانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ژمارەیەکی زۆری بازرگان داوای مۆڵەتیان کردووە بۆ هێنانی ئاژەڵ لەدەرەوەی وڵات "ئەگەر لەو ڕێگەیە سەرکەوتووبین، نرخی گۆشت لەبازاڕەکانی هەرێمی کوردستان دادەبەزێ".

سەرۆکی یەکێتی هاوردەو ناردنکارانی کوردستان گوتی "هەفتەی دادێ وەفدێکی بازرگانانی هەرێمی کوردستان دەچنە وڵاتی ئایسلەند بۆ مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی گەورەی ئەو وڵاتە کە کاری گۆشتفرۆشی دەکات".

حەمزە محەممەد کە یەکەم بازرگانە ئەو کارەی کردووە گوتی "هیچ ئاسانکارییەکمان بۆ نەکرا بۆ هێنانی مەڕەکان، سەفارەتی عێراق لەو وڵاتە زۆریان هێنایەن و بردین، ئەوجار گومرگێکی زۆر خرابووە سەر مەڕەکان، لەکاتێکدا دەبوو کەمترین گومرگ بۆ ئەو کارە دابنرێ".



# ئەڤسال 1 ملیۆن گەشتیار هاتینە دهۆکێ و گەلەک ژ وان ل سەر جادا نڤستینە



د ڕوژێن جەژنا ڕەمەزانێدا 75 هزار گەشتیار هاتنە پارێزگەها دهۆکێ    فۆتۆ: ڕووداو

**عەبدوللا نهێلی**
**ڕووداو-دهوک**

ئەڤ سالە جیاواز ل سالێن چۆیی ژمارەکا مەزنا گەشتیاران ل پارێزگەهێن ناڤەراست و ژێریا عێراقێ و ولاتان هاتینە کوردستانێ و پارێزگەها دهۆکێ، بەلێ گەشتیار گازندێ ژ کێمیا هوتێل و موتێلا دکەن، ژ بەر هندێ گەلەک ژ وان ل پارک و ل سەر جادا نڤستینە. ڕێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ژی دیارکر کو د ڕوژێن جەژنا ڕەمەزانێدا 75 هزار گەشتیار هاتنە پارێزگەها دهۆکێ.

ل سەر جادا دچیتە بەرێ سیلێ نێزیک هاڤینگەها سیلاڤێ چار خێزانا کەلوپەلێن دناڤا ترمبێلێن خودا دانابوونە بن خۆ و نڤست بوون، دەمژمێر پێنجێ سپێدێ هەمی ژ خەو ڕاببون و جهێن خو لێک ددان، گەلەک ب تورەیی دگۆتن" مائەڤە حالە ئەم تێدا، ڤی سپێدە زوویێ ئەم ژ خەو ڕابووین، هەتکا مە چۆ لسەر ڤێ جادێ".

سابر لەتیف، تەمەن 41 سال، ئێک بوو ژ وان سەرۆک خێزانا ژ وان پێنج خێزانا. ئەوی مابوو سەرسوڕمایی ل خۆشی و جوانیا جهێن گەشتوگوزارییێن پارێزگەها دهۆکێ و بۆ (ڕووداو) گۆت " جارا ئێکێ یە ئەم دهێینە کوردستانێ و پارێزگەها دهۆکێ، کەش و هەوایێ ئێرە گەلەکێ خوشە و سروشتەکێ زۆر جوانە، بتایبەتی هاڤینگەها سیلاڤێ، بەلێ شەڤا بووری مە گەلەک هەولدا ل موتێلەکێ یان هوتێلەکێ بنڤین، هەمی تژی گەشتیاربوون، چ جە نەبوون، نەچاربووین ل سەر ڤێ جادێ نڤستین".

سابر و خێزانا خۆ گەلەک حەز دکر ل هوتێلەکێ بنڤین" ئەم هاتینە بۆخو بگەڕێین، بتنێ 5 شەڤا دێ ل دهۆکێ بین، ئەگەر ئوتێل یان موتێل هەبان بلا بهایێن وان چەند گران بان دا هەر چینێ، چونکە سالێ یان چەند سالا جارەکێ مرۆڤ دچیتە گەشتەکا هۆسا، ئەڤجا ل سەر جادا بنڤیت نەخۆشە".

پارێزگەها دهۆکێ ژ کەڤندا و تانووکە ب باژێرەکێ گەشتوگوزاری دهێتە نیاسین، سروشتێ دهۆکێ هاریکاریا وێ دکەت کو ببیتە باژارەکێ گەشتوگوزاری.دەما کو گەشتیارەکێ دەرڤەی پارێزگەها دهۆکێ ناڤێ دهۆکێ گوە لێ دبیت ئێکسەر دێ بەحسێ سیلاف، سەرسنگ، ئاشاوا و پرا دەلال کەت. زۆر ل جهێن وێ یێن گەشتیاری ل سەر ئاستێ هەموو عێراقێ گەلەک د بەرنیاسن. هەروەها نێزیکی 700 جهێن شینواری لێ هەنە.

هەر ل هاڤینگەها سیلاڤێ گەشتیارەکێ دی یێ عەرەب، کو خەڵکێ باژێرێ موسڵ بوو، بناڤێ کازم حاتەم، تەمەن 31 سال، ئەو و خێزانا خۆ ل باخچەکێ سیلاڤێ نڤست بوون، گەلەک ب باشی بەحسا ئارامیا کوردستانێ کر و گۆت " کوردستان گەلەکا ئارامە و ئەڤەژی جهێ سوپاسێیە بو هێزێن ئەمنی و پێشمەرگەهێن کوردستانێ، ئەڤە سێ سالە ل هاڤینا ئەز و خێزانا خۆ بۆ گەشتوگوزارێ دهێینە کوردستانێ، ئەگەر کوردستان ژی وەک باژارێن دی یێن عیراقێ یێن ئارام نەبا، دڤێت ئەم چوباینە سوریێ و تورکیا".

ئەڤ سالە جیاواز ل سالێن چۆیی، ل دیف گۆتنا ڕێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ل دهۆکێ " ئەڤ سال تا نووکە نێزیکی 15 هزار گەشتیارێن وەلاتێن بیانی سەرا پارێزگەها دهۆکێ دایە و ل جهێن گەشتوگوزاری یێن دهۆکێ گەریانە".

ل فروشگەها مازی، وەلاتیێ ئەمریکی دیڤ ڕامس، تەمەن 34 سال، کو بۆ دیتنا کوردستانێ هاتییە بۆ (ڕووداو) دبێژی" پشتی 2003 من هەولدا زانیاریا لسەر عیراقێ وەرگرم، ب ڕێکا وان سەربازێن دهاتنە عێراقێ، بەرێ دوو سالان من حەزدکر کوردستانێ ببینم، بەلێ ئەو باوەری بۆ من نەدروست ببوو کو بهێمە کوردستانێ، ئەڤ سالە ئەز و دوو هەڤالێن خۆ هاتینە کوردستانێ، نێزکی 2 هەیڤایە ل هەولێر و دهۆکێ دگەڕییێن".

ئەوی وەلاتیێ ئەمریکی سەرا ئاکرێ، ئامێدیی و زاخۆ دایە و ل چەند جهێن شینواری یێن وان دەڤەرا گەریایە، بەحسا سروشتێ جوانێ کوردستانێ کر و گۆت" جهێن خوش ل کوردستانێ هەنە، بەلێ فەرە پتر گرنگی ب وا جهان بهێتە دان و خزمەتگوزاری ل وان جهان دکێمن، هیڤیا من ئەوە جارەکا دی بهێم کوردستان خۆشتر لێ هاتبیت".

### ڕێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ل دهۆکێ: 15 هزار گەشتیار ژ وەلاتێن ئەوروپا و ئەمریکا هاتینە دهۆکێ

ئابووریناس و مامۆستایێ زانکویا دهۆکێ د. ئەحمەد سەفار ڕەخنە ل وەزارەتا شارەوانی و گەشتوگوزارێ و ڕێڤەبەریا گشتی یا گەشتوگوزارێ ل هەرێما کوردستانێ هەنە و گۆت " کەرتێ گەشتوگوزارێ ڕۆلەکێ هەرە باش هەی بۆ بلندکرنا ئاستێ ئابووریێ هەر وەلاتەکێ، بەلێ ل هەرێما کوردستانێ تانووکە ئەو کەرتە بشێوەیەکێ نەدروست بڕێڤەدچیت".

د. ئەحمەد سەفار مامۆستایێ کولیژا کارگێری و ئابووریێ ل زانکۆیا دهۆکێ د داخویانیەکێدا بۆ (ڕووداو) دیارکر " ڕەوشا ئەمنیا پارێزگەهێن ناڤەراست و ژێریا عیراقێ تانوکە نە یا دروستە، ئەو گەرما ئەڤ سالە ل جیهانێ و عێراقێ ژی دروستبووی، ژبەرکو هاتنا گەشتیارێن عیراقی بو کوردستانێ بێ ڤێزەیە، لەورا گەشتیاران بڤێ ڕێژا زۆر قەستا هەرێما کوردستانێ و پارێزگەها دهۆکێ کریە، فەرە ئەم وەکو هەرێما کوردستانێ ڤێ چەندێ بۆ خۆ ب دەلیڤە ببینین و ئاریشەیێن کەرتێ گەشتوگوزارێ چارەسەر بکەین، هوتێل و موتێلێن باش بهێنە دروستکرن، سەرەدەریەکا باش دگەل گەشتیارا بکەین، چونکە وەک ئەڤ سالە مەدیتی کو ب هزاران گەشتیارێن سەرا دهوکێ داین، ژبەر نەبوونا هوتێلان ل سەرجادا و دناڤ خارنگەهادا دنڤستن، ئەڤە دێ کارتێکرنێن خراپ چێکەت، ئەوێن هاتین و نەخوشی لبەر نەبوونا جهێن نڤستنێ دیتین، سالێن بهێت ڕەنگە نەهێنەڤە و بێژنە مروڤێن خۆ ژی نەچن".

د.سەربەست عارف، ڕێڤەبەرێ گشتی یێ گەشتوگوزارێ ل دهۆکێ دیارکر کو ل مەها دوو تا بەرێ جەژنا ڕەمەزانێ 900 هزار گەشتیاران سەرا پارێزگەها دهوکێ دایە کو پڕانیا وان ل پارێزگەهێن دی یێن عیراقێ هاتینە.

هەروەسا گۆت " ئەڤ سالە ژبەر بلندبوونا پلەیێن گەرمێ ل جیهانێ، ژمارەکا زۆرا نە چاڤەرێکری یا گەشتیاران ل هەمی جیهانێ سەرا پارێزگەها دهوکێ داینە، ژبلی عێراقێ و کوردێن مە ل وەلاتێن بیانی، نێزیکی 15 هزار گەشتیارێن وەلاتێن بیانی وەک تورکیا، ئەلمانیا، ئەمریکا، بەریتانیا و ئەمریکا و گەلەک وەلاتێن دی بۆ گەشتوگوزارێ سەرا پارێزگەها دهۆکێ داینە".

ل دوور وێ ئاریشا سەرهەلدای کو هوتێل و موتێل ب دەست گەشتیارا نەکەفتی د.سەربەست عارف دبێژی" ژبلی هوتێلێن نەگوزاری (شعبی)، ل پارێزگەها دهۆکێ مە 76 هوتێل و موتێلێن گوزاری هەنە کو 10 هزار تەخت تێدا هەنە، شەڤێ ئەم دشێین 10 هزار کەسا بحەوینین، بەلێ بتنێ د ڕۆژێن جەژنا ڕەمەزانێدا نێزیکی 75 هزار گەشتیارا سەرا دهۆکێ دا، لەوڕا ڤێ ئاریشێ سەرهەلدا و مە داخاز ل خەلکێ گوند و باژارێن پارێزگەها دهۆکێ کر کو دەرگەهێن مالێن خو ل گەشتیاران ڤەکەن وان بحەوینن".

ئەوی دیارکر کو وان پرۆژەیەک دگەل پارێزگەهێ دهۆکێ پێشکێشی وەزارەتا باژێرڤانیێ و گەشتوگوزارێ کریە کو خیڤەتگەهێن گەشتو گوزاری و جهێن ئێمێرجنسی یێن گوزاری بهێنە دروستکرن، "داکو ل سالێن بهێن ئەڤ ئاریشە دووبارە نەبیتەڤە".

جێگری ئەردۆغان بۆ (ڕووداو):

# ئێمە دەمانەوێ تورکیا بە کردەوە نەک بە قسە ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی

**فیدرالی بۆ کوردانی عێراق گونجاوە، بەڵام ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی تورکیا ماقووڵ نییە**

**5 ملیۆن هاوسەرگیری لەنێوان کورد و تورک دا هەن**

**کێشەی کوردی باکووری عێراق بە کەمتر لە فیدراڵی چارەسەر ناکرێ**




لە نهۆمی پێنجەمی بینایەکی مۆدێرن لە ئەنقەرەی پایەتەختی تورکیا، کە بارەگای حیزبەکەیانە بە کوردی سەرەتای گفتوگۆیەکەمان لەگەڵ حوسێن چەلیک، جێگری سەرۆکی پارتی داد و گەشەپێدان AKP دەستپێکرد، بەڵام گوتی لەبەرئەوەی خوێندن و ژیانی کاری سیاسی بە تورکی بووە، پێیخۆشە بە تورکی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، چونکە بە تورکی باشتر دەتوانێ بۆچوونەکانی دەرببڕێ. لەکاتێکدا وەک خۆی دەڵێ پێش ئەوەی بچێتە قوتابخانە هیچ تورکی نەزانیوە.
ئەو خەڵکی شاری (وان)ی باکووری کورستانە، بەڵام پێیوایە ناوهێنانی کورد و تورک لە دەستووری تورکیادا وەک دوو نەتەوەی پێکهێنەری سەرەکی تورکیا شتێکی گونجاو نییە، هەروەها دەڵێ فیدرالی بۆ کوردانی عێراق گونجاوە، بەڵام ئۆتۆنۆمی بۆ کوردی تورکیا ماقوول نییە.

2 - 2

**ڕووداو- ئەنقەرە**

**ڕووداو: باشە پێشتر دەیانگوت کورد نییە، دواتر هەندێک حیزب هاتن و گوتیان راستە کێشەی کورد هەیە، بەڵام کێشەیەکی رۆشنبیری و ئابوورییە. دواتر ئەردۆغان لە دیاربەکر گوتی کێشەی کورد هەیە و کێشەیەکی سیاسی و مێژووییە و بەشەڕ چارەسەر ناکرێت. کورد هەموو گوتیان ئەوە پێشکەوتنێکی گەورەیە. ئێوە وەک کوردێک کە هاوکات جێگری سەرۆکی حیزبن، هەروەها بوونی 75 پەرلەمانتاری کورد و ئەو دەنگە زۆرەی کە AKP لە ناوچە کوردییەکان بەدەستی هێنا. ئێوە کوردەکانی ناو ئەو حیزبە هیچ رۆڵێکتان هەبووە بە ئاراستەی درووستبوونی عەقلیەت و بیرکردنەوەیەکی نوێ لەناو حیزبەکەتاندا لە بەرامبەر کێشەی کورد لە تورکیا؟**

**حوسێن چەلیک:** هەموو ئەوانە لە پڕێکەوە نەبوون. ئێمە ناوچەکەی خۆمان دەناسین. من دوای ئەوەی چوومە قوتابخانە فێری تورکی بووم. زمانی دایکی من کوردییە. زمانی دایکی باوکم عەرەبییە و من تا نەچوومە قوتابخانە فێری تورکی نەبووم. بوونی خەڵکی وەک ئێمە کە باش دەزانین خەڵکی ئەو ناوچانەمان چیان دەوێ کاریگەری زۆری لەسەر سیاسەتەکانی AKپارتی هەبووە. ئێمە بەردەوام لەگەڵ بەڕێز سەرۆکوەزیراندا گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە دەکەین. ئەوەی AKپارتی کردوویەتی قەت بە خەیاڵی BDP شدا نەدەهات. ئایا BDP ئەوانەی پێ دەکرا؟ ئایا دەیانتوانی ئەوەی ئێمە کردوومانە بیکەن؟ پتر لە ملیارێک دۆلار قەرەبووی هاووڵاتیانی زەرەرمەندی رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتمان کردووەتەوە. ئایا ئەوە بە BDP دەدرا؟ ئایا BDP دەیتوانی وا بکات کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی دابمەزرێ کە 24 سەعات پەخشی بە کوردی هەبێت؟ AKپارتی بۆ تورکیا شانسێکە، چونکە لە باشوور و باکوور، لە رۆژهەڵات و رۆژئاوای تورکیا دەنگ دێنێت. بۆیە ئەگەر ئێمە لەناو AKپارتیدا نەبووایەن لەوانەیە نوقسان ببووایە. لەورووەوە من باوەڕی تەواوم بەوە هەیە کە ئەوەی بەڕێز سەرۆکوەزیران لە دیاربەکر گوتی تەنها لە قسەدا نەماوە و کرایە کرداریش. چونکە قسە هەیە و کردار هەیە. کاتی خۆی کە منداڵ بووم دایکم هەمیشە لەبارەی ئەو کەسانەی کە قسە و کرداریان یەک نەبوو، بە کوردی دەیگوت:" کوڕێ من وەعزێ وی وەعزێ موسایە و فیعلێ وی فیعلێ فیرعەونە". ئەوە هەڵەیە وەک موسا قسە بکەی و وەک فیرعەون بجوڵێیەوە. سەرۆکی ئێمە چی بڵێت ئەوە دەکات. ئێوە گوتتان حیزبەکانی دیکە تەنها وەکو کێشەیەکی ئابووری سەیری کێشەی کورد و رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵاتیان دەکرد. ژیانی مرۆڤەکان تەنها بریتی نییە لە بۆرییەکی نێوان مەتبەخ و ئاودەست. مرۆڤ تەنها بریتی نییە لە گەدە. ئێمە دەڵێین مرۆڤ لە سێ پارچە پێکهاتووە: مێشک، دڵ و گەدە. ئەمانە هەرسێکیان پێویستیان بە تێرکردنە. پێویستە مرۆڤ ئەو سێ شوێنەی تێر بکرێت. AKپارتی بەم شێوەیە سەیری کێشەکە دەکات. تەنیا لەبارەی مافە کۆمەڵایەتییەکانەوە تاوەکو ئێستا 25 بڕیار و یاسامان جێبەجێکردوون.

**ڕووداو: وەک AKP هەستدەکەن لە مەسەلەی هەنگاونان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، هەنگاوی زیاتر لە تورگوت ئۆزالتان هاویشتوون؟**

**حوسێن چەلیک:** ئۆزال جارێک دەمی کردەوە پەرێشانیان کرد. ئەوەی ئێمە کردوومانە قەت بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئەوەی لەسەردەمی ئۆزالدا کراوە. هەرچی کراوە تائێستا هەمووی لەسەردەمی ئێمەدا کراوە. پێش ئێستا دەیانگوت، ئەوە سوپا و پۆلیس شەڕ لەگەڵ PKK دەکات، ئینجا ئەگەر لەگەڵ ئەوەدا کەمێک باری ئابووری ناوچەکەش چاک بکرێ بەسە و بەوە کێشەکە کۆتایی پێدێت. لەسەردەمی ئێمەدا بۆ یەکەمجار عەقڵی دەوڵەت لەگەڵ راستیدا ئاشنا بوو و، بەپێی ئەو عەقڵە هەنگاوی ناوە.

**ڕووداو: ئەردۆغان زۆر دادگایی لەسەرە، ئایندەی ئەردۆغان زیندانە یان کۆشکی چانکایایە؟**

**حوسێن چەلیک:** جارێ نازانین خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دەپاڵێوێت یان نا. سەرۆک وەزیران لە زیندانەوە هاتە سەر کورسی سەرۆکایەتی حکومەت. تورکیا وڵاتێکە سەرۆک وەزیرانی خۆی واتە عەدنان مێندێرێسی لە سێدارە داوە. دوایی دەوڵەت هات گوتی داوای لێبووردن دەکەم هەڵەمان کرد و جارێکی دیکە بە مەراسیم ناشتیانەوە. بۆ ئەوەی جارێکی دیکە ئەو هەڵانە روونەدەنەوە پێویستە تورکیا ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی. واتە بە قسە نا بە کردەوە دەبێ ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی. هەموو هەوڵی ئێمە لەو پێناوەدایە.

**ڕووداو: BDP ئێستا داوای ئۆتۆنۆمی دیموکراتی دەکات، ئێوە چۆن لەو داوایە دەڕوانن؟**

**حوسێن چەلیک:** نابێ باکووری عێراق لەگەڵ تورکیا تێکەڵ بکرێت. کوردەکانی باکووری عێراق بەشێوەیەکی بەرفراوان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا دەژین. ساڵەهای ساڵە پێکەوە لەو ناوچەیە دەژین. ئۆتۆنۆمی یان فیدرالی بۆ خەڵکی باکووری عێراق پێویستە، کێشەکەیان بە کەمتر لەوە چارەسەر ناکرێ، بەڵام لە تورکیا ئەوە چارەسەر نییە و شتی وا نابێت. چونکە لە تورکیا دوو لەسەر سێی کورد لە رۆژهەڵات و باشووری رۆژهەڵات نین و لە رۆژئاوای وڵات دەژین. بۆ نموونە زۆرترین کورد لە ئیستەنبوڵ دەژین. بڕۆنە ئادانا، مەرسین، ئەنتالیا و ناوچەکانی سەر بەحری ئیجە و دەریای سپی نێوەڕاست، کورد بە هەموو ئەو شوێنانەدا بڵاوبوونەتەوە. ئێمە دەڵێین ئایا دەمانەوێ هەموو کوردی تورکیا ئیسراحەت بکەن و هەموو کورد ببنە هاووڵاتی یەکسان و ئازاد؟ لە تورکیا دیموکراتیزەکردنێکی راستەقینە ئەو کێشەیە چارەسەر دەکات. چارەسەری تورکیا دیموکراتیزەکردنە و چارەسەری باکووری عێراقیش فیدرالییە. نابێ ئەوانە تێکەڵ بکرێن. کورد و تورک لە تورکیا تێکەڵی یەکتربوون، نزیکەی 5 ملیۆن هاوسەرگیری لە نێوان کورد و تورک دا هەیە. لەو روانگەیەوە و بەپێی ئەو بارودۆخە مێژوویی و جوگرافیەی ئێستا تێیداین، دەبێ بڵێم کە با عەلەوی بێت بڵێ من عەلەویم، کورد بێت بڵێ من کوردم و تێکرای مافە کەلتورییەکان مسۆگەر بێت، بەڵام بەراشکاوی پێت بڵێم کە ئێمە ئەو فورمولەی BDP بە شتێکی ماقوڵ نازانین.

**ڕووداو: بەڵام کورد تەنها ئەوەی قەبوڵ نییە پێیانبگوترێ ئێمە هەموومان موسڵمانین و برای یەکترین و تەواو. ئەوە پاساو نییە کە کورد لە ناوچەی دیکەی تورکیا هەبن بۆیە ئۆتۆنۆمیش بۆ ئەوان گونجاو نەبێ. لە دەستووری عێراقدا ناوی کورد وەک یەک لە دوو میللەتە سەرەکیەکەی پێکهێنەری گەلی عێراق لە تەک ناوی عەرەبدا هاتووە. هەروەها هەموو ئاشووری پێکەوە لە یەک شوێن ناژین، بەڵام لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا گفتوگۆ لەسەر ئەوەیە ئۆتۆنۆمیان پێبدرێت. دەنگی کورد لەبەر بەڵێنی چارەسەری کێشەی کورد چووە سندوقەکانی حیزبەکەی ئێوەوە، ئێستا کورد چاوەڕوانی ئەوەیە لە ئێوە. خوێندن بە زمانی دایک بەپێی هەموو رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤ یەکێکە لە مافە بنەڕەتی و سادەکانی مرۆڤ، ئێوە بۆچی قەبولی ناکەن؟**

**حوسێن چەلیک:** AKپارتی وەک MHP و BDP حیزبێکی ناوچەیی نییە. ئێمە لەسەر رەگەزی قەومی سیاسەت ناکەین. BDP خیتابەکەی تەنها رووی لە کوردانە و هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگی ئەوان دەدات. AKپارتی وانییە. لای ئێمە لێکدانەوە بۆ رای گشتی هەیە. کاتێک ئێمە بمانەوێ لە رۆژهەڵات کارێک بکەین نابێ وا بێت کە لە رۆژئاوا خەڵکی ئێمە تووشی ئەو هەستە بێت کە ئایا وڵات پارچە پارچە دەبێت؟. ئێستا تەنانەت لەسەر ئەو ریفۆرمە دەستوورییانەی کە AKپارتی ئەنجامیداون، پارتە رەگەزپەرستەکان AKپارتی بە هاوکاری PKK تۆمەتبار دەکەن! و دەڵێن AKپارتی خەریکی فرۆشتن و دابەشکردنی تورکیایە. ئینجا ئەوە وادەکات کە هەندێک لە هاووڵاتییە تورکەکانی دانیشتووی رۆژئاوا ئەو پرسیارە لە زەینیاندا دروست ببێت، ئەگەر حکومەتی AKپارتی کۆتایی پێ بێت هەموو ئەو نەمامانەی چاندوومان دەقرتێندرێن. پێویستە ئێمە باش لێکدانەوە بۆ رای گشتی بکەین و بەم شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو دیموکراتیزەکردن ببەینە پێشەوە. با نمونەیەکتان بۆ بێنمەوە، وایدانێین یەکێک زۆری خواردووە و دوایی تووشی نەخۆشیی (ئۆبێزیت) واتە نەخۆشیی قەڵەوی بووەو، کێشی گەیشتووەتە 180 کیلۆ. ئەگەر بڵێی من دەتوانم بە دوو مانگ کابرا بێنمە سەر هەشتا کیلۆ، ئەوا کابرا دەکوژی. ئەمە هەنگاو بە هەنگاو دەکرێت. بە درێژایی دەیان ساڵ لە سیستەمی پەروەردەدا تۆ بە خەڵکی خۆت گوتووە کورد نییە، شتێک بەناوی زمانی کوردیش نییە. ئەو قەناعەتەت بۆ دروستکردوون. تۆ ئەگەر بتەوێ لە دیاربەکر شتێک بکەی ئینجا ئەوەی کردووەتە ببێتە مایەی نارەحەتی خەڵکی ئادانە و یۆزگات و...تد، ناتوانی تورکیا بەڕێوەببەی. AKپارتی بەرپرسیارێتییەکی ئاوای هەیە، AKپارتی شانە هێلکەیەکی لەسەر سەری خۆی داناوە و بەناو هێلکانیشدا دەڕوات، نە دەبێ بهێڵێ هێلکەکانی سەر سەری بشکێن و نە دەبێ هێلکەکانی بەرپێشی بشکێنێ. هەندێک لەو هەنگاوانەی هاویشتراون بوونەتە هۆی ئەوەی بەربەست لە بەردەم تیرۆری PKKدا درووست ببێت. ئێمە هەرچییەک بکەین PKK دێت دەڵێ خۆ ئەوە لە خۆڕا روونەداوە، ئێمە خوێندەڕژێنین، دەکوژین و دەکوژرێین، لەبەرامبەر ئەوەدا ئەوانە دەستێنین. کاتێک PKK وا دەڵێت، لە رۆژئاوای تورکیا پێماندەڵێن ئێوە بەرامبەر بە PKK نەرمی دەنوێنن. ئەو خاڵەی من دەمەوێ لەسەری بوەستم ئەوەیە کە باشە لە 1994 و 1995 لە ساڵێکدا 5 هەزار PKK کوژراون و 1000 عەسکەر و پۆلیس شەهید بوون، باشە ئەو رۆژە عەقڵ و ئیرادەیەکی سیاسی نەبوو بێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات؟ ئەم کارە تەنها تەسلیمی عەسکەر و پۆلیس کرابوو. ئەوەی لەسەردەمی AKپارتی کراوە لەبەر خاتری ئەوە نەکراوە کە PKK خەڵکی کوشتووە، لەبەر ئەوە نییە کە تیرۆر هەیە. نابێ توندوتیژی و تیرۆر ببێتە شێوازی دەربڕین لای مرۆڤەکان و نابێ ببێتە ئامرازی چارەسەرکردنی کێشەکان. ئەگەر شتەکان مەعقول و مەشروع و مەنتیقی بن دەتوانین باسی هەموو شتێک بکەین.

**ڕووداو: ئەردۆغان رایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ ئۆجەلان دانەنیشتوون، بەڵام هەندێک دەزگای دەوڵەت وەکو میت لەگەڵی دانیشتوون. بەڕای تۆ ئایا ئۆجەلان لەسێدارەدەدرێ یان لە زیندان دێتە دەرەوە و لەسەر مێزێک لەگەڵی دادەنیشن؟**

**حوسێن چەلیک:** لە تورکیا لە سێدارەدان قەدەخە کراوە، بۆیە لە سێدارەدانی ئۆجەلان جێگەی باس نییە. سزای ئۆجەلانیش زیندانی هەتا هەتاییە و حوکمەکەی قەتعییە و دەستکاری ناکرێت. ئەوەی سەرۆک وەزیران گوتوویەتی راستە، لەو رۆژەوەی ئۆجەلان هێندراوەتەوە تورکیا کاربەدەستانی دەوڵەت دەیبینن و لەگەڵی دادەنیشن. بەڵام ئەوە کە حکومەتی AKپارتی هەستێت لە زیندان دا لەگەڵ ئۆجەلان دانوستاندن بکات، شتی وا نییە، نەبووە و ناشبێت. لە بنەڕەتدا هەڵوێستی هەڵەی BDPەش ئەوەیە، سەیر بکەن لە ئینگلتەرا، لە ئیرلەندای باکوور کە کێشەی IRA چارەسەر کرا کەس نەچوو لەگەڵ IRA دا دانیشێت و گفتوگۆی لەگەڵ بکات. چوون لەگەڵ شین فێین و گێری ئەدامز گفتوگۆیان کرد. باشە گێری ئەدامزی تورکیا کێ یە؟

**ڕووداو: ئەحمەد تورک....**

**حوسێن چەلیک:** دەڵێین وەرن لەگەڵتان دانیشین، دەڵێن بڕۆن لەگەڵ ئۆجەلان و موراد قەرەیلان دانیشن. بە کورتییەکەی برادەرانی BDP ئیرادە لە خۆیان نیشاننادەن. کاتێک باسی ئەو مەسەلەیە دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە بڵێم BDP وەک نوێنەری هەموو کورد بێن بەرامبەر دەوڵەت دانیشن دانوستاندن بکەن. ئەگەر BDP دەیانەوێ بەشداری لە چارەسەریدا بکەن، ئەوانیش دەبێ بڵێن براینە بۆچوونی ئێمەش ئەوەیە. پێویستە ئەوە بکرێت و ئەوە نەکرێت. بڕۆن لە BDP بپرسن کەی ویستوویانە لەگەڵ ئێمە دانیشێ و ئێمە قەبوڵمان نەکردووە؟ سەلاحەدین دەمیرتاش و گولتەن کیشاناک هاتن دانیشتن و قسەمان کرد، بەڵام ئەوان ئیرادە لە خۆیان نیشان نادەن. ئەمڕۆ شتێک دەڵێن، بەیانی راسپاردەی PKKیان پێ دەگات کۆتایی پێدێت.

**ڕووداو: ئەگەر BDP بێت بڵێ وەرن دانیشین، لەگەڵی دادەنیشن؟**

**حوسێن چەلیک:** ئێمە BDP وەک نوێنەری هەموو کورد بە موخاتەب نازانین. وەک پارتێکی سیاسی لە تورکیا و وەک حیزبێک لە حیزبەکان ئامادەین لەگەڵیان دانیشین و گوێیان لێبگرین و ئەگەر پێشنیازێکیان پێ بێت وەریبگرین و بیری لێبکەینەوە. بەو شێوەیە ئامادەین لەگەڵیان دانیشین.

**ڕووداو: با بێینە سەر باسی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا. پێشتر پەیوەندییەکان باش نەبوون، سیاسەتی تورکیا پێشتر هەموو پشتی بەستبووە بە پشتیوانیکردن لە بەرەی تورکمانی،بەوەش تورکیا لە عێراقدا نەبووە خاوەن پێگەیەکی گرنگ و قورسایی خۆی لە دەستدا . ئێستا تورکیا تەنها لە هەرێمی کوردستان نەک لە بەغدا دەنگێکی هەیە و ئەویش لەبەر ئەو پەیوەندییانەیە کە لەگەڵ کورد هەیەتی. ئێستا کە تورکیا لە هەولێر کۆنسولخانەی کردووەتەوە، ئەو پەیوەندییانە بەرەو کوێ دەچن؟**

**حوسێن چەلیک:** کاتێک گلەیی لە هەڵەکان دەکەین، پێویستە راستەکانیان لە جێگە دابنێین. ئەوەی ئێوە باسی دەکەن سەبارەت بە هەڵەکانی رابردووی، تورکیا ئەوانەی وەلاوە ناوە. ئەمەش تەنها لە پەیوەندی لەگەڵ باکووری عێراقدا نییە. لە کتێبەکانی قۆناغی سەرەتاییەوە لە تورکیا ئەوەیان فێر دەکردین کە تورکیا سێ لای بە دەریا و چوار لای بە دووژمن دەورە دراوە. پێیاندەگوتین، ئێران دووژمنە، عێراق دووژمنە، سوریا دووژمنە، ئەرمینیا



**تورکیا بایەخ بە رۆڵی بەڕێز بارزانی دەدات بەڵام ئەوەی قبوڵ نییە کە PKK لەو ناوچانە جێگیر بووە کە ئەو بەڕێوەیان دەبات**



دووژمنە، رووسیا و بولگاریا و یۆنان دووژمنە و...تد. لۆژیکەکە ئەوەبوو. بەڵام ئێمە دەڵێین دەوروبەرمان بە دووژمن دەورە نەدراوە و بە دراوسێ دەورە دراوە. ئەوەش تەنها لەگەڵ باکووری عێراق نییە، لەگەڵ هەموو دراوسێکانماندا ئەو دەرگایەی دۆستایەتیمان کردووەتەوە. جاران رووسیا دووژمنی بابەکوشتەمان بوو، ئێستا یەکێکە لە گەورەترین شەریکە بازرگانییەکانمان. سەبارەت بە باکووری عێراق، ئایا شوێنێک بەناوی باکووری عێراق هەیە یان نا؟ هەیە. ئایا لەوێ هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەری کوردی هەیە یان نا؟ هەیە. ئەگەر بمانەوێ نەیانبینین وەک ئەوە وایە بە رۆژی رووناک چاومان دابخەین و وابزانین شەومان داهێناوە، بەڵام ئەوکات شەوەکەمان تەنها بۆ خۆمان درستکردووە. واتە ئەگەر وایدانێی یەکێک نییە ئەوە بەو مانایە نییە بتوانی لەنێوی بەری، بۆیە هەروەک گوتم پێشتر تورکیا و ئیدارەی باکووری عێراق کێشەیان هەبوو. بەڵام ئەگەر دیقەتتان دابێت، لەسەردەمی AKپارتیدا پەیوەندییەکی گەرمتر هەیە. کونسولخانەمان لە هەولێر کردەوە و وەزیرەکانمان هاتنە ئەوێ. ئەو قوتابخانانەی کە تورکەکان لەوێ کردوویاننەتەوە پردی کولتوورین لە نێوان هەردوو وڵاتدا. بۆ نمونە کردنەوەی زانکۆی ئیشق کە لە سەردەمی وەزارەتی مندابوو، بەڕێوەبەری گشتی خوێندنی باڵام نارده مەراسیمی کردنەوەکەی و بە سوپاسەوە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە ماڵی خۆی پێشوازی لێکردن، ئەوە بۆ ئێمە شتێکی لە رادەبەدەر جوان بوو. دواتر پەرەسەندنی پەیوەندییە بازرگانییەکان و هەروەها دوایین سەردانی بەڕێز مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردی بۆ تورکیا لە کەشوهەوایەکی زۆر گەرموگوڕدا بەڕێوەچوو. دیداری لەگەڵ سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمار زۆر گرنگ بوو. ئەحمەد داودئۆغلو یەکێکە لەو برادەرانەمان کە لە نزیکەوە موتابەعەی ئەم مەسەلەیە دەکات. پێمواپە ئەویش



هەر بەو شێوەیە سەیری مەسەلەکە دەکات. بۆیە من پێموایە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ باکووری عێراق تەنها بە پەیوەندی لەگەڵ بەرەی تورکمانیدا سنوردار ناکرێت. ماوەیەک پێش ئێستا سینان چەلەبی هاتە لام. سینان چەلەبی تورکمانە، بەڵام لە کابینەی کوردیدا وەزیرە. خانەوادەی دۆغرەمەچی وا قوتابخانەیەکی گەورە لە هەولێر دروستدەکەن. ئەوانە شتی زۆر دڵخۆشکەر و جوانن. لەڕاستیدا دەمەوێ شتێک بڵێم ئێمە ناچار نین بەیەکەوە بژین، بگرە مەحکومین بەوەی بەیەکەوە بژین.

**ڕووداو: کاتێک بارزانی هاتە تورکیا و چاوی بە سەرۆک وەزیران و سەرۆک کۆمار کەوت، هەروەک رۆژنامەکانی تورکیاش وروژاندیان نەک ئاڵای کوردستان بەڵکو ئاڵای عێراقیش دانەنرا. وەک سیاسەتمەدارێک و کەسێکی نزیک لە سەرۆک وەزیرانی تورکیا هۆیەکەی بۆچی دەگەڕێنیەوە؟**

**حوسێن چەلیک:** وەک دەزانن حکومەتی هەرێم لە باکووری عێراق قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە و وڵاتێکی سەربەخۆ نییە. بەڕێز بارزانیش سەرۆکی کۆماری عێراق نییە. کە بەڕێز تاڵەبانی دێت ئاڵای عێراقی بۆ دادەنێن.

**ڕووداو: بەڵام کە بارزانی دەچێتە قاهیرە و لەگەڵ حوسنی موبارەک دادەنیشێت، ئاڵای عێراقی بۆ دادەنێن و کە دەچێتە فەڕەنسا نەک هەر ئاڵای عێراق بگرە هی کوردستانیشی بۆ دادەنێن...**

**حوسێن چەلیک:** ئەوە پەیوەندی بە پرۆتۆکۆلی نێوان وڵاتانەوە هەیە. من ئاگاداری وردەکاری و مەسەلەی پرۆتۆکۆلی وەزارەتی دەرەوە نیم. بەڵام مادام بارزانی لەگەڵ سەرۆک کۆمار دابنیشێ، لەگەڵ سەرۆک وەزیران دابنیشێ و لەگەڵ وەزیری دەرەوەدا کۆنگرەی رۆژنامەوانی بکات، پێموایە ئەوە گرنگە نەک شتی دیکە. ئەو سەردانەی بەڕێز بارزانی لە تورکیا زۆر بایەخی پێدرا، رادیۆ وتەلەڤزیۆن و رۆژنامەکان بە بایەخێکی زۆرەوە باسیان لێوەکرد. پێموایە نیوە پڕەکەی پەرداخەکە ببینین باشترە. بەڕێز بارزانی لە ساتەوەختێکی زۆر هەستیاردا هاتە تورکیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بایەخی پێدرا.

**ڕووداو: پەیوەندییەکانتان لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەگەنە ئەو ئاستەی ڤیزا نەمێنێ، وەک لەگەڵ سووریادا کردتان؟**

**حوسێن چەلیک:** پێموایە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەوە روودەدات. چونکە ئێستا تورکیا لەگەڵ 55 وڵات ڤیزای هەڵگرتووە.

**ڕووداو: کاتی خۆی لەنێوان مەسعود بارزانی و تورکیادا لێدوانی توند هەبوون. دواتر سەردانی دوولایەنە لەنێوان هەردوولادا دروستبوون . ئێستا ئێوە چۆن لە رۆڵی مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەڕوانن؟**

**حوسێن چەلیک:** ئێمە بەڕێز مەسعود بارزانی وەک کەسایەتییەک دەبینین کە خەڵکی خۆی بەیەکەوە راگرتووە و دەیەوێ باکووری عێراق ئاوەدان بکاتەوە و لەگەڵ تورکیاش پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای دۆستایەتی پەرەپێبدات. ئێمە ئەوە دەبینین و تورکیاش لەو روانگەیەوە بایەخی پێدەدات. بەڵام لێرە گرفتێک هەیە، ئەویش ئەوەیە ئەمریکا لە عێراق دەکشێتەوە، ئەوان دەکشێنەوە و ئێمە بە تەنها دەمێنینەوە، بەڵام PKK دووژمنی تورکیایە و ئێستا PKK لەو ناوچانە جێگیر بووە کە بەڕێز بارزانی بەڕێوەیان دەبات. ئەوەیە کە لە تورکیا قەبوڵ ناکرێت. ئەگەر بەڕێز بارزانی و ئیدارەی باکووری عێراق لە نێوان خۆیان و PKKدا هێڵێکی بنبڕ و قەتعی دابنێ و هەڵوێستێکی بنبڕ وەربگرێت، خۆشەویستی، هەواداریی باکووری عێراق لە تورکیا زۆر بەرزتر دەبێت. بەڵام من دووپاتی دەکەمەوە کە ئێمە سەدان ساڵە بەیەکەوە دەژین، خەڵکی باکووری عێراق خزمی ئێمەن. ناوبەناو هەندێک دەڵێن تورکیا بە نیازە باکووری عێراق داگیر بکات و ویلایەتی موسڵ بخاتەوە سەر تورکیا، ئەوە ئەسڵ و ئەساسی نییە و بە مێشکی کەس داناییێت. تورکیا هیچ کاتێک نابێتە هەڕەشە بۆ باکووری عێراق. بەڵام پێویستە ئەو عونسورانەی کە دەبنە هەڕەشە بۆسەر تورکیا لە باکووری عێراق داڵدە نەدرێن. پێویستە بەهیچ شێوەیەک پەیوەندییەکان لەنێوان هەردوولادا نەپچڕێن. کێشەش هەبێ پێویستە پەیوەندییەکان هەر بەردەوام بن. من پێموایە پەیوەندییەکانی ئێستا لەسەر زەمینەیەکی زۆر تەندرووست بەرەو پێش دەچن. گۆڕانی سەرۆک وەزیرانیش لە ئیدارەی کوردی نابێ کاریگەری هەبێت لەوبارەوە.

**ڕووداو: ئێستا لە هەرێمی کوردستان نەوت و غازێکی زۆر دۆزراوەتەوە. زۆر لە راوێژکارانی ئێوە ئێستا دەڵێن کە کاتی خۆی دەمانگوت پێویستە هەرچی زووترە بچینە هەرێمی کوردستان. ئێستا پاش دەرکەوتنی ئەو دەوڵەمەندییە و بەتایبەتیش کە لەسەردەمی ئۆزالدا دەگوترا ویلایەتی موسڵ وەک هەرێمێکی فیدرالی بخرێتە سەر تورکیا، ئێوە هیچ کاتێک باسی ئەو بابەتەتان کردووە؟**

**حوسێن چەلیک:** پێموایە زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە. واتە ئەوەی کە لە رابردوودا تاخیر بووین مانای وا نییە ئەمڕۆ نەتوانین هیچ بکەین. لە باکووری عێراق زۆر کۆمپانیای تورکی هەن کە لە بوارەکانی غازی سرووشتی، نەوت، بیناسازی و...تد چالاکی دەنوێنن. ئەوە شتێکی زۆر گرنگە. بەڵام دیسان دووبارەی دەکەمەوە کە سنوورەکانی کۆماری تورکیا دیارن و چاومان لە خاکی کەس نییە. رەنگبێ هەندێک کەس لە تورکیا بە خەیاڵیاندا بێت، بەڵام ئیتر سەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکان بەسەر چووە. ئێستا لە نێوان وڵاتانی ئەوروپادا سنوور نەماوە. ڤیزە نەماوە. بۆچی رۆژێک ئێمەش وامان لێنەیێت. ئێستا ئێمە لەگەڵ سووریا سنوورەکانی خۆمان هەڵگرتووە، باشە بۆ لەگەڵ عێراقیش وا نەبێ، بۆ لەگەڵ باکووری عێراق وانەبێت؟. حەتمەن رۆژێک وای لێدێت کە ڤیزامان لەنێواندا نەمێنێ. لە تورکیدا قسەیەک هەیە دەڵێ:"دراوسێ موحتاجی پۆلۆی دراوسێیە".

**ڕووداو: مەسەلەی هێڵی غازی نابووکۆ هەیە بۆ ئەورووپا، هەرێمی کوردستان غازی هەیە و تورکیاش رێگەی هەیە. وا هێدی هێدی هەرێمی کوردستان بەرەو ئەوە دەڕوات کە ببێتە یەکێک لە دابینکەرانی غازی پرۆژەی نابووکۆ. ئێوە بۆ ئەوە چی دەڵێن؟**

**حوسێن چەلیک:** سەرچاوان، بە خێر بێت سەر سەر و سەرچاو. لە ئینگلیزی مەسەلەی win، win هەیە. شتێکی وا بکەین کە هەم کۆمەڵگەی ئێمە قازانج بکات و هەمیش کۆمەڵگەی باکووری عێراق، چ لەوە باشترە.

**ڕووداو: پەیوەندی ئێوە وەک AKP لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان چۆنە؟**

**حوسێن چەلیک:** ئێمە دەخالەت لە کاروباری ناوخۆی باکووری عێراق ناکەین. وەک چۆن ئەوان تەدەخول لە کاروباری ناوخۆی ئێمە ناکەن. لەوێ کێ سەردەکەوێ و کێ خەڵک بەڕێوەدەبات ئەو بڕیارە بەدەست خەڵکی باکووری عێراقە. بەڵام کێ بێت و کێ لەسەر حوکم بێت، ئێمە باوەڕمان بە پەرەپێدانی پەیوەندی باشی دۆستانە هەیە لەگەڵی. کە تاڵەبانی بووە سەرۆک کۆماری عێراق، پەیوەندییەکانی بەڕێز تاڵەبانی لەگەڵ تورکیا زیاتر بەرەو پێشچوون. لەسەر ئاستی حیزبی لەگەڵ هەردوو حیزبدا لە ئاستی نەزاکەت پەیوەندییمان هەیە و لەسەر ئاستی حیزبی تێکەڵیمان هێندە زۆر نییە. ئێستا وەک گوتم بەڕێز تاڵەبانی بە حوکمی ئەوەی سەرۆک کۆماری عێراقە لە شوێنێکی جیاوازترە. بەڵام لەگەڵ حیزبەکەی بەڕێز بارزانیدا زیاتر دۆستانەیە، بەڵام زۆر تێکەڵ نین.

**ڕووداو: زۆرجاران سەلاحەدین بەهائەدین سەرۆکی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دێتە تورکیا و لە کوردستانیش هەمیشە دەڵێن AKP وەک حیزبێکی ئیسلامی ئیخوانی زۆر پشتیوانی یەکگرتووی ئیسلامی دەکات. ئایا ئەوە راستە؟**

**حوسێن چەلیک:** دووپاتی دەکەمەوە نوێنەرانی خەڵکی باکووری عێراق، نوێنەرانی دۆستەکانی ئێمەن. نوێنەرانی خزمەکانی ئێمەن. بەڵام ئێمە بە هیچ شێوەیەک تەدەخول لە کاروباری سیاسەتی ناوخۆیی باکووری عێراق ناکەین. ئەمانە هەمووی دیعایەن. ئێمە لەگەڵ هەرکەسێک دانیشین یان دیداری لەگەڵ بکەین مانای ئەوە نییە ئێمە پشتیوانیی لێ دەکەین.



## بەهجەت یەحیا کوڕی ڕۆژهەڵاتە



**ڕووداو –سلێمانی**

هونەرمەند بەهجەت یەحیا کۆتایی بەکارەکانی ئەلبوومە تازەکەی هێنا، کە لە ڕێگەی ناوەندی بڵاوکردنەوەی هونەری ئارۆ لە سلێمانی چاپ و بڵاودەکرێتەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا.

ئەو ئەلبوومە تازەیەی هونەرمەند بەهجەت یەحیا بەنێوی (بمبەنەوە من کوڕی ڕۆژهەڵاتم)، لە 7 گۆرانی پێکهاتووە و تێکستەکانی لەلایەن شاعیر (هێمن مام نادر) نووسراون و ئاوازەکانیش لەلایەن خۆیەوە دانراون.

# ئەفشین: بەهۆی گیتاری کوردێک بوومە گۆرانیبێژ

کورد لەسەرەتای دەستپێکردنی ژیانی هونەریی ئەفشینەوە بەشدارن، کاتێک بە گیتاری مێردی پووری یەکەم هەنگاوی نا لە کاروانی هونەریدا. لە ئەڵمانیش لە ڕێگەی هاوڕێیانی کوردییەوە زیاتر ئاشنای کوردبووە. سەردانەکەی بۆ کوردستان حەزێکی لەمێژینەبووە بەوهۆیەوە، بەڵام داخ بۆ ئەوە دەخوات کە نەیتوانی بەهۆی ڕێگەنەدانی بەهاتنی خەڵک لەلایەن ئێرانەوە کۆنسێرتەکەی لە هەولێر سازبکەت، بەڵام بەڵێن دەدا جارێکی دیکە بێتەوە:

**حوسێن هیممەتی**
**ڕووداو–هەولێر**

### کوردستان لەلای من بۆنی ئێرانی لێدێت

### خۆزگە مانگێکی دیکە لەدایک دەبووین

**ڕووداو : چۆن بڕیارتدا بێیە کوردستان؟**



**ئەفشین:** پەیوەندیمان بەهونەرمەند جەمشیدەوە کرد و هاتین. هەندێ هونەرمەند دەترسێن بێنە کوردستان، دەڵێن لەوانەیە ئاسایش و ئەمنیەتی نەبێ و وەک ئەفغانستان و هەندێ وڵاتی دیکە بێت، بەڵام لەبەرئەوەی من زۆرم حەز لە هەیەجان و جوڵەیە، شوێنی وام زۆر پێخۆشن ، کوردستان و ئەفغانستان و تاجیکستان و هەندێ وڵاتی دیکە، لەبەرئەوەی نزیکی ئێرانن و بۆنی ئێرانیان لێ دێت ، بۆ من وەک ئێرانن، بەتایبەت کوردستان کە زۆربەی خەڵکەکەی دەتوانن بە فارسیش قسە بکەن. تەنانەت دەرفەتێک بوو کە بتوانین هاونیشتمانە کوردەکانیشمان ببینین.

**ڕووداو: پێشتر کە دەتبینی وا گۆرانیبێژانی فارس لە کوردستان کۆنسێرت دەکەن ، تۆش ئەو ئارەزووەت لەلا پەیدادەبوو بێیە کوردستان و کۆنسێرت بکەی؟**

**ئەفشین :** پێش ئەوەی لێرە کۆنسێرتیش ساز بکرێن من هەمیشە حەزم لەوە بوو کۆنسێرت لە هەولێر بکەم، لەبەر ئەوەی من لە ئەورووپا لە ئەڵمانیا دەژیم، هاوڕێیەکانی من زۆربەیان کوردن. کوردی فێر نەبووم، بەڵام زۆر کارم لەگەڵ هاوڕێ کوردەکانم کردووە، باوکم نزیکەی 15 ساڵ لە ئەڵمانیا ڕێستۆرانتی ئیتالی هەبوو، زۆربەی ئەو کەسانەی لەوێ کاریان دەکرد کورد بوون، بەوهۆیەوە ئاشنایەتیەکی زۆرم لەبارەی فەرهەنگ و داوونەریتی کوردی هەیە. هەمیشە زۆر پێمخۆش بووە کوردستان ببینم.

**ڕووداو: تۆ خەڵکی شاری بابلی ئێرانی، چۆن چوونە تاران؟**

**ئەفشین:** من لە بابل لەدایکبووم، بەڵام لە تاران گەورە بووم، دایک و باوکم لە نزاباد لە تاران دەژیان.

**ڕووداو: تۆش وەک زۆر گۆرانیبێژ یەکەم جار بە ئامێری گیتار دەستت پێکرد، بۆچی؟**

**ئەفشین :** ڕاستییەکەی ئەوە ڕێکەوت بوو کە بە گیتار دەستم پێکرد، ئەوکات زۆرم پێخۆش بوو گیتارێکم هەبێ، بەڵام لەبەر خراپی باری داراییمان نەمدەتوانی گیتارێکی باش بکڕم. بە ڕێکەوت یەکێک لە خزمەکانم بەنێوی کیامەش نەخشی کە مێردی پوورمەو کوردی کرماشانەو لەئەڵمانیا دەژیا، بەدایک و باوکمی گوت ئەفشین دەتوانێ گیتارە کۆنەکەی من لەماڵی دایکم بۆ خۆی ببات. منیش بەو گیتارە دەستم پێکرد و بوومە گۆرانیبێژ.

**ڕووداو: کاتێکی زۆرت دەدەیە خوێندنەوەی ئەو نامانەی لەلایەن هۆگرانتەوە بۆت دێن، تائێستا لە نامەی کوردێکدا داوای ئەوەت لێکراوە گۆرانی کوردی بڵێی؟**

**ئەفشین :** بەڵێ، زۆر نامەم لەکوردستانەوە بۆ دێن، زۆربەی ئەوانەی داوای شتێک یان گۆرانی دەکەن، زۆربەیان ئافرەتن، بۆ نمونە یەکێک دەڵێ نێوی من گوڵچینە، گۆرانییەک بەنێوی گوڵچین بڵێ، یەکێک دەڵێ نێوی من ئیلنازە بۆ گۆرانی

### هیوادارم جارێکی دیکە بێمەوە کوردستان و شەرمەزاریان نەبم

بۆ ئیلناز ناڵێی و چەندین نمونەی لەو شێوەیە. لە زۆربەی کۆنسێرتەکان داوام لێدەکرێ گۆرانی کوردی بڵێم، بەڵام بەداخەوە کوردی نازانم. (بەپێکەنینەوە) ئەگەر ئێوە گۆرانییەکی کوردیتان هەیە پێم بدەن تاوەکو خەیاڵم ئاسوودە بێ.

**ڕووداو: چەند ڕۆژێکە لە هەرێمی کوردستانی، پێت چۆنە؟**

**ئەفشین :** تائێستا نەمانتوانیوە بچینە هیچ شوێنێک، دەرفەتمان زۆر کەمە، ئینشاڵڵا لە دەرفەتێکی دیکەدا دێینەوە کوردستان و دەگەڕێین. بەڵام دەمەوێ ئەوە بڵێم کە خەڵکی ئێرە زۆر میهرەبانن، زۆر کەم ڕێکدەکەوێ وڵاتێکی لەوشێوەیە هەبێ خەڵکەکەی بەوشێوەیە میهرەبان بن. بۆ نموونە ئەو پۆلیسانەی لە فرۆکەخانە کۆنترۆڵیان دەکرد تا ئەو کوردانەی بینیومان، هەموویان زۆر میهرەبانن. تەنیا لە تاجیکستان بینیومە کە خەڵک ئەوەندە میهرەبان بن، ئەو جارەش لێرە بینیم. هەرچەندە بەداخەوە کۆنسێرتەکەمان سازنەکرا، ئێمە هاتبووین هاونیشتمانانی خۆمان خۆشحاڵ بکەین کە لەئێران هاتبوون، تەنیا قسەم بۆ ئەوان ئەوەیە کە ئێمە هەموو هەوڵێکمان دا بیێن و ئەوان ببینین، بەڵام بەداخەوە قسمەت نەبوو، تەنانەت ئەوەشم زانی کە لەوبەر سنووری ئێران نزیکەی 9 کیلۆمەتر ڕیزیان بەستووبوو کە بێنە ئێرە و ئازاریان بینیوە، هەندێکیان لەڕووی داراییەوە زیانیان پێگەیشت و هەندێکیشیان هاتوونەتە ئێرەو لێرە زیانێکی زۆریان پێگەیشتووە. خۆزگە من دەمتوانی ئەوە قەرەبوو بکەمەوە بۆیان و بچمە ئێران و لەوێ کۆنسێرت بکەم، بەداخەوە ئەوەش ناکرێ. هیوادارم جارێکی دیکە بێمەوە کوردستان و شەرمەزاریان نەبم.

**ڕووداو: دەتەوێ گۆرانییەکی کوردی بڵێی، یان گۆرانییەکی هاوبەش لەگەڵ هونەرمەندێکی کورد؟**

**ئەفشین :** لەڕاستیدا بیرم لەوە نەدەکردەوە، بەڵام کە هاتمە ئێرە زۆر حەزم چووە ئەوەی کە خۆم گۆرانییەکی کوردی بەرهەمبێنم، بەڵام بەهاوبەشی گۆرانی لەگەڵ گۆرانیبێژانی کورد بڵێم هێشتا بیرم لەوە نەکردووەتەوە، چونکە کەم دەیانناسم، بەڵام کە گەڕامەوە ئەڵمانیا لەوێ هاوڕێیەکی کوردی شێوەکارم هەیە و نێوی بەهائەدینە، لەوانەیە بتوانم بەهاوکاری ئەو گۆرانییەکی کوردی بەرهەم بێنم.

**ڕووداو: لەوانەیە لە کوردستان گوێت لە گۆرانی کوردی بووبێ، ئایا پێشکەوتووە؟**

**ئەفشین :** زۆر گوێم لە گۆرانی کوردی نەگرتووە، تەنیا دەزانم جوڵەی زۆر تێدایە و هەست بزوێنە. لەڕووی ئەوەی کە پێشکەوتووە زانیارییەکی ئەوتۆم نییە.

**ڕووداو: تۆ لەدایکبووی مانگی چواری، چ بەو کەسانە دەڵێی کە لەو مانگەدا لەدایکبوون و بورجەکەیان لەگەڵ تۆ یەکە؟**

**ئەفشین:** خۆزگە مانگێکی دیکە لەدایکدەبووین، ئێمە کە لەو مانگە لەدایکبووینە سەختییەکی زۆرمان بینیوە، خۆزگە مانگێکی دیکە



### لەگەڵ پێگاه قسمەت نەبوو

لەدایک دەبووین و ئەو سەختیانەمان نەدەبینی. هەوڵدەدەم منداڵەکەم لە مانگی 4 (ئۆردیبێهێشت) لەدایکنەبێ، بۆ ئەوەی چارەنووسی وەک من نەبێ.

**ڕووداو: ماوەیەک باس لەوە دەکرا کە دەتەوێ لەگەڵ پێگاه، ئەو کچەی بەشداری زۆر لە کلیپەکانتە، ژیانی هاوسەری پێکبێنی، چ پەیوەندییەکت لەگەڵی هەیە؟**

**ئەفشین:** بەڵێ پەیوەندیم هەبوو، بەڵام ژیانی هاوسەریم لەگەڵ پێکنەهێنا، هەموو وادەزانن کە ژیانی هاوسەریمان پێکهێناوە، بەڵام قسمەت نەبوو.

**ڕووداو: بەمزووانە ژیانی هاوسەری پێکدێنی؟**

**ئەفشین:** نازانم، لەوانەیە هێشتا زۆری مابێ.

# دوو کۆنسێرتەکە بۆ نەورۆز دواخران

## چاوەڕواندەکرا 75 هەزار کەس بێتە کۆنسێرتی جەمشید، شادمێهر، ئەندی، ئەفشین، سپیدە بەڵام ئێران ڕێگەی گرت

**ڕووداو – هەولێر**

چاوەڕوان دەکرا دەیان هەزار کەس بۆ بەشداریکردن لە کۆنسێرتەکانی هونەرمەندانی ئێرانی: گۆگوش، شادمێهر، ئەندی، ئەفشین و سپیدە و جەمشید بێنە هەولێر، بەڵام تەنیا 600 کەس لەئێرانەوە هاتن، بەهۆی ڕێگەنەدان بەهاتنیان لە دیوی دەوڵەتی ئێرانەوە. کۆمپانیای سازکاری کۆنسێرتەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند ئەو دوو کۆنسێرتەمان بۆ جەژنی نەورۆز دواخستن.

سەلوان جەمیل، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بابیلۆن بۆ کاروباری هونەری، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی هۆکاری سازنەکردنی کۆنسێرتەکانی ڕۆژی 13و2010/9/14 لەبەر کەم هاتنی خەڵک و کەم فرۆشتنی بلیتەکان بوو "چاوەڕێی ئەوەمان دەکرد نزیکەی 75 هەزار کەس بێتە ئەو سێ کۆنسێرتە، بەڵام تەنیا 600 کەس هاتبوون".

شەوی 2010/9/12، کۆنسێرتی گۆرانیبێژی بەنێوبانگی فارس گوگوش سازکرا، چاوەڕواندەکرا تەنیا لەو کۆنسێرتەدا زیاتر لە 10 هەزار کەس بەشداربێت ، بەڵام تەنیا 500 کەس بلیتیان کڕیبوو و زۆربەی کورسییەکانی شوێنی کۆنسێرتەکە کە جێگەی زیاتر لە 3000 کەسی بەدانیشتنەوە تێدا دەبووەوە بەتاڵ مانەوە . سەلوان جەمیل دەڵێ "ئێمە ڕۆژی دواتر کە زانیمان خەڵکێکی کەم هاتووە، گۆرانیبێژ (ئەندی)مان لە فرۆکەخانەی لۆس ئەنجلس ئاگادار کردەوە کە نەیێت، تەنیا شادمێهر و سپیدەو ئەفشین هاتبوون، ئەوانیش حەقی خۆیان وەرگرت بەپێی ئەو گرێبەستەی لەگەڵیان کرابوو".

هەروەک بڵاوکرایەوە حکومەتی ئێران بۆ ماوەی 4 ڕۆژ (11–2010/9/14) هاتنی هاووڵاتیانی ئێرانی بۆ هەرێمی کوردستان قەدەغەکرد. سەمانە کچێکی ئازەری خەڵکی شاری ورمێیە، لەگەڵ خێزانەکەی سێ ڕۆژ لە دەروازەی سنووریی حاجی ئۆمەران ماوەتەوە بەهیوای ئەوەی ڕێگەیان پێبدەن بێنە هەرێمی کوردستان، بەڵام کە تەواو بێ ئومێد بوون گەڕانەوە. ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"ئێمە بۆ بەشداریکردن لەکۆنسێرتەکان دەمانویست بێینە هەولێر، بەڵام سێ ڕۆژ ئێمەیان لەسەر سنوور هێشتەوە، تەنانەت ئەو سەرباز و بەرپرسانەی لەوێبوون بەشێوەیەکی سووک سەیریان دەکردین و گاڵتەیان پێدەکردین".

سەمانە باسی ئەوەشیکرد کە نزیکەی 200 تا 300 کەس لەدیوی سنووری ئێران لەگەڵ ئەوان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد ڕێگەیان پێبدرێ لە دەروازەی سنوور بپەڕنەوە "هەرچەند پێداگیریمان کرد و داوامان لە بەرپرسانی ئێرانی کرد، ئەوان ڕێگەیان نەدا و دەیانگوت کە ئاگایان لە هیچ نییە و لە بەرپرسانی سەرووی خۆیانەوە ئاگادارکراونەتەوە سنوور دابخەن".

بەهۆی ئەوەی گوگوش لەچەند ڕۆژی داهاتوودا لەتورکیا کۆنسێرت دەکات، ئەوە چەند ڕۆژێکە ئێران چوونی هاووڵاتیانی بۆ تورکیاش ئاستەنگ دەکات.

بورهان مستەفا، بەڕێوەبەری گەشتوگوزار لە قەزای سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە شارۆچکەی خانێ تا دەگاتە دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران و دوورییەکەی نزیکەی 8 کیلۆمەترە، هاووڵاتییان لەو ڕێگایە ڕیزیان بەستبوو، بەڵام ئێران ڕێگەی پێنەدان بێنە هەرێمی کوردستان.

ئیدریس کەورینی بەڕێوەبەری نشینگە و پاسپۆرتی حاجی ئۆمەران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " وەک ئێمە زانیومانە ڕێگە بە 5000 کەس نەدرا بێنە هەرێمی کوردستان".

پاسەوانێکی پارکی سامی عەبدولرەحمانیش لە هەولێر، ئاماژەی بەوەدا کە نزیکەی 200 کەس لەوانەی لە ئێرانەوە هاتبوون لە پارکەکە خێوەتیان هەڵدابوو "ماوەی 5-6 ڕۆژ مانەوە، دوای ئەوەی زانییان کۆنسێرت ناکرێ، گەڕانەوە".

شیوا کە کچە کوردێکی شاری کرماشانە و چوار ڕۆژ پێش وادەی سازکردنی کۆنسێرتەکان

### کچێکی کرماشانی: بەدڵشکاوی دەچینەوە



لەگەڵ خێزانەکەی هاتبووە هەولێر گوتی "بەدڵخۆشییەوە هاتم، بەڵام بەدڵشکاوی دەچمەوە". ئەو زۆر دڵتەنگ بوو لە سازنەکرانی کۆنسێرتەکان، گوتی کە بەهۆی ئەو مشتومڕەی لەگەڵ ڕێکخەرانی کۆنسێرتەکان کردوویەتی دەنگی نووساوە" ئەو شەوەی بڕیاربوو کۆنسێرتەکەی شادمێهر و ئەفشین و سپیدە بکرێ ، ڕێکخەرانی کۆنسێرت بە ئێمەیان گوت کۆنسێرتەکە ساز ناکرێ، ئەوەشیان بە شێوازێکی ناخۆش پێگوتین، بەڕاستی زۆر ناخۆش بوو"، شیوا دەڵێ ئەو خۆشبەختتر لەزۆر لەوانە دەرچوو کە بۆ ئەو کۆنسێرتانە هاتبوون، چونکە سپیدە و ئەفشینی لە هوتێل بینین و چووە کۆنسێرتەکەی گوگوش" بەڵام هەندێ کەس لە ئێرانەوە هاتبوون چوار ڕۆژ چاوەڕێی کۆنسێرتی شادمێهر و ئەفشین و سپیدەیان کرد و نەشکرا".

ئەو کە لەڕێگەی سنووری حاجی ئۆمەرانەوە هاتووە، ئاماژەی بەوەدا کە نزیکەی 200- 300 کەس بلیتیان کڕیبوو و




هونەرمەندان جەمشید، شادمێهر، سپیدە، ئەفشین لە کاتی هاتنە سەر شانۆیان لە کۆنسێرتەکەی گوگوشدا لە هەولێر

دەیانویست بەشداری کۆنسێرتەکان بکەن پارەی بلیتەکەیان لەلایەن کۆمپانیاوە پێدرایەوە "لەشوێنی کۆنسێرتەکە کۆمپانیای بابلیۆن بەئێمە دەڵێ بڕۆن لەگەڵ گۆرانیبێژەکان قسە بکەن، ئەوان پارەی خۆیان وەرگرتووەو کۆنسێرتەکە ناکرێ چونکە بلیتی کەم فرۆشراوە".

وەک بەڕێوەربەری کۆمپانیای بابیلۆن ئاماژەی پێدا، بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی ئەو دوو کۆنسێرتە بکەن، نزیکەی 1 ملیۆن دۆلاریان زەرەر کردووە" بۆ ئەوەی قەرەبووی خەڵک بکەینەوە و خەڵک بەبێ ئومێدی نەگەڕێتەوە ئێمە کۆنسێرتەکەی گوگوشمان سازکرد، لەو کۆنسێرتەدا 500 کەس بەشداریکرد، بۆ کۆنسێرتەکانی دیکەش 100 کەس بەشداری دەکرد، بۆیە ساز نەکران". ئەوەشی بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کردو گوتی "بڕیارمانداوە دوو کۆنسێرتەکەی شادمێهر و ئەفشین و ئەندی و سپیدە و جەمشید بۆ جەژنی نەورۆز دوابخەین و ئەوکات ساز بکەین".

شیوا، گوتی ئەو بەنوێنەرایەتی 200 کەس ئەو قسانە بۆ (ڕووداو) دەکات و گوتی "ئێمە دەزانین خەتای گۆرانیبێژەکان نییە، بەڵکو خەتای کۆمپانیاکەیە، لەپێش کۆمپانیا 10 کەسیان دانابوو کە بەڕاستی ڕەفتارێکی خراپیان هەبوو، بەشێوەیەکی ناشرین وەڵامی ئێمەیان دەدایەوە".

### بەڕێوەبەری کۆمپانیای بابیلۆن : ئێمە 1 ملیۆن دۆلارمان زەرەر کرد، بەڵام داوای لێبووردن لە خەڵک دەکەین

ئەو کچە کرماشانییە گلەیی لەگۆرانیبێژان و حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبوو " بەڵام گلەییمان زۆرە لە کۆمپانیای بابیلۆن و حەقە شکایەتی لێبکەین، بەو کارەی زیانی بەنێوبانگی خۆی گەیاند".

سەلوان جەمیل، بەڕێوەبەری کۆمپانیای بابیلۆن لەبەرامبەر ئەو قسانەی شیوا دەڵێ "کێ دەیەوێ با شکایەت بکا، بەڵام ئێمە ئەرکی خۆمان جێبەجێکردووە، ئێمە زەرەرمەندی سەرەکین، بەڵام سەرەڕای ئەوەش داوای لێبووردن لە خەڵک دەکەین و هیوادارین بمانبوورن".

هەرچەندە هەندێ کەس پێیوایە ، گرانی نرخی بلیتەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستان بلیت نەکڕێ، هەروەها چونکە پشووی جەژنی ڕەمەزان و قوربان لە ئێران درێژ نییە وەک نەورۆز کەم خەڵک هات و کەم بلیت فرۆشرا، بەڵام هەندێ کەسی دیکە پێیانوایە ئاستەنگی سەرەکی سنوور داخستنی ئێران بوو لە هاووڵاتییەکانی. سەلوان جەمیل لە کۆمپانیای بابیلۆن دەڵێ "بۆ جاری داهاتوو هاوئاهەنگی لەگەڵ کۆنسولخانەی ئێران دەکەین".

# تاراوگە



## 28 کورد لە دانیمارک ماندەگرن

رووداو- ekurd.net

28 پەناخوازی کوردی رۆژئاوای کوردستان ماوەی پێنج رۆژە لە شاری کۆپنهاگنی پایتەختی دانیمارک دەستیان بە مانگرتن کردووە، لە دژی بڕیاری حکومەتی دانیمارک بۆ دیپۆرتکردنەوەیان بۆ سووریا. وتەبێژی مانگرتووەکان رایگەیاند کە ئەوان بەردەوام دەبن لەمانگرتنەکەیان هەتا حکوومەتی دانیمارکی بەجیدی گوێیان لێدەگرێ " چونکە ئێمە لە سووریا دەخرێینە زیندانەوە، نابێ دانیمارک خەڵک دیپۆرتی وڵاتی بەوشێوەیە بکاتەوە".

### چیرۆکەکەی هەموو بەلجیکای هەژاندووە

# ژنێکی کورد منداڵە چوار ساڵەکەی سەر دەبڕێ



محەممەد رەشید ئەکەد

**رووداو- بەلجیکا**

لە شاری ئەیخن براکڵ لە بەلجیکا ژنێکی کورد سەری کوڕەکەی دەبڕێ و دواتر لاشەکەی لە دووری 500 مەتر لە ماڵی خۆیان فڕێدەدا. بە گوتەی پۆلیسی بەلجیکا دایکەکە کە ناوی (لینا حاجی)یە و تەمەنی 40 ساڵە "کێشەی دەروونیی هەیە".

کاژێر 19:30ی رۆژی 2010/9/15 لە شاری ئەیخن براکڵ لە هەرێمی فرانسیزمانی ڤاڵۆنیای بەلجیکا منداڵێکی تەمەن چوار ساڵ و نیو بە سەربڕدراوی و لەلایەن رێبوارێکەوە کە بۆ وەرزشکردن لە دەرەوە بووە لەسەر شەقامێکی گشتی دەدۆزرێتەوە. پاش ئەوەی پۆلیس دەگەنە شوێنی رووداوەکە، بۆ ماوەیەک تەنیا خەریکی گەڕان دەبن و هیچ بەڵگەیەکیان پێ نادۆزرێتەوە کە ناسنامەی راستەقینەی منداڵەکە ئاشکرا بکات. نیو کاژێر دواتر کچێکی گەنج تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە کە برا بچکۆلەکەی بەنێوی محەممەد رەشید ئەکەد، کە تەمەنی چوار ساڵ و نیوە لە ئێوارەوە ونبووە و نەگەڕاوەتەوە ماڵ. ئەوەش وادەکات کە پۆلیس بگەنە ئەو ئەنجامەی ئەو تەرمە سەربڕدراوەی دۆزراوەتەوە تەرمی محەممەدە. رۆژێک دواتر کاتێک پۆلیس دەچنە ماڵی (لینا)ی دایکی محەممەد، گومانی ئەوەیان بۆ دروستدەبێت کە بکوژی منداڵەکە دایکەکە خۆی بێت. بۆیەش دەکەونە لێکۆڵینەوەیەکی چڕ لەگەڵی.

خزمان و کەسوکاری دایکەکە باسی ئەوە دەکەن کە نێوبراو "لەوەتەی لە هاوسەرەکەی جیابووەتەوە تووشی نەخۆشیی خەمۆکی بووە و چیدیکە نەیدەتوانی منداڵەکەی بەخێو بکات". بەڵام هیچ یەک لەوان ناتوانن بڕوا بەوە بکەن کە ئەو خۆی بکوژی منداڵەکەی بێت. ئەو رێبوارەی تەرمەکەیشی دۆزیوەتەوە دەڵێت



تیمی پۆلیس لەکاتی لێکۆڵینەوەیان لە شوێنی دۆزینەوەی تەرمەکەدا

تەرمەکە بە سەربڕاوی لەسەر لێواری جاددە کەوتبوو و بکوژەکە "تەنانەت زەحمەتی ئەوەی نەکێشابوو کە لاشەکە کەمێک بشارێتەوە و بیخاتە ژێر گڵەوە!"

ئەوەی گومانی پۆلیس لە دایکەکە زیاتر دەکات ئەوەیە کە کاتێک پۆلیس دەچێتە لای بۆ قسەکردن لەبارەی رووداوەکە، دەبینن کە ئامێری جلشۆرینی هەڵکردووە و بە تازەییش هەموو کون و قوژبنێکی ماڵەکەی پاک کردووەتەوە. بە گوتەی پۆلیس "دایکێک کە منداڵێکی سەربڕدرابێت چۆن توانای هەیە چەند کاژێرێک دواتر خەریکی پاککردنەوەی هەموو کون و قوژبنێکی ماڵەکەی بێت؟"، هۆکاری دیکەی دروستبوونی گومانی پۆلیسیش ئەوە دەبێت لەو شوێنەی تەرمەکەی لێ فڕێدراوە، کە 500 مەتر لە ماڵی (لینا)وە دوورە، هیچ ئاسەوارێکی خوێن نییە. تەنانەت لەنێوان ماڵەکە و شوێنی دۆزینەوەی تەرمەکەش یەک دڵۆپە خوێن نەڕژاوە، "ئەوەش بەو مانایە دێت کە تاوانەکە لەو شوێنەدا ئەنجام نەدراوە کە لاشەکەی لێ فڕێدراوە."

لەکاتی یەکەم دیداری پۆلیس لەگەڵ لینا حاجی دا، نێوبراو چیرۆکێکی "تێکەڵ و پێکەڵ" دەگێڕێتەوە. قسەکانی لینا لەلایەن کچەکەیەوە دەکرێنە فەرەنسی و پۆلیسەکان هەست بەوە دەکەن کە زۆرجار کچەکە قسەکانی دایکی راست دەکاتەوە. بەپێی گێڕانەوەی دایکەکە ئەو رۆژە محەممەد لە باخچەی پشتەوەی ماڵەکەی خۆیاندا یاری کردووە. گوایە کاتێک کاژێر 18:30 دەبینێ کوڕەکەی دیار نییە، پەشۆکاوە و دەستیکردووە بە گەڕان بەدوای کوڕەکەیدا. دایکەکە لە یەکەمین ئیفادەیدا بۆ پۆلیس باسی ئەوە دەکات کە رەنگە "پیاوێک" منداڵەکەی لەنێو باخچەکەدا رفاندبێ و دواتر کوشتبێتی. دواتر کچە تەمەن 16 ساڵانەکەی لینا دەگەڕێتەوە ماڵەوە و کە دەزانێ براکەی دیار نییە، تەلەفۆن بۆ پۆلیس دەکات.





ئەو شوێنەی تەرمەکەی لێ دۆزراوەتەوە

### پیاوەکە کێیە؟

یۆزیانە جیورجیس، کە ژنێکی هاوسێی لینایە، رەتیدەکاتەوە هیچ پیاوێک هاتبێتە باخچەی پشت ماڵەکەیانەوە و دەڵێ: "ئەگەر شتی وا ببووایە من دەمدیت"، ئەو باسی ئەوە دەکات کە ئەو ژنە کوردە هەرگیز نەیهێشتووە کوڕەکەی بەتەنیا بچێتە دەرەوە یاری بکات: "تەنانەت لە گەرمای هاوینیشدا نەیدەهێشت بچێتە دەرەوە"، بەڵام نایشارێتەوە کە جیابوونەوەی لینا لە هاوسەرەکەی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر ژیانی ئەو ژنەدا بەجێهێشتبوو و بەم دواییانە تاقەتی بەخێوکردنی منداڵەکەی نەمابوو.

لینا لە رۆژئاوای کوردستان لەگەڵ پیاوێکی سووری بەنێوی ئەیمەن ئەکەد کە تەمەنی 38 ساڵە هاوسەرگیری کردووە. بەبێ رەزامەندی بنەماڵەکەی. ئەوان لە سەرەتادا دەڕۆن لە یۆنان دەژین و بەر لە 6 ساڵ روو لە بەلجیکا دەکەن، کە دوو برای ئەیمەنی لێ دەژین. ئەوان لەبارەی ئەو رووداوەوە دەڵێن: "براکەمان و هاوسەرەکەی هەر لە سەرەتاوە کێشەیان هەبوو. کەچی رێگەیاندا منداڵێکی دیکەشیان ببێ. ئەوە گەورەترین هەڵە بوو کە کردیان."

بە گوتەی خزم و دۆستانی، ئەیمەن "پیاوێکی مێباز" بووە و ئەوەش لینای زۆر نیگەران کردووە. هەر ئەوەش بووە وایکردووە کە لە ساڵی 2009 دا بە یەکجاری لە یەکتر جیا ببنەوە و ئەیمەن بڕوات لە شارۆچکەیەکی نزیک برۆکسەلی پایتەخت بژیت. هاوسێکانی (لینا) باسی ئەوە دەکەن کە پاش جیابوونەوەکە، نێوبراو لەچکەکەی فڕێداوە و جلوبەرگی رۆژئاوایی و "تا رادەیەک رووت"ی پۆشیوە. یەکێک لەو هاوسێیانە دەڵێت: "بەڵام قەت لە ماڵەوە نەدەچووە دەرەوە. ئەو شەو و رۆژ هەر دەخەوت. ئیدی هیچ کۆنترۆڵێکی بەسەر کچە 16 ساڵەکەشیەوە نەمابوو". یەکێک لە خزمەکانی لینا گومانی هەیە لەوەی کە لەو ماوەیەدا "محەممەدیش بە بەردەوامی حەبی درابێتێ تا بخەوێ."

هاوڕێکانی لینا باسی ئەوە دەکەن کە نێوبراو بەم دواییانە تەنیا باسی یەک شتی دەکرد. یەکێکیان بە هەنسکدانەوە دەڵێت: "هەر دەیگوت: ئەیمەن. خواردن و خۆراکی ببوو بە ئەیمەن. تەنانەت وایلێهاتبوو کە بێ ئەوەی نەخۆش بێت وایدەزانی نەخۆشە و بەردەوام لای پزیشکەکان بوو. لینا تووشی خەمۆکییەکی قووڵ ببوو."

لەلایەکی دیکەوە کەسوکاری ئەیمەن دەگێڕنەوە کە محەممەد هەموو هەفتەیەک باوکی بینیوە کە بە خواردن و کەرەستەی یاریکردنەوە چووەتە لای. دوایین جار کە ئەیمەن کوڕە بچکۆلانەکەی بە زیندوویی دەبینێ دوو رۆژ بەر لە سەربڕینی بووە. ئەو ئێوارەیە ئەیمەن دەیەوێ محەممەد لەگەڵ خۆی ببات بۆ شارەکەی، بەڵام لینا ناهێڵێ و محەممەدیش دەست دەکات بە گریان. پاش سەربڕینەکە ئەیمەن لە نەخۆشخانە لاشەی بێ گیانی منداڵەکەی دەبینێتەوە. کەسوکاری دەڵێن: "لەوکاتەوە بە بەردەوامی لەنێو پێخەفەکەیدایە و بەبێدەنگی لە بنمیچی خانووەکەی رادەمێنێت."

### دانپێدانان

رۆژی 2010/9/18 سەرچاوەیەک لە پۆلیسی بەلجیکا بە میدیاکانی راگەیاند کە لینا دانی بە تاوانەکەدا ناوە و گوتوویەتی: "محەممەدم بە چەقۆیەکی میوە سەربڕی"، بەڵام ئەو سەرچاوەیە ئامادە نەبوو زانیاری زۆرتر بدرکێنێ، ئەوەندە نەبێت کە دوای دانپێدانانەکە لینا لەهۆش خۆی چووە و بە پەلە گەیێندراوەتە نەخۆشخانە.

# پۆلیسی بەریتانی و عێراقی لە پەناخوازە کوردە دیپۆرتکراوەکان دەدەن

## فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی سکاڵا دژی حکوومەتی بەریتانیا و عێراق لەلای UN تۆماردەکات

**هاوار عەبدولڕەزاق**

**رووداو-هەولێر**

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی سکاڵای دژی حکوومەتی بەریتانی و عێراقی داوەتە کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری پەنابەران، لەسەر ئەوەی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە پەناخوازی کورد و عێراقییان بەزۆر رەوانە کردووەتەوە و لەکاتی دیپۆرتکردنەوەیاندا لێیانداون.

ئەو فیدراسیۆنە رایگەیاندووە کە یەکێک لە دیپۆرتکراوەکان دەستی بەستراوەتەوە و دواتر لێیانداوە و یەکێکی دیکەش بەهۆی ئەشکەنجەدانی دەستی لەجێ چووە.

بەڵام بەپێی راپۆرتێکی ماڵپەڕی BBC، ئاژانسی چاودێریکردنی سنوورەکانی بەریتانیا UKBA، ئەو تۆمەتانەی رەتکردووەتەوە و رایگەیاندووە کە "هیچ هێزێک" بەکارنەهاتووە بەرامبەر بەو دیپۆرتکراوانە.

هەروەها ئەو ئاژانسە، پەناخوازە دیپۆرتکراوەکانی تۆمەتبارکردووە بەوەی هێرشیان کردووەتە سەر ستافەکەیان و دواتریش ویستوویانە زیان بەو فڕۆکەیە بگەیێنن کە پێی رەوانەکراونەتەوە.

UKBA رایگەیاند کە هەفتەی رابردوو 49 پەناخوازی عێراقی کە هەندێکیان کوردن لەشاری لەندەنەوە بۆ بەغدا دیپۆرتکردووەتەوە، بەڵام فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی رایگەیاندووە کە ژمارەی دیپۆرتکراوەکان 62 کەس بوو.

سەمیرە ئەحمەد، ئەندامی راوێژکاری ئەو فیدراسیۆنە رایگەیاند"دوای ئەوەی 62 پەنابەری کوردی عێراقی رۆژی 2010/9/6 لەلایەن کۆماندۆکانی بەریتانیا دیپۆرتی بەغدا کرانەوە، بەلێدان و سووکایەتیپێکردن و ناوزڕاندن وەرگیراونەتەوە".

هەروەها ناوبراو لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ "دەشتی جەمال سکرتێری فیدراسیۆن سکاڵایەکەی لەدژی حکومەتی بەریتانی و عێراقی لە کۆمیسیاری باڵای کاروباری پەنابەرانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە جنێف تۆمار کردووەو، ژمارەیەک لە وێنەکانی ئەو پەنابەرانەی پێشکەشکردوون کە لێیاندراوە".

سەمیرە ئەوەش ئاشکرا دەکات کە سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانیان لەئەورووپا لەو پێشیلکاریانە ئاگادارکردووەتەوە و گوتی" دوای ئەو رووداوە تەواوی داوودەزگاکانی راگەیاندنمان لەسەرتاسەری ئەورووپا ئاگادارکردووەتەوە، هەروەها پەیوەندیمان بە ژمارەیەک رێکخراوی پەنابەران و مرۆییەوە کردووە. وێنەی ئەو پەنابەرانەشمان ئاراستەی رێکخراوی لیبووردنی نێودەوڵەتی و هیومەن رایتس وۆچ کردووە".

بەپێی راپۆرتەکەی BBC ، یەکێک لەو دیپۆرتکراوانەی کە دەڵێ هێرشیکراوەتە سەر ناوی سابیر ساڵح سەعیدە و لەوبارەیەوە ناوبراو دەڵێ" ئێمە لەفڕۆکەکەدا ماینەوە، بەڵام گاردەکان کەلەپچەیان کردە دەستمان و رایانکێشاینە دەرەوە و لێیانداین".

لەدرێژەی قسەکانیدا سابیر دەڵێ" ئەوان لێیانداین و جنێویان پێداین. چوار پاسەوان منیان گرت و رایانکێشامە دەرەوەی فڕۆکەکە. دواتر بۆکسێکیان لەچاومدا. پەنابەری دیکەشم بینین کە دەموچاویان خوێناوی ببوو".

هەروەها سابیر دەڵێ" دواتر دراینە دەست پۆلیسی عێراقی و ئەوانیش بە دار لێیانداین".

دیپۆرتکراوێکی دیکە بەناوی لوقمان حەمەدەمین دەڵێ بەهۆی ئەو لێدانەوە دەستی لەجێ چووە و لەوبارەیەوە گوتی" هاوارم دەکرد بۆ ئەوەی دەستم بەردەن، لەبەرئەوەی خەریکبوو دەستیان دەشکاندم و ئێستاش ناتوانم دەستم بجوڵێنم و پەڕۆم لێبەستووە".

بەڵام ماتیو کۆتس کە کاربەدەستێکی ئاژانسی چاودێریکردنی سنوورەکانی بەریتانیایە، ئەو تۆمەتانەی رەتکردەوە و گوتی" ئێمە تۆمەتەکانی ئەو دیپۆرتکراوانە رەتدەکەینەوە و بەپێچەوانەوە ئەوان لەگەڵ گەیشتنیان بۆ بەغدا هێرشیان کردووەتە سەر 35 کەسی ستافەکەمان و پاشانیش ویستوویانە زیان بەفڕۆکەکە بگەیێنن".

هەر لەوبارەیەوە دەشتی جەمالی سکرتێری فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی رایگەیاند دەبێ UNHCR ئەو پاسەوانانە بداتە دادگا و لەوبارەیەوە گوتی" ئەو پاسەوانانە ئەو پەنابەرانەیان ئەشکەنجەداون و پێویستە بدرێنە دادگا".

لە لایەکی دیکەوە، بەپێی چەند راپۆرتێک، ئێستا UNHCR سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لەو تۆمەتانەی کە مانگی حوزەیرانی رابردوو گرووپێک پەناخوازی دیپۆرتکراو رایانگەیاندبوو کە پاسەوانانی بەریتانی لەنێو فڕۆکەدا لەکاتی دیپۆرتکردنەوەیاندا بۆ عێراق لێیانداون.

### سایشی تاکاهاشیبۆ ناسینی کورد لە تۆکیۆوە هاتووە بۆ بەرلین

# نزیکەی 200 کورد لە ژاپۆن دەژین

**سیروان حەجی بەرکڵ**

**رووداو- بەرلین**

لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتی ژاپۆن کۆمەڵێک پەرتووک بەزمانی ژاپۆنی لەسەر کورد بڵاوکراونەتەوە. لێکۆڵەری ژاپۆنی سایشی تاکاهاشی لە زانکۆی هۆسێ لە تۆکیۆ ئاشکرای دەکات کە دوای شەڕی عێراق لێکۆڵەر و رۆژنامەنووسی ژاپۆنی گرنگی بە کورد دەدەن.

تاکاهاشی، 28 ساڵ، ئێستا خەریکی لێکۆڵینەوەیە لەسەر کورد، بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەشی سەردانی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای کردووەو، دەیەوێ نامەی دکتۆراکەی لەسەر کوردانی ئەڵمانیا بنووسێ. بۆیە سەردانی ناوەندی ئەورووپی بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی کرد لە بەرلین کە خاوەن زۆرترین ژێدەرە لەسەر کورد و کوردستان لە ئەڵمانیا. زۆر لەو کەسانەی بیانی کە لێکۆڵینەوە لەسەر کورد دەکەن سەردانی ئەو ناوەندە دەکەن. بەپێی قسەی ئێڤا ساڤەلسبێرگ، سەرۆکی ناوەندی ئەورووپی بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەک لێکۆڵەری ژاپۆنی سەردانی پەرتووکخانەی ناوەندەکەیان کردووە. لەم کتێبخانەیەدا هەندێک پەرتووک بەزمانی ژاپۆنیش هەن، ئەمە بۆ سایشی تاکاهاشی جێگەی دڵخۆشی بوو. ئەو دەڵێ "لە ژاپۆن کەم خەڵک زانیاریی لەسەر کورد هەیە". تاکاهاشی قسەکانی بەردەوام دەکات و دەڵێ "دوای شەڕی عێراق دەزگاکانی راگەیاندنی ژاپۆنی دەستیانکرد بە باسکردنی کورد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵیان لەبارەی کوردەوە زۆر کەمە".



ئێستا نزیکەی یەک ملیۆن کورد لە ئەڵمانیا دەژین. سایشی تاکاهاشی دەیەوێ نامەی دکتۆراکەی لەسەر ئەوان بنووسێ. تاکاهاشی دەڵێ " نزیکەی 200 کورد لە ژاپۆن هەن ". ئەو تائێستا کوردستانی نەبینیوە. چونکە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر کوردانی ئەڵمانیایە، نیازی نییە سەردانی وڵاتی کوردان بکات. تاکاهاشی بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەی خەریکی سازکردنی هەڤپەیڤین دەبێت لەگەڵ کوردانی نیشتەجێی ئەڵمانیا، ئەو دەڵێ "هیواخوازم بتوانم لە رێگەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە زیاتر ژاپۆن ئاشنای کورد بکەم ".

# گوگوش: کوردم خۆشدەوێ



گوگوش لە کاتی کۆنسێرتەکەیدا لە هەولێر

(فۆتۆ: رووداو)

**رووداو-هەولێر**

"عاشقان ئەگەر تووشی هەر بەڵایەک ببن مادام لە خۆشەویستەکانیان نزیکن، وا هەستدەکەن ئەو بەڵایە هیچ نییە". گوگوشی هونەرمەندی نێوداری فارس، ئەو قسەیەی بۆ 1000 ئامادەبووی ئەو کۆنسێرتە کرد، کە لە رۆژی 2010/9/12 لە شاری هەولێر سازکرا، ئەوەش وەک دڵدانەوەیەک بۆ ئەو کەسانەی نەیانتوانی بەهۆی رێگرییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بەشداری کۆنێسرتەکەی بکەن.

گوگوشی تەمەن نیو سەدە لەگەڵ گرووپە مۆسیقییەکەی لە کاژێر 9:30 خولەکی شەو دەستی بەکۆنسێرتەکەی کرد تاوەکو 12ی شەو. گوگوش کە دانیشتووی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بەوە ناسراوە کە گۆرانی نیشتمانی زۆرە، ناوبراو پێشتر لە ساڵی 1970 لە شاری بەغدا لەگەڵ گۆرانیبێژی بەنێوبانگی عەرەب فەیرووز کۆنسێرتێکی سازکردووە.

گوگوش بەر لەوەی دەست بە گۆرانی گوتن بکات، دڵخۆشی خۆی بۆ ئامادەبووان دەربڕی و گوتی "بەهاتنی ئێوە خۆشحاڵ بووم، ئەم ئێوارەیە دەبێتە شەوێکی پڕ لە گۆرانی بۆخاتری ئێوە، هیوادارم شەوی یادکردنەوەی بەیەکگەیشتنی هەموو خۆشەویستان بێت".

دوای ئەوەی دەستی بە گۆرانی گوتن کرد ، ئامادەبووانیش لەدوای ئەوەوە گۆرانیەکانیان دەگوتەوە، هەر لەوکاتەدا گوگوش گوتی "باش گوێم لەدەنگی ئێوەیە، ئایا ئێوە ئامادەن"، چەند جارێک مایکی بۆ ئامادەبووان راگرت تا ئەوانیش گۆرانی بڵێنەوە. گوگوش لەو کۆنسێرتەدا ئەوەشیگوت "پیاوی عاشق ئەگەر ژیانی هاوسەری پێکنەهێنێ ژیانی ناتەواوە، بەڵام کاتێک ژیانی هاوسەری پێکهێنا هەموو کاری تەواو دەبێت".

کۆنسێرتەکەی گوگوش لە هۆڵی Babylon World سازکرا، کە لە شارۆچکەی عەنکاوەیە و جێگەی زیاتر لە 5 هەزار کەسی تێدا دەبێتەوەو، بەشێوازێکی مۆدێرن دروستکراوەو دوو ستۆدیۆی گەورەی تێدایە، کۆنسێرتەکەی گوگوش یەکەم کۆنسێرت بوو لەوێ بکرێ .

ئەوەی ئەوێ لە هۆڵەکانی دیکەی هەولێر جیا دەکاتەوە چوونە ژوورەوە لە دەرگاکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکییە، هەرکەسێک کارتی چوونە ژوورەوەی پێ نەبووایە دەرگای بۆ نەدەبووەوە، ئەوەش لە قەرەپەستانێی کۆنسێرتەکانی رابردووی کەم کردبووەوە. نرخی بلیتەکانیش لە100 تا 300دۆلار بوو.

عەلی مونتەسری، 26ساڵ، لەگەڵ کۆمەڵە هاوڕێیەکی حەوت رۆژبوو لەبەر کۆنسێرتی گوگوش لەتارانەوە هاتبووە کوردستان، ئەو پێشتر هاتبووە کۆنسێرتەکەی لەیلافروەهەر و ئیبی، بەڵام ئەوەی گوگوشی پێ خۆشتر بوو چونکە وەک ئەو گوتی " رێکوپێکتربوو و کەس بەخۆڕایی نەهاتبووە ژوورەوە". عەلی بەدەم گوتنەوەی گۆرانیەکان قسەی بۆ (رووداو)دەکرد، گوتی "هیوای ژیانم ئەوە بوو یەکجار گوگوش ببینم، ئەویش هاتەدی".

بەشێکی زۆر لەئامادەبووان لەبەر ترسی حکومەتی ئێران، نەیاندەهێشت وێنەیان بگیرێت، قسەشیان بۆ رۆژنامەنووسان نەدەکرد، بەڵام عەلی بێ منەتانە قسەی دەکرد، گوتی "هەرکوشتنەکەیە با بمکوژن".

گوگوش دوای گوتنی گۆرانییەک بۆ ئێران ، هەوادارانی هێنایە دەنگ و هەموو بەیەک دەنگ هاواریان دەکرد "ئازادی ئازادی"، دوای کەمێک پشوو گوگوش گوتی "کوردم خۆشدەوێ"، بەڵام تەنها یەک وشەی بە کوردی گوت "سوپاس".

فەرامەرز موحسین، 28 ساڵ، بەتەنیا هاتبووە کۆنسێرت، دەربڕینی وشەی "ئازادی" لەلایەن گوگوشەوە بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە خەڵکی ئێران ئازاد نین و ئازادییان دەوێت. ئەو زۆر بەو کۆنسێرتە دلخۆش ببوو"لەژیانمدا یەکەم کۆنسێرتە بە ئازادی تێیدا دەجوڵێمەوە، بۆیە پڕ بە دڵی خۆم گوتم ئازادی، گوگوش ئازادی بۆ هێناین".

هەرچەندە گوگوش هەواداری زۆرن، بەڵام تەنیا 1000 کەس ئامادەی کۆنسێرتەکەی بوون، ئەویش بەهۆی رێگریکردنی ئێران لە هاتنی هاووڵاتیانی بۆ هەرێمی کوردستان، گوگوش رۆژی 2010/9/15 لەتورکیاش کۆنسێرتی هەبوو، بەهەمان شێوە حکومەتی ئێران سنوری نێوان ئێران و تورکیای بەسەر هاووڵاتیانی خۆی داخست.

فەرامەرز هۆکاری کەمی ئامادەبووانی بۆئەوە گەڕاندەوە، حکومەتی ئێران رێگەی نەداوە بێنە کوردستان، چونکە ئەو خۆی 5رۆژ پێش کۆنسێرتەکە هاتبوو گوتی "پیاوانی حکومەتی ئێران لەسنور زۆر گێچەڵیان پێ فرۆشتین، بەهەر شێوەیەک بێت خۆم گەیاندە هەولێر".

بەڵام سەلوان حەمید بەڕێوبەری کۆمپانیای بابیلۆن رەتیکردەوە، هۆکارەکەی لێ نەگەڕانی هاتنی ئێرانیەکان بێت بۆ کوردستان، گوتی "نازانم هۆکار چ بوو، کە کەم خەڵک هاتبوو"، چونکە ئەو پێیوابوو "ئەوی هاتبووە کۆنسێرت 95%ی ئێرانی بوون"، سەلوان مەزندەی زەرەری ئەو کۆنسێرتەی بەهۆی کەمی ئامادەبووان بە "900 تا یەک ملیۆن دۆلار خەملاند"، بەڵام گوتی "بەنیازین لە نەورۆزدا چەند کۆنسێرتێکی گەورە ساز بکەین".



## پەروین خۆی سووتاند



رووداو-هەولێر

کچێک بەناوی پەروین تاهیر قادر ، 34ساڵ، لە گەڕەکی نەورۆزی هەولێر دوای پێنج رۆژ لە خۆسووتاندنی لە رۆژی 2010/9/10 گیانی لەدەستدا. مولازم ژیان تەلعەت لە بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "پەروین بەرێژەی 95%سووتابوو، ئەو لە داخی کوڕێک خۆی سووتاندبوو، ئەو کوڕە چووەتە ماڵیان و لە ئەندامانی ماڵەوەیانی داوە، داوای لێکردوون ئەو ماڵە چۆڵ بکەن، کێشەکە لەسەر خانوو بووە، بۆیە پەروین لە ژیانی خۆی بێزاربووە، فەرمانی گرتنی کوڕەکەش دەرچووە".

# سێ ساڵە بکوژانی دایکی 4 منداڵ دەستگیر نەکراون

## (س) لە فەلوجەوە: لەبەر براو برازاکانم نەبێ دەچمە دادگا، بەڵام بۆ پارە دەمکەنە بکوژ

سۆران بەهائەدین
رووداو-هەولێر

سوهەیلە بێ ئەوەی بزانێت پیلانی کوشتنی بۆ دانراوە، بە ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ خاڵی بەرەو گوندی خوشکەکەی بەڕێدەکەوێت، نەیدەزانی خاڵی لەگەڵ چەند کەسێک رێککەوتووە کە بیکوژن، هەر ئەوکاتە لە رۆژی 2007/7/21 لە چۆڵەوانییەک 10گوللە لە سوهەیلە دەدەن، هەرچەندە زیاتر لە ساڵێکە فەرمانی گرتنی چوار کەس لەسەر ئەو کوشتنە دەرچووە، بەڵام تائێستا کەسیان دەستگیر نەکراون.

پەیوەند مەغدید، 18ساڵ، کوڕی گەورەی سوهەیلەیە، برای تاقانەی سێ خوشکی تەمەن 16ساڵ و 13ساڵ و 10ساڵە. ئەوان کە ماڵیان لە هەولێرە، دایکیان لە تەمەنی 34 ساڵی کوژرا، باوکیشیان ساڵێک بەر لە کوشتنی سوهەیلە بە نەخۆشی مرد.

فەرمانی گرتنی (س.ئ) خاڵی سوهەیلە دەرچووە، لەگەڵ سێ کەسی دیکە بەناوەکانی (ە.ف، ب.م، ە.ب)، کە ئەو سێیە خزمی دووری سوهەیلەن. نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر، ئاماژەی بەوەدا زۆر بە دوای خالی سوهەیلەدا گەڕاون، بەڵام نەیاندۆزیوەتەوە "فەرمانی گرتنی سێ لەو تۆمەتبارانە (س، ە.م و ە.ب) بۆ هەموو بنکەکانی پۆلیس و بازگەکان رەوانە کراوە، بەڵام (ب) کارمەندی ئاسایشە، نووسراو کراوە تاوەکو لە رێگەی مەرجەعی خۆیەوە رەوانەی بکەن، چونکە ناتوانین بێ مەرجەعی خۆی دەستگیری بکەین"، گوتیشی "تاوەکو ئەو تۆمەتبارانە دەستگیر نەکرێن نازانین ئەو ژنە لەسەر چ کوژراوە".

پەیوەند باسی لەوەکرد، دوای مردنی باوکی میراتێکی زۆریان بۆ مابووەوە، خۆی و دایکی ئۆتۆمبێلیان هەبوو. دایکی 750 مسقاڵ زێڕی هەبوو، پارەیەکی زۆریشی لەبەر دەست بووە، زۆرجار خزمەکان بۆ بۆنەکان زێڕیان لە سوهەیلە وەرگرتووە، پەیوەند دەڵێت "(س) چەند رۆژێک بۆ زێڕ هاتووچۆی کردین، رۆژێک دوای نانخواردن بە دایکمی گوت، با بچین پیاسەیەکی گوند بکەین بۆ ماڵی خوشکت، کە ماڵیان لە نزیک بەستۆڕەیە، دایکم پەری خوشکی منیشی بردبوو، دوای ئەوەی دەچنە ماڵیان، لە گەڕانەوە سێ کەس هاتبوونە سەر رێگەیان لە چۆڵەوانییەک".

لەوکاتەدا (س) پەری کە 9ساڵ بوو، جیادەکاتەوەو دەیباتە ماڵێکی مەڕداری نزیک رێگەکە. پەیوەند دەڵێ دایکی بۆ پارە کوژراوە "دایکم گوتبووی پارەو زێڕەکانتان دەدەمێ مەمکوژن، بەڵام هەر کوشتیان، 10 گوللەیان لە سەر و لاشەی دابوو، نزیکەی 700مسقاڵ زێڕ و 60 هەزار دۆلاریان لێ بردبوو، دەڵێن جگە لەو چوارە کەسیتریشیان لەگەڵ بووە، پەری ئەو چوار کەسە دەناسێتەوە".

دوای رووداوەکە، وەک پەیوەند دەڵێت (س) خۆی پۆلیسی ئاگادارکردبووەوە کە سوهەیلەی کوشتووە، پاشان براو باوکی سوهەیلە سکاڵا تۆماردەکەن، بەڵام پەیوەند دەڵێت "خاڵەکانم لەگەڵ باپیرم هەڕەشەیان لێکرا، هەموویان کوردستانیان بەجێهێشت و چوونە سوید، (ب) لەکاتی پرسەکە هاتە ماڵمان، گوتی بۆ دەگریێن؟ نابێ پرسە دانێن، لە سەرووی خۆمەوە فەرمانم پێکراوە بیکوژم، دەستخۆشیشم لێکراوە"، گوتیشی "هێشتا دایکم نەشاردرابووەوە باپیرمیان بردە بنکەی پۆلیس تەنازولیان پێ کرد، بەڵام من و خوشکەکانم تەنازولمان نەکردووە".

زیاتر لە ساڵێکە فەرمانی گرتنی ئەو چوار کەسە دەرچووە، بەپێی مادەی 406 کە تایبەتە بە کوشتن، بەڵام کەس نەگیراوە، پەیوەند هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هەرچواریان حیزبین بۆیە ناگیرێن "بە ئارەزووی خۆیان دەسوڕێنەوە، ناگیرێن"، پەیوەند پێیوایە ئەوانە هیچ بەڵگەیەکیان نییە کە سوهەیلە کاری خراپی کردبێ "ئەگەر بەڵگەیان هەبوو کە دایکم کاری وایکردووە لێیان خۆشدەبم، بەڵام دەبێ پارەو زێڕەکەمان بۆ بگەڕێننەوە".

(س) بە تەلەفۆن قسە لەگەڵ پەیوەند دەکات و دەنگەکە بە تۆمارکراوی ماوەو دەڵێت "هیچ غەدرم لێتان نەکردووە، حیزب من لە سەر بێ رەوشتێک ناگرێت، کە سوهەیلەم کوشت هەموو دەزگای حکومەتم ئاگادار کردەوە، منەتم بە حکومەتیش نییە، ئەوەی دەست لە من بدات لە 75 گوللەی کەمتر لێ نادەم". پاشان هەڕەشە لە پەیوەند دەکات و دەڵێت "هەر سێ تەلاقم کەوتبێت دەست لەو کارە نەکێشیەوە، ناهێڵم سێ رۆژی دیکەی پێ بچێت سەرت دەبڕم".

(س) لە فەلوجەوە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ (رووداو) کرد، ئەو لەبەر فەرمانی گرتنەکەی هەڵاتووە کە پێشتر لە کوردستان رائید بوو لەپێشمەرگە لە هەولێر. (س) بە هیچ شێوەیەک ئامادە نییە خۆی رادەستی پۆلیس بکات، ئەو باسی لە رووداوەکە کردو گوتی "ماڵی سوهەیلە هەزار کێشەیان هەبووە، بەڵام لەسەر ناموس کوژرا، ئەو رۆژەی لە ماڵی خوشکی گەڕاینەوە، لەناکاو 4کەسی دەمامکدار بە ئۆتۆمبێلێک هاتنە سەر رێگەمان، کلاشینکۆفیان لەسەر سەرم راگرت و سوهەیلەیان برد، کە رۆیشتن تەلەفۆنم بۆ ئاسایش کرد، بەڵام کوشتیان، نەمانی زێڕەکەیش راست نییە، ئەوان هیچیان نەبووە تا خەڵک بیبات". (س) رەتیکردەوە ئەو بکوژی سوهەیلە بێ، بەڵام دەڵێت چەندین جار بەر لەوەی بمرێ بە مێردی سوهەیلە و باوکی سوهەیلەی گوتووە سوهەیلە بکوژن "لە سەد جێگە بە منیان گوتووە کە خوارزات بێ رەوشتە، بە مێردەکەیم گوت بیکوژە، باوکی سوهەیلە هاتە ماڵمان گوتی دەستم ناچێتە کچەکەم تۆ بیکوژە، بەڵام دەرمکرد و پێمگوت بۆ خۆت نایکوژی، ئێستایش لەبەر براو برازاکانم نەبێت دەچمە دادگا، بەڵام ئەوان بۆ پارە لەسەرم دەبنە شایەت کە بکوژم، دووژمنم زۆرە".

(س)سکاڵا تۆمارکردنەکە بۆ پارە دەگەڕێنێتەوە تا پارەی لێوەربگرن "ئێستا پارەیان بدەمێ هەموو کێشەکە تەواو دەبێت، من نەمکوشتووە، بەڵام پێمخۆشە کوژراوە، چونکە ببووە هۆی شەرمەزاری بنەماڵەکەمان، رەخنەیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرم، کە لەسەر بێڕەوشتێک خەڵک دەستگیر دەکات".

# هاوژین دوای تەواوکردنی زانکۆ خۆی سووتاند

رووداو-سلێمانی

لە دواساتەکانی تەمەنیدا، کاتێک لەسەر یەکێک لە قەرەوێڵەکانی نەخۆشخانە چاوەڕوانی مەرگی دەکرد، هاوژین هیچ شتێکی نەبوو بۆ گوتن، بەڵام چەند رۆژێک دوای پرسەکەی، دەفتەرێکی ئەویان دۆزیەوە، کە پڕە لە یادەوەریە تۆمارکراوەکانی. لەدێرێکی ئەو یادەوەریانەیدا نووسیویەتی "خودا لە تەمەنی من هەڵبگرێت و بیخاتە سەر تەمەنی دایکم".

لە زستانی رابردوودا، کچێکی تەمەن 25 ساڵ کە بەشی ژمێریاری زانکۆی سلێمانی تەواو کردبوو، نەوتی بەخۆیدا کردو ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا، ئەگەرچی بە هیوای مانەوە لە ژیان 34 رۆژ بەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانەوە راکشا، بەڵام دواجار گیانی لە دەستدا، چیرۆکی خۆکوشتنی هاوژین، تائێستاش روون نییە.

فەرەج مەلا ئەمینی باوکی لەبارەی کچەکەی دەڵێت " هاوژین لەبەر خوێندن هەرگیز نەیدەویست شوو بکات، هەرچەندە زۆر دڵشکاویش بوو بەرامبەر ژیان و بەردەوام خەمبار بوو"، باوکی هاوژین گوتی کە هاوژین خۆی سووتاند"فاروقی مەلا مستەفا پێیگوتین لەهەر شوێنێکی دونیا چارەسەری هەبێت من دەیبینێرم، بەڵام پزیشکەکان گوتیان چاک نابێتەوە".

هاوژین فەرەج مەلا ئەمین، لەهەڵەبجەی شەهید لە دایکبووە و ماڵیان لەگەڕەکی سەرکارێزی سلێمانی بوو. ئەو دوایین منداڵی خێزانەکەی بوو، کە خوشکێک و سێ برای هەبوو. خوێندکارێکی زیرەک بوو، سەوداسەری ئەو بۆ خوێندن وای لێکرد، ساڵی رابردوو بەشی ژمێریاری زانکۆی سلێمانی تەواو بکات و لە کۆمپانیای ئاسیاسێڵ لەبەشی ژمێریاری دامەزرا، بەڵام وەک سێیەمین هەوڵی خۆکوشتن، لە 2010/2/14، کە هاوکاتبوو لەگەڵ رۆژی خۆشەویستی لە جیهاندا (ڤالانتاین)، لە ماڵەکەیان خۆی سووتاند.

گەلاوێژ ئیسماعیلی دایکی هاوژین، هێشتا دەڵێی دیواری خەمێکی قورس بەسەر دڵیدا رووخاوە و زۆر بیر لە کچەکەی دەکاتەوە "ئەو دووجاری دیکەش بەچەقۆ هەوڵی خۆ کوشتنیدا، بەڵام نەمرد، جارێکیش ئۆتۆمبێل لێیدا". ئەو میهرەبانی کچەکەی لەیاد ناکات و دەڵێ، "ئەو وەک هاوڕێم بوو، زۆر دڵنەوایی دەکردم، زۆرجار دەیگوت، دایکە هیچ خەم مەخۆ، ئەگەر باوکیشم شتێکی لێبێت خۆم خەرجیت دەکێشم و ناهێڵم پێویستیت بەهیچ شتێک بێت".

وەک دایکی باسیکرد لە نەخۆشخانە هاوژین بە خوشکەکەی گوتووە "با دایکم بەبۆنەی منەوە جلی رەش لەبەرنەکات و خەم نەخوات"، هەروەها چەند رۆژێک بەر لە گیان لەدەستدانی، زۆر داوای ئەوەی کردووە تەرمەکەی ببەنەوە بۆ هەڵەبجە و لەوێ بینێژن "بەڵام من بەوە رازی نەبووم و لە گۆڕستانی سەیوان ناشتمان".

بەهیە قادر، دراوسێی ماڵی هاوژینە و لەکاتی رووداوەکەدا خۆی گەیاندووەتە ئەوێ و هاوژینی بە ئاگرەوە بینیوە "کچێکی زۆر بەهێزبوو، بەو ئاگرەشەوە هیچ هاواری نەدەکرد و کە کوژاندیشمانەوە جلی لەبەردا نەمابوو، کەچی هێشتا خەمی ئەوەی بوو لاشەی دەرنەکەوێ و خۆی داپۆشی".

وەک کەسە نزیکەکانی ئاماژەی پێدەدەن، هاوژین گیرۆدەی هەستێکی ناسک بووەو زۆر خەمی بەو کێشە رۆژانەییانە دەخوارد کە لە ژیانیدا دووچاری دەبوون، بەڵام روونترین کێشەی بەردەوام و ئازاراوی ئەو، هەژاری و دەستکورتی بووە، بەتایبەتی کە لەژیانی زانکۆدا زۆر کاریگەری لەسەر داناوە.

گوڵان فەرەج، خوشکی هاوژین دەڵێ ئەو گەنجێک بوو کە شت نەدەهات بەدەستییەوەو ئیش بەناڕەحەتی لەبەری دەڕۆیشت "لەبەرنامەیدا بوو دیسان برواتەوە زانکۆ و ماستەر بخوێنێ"، هەروەها گوڵان دەڵێ "ئەم هاوینە خۆم گوێم لێی بوو کە دەیگوت ئینشاڵڵا ئەم هاوینە دەمرم".

دایکی باسی ئەو ئێوارەیە دەگێڕێتەوە کە هاوژین خۆی تێدا سووتاند "کاژێر 7ی ئێوارە بوو، رایکردە حەوشەکە و دەبەیەک نەوتی بەخۆیدا کردو ئاگری لەخۆی بەردا، بەڵام خێرا کوژاندمەوەو نەمهێشت بسووتێ"، بۆجاری دووەم هەر لەو ئێوارەیەدا دەرفەتی هێناوەتەوەو نەوتی بەخۆیدا کردووەتەوە"کاتێک کوژاندمانەوە لەشی یەکجار زۆر سووتابوو، بەو سووتاوییەش لەبەر ئەوەی من خەفەت نەخۆم دەیگوت، دایکە هیچ نییە مەترسە تۆزێک سووتاوم".

کاتێک لەنەخۆشخانەبووە و دایکی چووەتە لای، لێی پرسیوە"دایە زۆر سووتاوم، دەمووچام ناشیرین بووە"، گەلاوێژ هەروەها گوتی"دواتر بە خزم و کەسوکاری گوتبوو نامەوێ کەس بێت بۆ لام و بەو شێوە بمبینن".



# ئاران بەهەمان سیناریۆی لەرێ رفێندرا

## پێش رفاندنی ئاران، رفێنەرەکە داوای 5 هەزار دۆلاری لە باوکی کردبوو

سنوور مەجید
رووداو-سلێمانی

دیمەنی پێشوازیکردن لە ئاران ئیبراهیمی تەمەن 3ساڵ و نیو، لە بەردەم بازگەی سلێمانیدا زیاتر لە مەراسیمی پێشوازی لە سەرکردەیەکی خۆشەویست دەچوو، لەگەڵ کردنەوەی دەرگای ئەو ئۆتۆمبیلەی ئارانی تێدابوو، سەرگوڵ قادری دایکی بەچاوی فرمێسکاوییەوە هاواری کردو باوەشی بە کوڕە رفێنراوەکەیدا کرد.

نزیکەی سێ ساڵ لەمەوبەر، (لەرێ)ی تەمەن 5 ساڵ لەلایەن مێردی پووری خۆیەوە رفێنراو دواتر رفێنەر بۆ ئەوەی گومانی لێنەکرێت، لەگەڵ کەسوکاری لەرێ دا چەند کاژێرێک بۆ لەرێ گەڕا، دواتر هێزەکانی ئاسایش دەستگیریان کرد و دانی بە رفاندنی دانا. رفاندنی ئاران ئیبراهیمی تەمەن 3ساڵ و نیویش لە 2010/9/17 دووبارەبوونەوەی هەمان سیناریۆ بوو، بۆیە هێزە ئەمنییەکان توانیان بە شێوەیەکی خێرا رفێنەران دەستگیر بکەن.

توانا ئەو گەنجە کەرکووکییە بوو، کە بەهۆی کارکردنی بۆ ماوەیەک لەو ماڵەدا، ئاشنایەتی لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد رەزای باوکی ئاران پەیدا کردبوو، هەر بەو هۆیەوە زۆربەی کارەکانی ماڵی بەو کوڕە دەسپارد.

وەک یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ئیبراهیم گێڕایەوە، ماوەیەک پێش رفاندنی ئاران، توانا داوای 5 هەزار دۆلاری لە ئیبراهیم کردبوو و پێیگوتبوو"دایکم نەخۆشە"، بەڵام لەبەرئەوەی ئیبراهیم پێی گوتووە ئەو پارەیەم لەبەر دەست نییە، توانا بڕوای نەکردووەو بڕیاریداوە تۆڵەی لێبکاتەوە.

سەرگوڵ قادر، دایکی ئاران دەڵێ، "ئەو توانایە لە ماڵەوە بەلوعەی ئاوی بۆ چاک دەکردین، چەند برغویەکی دایە دەست من و رۆیشت، دیارە ئارانی بەوە خەڵەتاندبوو کە دەیبیات لە دووکان شتی بۆ بکرێت، بەڵام دوای 20 دەقیقە کچەکەم هاتەوەو گوتی دایکە توانا دەڵێ ئارانم لای ماڵەوە دابەزاندووە". توانا لەو ماوەیەدا ئارانی بە ئۆتۆمبیل بردووەو لەودیو دوا بازگە لای باینجان تەسلیمی رفێنەرە هاوکارەکانی کردووەو بۆ خۆی گەڕاوەتەوە ماڵی ئاران تا گومانی لێنەکرێت "دواتر توانا هات بۆ ماڵەوەو وەک ئێمە بۆ ئاران دەگەڕا".

حاکم قادر حەمەجان، بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند، دوای دەستگیرکردنی توانا و لێکۆڵینەوە لەگەڵی، دانی بەوەدانا کە ئەو ئارانی رفاندووەو تەسلیم بەچەند کەسێکی عەرەبی کردووە.

حاکم قادر گوتیشی "دواتر کە زانیمان منداڵەکە لە بەغدایە، بەهاوکاری هێزەکانی دژە تیرۆر و لیوای دووی بەڕێز سەرۆک کۆمار لەبەغدا، توانیمان گەمارۆی ئەو شوێنە لەگەڕەکی سەورەی بەغدا بدەین و منداڵەکە ئازاد بکەین و رفێنەرانیش دەستگیر بکەین".

هەر ئەو شەوەی ئاران گەیێندراوەتەوە بەغدا، بە تەلەفۆنی ئەسیر تەلەفۆن بۆ ئیبراهیم ئەحمەد رەزای باوکی ئاران کراوە "پێیانگوتم منداڵەکە لای ئێمەیە و داوای نیو ملیۆن دۆلار دەکەین لەبەرامبەر ئازادکردنی"، گوتیشی "دواتر بە موعامەلە ئەو پارەیەمان دابەزاند بۆ 250 هەزار دۆلار و بڕیاربوو رۆژی 2010/9/18 بچین بۆ بەغدا و پارەکە بدەین، بەڵام سوپاس بۆ خوا هێزەکانی ئاسایش منداڵەکەیان هێنایەوە".

وەک ئەو ناسراوەیان باسیکرد، بۆیە توانا ئەو کارەی کردووە، چونکە ئاگادار بووە کە ئیبراهیم خانوویەکی فرۆشتووەو زانیویەتی پارەی هەیە تا لەبەرامبەر کوڕەکەی بیدات.



ئاران ئیبراهیمی تەمەن 3ساڵ

# فاتیمە بووە قوربانی ژن بە ژنە

## ئەڤینی 40 شەوە بێ دایک مایەوە

نەجیبە محەممەد
رووداو- هەولێر

دوای دەمەقاڵێ نێوان فاتیمە لەگەڵ خەسو و دشەکەی، فاتیمە لە ئێوارەیەکی درەنگ دەچێتە حەمام و دەرگا لەسەر خۆی دادەخات خۆی دەسووتێنێ. عەلی، کە مێردی فاتیمەیە گوتی "زۆر هەوڵمدا فاتیمە بکوژێنمەوە، بەڵام دەرگای حەمامەکەم پێنەشکاو کە دەرگاکەی کردەوە بە گوڕی ئاگرەوە هاتە دەرەوە، بە بەتانی کوژاندمانەوە".

فاتیمە مەحمود حەسەن،27 ساڵ، کە ماوەی 12 ساڵە شووی کردووە و چوار کچی لە دوا بەجێماوە (هێلین 7 ساڵ، هێڤین 6 ساڵ، لاڤین 3 ساڵ، ئەڤین 40 شەو).

ئەو لە رۆژی 2010/9/15 لە ماڵی خۆیان لە ناحیەی بەحرکە ئاگری لە خۆی بەردا و بە رێژەی 95 % سووتا. رۆژی 9/18 لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی، مرد.

بەپێی گێڕانەوەی مێردەکەی بۆ (رووداو)، کێشەی فاتیمە لەگەڵ دش و خەسووەکەی لەسەر دەستوەردانی ئەوان بووە لە ژیانی، ئەو رۆژەی خۆی سووتاند لە هێڤینی کچی دەدات، دشەکەی و خەسووەکەشی لەگەڵی دەکەنە دەمەقاڵێ، بەڵام فاتیمە رووبەروویان دەبێتەوەو دەڵێت "من لە منداڵی خۆم دەدەم هیچ پەیوەندی بە ئێوەوە نییە". هەیفای دشی پێیدەڵێت ئێوارە شکاتت لێدەکەم لەلای براکەم، فاتیمەش دەڵێت "حەزدەکەی بە باپیری براکەشت بڵێ، ئەوە پەیوەندی بە ئێوەوە نییە، حەزناکەم دەست لەژیانم وەربدەن".

لە ئێوارەدا کاتێک عەلی عەودی، 33 ساڵ، هاوسەری فاتیمە لە کارگەی بلۆک لە کرێکاری دەگەڕێتەوە، فاتیمە کێشەکە بۆ مێردەکەی دەگێڕێتەوە، دەڵێت "ئەمڕۆ لە کچەکەمم داوە لەسەر ئەوە دایک و خوشکەکەت دەمەقاڵیان لەگەڵ کردووم لەبەر دەرگا". مێردەکەشی دەڵێت "دەستت خۆشبێت لە کچەکەتت داوە، بەڵام لە کۆڵان شەڕ مەکەن، با خەڵک گاڵتەتان پێ نەکات".

فاتیمە دراوسێی ماڵێ خەزووری بوو، کاتێک خەریکی منداڵە بچکۆلەکەی بووە، بە عەلی مێردی دەڵێ منداڵەکە رابژەنە ئێستا دیمەوە،

## هاوسەری فاتیمە: داوا لە خەڵک دەکەم لە ژن بە ژنە دوور بکەونەوە

عەلی گوتی "من خەریکی راژەندنی کچەکەم بووم وامزانی فاتیمە دەچێت ئاو یان میوەم بۆ دێنێ، کەچی گوێم لە هاواری بوو گوتی من حەزناکەم ئەو خوشکە..... ت بێتە ئێرە، لە داخی ئەو خۆم دەسووتێنم، منیش کە گوێم لەو قسانە بوو رامکردە لای حەمامەکە و بینیم خوشکەکەم دێتە ژوورەوە، فاتیمە دەرگای لەسەر خۆی داخستبوو و هاوارم کرد فاتیمە بیکەوە نەیکردەوە، خۆم بە دەرگاکەدا کێشا نەکرایەوە".

فاتیمە هەر لەوکاتەدا نەوت بەخۆیدا دەکات و خۆی دەسووتێنێ عەلی گوتی "هەر خەریکی دەرگاکە بووم بیکاتەوە لەوکاتەدا گرمەی ئاگر و دەرگا کردنەوە یەکبوو، فاتمە خۆی دەرگاکەی کردەوەو بینیم بە ئاگرەوە هاتە دەرێ و لەبەردەمم کەوت".

عەلی، کاژێرێک بەر لەوەی ژنەکەی بمرێ لەبەردەم نەخۆشخانەی ئیمرجنسی لەگەڵ ماڵی خەزووری چاوەڕێی هەواڵی تەندروستی فاتمەی دەکرد و گوتی "ئێمە هیچ کێشەیەکمان نەبووە زۆر سوپاسی خوا دەکەم دوای خووسوتاندنی بە زیندوویی هێنامە نەخۆشخانە، شتەکە بۆ خەڵک روون بووەوە، لەداخی من خۆی نەسوتاندووە، پۆلیس ئیفادی لێوەرگرت فاتیمە گوتبووی لەرقی خەسووم و دشەکەم خۆی سوتاندووە، ئێستا دایکم و خوشکم دەستگیرکراون".

فاتیمە، ژن بەژنی پێکراوەو لەو ماوەیەدا براکەی ژنی دووەمی هێناوە، ئەوەش ماڵی خەزووری تووڕەکردووەو، دەیانگوت دەبێ عەلیش ژنی دووەم بێنێ، بەڵام عەلی رازی نەبووە. شەعبان مەحمود برای فاتیمە پێشمەرگەیە لە موسڵ، ماوەیەک لەمەوبەر بە وتەی خۆی بە رەزامەندی ژنەکەی، ژنی دووەمی هێناوە شەعبان گوتی" کە من ژنی دووەمم هێنا گوتیان دەبێت عەلی ژن بێنێت خەزوورم گوتی 70 هەزار دۆلارم داناوە، ژن بۆ کوڕەکەم بێنم، ئەوە دووژمنایەتییە چۆن تۆ ژنت بەسەر کچەکەم هێناوە".

لەبەردەم ئیمێرجنسی تەنها کەسوکاری فاتیمە دەبینران لەگەڵ مێردی فاتیمە، کاتێک شەعبانی برای دەزانێ خوشکەکەی سووتاوە لەگەڵ چوار پێشمەرگەی دیکە دەچنە ئیمێرجنسی هەولێر و بە زاواکەیان دەڵێن ماڵی باوکت بۆیان نییە بێنە ئێرە تەنها تۆ نەبێت. شەعبان گوتی "من و دایکم سکاڵامان لەسەر خەزوورم و خەسووم و خوشکی عەلی تۆمار دەکەین، چونکە ئەو سێ کەسە هۆکاری سەرەکی خۆسووتاندنی فاتیمە بوون و ناهێڵین ئەوان ئازاد بکرێن، ئەوە کێشەیەکی گەورەیە ئەگەر لە یاساش بێ ئومێد بووین کێشەکەمان دەکەینە عەشایەری، ئێمە عەشیرەتین ئەو زوڵمە قبوڵ ناکەین".

خۆ سووتاندنی فاتیمە بەڕای مێردەکەی ئامادەکاری بۆکراوە، عەلی گوتی "لەوانەیە فاتیمە پێشتر نەوت و شقارتەی بردبێتە حەمام بۆ خۆسووتاندن، چونکە کە رۆیشتە دەرەوە هیچی پێنەبوو، لەو باوەڕەدام لەماڵیش نەبووام خۆی هەر دەسووتاند". عەلی ئامۆژگاری خەڵک دەکات لە ژن بەژنی دوور بکەونەوە "چونکە کێشە لەلایەک هەبێت لاکەی دیکەش کێشەی بۆ دروستدەبێت".

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند "خەسوو و دشەکەی فاتیمە، لەلایەن فاتیمەوە بەر لەوەی بمرێت سکاڵایان لەسەر تۆمار کراوەو ئێستا هەردووکیان بەپێی مادەی 408 لە یاسای سزادانی عێراقی دەستگیر کراون و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێ".

# کۆمەڵایەتی



**ئەحمەد لە قوتابخانە دەرنەچوو خۆی خنکاند**

**رووداو-کەلار**

رۆژی 2010/9/18 لە شارۆچکەی کەلار قوتابییەک خۆی خنکاند. ئەو قوتابییە کە ناوی ئەحمەد قادر محەممەد بوو، تەمەنی 14ساڵ بوو و لە پۆلی 9ی بنەڕەتی بوو. موقەدەم لوقمان سابیر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەلار بە (رووداو)ی راگەیاند، ئەحمەد دوای ئەوەی لە خولی دووەم لە دوو وانە کەوتووەو دەرنەچووە، چووەتەوە ماڵ بە پەتێک خۆی خنکاندووە "باوکی ئەحمەد سکاڵای لە دژی مامۆستایەک و بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی تۆمارکردووە، فەرمانی گرتنی ئەو دوو مامۆستایە دەرنەچووە، بەڵام دەبێ بۆ ئیفادەدان ئامادە بن".

## 3 کەسەکە چۆن لە بیرەکەی توتمێ دا خنکان؟

# " ئەوە دیسان سەدام کیمیاوی لێداینەوە"



**بارزان محەممەد**

paewanta@yahoo.com

**رووداو- بالیسان**

سەدان کەس لە دەوری بیرەکە کۆببوونەوەو خەریکی دەرهێنانی خنکاوەکان بوون، رووداوی ئەو بیرە ئاوە جەژنی لە ناوچەکە نەهێشت، یەکێک هاواری دەکرد تەلەفۆن بۆ نەخۆشخانە بکەن ئۆکسجین بێنن، یەکێکی دیکە وەڵامی دەدایەوە: ئۆکجسین لە رێگایە.

دوای نیوەڕۆی رۆژی 2010/9/11، لە گوندی توتمێ، کە سەر بە ناحیەی بالیسانە، گەشتیار تاهیر جەلال، 4ساڵ، دەکەوێتە ناو بیرێکی ئاو. سێ کەس بۆ دەرهێنانی دەچنە ناو بیرەکە و بەهۆی نەمانی ئۆکسجین لە ناو بیرەکە دووانیان: مستەفا جەلال، 56 ساڵ، کە باپیری گەشتیارەو هەمزە قادر،27 ساڵ، کە بە میوانی چوو بووە گوندەکە، لەگەڵ گەشتیاردا خنکان.

هەروەها ئیبراهیم حەمەدەمین، 53 ساڵ، ئێستا لە نەخۆشخانەیەو هۆشی لەسەرخۆی نەماوەو هەموو شتێکی ئەوکاتەی بیرچووەتەوە.

بەڕێوەبەری پۆلیسی بالیسان، هۆکاری خنکانی ئەو کەسانەی بۆ پێکهاتەی هەوای ناو بیرەکە گەڕاندەوە کە بەهۆی ئەو نەوتەی تێیرژاوە هەواکەی گۆڕاوەو ئۆکسجینی تێدا نەماوە. ملازم ئەیوب کانیبەردی، بەڕێوەبەری پۆلیسی بالیسان بە (رووداو)ی راگەیاند "بەهۆی نەمانی ئۆکسجین لە ناو بیرەکە یەکێک لە تیمەکەی ئێمەش لەهۆش خۆی چوو".

ئەگەر پۆلیسی بالیسان نەگەیشتبووایە ئەو شوێنە کارەساتەکە گەورەتر دەبوو، چونکە چەند کەسێکی دیکە لە خزم و کەسانی خنکاوەکان دەیانویست بچنە ناو بیرەکە، بەڵام پۆلیس نەیهێشت. مولازم ئەیوب گوتی "ئێمە نەمانهێشت جگە لە تیمەکانی فریاگوزاری کەسی دیکە بچێتە ناو بیرەکە".

یاسین ئیبراهیم، کە باوکیشی چووبووە ناو بیرەکە و ئێستا لە نەخۆشخانەیە گوتی "منداڵەکان لەو شوێنە یارییان دەکرد، گەشتیار بۆ ئەوەی سەیری بیرەکە بکات سەرەکەی لاداوەو کەوتووەتە ناوی، منداڵەکانی دیکە هاتنەوە گوتیان گەشتیار کەوتووەتە ناو بیر، ئێمە نەمانزانی بیرەکە غازاتی کردووە، بۆیە مستەفا جەلالی باپیری کە تەمەنی 56 ساڵە چووە ناو بیرەکە بۆ ئەوەی دەریبێنێ، بەڵام ئەویش خنکا".

بیرەکە 10 مەتر قوڵە و ئاوی تێدا نەبووە، بەهۆی ئەوەی بەرمیلێکی نەوت لە نزیک لێواری بیرەکە دانرابوو، بەرمیلەکە کون بووە ئەو نەوتەی لێی رژاوە هەمووی چووەتە ناو بیرەکەو غازاتی تێدا پەیداکردووە. یاسین دەڵێ "بەهۆی نەوتەکەوە شۆڕدەکەنەوەو، کە دەگاتە بنی بیرەکە ئەویش لە هۆش خۆی دەچێت، کە پەتەکە رادەکێشنە دەرەوە ئیبراهیم بەربووەوە ناو بیرەکە، یاسین دەڵێ "لەبەر ئەوەی لەهۆش خۆی چووبوو، لەشی خاوبووەو پەتەکەی لێبووەوە".

یاسین تەلەفۆن بۆ تیمی بەرگری شارستانی شەقڵاوە دەکات، بۆ ئەوەی ئۆکسجین بێنن و کەسەکانیان لەو بیرە دەربێنن، لە ماوەی 35 خولەکدا پۆلیس و تیمی بەرگری شارستانی دەگەنە توتمێ، یاسین ئیبراهیم دەڵێ "ئەگەر تیمی بەرگری شارستانی شەقلاوە نەهاتبا بۆ دەرهێنانیان، ئێمە نەماندەتوانی دەریان بێنین".

حەسەن ئەحمەد، 57ساڵ گوتی "لەبەر ئەوەی شوێنەکە زۆر گەرم بوو، کەس ناتوانێ زیاتر لە 20 دەقیقە خۆی لێ راگرێ".

گوندی توتمێ سەر بە قەزای شەقڵاوەیە، 200 خانووی لێدروستکراوەو، 140 خێزان لەو گوندە دەژین، هەر ماڵێک بیرێکی تایبەتی بۆ خۆی لێداوە، 200 بیر بە دەست لێدراون، قوڵایی هەر بیرێک لە سەرووی 10 مەترە.

یاسین ئیبراهیم ئاماژە بەوەدەکات، کە پێش 10 ساڵ، منداڵێکی دیکە لەبیرێکی دیکە لەو گوندە خنکاوە، "بەڵام ئەوکات بیرەکە ئاوی تێدابوو لە ناو ئاوەکەیدا خنکا".



ئیبراهیم حەمەدەمین



مستەفا جەلال



هەمزە قادر

ئۆکسجین لە بیرەکەدا نەماوە، ئەگینا پێشتر چەند جار چووینەتە ناوی بۆ پاککردنەوە".

یاسین، دەڵێ دوای ئەوەی مستەفا نەهاتە دەرەوە، هەمزە قادر،27 ساڵ، کە لە هەولێرەوە هاتبووە گوندی توتمێ بۆ سەردانی دایک و براکانی بەبۆنەی جەژنەوە، دەچێتە ناو بیرەکەو ئەویش نایێتە دەرەوەو لە هۆش خۆی دەچێت و دواتر خنکا. هەمزە، باوکی دوو کوڕ و کچێکەو، سێ کاژێر بوو گەیشتبووە توتمێ.

لەو ماوەیەدا خەڵکێکی زۆر لە دەوری بیرەکە کۆبوونەوە، کەس نەیدەوێرا بچێتە ناوی، چونکە ئەوەی چووە ناوی نەهاتە دەرەوە. بەڵام باوکی یاسین خۆی پێڕانەگیرا و ئیبراهیم حەمەدەمین بە پەتێک

سالح ئەکرەم، بەڕێوەبەری ناحیەی بالیسان، تیمی بەرگری شارستانی رانیە ئاگادار دەکاتەوە لەگەڵ تیمی بەرگری شارستانی شەقلاوە، بۆ ئەوەی کەسەکانی ناو بیرەکە رزگار بکەن "لەبەر ئەوەی درەنگ ئێمە ئاگادار کراینەوە، تیمەکانیش درەنگ ئاگادارکرانەوە، سیانیان خنکابوون تەنیا یەکێکیان رزگاربوو".

یەکێک لە فریاگوزارەکان بە ئۆکجسینەوە چووە خوارەوە، بەڵام لەوێ بینیویەتی تەنیا ئیبراهیم حەمەدەمین گیانی لەبەردا ماوە و سێ کەسەکەی دیکە مردوون. دوای ئەوەی فریاگوزارەکە ئیبراهیم و یەکێکی تر دەردەهێنێ، بەڵام دوای ئەوە ئەویش لەهۆش خۆی دەچێ و ناتوانێ بچێتەوە ناوی،

دوای ئەوەی هەردوو چاوی کوێربوون ئیبراهیم حەمەدەمین دەنێردرێتە نەخۆشخانەی فریاکەوتن لە هەولێر، دوای دوو رۆژ بەهۆش خۆی دێتەوە، بەڵام ئێستا ئەو کارەساتەی بەسەری داهاتووە، هەمووی بیرچووەتەوەو نازانێ چووەتە ناو بیری ئاو، یاسین گوتی "باوکم هیچی بەبیر نەماوە، تەنیا دەڵێ ئەوە دووبارە کیمیایان لێداینەوە، سەددام کیمیای لێداینەوە".

یاسینی کوڕی ئیبراهیم دەڵێ، ئەگەرچی ئێستا خەڵک وازی لەو بیرانە هێناوەو بیر بە دەزگا لە ناو زەوییەکانیان لێدەدەن، بەڵام تا ئێستا ئەو بیرە دەستکردانەیان پڕنەکردوونەتەوە، کە مایەی مەترسی لەو جۆرەن.



**تامان شاکر**

tamanshakir@yahoo.de

# وەتەنونمەدە لە هەولێر

کردنەوەی قوتابخانەیەکم هەمیشە لە سەد مزگەوت پێ باشترە، چونکە ئێستا لەبەر کەمی قوتابخانە منداڵەکانمان بە قەرەپەستانە دەخرێنە پۆلەکانەوە. ئەوجا قوتابخانە هیچ جۆرە دەمارگیرییەکی ئاینی و نەتەوەیی تێدا دروستناکرێ. بەڵام کردنەوەی قوتابخانەی ئەڵمانی جیاوازیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەیەکی ئاسایی لە هەرێمی کوردستاندا. منیش پێمخۆشە، چونکە دەزانم سوودی دەبێ، هەر هیچ نەبێ نمونەیەک لەسیستەم پارێزی ئەڵمان دەبینین، کە ئەڵمان پێیەوە بەنێوبانگن.

ئێمە لە کوردستان خۆمان تەکلیف دەکەین و دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەوەستین، بەڵام لە رێوڕەسمی ئەڵمانەکاندا ئەو برگەیەی تێدا نەبوو، بەڵکوسەرنج راکێشتر لەوە هەبوو. یەکەم شت سروودی نەتەوەیی عێراق لێدرا، هەرکە ریکۆردەرەکە چرکەی لێوە هات بە وەتەنن مەدە دەستی پێکرد، خەڵکیش هەموو بە وەزیر و گزیرەوە بەریز وەستان تا تەواو بوو، ئەمە رێز گرتنە لە میوان. کەس جورئەتی نەبوو پەشیمان ببێتەوەو بڵێ بابە بیوەستێنە ئەوە هینەکە نییە، سەدام گورزەشت بۆ زاکیرەمان دەشێوێنن، بەخوا هیچ عەیبیش نەبوو تەنها کەمێک جورئەتی دەویست.

مامۆستا عەلی باپیر بۆ سروودی نیشتمانیی کوردستان هەڵناستێت و هیچ پێی شەرم نییە، بۆ دەبێ ئێوە پێتان شەرم بێت و ئەوەندە میوان دۆستبن!. یان وەک نەریتێکی کوردانە نەتانویست میوانەکانمان تەریق ببنەوە.

دوای ئەوە سروودی نیشتمانی ئەڵمانی لێدراو ئەو خەڵکە هەر وەستا، لە کۆتاییدا سروودی ئەی رەقیب لێدرا، لەوکاتدا دەتگوت بە بەر تووک و دووعای ئیسلامییەکان کەوتووە، لە هەموو شتێک دەچوو بەس لە ئەی رەقیب نەبێت. ئەوەی جێگەی نیگەرانییە بۆ دەبێ کونسولخانەی ئەڵمانی بایەخ بەم شتانە نەدات، بە تایبەتی لە بۆنەیەکی ئاوادا، تۆ بڵێی سروودی نیشتمانیی عێراق (مەوتنی)یان نەبێت، یان پێیانوایە عێراق هێشتا نوێنەبووەتەوە و عێراق نەگۆڕاوە.

دووشت لەم رێوڕەسمەدا بۆ من جێگەی پرسیار بوو، باسی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکرا. خاڵی دووەم کە جێگەی پرسیاربوو بۆ من، قوتابخانەی مەئموون دەباغی کچان دوو دەوامی تێدابوو نازانم ئەو قوتابیانەیان وەک گۆشتی خێر بەسەر کێدا دابەشکرد، بۆ ئەوەی ئەو قوتابخانەیە بکرێتە قوتابخانەی ئەڵمانی. پێموانییە دەوڵەمەندەکانی وڵاتی ئێمە ئەوەندە خێرخواز و نیشتمانی بن بیر لە داهاتووی منداڵانی ئەو وڵاتە بکەنەوە قوتابخانەیەکی تازە بۆ کچەکانمان دروستبکەن. ئەڵمانیش هەر دەڵێن نییە. بۆیە نرخی خوێندنی قوتابی باخچەی ساوایان و سەرەتایی 21 شینە وەرەقەیە لە ساڵێکدا، کەواتە ئەوێش تەنها بۆ منداڵە دەوڵەمەندەکانی ئەم وڵاتەیە، وەک هاوشێوەکانی دیکەی لە شوەیفات و عیشق ...

لە کۆتاییدا دەڵێم ئیتر منداڵەکانمان لە سەر سروودی نەتەوەیی عێراقی کۆن رامەهێنن. سەدام ئۆغری کردووە.

# لە هەولێر باوکێک کوڕەکەی خۆی دەکوژێت

## "بە کوشتنی براکەم ئیسراحەتمان کرد"



باوکی سامان



سامان عومەر حوسێن

**سۆران بەهائەددین**

**رووداو-هەولێر**

عومەر چەندین جار هەڕەشەی لە سامانی کوڕی کردبوو، واز لە فێڵکرن و دەستبڕینی خەڵک بێنێ، بەڵام هەر وازی نەدەهێنا، تا لە ئێوارانێکدا بە دەستی باوکی کۆتایی بە ژیانی هات. جەمال کە تاکە برای سامانە ئەو قسانەی بۆ (رووداو) کرد. ئەو زۆر خەمبارە بۆ مەرگی براکەی، لەگەڵ ئەوەشدا دەیگوت "بە کوشتنی سامان ئیسراحەتمان کرد، لەوەتەی ئەو کوڕە پێڕاگەیشتووە کێشە لە ماڵمان نەبڕاوە".

سامان عومەر حوسێن، 23 ساڵ، ماڵیان لە گەڕەکی تەیراوەی هەولێربوو، خوێندنی سەرەتایی تەواوکردبوو، دوای ئەوەی تێکەڵی ئافرەتان دەبێ، تووشی قەرز و دزی دێت، کە بە هۆیەوە کێشەی بۆ ماڵەوەیان دروستدەکرد، تا ئێوارەی 2010/9/6 بە دەستی عومەری باوکی کە تەمەنی 56ساڵە کوژرا.

ئێستا عومەر بەپێی مادەی 406ی یاسای سزادان لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی هەولێر چاوەڕێی دادگاییکردنە.

سامان لەگەڵ باوک و جەمالی برای لە بازاڕی هەولێر بۆڕیچی بوون، جەمال 30ساڵ، دوای مەرگی براکەی قسەی بۆ (رووداو) کرد، ئەو خەمێکی ئەوتۆ لە رووخساری نەدەبینرا، زیاتر باسی تێکچوونی شیرازەی خێزانەکەی دەکرد بەهۆی کارەکانی سامانەوەو داوایکرد باوکی ئازاد بکرێ.

جەمال سەرەتای کێشەکەی بۆ جۆری کارەکەیان گەڕاندەوە کە دەچنە ماڵان بۆ چاککردنی بۆڕی ماڵان "سامان کوڕێکی باش و کاسب بوو، بەڵام ئیشەکەمان وایلێکرد، چونکە دەچینە ماڵان، هەموو جۆرە کەسێک دەبینین ئاگات لە خۆت نەبێت دەفەوتێی، سامان لەو کاتەوە تووشی ژنی خراپ بوو".

ئیدی سامان بەردەوام هەوڵی پەیداکردنی پارە دەدات بە هەر شێوەیەک بێت بۆ رابواردن. وەک جەمال دەڵێت سامان پارەی لە خەڵک وەردەگرت بە قەرز و نەیدەدانەوە، ئەوانیش دەچوون یەخەی باوکیان دەگرت و ناچار ئەو دەیدایەوە، سامان سێ ئۆتۆمبیلیشی دزی بوو"ئۆتۆمبێلی ماڵی خۆمانی برد، لەگەڵ ئۆتۆمبێلی ئامۆزایەکەم بەناوی پیاسە بردی و نەیگەڕاندەوە، ئۆتۆمبێلی دراوسێیەکمانی برد بەناوی فرۆشتن نەیگەڕاندەوە".

بەگوێرەی قسەکانی جەمال ئەوان سوڵحیان لەگەڵ دراوسێیەکەیان کردو پارەی ئۆتۆمبێلەکەیان بەتەواوی پێدان، بەڵام ئەوان هەر بە خراپە باسی سامانیان لای خەڵکی دەکرد، بۆیە سامان قسەیان بۆ دەنێرێ، چیتر باسی نەکەن "ئەوان بە هەڕەشە تێگەیشتبوون، باوکی کوڕەکە هاتبووە لای باوکم، گوتبووی سامان هەڕەشە لە کوڕی من دەکات و دەڵێت کوڕت دزە، قسەی ناشرین بە باوکم دەڵێت، ببووە شەڕیان و بە تەسبێح لەناو چاوی باوکمی دابوو، بۆیە باوکم بە سامانی گوتبوو بچێت لێیان بدات، بەڵام سامان بە قسەی نەکردبوو".

عومەر بەوە تووڕە دەبێت و ئێوارە لە کاتی نانخواردن دەبێتە دەمەقاڵێ لەگەڵ سامان، جەمال کە ماڵی جیایە، گوتی "سامان و باوکم ئەو رۆژە هەتا ئێوارە کاریان کردبوو، ئێوارە ببووە شەڕە قسەیان، دایکم نەیوێرابوو بچێتە نێوانیان، باوکم بە کلاشینکۆف 3 گوللەی لە ساماندا و کوشتی".

جەمال لە زیندان سەردانی باوکی کردووە، دەڵێت باوکی پەشیمان نییە لە کوشتنی کوڕەکەی، چونکە ئەوەندە خەمی لێ خواردووە، هەموو ژیانی شێواندووە "باوکم 4 ساڵە خەریکی قەرزی سامانە، تائێستا 100هەزار دۆلاری قەرزی سامانی داوەتەوە، کە خاوەن قەرزەکان دەهاتن، باوکم تووڕە دەبوو، سامان لە باوکم دەپاڕایەوە پارەکە بداتەوە، باوکیشم رازی دەبوو بەو مەرجەی وازبێنێ، باوکم پێیدەگوت ئەگەر دووبارەی بکەیەوە دەتکوژم، کەچی هەفتەیەکی پێ نەدەچوو کەسێکی دیکە دەهاتەوە داوای قەرزی دەکردەوە، بەردەوام وابوو".

سامان دوو مانگ بوو لە زیندان بەربووبوو، لەسەر دزینی ئۆتۆمبێل نزیکەی 5 مانگ گیرابوو، کەچی جەمال دەڵێت کە لە زیندان بەربووە دیسان دەستی پێکردەوە "هێشتا قەرزمان لەسەر ماوە، لە دووەم رۆژی پرسەکەی پیاوێک هات یەخەی گرتم، گوتی سامان ئۆتۆمبێلی بەقەرز لەلای ئێمە بردووە، دەبێ ئەوەش بدەمەوە، هێشتا نازانم دەبێ قەرزی چەندی دیکە بدەمەوە".

جەمال دەڵێ " هەموو ئەو پارانەی لە ژنی بێڕەوشت خەرجکردووە"، عومەری باوکیان کە کرێچییە ناچاربووە لە نیوەڕۆی هاوینانیش پشوو نەدات، تا پارەی قەرزی سامان و کرێی خانووی پەیدا بکات، جەمال گوتی "لەوەتەی سامان گەورە بووە، ئیسراحەتمان نەماوە، بەردەوام کێشەمان هەبووە، هیچ خزمێک سەردانی نەدەکردین، لە پرسەکەیش تەنیا خۆم بەخێرهاتنی مێوانانم دەکرد، 7مامم هەیە کەسیان نەهاتن".

لەگەڵ ئەوانەشدا جەمال هیچ کات باوەڕی نەدەکرد، باوکی، سامان بکوژێت، چونکە "باوکم هەرگیز شەڕیشی نەکردبوو، کوشتنی سامان بۆ ئێمە زۆر زەحمەتە، ئەو هەرچی بێت هەر برایە و ناخۆشە، دایکم بەردەوام بۆی دەگریێ".

# بەنزینخانەی بێ مۆڵەت ئەلیاسی کوشت



ئەلیاس ئیبراهیم

**فەرمان چۆمانی**

**رووداو-سەنگەسەر**

بەهۆی نزیکی بەنزینخانەیەکی بێ مۆڵەت لە هێڵی کارەبا گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ، بەناوی ئەلیاس ئیبراهیم لە ناحیەی سەنگەر گیانی لەدەستدا، بە وتەی بەڕێوەبەری ناحیە ئەو بەنزینخانەیە بێ مۆڵەتە و خاوەن بەنزینخانەکەش دەڵێت بەرپرسان ئەو شوێنەیان بۆ دیاریکردووین.

یاسین سلێمان خاوەنی بەنزینخانەی بەهێز، کە ئەلیاسی تێدا بووە قوربانی بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە لە مانگی 7ی 2009وە ئەو بەنزینخانەیەمان دروستکردووە و پرسمان بە بەڕێوەبەری ناحیە و شارەوانی کردووە، بە نا یاسایی نەبووە و یەکەمجار بەڕێوەبەری ناحیە لاری نەبوونی خۆی بۆ دەربڕین و سەرۆکی شارەوانی ئەو کاتەش سەرۆکی لیژنەی دروستکردنی ئەو بەنزینخانەیە بووەو ئەو شوێنەیان بۆ دەستنیشان کردین".

دوای دروستکردنی بەنزینخانەکە، خاوەنەکەی ئاگادار دەکرێتەوە کە شوێنی بەنزیخانەکە گونجاو نییە، یاسین گوتی "دوای ئەوەی پارەیەکی زۆرمان لێ خەرج کرد، ماوەی سێ مانگ سەرقاڵی دروستکردنی بووین، کە ویستمان کارەبای نیشتمانی بۆ رابکێشین، کێشەیان بۆ دروستکردین، وتیان لە هێڵی کارەبای پەستانی بەرز نزیکە و شوێنەکە بۆ بەنزینخانە ناشێ، ئێستاش شوێن نییە بۆی بگوازینەوەو ئەو پارەیەی هەمان بوو، لێرەمان خەرجکردووە".

هێڵی پەستانی بەرزی کارەبا بەسەر ئەو بەنزیخانەیەوە دەڕوات بۆ قەڵادزێ و ژاراوە، ئەلیاس چووەتە سەر یەکێک لە تەنکەرەکان و لەشی بەر هێڵەکە کەوتووەو کارەبا گرتوویەتی و دەستبەجێ کوشتوویەتی.

خاوەنی ئەو بەنزینخانەیەش مردنی ئەو گەنجە دەگێڕێتەوە بۆ نزیکی هێڵی کارەبا لە بەنزینخانەکەیان، گوتی " قەزاو قەدەرە، شایەتحالا هەیە کە ئەلیاس بە تەنیا لێرە بوو، خەریکی ئاو رشاندن بووە بە ماتۆڕ، تانکەرەکەمان شۆرتی کردووەو مردووەو تەرمەکەمان بۆ پزیشکی دادی رانیە برد، دەرکەوت بە هۆی نزیکی کارەباکە مردووە".

مەلا برایم شێخ مەلا، باوکی ئەلیاسیش مردنی کوڕەکەی بە "قەزاو قەدەر" ناوبردو گوتی "هیچ داواکارییەکم لە خاوەن بەنزینخانەکە نییە و ئەگەر قەرەبووشم بکاتەوە لێی وەرناگرم"، بەڵام باوکی ئەلیاس گلەیی لە حکومەت هەبوو کە رێگەی بە دانانی بەنزیخانەیەک داوە لەژێر هێڵی کارەبا "چۆن دەبێ حکومەت رێگە بەکردنەوەی بەنزیخانەیەکی شڕ و شەپڕێو بدات لەژێر هێڵی کارەبا".

عەبدوڵڵا ئیبراهیم، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەر رەتیکردەوە مۆڵەتی دروستکردنی دابێتە ئەو بەنزینخانەیە و گوتی "خاوەنی ئەوبەنزینخانەیە خۆی ئاگادارەو پێش دروستکردنی ناردوومانە بۆ شارەوانی و فەرمانگەکانیتر بۆ ئەوەی رەزامەندی هەمووان وەربگرێت، کە راست دەکات با رەزامەندی هەموو فە ر ما نگە کا نما ن پیشانبدات، دڵنیابن رەزامەندی ئێمەی لەسەر نەبووەو بە زیادەڕۆیی دروستکراوەو مۆڵەتی نییە".

دەربارەی رێگەدان بە دروستکردنی بەنزینخانەکە ناوبراو دەڵێت "رێگەمان پێنەداوەو، کە مۆڵەتی نەبووە بانگمان کردووەو ئاگادارمان کردووەتەوە لای بیات، چەندجارێکیش کە داوای کارەبای کردووەو فەرمانگەی کارەبا رەزامەندی لەسەر نەداوە، چونکە دەکەوێتە ژێر هێڵی پەستانی بەرزی نێوان قەڵادزێ و ژاراوە لە نێوان دوو هێڵی جیا دروستکراوە"، گوتیشی "لەسەر ئەو رووداوە لێپێچینەوە لەگەڵا ئەو خاوەن بەنزینخانەیە دەکرێ و دەبێ بەنزینخانەکەی بگوازێتەوە".

سەرچاوەیەک لە بنکەی پۆلیسی سەنگەسەر بە (رووداو)ی راگەیاند "هیچ کەسێک لەسەر مردنی ئەو گەنجە تائێستا سکاڵای تۆمار نەکردووە، رووداوەکەش زیاتر قەزاوقەدەرە،لە ئەنجامی بەرکەوتنی تەلی کارەبا بەر ملی ئەو گەنجە لەو کاتەی کە چووەتە سەر تانکەرەکە روویداوە، هیچ دەستێک لە پشت رووداوەکە نەبووە".

# ئەفغانییەکان گاڵتەیان بە کاندیدە ژنەکان دەکرد

## کاندیدێکی ژن: لەسەر ئەوەی دەنگەکانی من لە مێردەکەم زیاتربوون زۆری لێدام

**ڕووداو–ئاژانسەکان**

هەر کە خاتوو "نیعمەت سوراتجار" ناوی خۆی لە لیستی کاندیدەکانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی ئەفغانستاندا بڵاوکردەوە، لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەیەوە دەیان هەڕەشە و سووکایەتی بەسەردا بارین.

یەکێک لەو نامە ئەلیکترۆنییانە کە سەرچاوەکەی نادیارە دەڵێت "نێودارترین سۆزانی ئەفغانستان خۆی بۆ پەرلەمان کاندید دەکات"، هەمان نامە بۆ نووسینگەکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسانی هەڵبژاردنیش چووبوو کە لە چوار لاپەڕەدا هێرشێکی توندی کردبووە سەر ژیانی تایبەتی ئەو ئافرەتە کە دەنگدەرانی هاندەدا دەنگی پێبدەن.

ئەو نامەیە بووە سەرەتای ترسێکی زۆر بۆ ئەو مامۆستا تەمەن 39 ساڵە کە لە کابوول دەژی. لە نووسینگە ساکارەکەی خۆیەوە کە بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەفغانستان تەرخانی کردبوو کە 18ی ئەو مانگە بەڕێوەچوو، سوراتجار دەڵێ "ئەو نامەیە دەستپێک بوو، ڕۆژانە بە ئیمێل نامەم بۆ دێت و بە تەلەفۆنیش هەڕەشەم لێدەکەن ئەگەر واز لە خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردن نەهێنم، دەمکوژن".

ئەم هەڕەشانە، ئەو ئاستەنگانە زیاتر ڕووندەکەنەوە کە بەرەوڕووی ماف و ئازادییە زۆر سنووردارەکانی ژنانی ئەفغانی دەبنەوە، لەوانەش مافی دەنگدان و فێربوون کە لە پاش ڕووخاندنی ڕژێمی تالیبانەوە لەساڵی 2001 بە زەحمەتییەکی زۆر بەدەستیان هێناون.

لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا 4 کاندید و 15 بەرپرسی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کوژران، بەڵام دەزگای "ئەفغانستان بۆ هەڵبژاردنێکی ئازادو بێگەرد"، وەک گەورەترین ڕێکخراوی چاودێریکردنی هەڵبژاردن لە ئەفغانستان دەڵێ، ژنان ڕووبەڕووی هەڕەشەیەکی لە جۆری تایبەت دەبوونەوە.

ئەو دەزگایە دەڵێ، لە نێو هەر 10 هەڕەشە کە چاودێران تۆماریانکردوون 9یان دژ بە ژنان بوون.

ڕۆبینا جەلالی (25 ساڵ) یاریزانێکی پێشووی ئۆلۆمپییە و سەرۆکی کۆمەڵەیەکی خێرخوازە لە کابوول، دەڵێ، کۆمەڵگەی نەریتیی ئەفغانستان دەبێتە ئاستەنگی گەورە لە بەردەم دەرکەوتنی ژناندا. هەروەها گوتی "ژنان وەک پیاوان لە هاتن و چووندا ئازاد نین، ناتوانین بۆ زۆربەی شوێنەکان بچین بەتایبەتی لە شەواندا، تا لایەنگرانمان ببینین، پیاوان هەر کاتێکی بیانەوێ دەتوانن بۆ هەر شوێنێکی بیانەوێ بچن".

خانمی جەلالی هەڕەشەی کوشتنی لێ نەکراوە، بەڵام هەرچەندی بۆ گەشتێکی پڕوپاگەندە دەربچێت دەبینێ پۆستەرەکانی دڕوان یان بە بۆیەی سوور شێوێندراون. ئەم جۆرە سکاڵایانە لە ئەفغانستاندا زۆر باون، ئەویش لەو بارەیەوە دەڵێ "چونکە گەنج و جوانم بۆیە وایان لە وێنەکانم دەکرد".


فەوزیە گەیلانی لەسەر دەنگ زۆر هێنان لێدانی خوارد (فۆتۆ:AFP)

دەستووری نوێی ئەفغانستان بەپێی ڕێژەی کۆتا 25%ی کورسییەکانی پەرلەمان، واتە لە کۆی 249 کورسی 68 کورسیی بۆ ژنان تەرخانکردووە، کە لەو هەڵبژاردنەدا 406 ئافرەت خۆی بۆی پاڵاوتبوو.

بەڵام لە هەموو شتێک سەیرتر ئەوەبوو، فەوزیە گەیلانی، کاندیدی پەرلەمانی ئەفغانستان ڕایگەیاند کەوا مێردەکەی، لەبەرئەوەی دەنگی کەمتر لەو هێناوە حەسوودی پێ بردووە و زۆری لێداوە.

فەوزیە کە مێردەکەشی خۆی بۆ ئەندامی پەرلەمان کاندیدکردبوو، هێرشیکردووەتە سەر و بەشێوەیەکی دڕندانە لێیداوە، لەبەرئەوەی هەستی بە کەموکورتی کردووە بەرامبەر ئەوی ژن.

فەوزیە زیاتر لە 14 هەزار دەنگی هێناوە، کەچی مێردەکەی تەنیا 160 دەنگی هێناوە.

# خواجە داود ئۆغلۆ

## ئەو پیاوەی حەزناکات پێی بڵێن کیسنجەر



**ڕووداو– هەولێر**

لەوەتای پارتی داد و گەشەپێدان AKP گەیشتووەتە دەسەڵات، تورکیا لە دووڕیانی (عەلمانیزم- ئیسلامیزم)دا گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینیوە، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوە. ئەم گۆڕانە بە گەیشتنی خواجە ئەحمەد داودئۆغلۆ بە وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، پتر گەڵاڵە بوو کە لەگەڵ خۆیدا تیۆری سەرنجڕاکێشی دەربارەی بایەخدان بە "قووڵایی ستراتیژی" و "عوسمانیزمی نوێ" گەیاندە وەزارەتی دەرەوە. سەربڕی سیاسەتی "سفرکردنەوەی گرفتەکان (سفر کێشە) لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ. بۆ نموونە ڕەوشی 10 ساڵ لەمەوبەری سەرسنووری نێوان تورکیا و سووریای لە ناوچەیەکی ئامادە بۆ شەڕەوە گۆڕی بە ناوچەیەکی بازرگانی و گەشتیاریی کراوەی بێ ڤیزا. یۆنانیش کە بە دیارترین نەیاری لەمێژینەی تورکیا دادەنرێ، گەیشتە ئەوەی پشتگیری لە بە ئەندامبوونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا بکات. ئەوە سەربڕی کاری بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی کێشەی تورکیا لەگەڵ ئەرمینیا و کرانەوە بەرووی هەرێمی کوردستاندا تا ئەو ئاستەی خۆی بەشێوەیەکی فەرمی سەردانی هەولێر بکات.

گەلێک کەس ئەو "کودەتا"یەی لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا ڕوویداوە دەدەنە پاڵ داودئۆغلۆ، هەندێکیش نازناوی "کیسنجەری تورکیا"یان داوەتێ، وەک ئاماژەیەک بۆ کارایی سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لە سەردەمی ئەودا، بەڵام ئەم نازناوە وەزیری دەرەوەی تورکیا ناڕەحەت دەکات، وێڕای ئەو نێوبانگەی کیسنجەر هەیەتی. وەزیری دەرەوەی تورکیا زۆر توێژینەوەی درێژی نووسیوە کە تێیاندا ڕەخنەی توند لە کیسنجەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ساڵانی حەفتاکان دەگرێ. ئەوانەی لە داودئۆغلۆ نزیکن پێیانوایە ئەو وێکچووواندنە "لە شوێنی خۆیدا نییە"، چونکە "واقیعیەت"ی کیسنجەر بەرپرس بووە لەزۆر لەو کارەساتانەی بەسەر ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شوێنانی دیکەشدا هاتوون. ڕەنگە دیارترین نموونە ڕاکێشانی عێراق و ئێرانی سەردەمی شاهنشایی بێت بۆ سەر خوانی گفتوگۆ و ڕازیکردنیان بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەی جەزائیری ساڵی 1975 کە لەسەر حیسابی لەنێوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد ئەنجامدرا و دواتریش هەمان ئەو ڕێککەوتنە جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران و کارەساتی گەورەی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا.

جێگەی سەرنجە یاریدەدەرانی داودئۆغلۆ، بە مەبەستی "ڕوونکردنەوە" و "ڕاستکردنەوە" ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە زۆر لەو شرۆڤەکار و میدیاکارانەوە کردووە کە نازناوی (کیسنجەری تورکیا)یان بۆ بەکارهێناوە.

لە کتێبێکدا کە ساڵی 2006 بەناوی (جیهانی ئیسلامی لە بەردەم باهۆزی گۆڕانی شارستانیدا) دەریکردووە، داودئۆغلۆ ڕەخنە لە گرنگترین تیۆرییەکانی کیسنجەر دەگرێ، هەروەها بە چڕی ڕەخنە لە هەردوو تیۆری "پێکدادانی شارستانێتیەکان"ی هنتگتۆن و "کۆتایی مێژوو"ی فۆکۆیاما دەگرێ. داودئۆغلۆ بەگشتی دژی هەموو تیۆرییەکانی (کۆتایی)یە کە هزری ڕۆژئاوا لە سەدەی ڕابردوودا بەرهەمی هێناون: "کۆتایی ئایین، کۆتایی ئایدیۆلۆژیا و کۆتایی مێژوو". ئەو پێیوایە گرفتەکە لە "پێکدادانی بەرژەوەندییەکان"دایە نەک "پێکدادانی شارستانیەتەکان".

لەنێوخۆی تورکیادا، داودئۆغلۆ بە "ئەندازیاری سیاسەتی دەرەوە" دادەنرێ، وا دیارە بەم نازناوەیان ناڕەحەت نییە، هەرچەندە تائێستاش هەر کاری ئەکادیمیی لە کاری سیاسی بەلاوە گرنگترە. ئەو دوای پێداگرییەکی زۆر ئینجا قبووڵی کرد ببێتە وەزیری دەرەوە، ئێستاش هەر چاوی لەوەیە بگەڕێتەوە سەر نووسین و کتێبەکانی تەواو بکات.

داودئۆغلۆ لەوەش ناڕەحەتە کە پێیبگوترێ (ئیسلامی)، بەلایەوە باشترە کە پێی بگوترێ کەسێکی ئاینپەروەرە، باوەڕی وایە کە ئاینی ئیسلام ئاینێکی پاکە، بەڵام لە هەمانکاتدا دیموکراسیش بە سیستەمێکی گونجاو دادەنێ بۆ ژیان.

داودئۆغلۆ سێ تیۆری دەربارەی پەیوەندیی نێودەوڵەتی هەیە: تیۆریی (وەرچەرخانی شارستانی)، (قووڵایی ستراتیژی) و (عوسمانیزمی نوێ).

سەبارەت بە عوسمانیزم کە پارتی داد و گەشەپێدان نکۆڵی لە بە ئامانج گرتن و ناوەکەی دەکات، داودئۆغلۆ ئاوا لێی دەڕوانێ: تورکیا بە ئاشتی لەگەڵ شارستانێتی ئیسلامیی خۆیدا ئاشت ببێتەوە، شانازی بە ڕابردووی فرە کولتووری عوسمانیی خۆیەوە بکات و متمانەشی بە خۆی هەبێت، بەردەوام بوون لە کرانەوە بەرووی ڕۆژئاوادا، هاوکاتیش بەستنی پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا.

دیدی داودئۆغلۆ بۆ سیاسەتی دەرەوە، پشت بە وەرچەرخانی ناوەوەی تورکیا دەبەستێت، بە تایبەتی وەدیهێنانی سەقامگیریی سیاسی و ئابووری و ڕێکخستنەوەی ناوماڵی تورکیا کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ گەشەکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر. هەندێک لە شرۆڤەکاران سیاسەتی داودئۆغلۆ بە "عوسمانیزمی نوێ" نێودەبەن، بە بەڵگەی ئەوەی زۆربەی جموجۆڵی دیپلۆماسیی تورکیا لەو هەرێمانەدایە کە پێشتر لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون.

داودئۆغلۆ ساڵی 1959 لە شاری قۆنیە لەدایکبووە، بەشی زانستی سیاسی لە 1984 لە زانکۆی بۆسفۆر تەواو کردووە. ماستەری لە کارگێڕیی گشتی و دکتۆراشی لە زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەدەستهێناوە. لە 1993 تا 1999 مامۆستا بووە لە زانکۆی مەرمەرە، لە زۆر زانکۆی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیادا کاری کردووە. بە بڕیارێکی هاوبەشی سەرۆک ئەحمەد نەجدەت سەزەر و، سەرۆک وەزیران عەبدوڵڵا گیول نازناوی باڵیۆزی لێنراوە. ژنی هێناوە و سێ کچ و کوڕێکی هەیە.

# داگیرکاری بە جادە قەرەبوو دەکرێتەوە

## قەزافی داوای پێنج ملیار یۆرۆ لە ئەوروپاییەکان دەکات

**شۆڕش خالید ئاژگەیی**
**ڕووداو–دانیمارک**

لە دوا سەردانیدا بۆ ئیتاڵیا، موعەممەر قەزافی سەرۆکی لیبیا داوای لە یەکێتی ئەوڕووپا کرد یارمەتی بدات بۆ ڕێگە گرتن لە کۆچی نایاسایی بۆ ئەورووپا.

قەزافی کە بە داوەتی فەرمی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیا، سیلڤیۆ بێرلۆسکۆنی سەردانی ڕۆمای کردبوو، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەڤانیدا لە وەڵامی پرسیارێکدا گوتی: "ئایینده بڕیار لە سەر چارەنووسی باری دیموگرافیای ئەورووپا دەدات و ئەم کیشوەرە چیتر تەنیا تایبەت نابێ بە خەڵکی ڕەسەنی ئەورووپی. پێویستە ئایینی ئیسلام لە ئەوروپا پەرەی پێ بدرێ و ئەورووپییەکان بێنە سەر ئایینی ئیسلام و ئەم ڕاستییە قەبووڵ بکەن کەوا ئەورووپا گۆڕانی ڕیشەیی بەسەردا دێت".

ناوبراو هەروەها داوای لە یەکێتی ئەورووپا کردووە ساڵانە پێنج ملیار یۆرۆ یارمەتی بدات تاوەکو ڕێگە لە شاڵاوی کۆچی نایاسایی کۆچبەرە برسی و بێ ماڵ و حاڵەکان بگرێ بۆ ئەوروپا، ئەوانەی بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دەستەبەرکردنی بژێوی و گوزەرانێکی شایستە بە شێوەیەکی بەردەوام لەڕێگەی کەنارە ئاویەکانی باشووری ئیتاڵیاوە ڕوودەکەنە ئەورووپا.

ئیتاڵیا وەک قەرەبووکردنەوەی سەردەمی داگیرکاری لیبیا بڕیاری داوە پەیوەندییە ئابووری، بازرگانی و سیاسییەکانی لەگەڵ لیبیا پەرە پێبدات و ڕێگەو بانێکی مۆدێرن و پێشکەوتوو بە درێژایی 1700 کیلۆمەتر لە لیبیا درووستبکات کەوا مەزەندە دەکرێ نزیکەی پێنج ملیار یۆرۆی تێبچێ.


قەزافی لە کاتی سەردانی بۆ ئیتاڵیا (فۆتۆ: AFP)



# کۆبوونەوەی کراوەی پەرلەمانی عێراق بووەتە نوکتە

## پەرلەمانتارێکی عێراقییە: دەبووا ناویان لێ نابا کۆبوونەوەی بە کەیفی خۆ

**هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو–هەولێر**

عالیە نسەیف جاسم، پەرلەمانتاری لیستی عێراقییە بە گاڵتەجاڕییەوە دەڕوانێتە "کۆبوونەوەی کراوەی" یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و دەڵێت "دەبووا ناویان لێ نابا کۆبوونەوە بەکەیفی خۆ"، پەرلەمانتارێکی لیستەکەی مالیکیش دەڵێت "کراوەیی کۆبوونەوەمان گوێ لێ نەبووە، بەڵام بینیمان".

موشریق ناجی، پەرلەمانتار لە لیستی ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بۆ ئەوەکرد کە"سەرجەم پەرلەمانتارانی خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەران تووشی شۆک بوون و بەوپەڕی تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی پێکهێنانی حکومەتن"، ناجی، کە پەرلەمانتاری ڕەوتی سەدرە، ئەو کۆبوونەوە کراوەیەی ئەنجومەنی نوێنەران بە هۆکاری بەشێکی زۆر لە قەیرانە سیاسییەکانی وڵات دادەنێت و دەڵێ " کۆبوونەوەی کراوە بووەتە چەمکێکی زۆر ناشیرین و سیاسەتمەدارەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان دایانهێناوە، ئەگەر نا شتی وا نییە تۆ لە ماڵی خۆت بیت و وا حساب بکرێت لە کۆبوونەوەدایت، دەترسێم ببێتە نەریتێک بۆ وڵاتانی نەهامەتی لێدراوی وەک عێراق".

پاش تێپەڕبوونی نزیکەی 100 ڕۆژ لە ئەنجامدانی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراق لە 2010/3/7، ڕۆژی 2010/6/14، ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یەکەمین دانیشتنی خۆی بە سەرۆکایەتی د.فوئاد مەعسوم، وەک بەتەمەنترین ئەندام سازدا، ئەگەرچی بەپێی ماددەی 54 ئەنجومەنی نوێنەران دەبێ لەیەکەمین دانیشتندا سەرۆک و دوو جێگرەکەی هەڵبژێرێت، بەڵام تائێستا ئەوە نەکراوە.

عالیە نسیەف جاسم، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی عێراقییە، چەمکی کۆبوونەوەی کراوە بە "چەمکێکی نامۆ" دەناسێت و دەڵێت "ئەمەشیان داهێنا بۆ بەرژەوەندی خۆیان"، لەبارەی ڕۆڵی د.فوئاد مەعسومیش کە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی نوێنەرانی بە کراوەیی هێشتەوە دەڵێت "نەدەبوو وابکات، ئەگەرچی دەزانین ئەو هەڵوێستەی سیاسی بوو، جگە لەوەی تا ڕادەیەک ناچاریش بوو". پەرلەمانتارەکەی لیستی عێراقییە بە سەرسوڕمانیشەوە دەڵێت "کۆبوونەوەی کراوە هیچ مانایەکی نییە، ئەوەی بە کەیفی خۆت کۆببیتەوەو کەی پێت باش بوو داییخەیت"، ئەو بە گاڵتەکردنەوە گوتیشی "دەبووایە ناویان لێ بنابا کۆبوونەوەی بەکەیفی خۆ".

بەپێی ماددەی 74ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، پاش دەستنیشانکردنی، سەرۆکی کۆمار، گەورەترین کوتلە کە زۆرترین ئەندامی هەبێت لە ئەنجومەنی نوێنەران بۆ پێکهێنانی حکومەت لە ماوەیەک کە مانگێک تێنەپەڕێنێت، ڕادەسپێرێت.

تاریق حەرەب، پسپۆڕی یاسایی و بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ڕۆشنبیریی یاسایی لە عێراق، هێشتنەوەی کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران لەعێراق بە "کارەساتی سیاسی" وەسفکردو گوتی "کۆبوونەوەی کراوە، وەکو نوکتەی لێهاتووە، چونکە ئەو چەمکە نە لە دەستوور و نە لە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا نییە، بەڵکو "سیاسەتمەدارەکان لەبەر خۆیان دایانهێنا"، ئەوەی بە پێشێلکردنی دەستووری عێراق و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دانا " کێشەکە لەوەدایە ئەنجومەنی نوێنەران کە خۆی بەسەرچاوەی یاسادانان دەزانێت، یاسا پێشێل بکات، کەواتە دەبێ فاتیحە بۆ یاساکانی عێراق بخوێنین".

مانگی ڕابردوو ئیسماعیل عەلوان تمیمی، یاریدەدەری یاسایی پارێزگاری واست، سکاڵانامەیەکی لەدژی د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی کاتی پەرلەمانی عێراق تۆمارکردو تێیدا بە "پێشێلکردن و ئیهانەکردنی بە دەستووری عێراق" تۆمەتباری کرد، جگە لەوە 11 ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆژی 18ی مانگی ڕابردوو سکاڵایەکی دیکەیان لەبەر درێژکردنەوەی کۆبوونەوەی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەران و کردنی بە "کۆبوونەوەی کراوە"، لەسەر د.فوئاد مەعسوم تۆمارکرد.

عیزەت شابەندەر، سەرکردە لە لیستی دەوڵەتی یاسا، دەڵێت کۆبوونەوەی کراوە "پێشینەیەکی خراپ بوو لە ڕەوشی سیاسیی عێراق"، پێشیوایە ئەگەرچی بۆ ئەو واقیعە کۆبوونەوەی کراوە تارادەیەک چارەسەر بوو، بەڵام "دەروازەیەکە بۆ پێشێلکردنی یاسا"، شابەندەر بە تەنزیشەوە دەڵێت "کراوەیی کۆبوونەوەمان گوێ لێ نەبووە، بەڵام بینیمان".

ئیسماعیل عەلوان تمیمی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "د.فوئاد مەعسوم هۆکاری هێشتنەوەی کۆبوونەوەی یەکەمە بە کراوەیی، کە لە هیچ کوێی یاسایی عێراق و دەستوور و پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا نییە"، عەلوان کە پسپۆڕی یاساییشە دەشڵێت "لە ژیانمدا کۆبوونەوەی کراوەم گوێ لێ نەبووە، ئەمە یەک".

# قەرەجەکان مشتومڕ لەنێوان فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپادا دروستدەکەن



**ڕووداو–ڕۆیتەرز**

لە دوایین کۆبوونەوەی لووتکەی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا کە لە برۆکسل بەڕێوەچوو، مەسەلەی دەرکردنی زۆرەملێی قەرەجەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لە فەرەنسا، باڵی بەسەر گفتوگۆکاندا کێشا. لەکاتێکدا پرسی قەرەجان نەخرابووە نێو کارنامەی کۆبوونەوەکەشەوە.

سەرۆکی فەرەنسا نیکۆلاس سارکۆزی دووپاتیکردەوە کە وڵاتەکەی لە کۆمیسیاری ئەوروپا ڤیڤیان ریدینگ "زۆر تووڕە"یە، چونکە دەرکردنی قەرەجەکانی لە فەرەنسا بە پرۆسەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێی سەردەمی دووەمین جەنگی جیهان بەراورد کردووە. گوتیشی کە حکومەتی فەرەنسا درێژە بە نەهێشتنی "خێوەتگە نایاساییەکان"دەدات، جا هەر کەسێکی تێدا نیشتەجێ بێت.

کۆمیساری ئەوروپا بۆ داد و مافی بنەڕەت، دەرکردنی قەرەجەکانی ڕۆمانیا و بولگاریای لەلایەن فەرەنساوە بە پرۆسەکانی ڕاگواستنی زۆرەملێی سەردەمی دووەمین جەنگی جیهان بەراورد کردبوو. بەڵام دواتر پاشگەز بووەوە و سەبارەت بەو لێدوانانە داوای لێبووردنی کرد، پاش ئەوەی فەرەنسا کاردانەوەی توند و تووڕەی نواند.

سارکۆزی و سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئەوروپا خوزێ مانوێل باروزۆ، بەهۆی مەسەلەی دەرکردنی قەرەجەکانەوە تووشی مشتومڕێکی توند هاتن. بەرپرسانی ئەوروپاش لە هەوڵی ئەوەدان کە ستراتیژێکی درێژ خایەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو گرفتە گەڵاڵە بکەن.

سەرۆک وەزیرانی بەلجیکا ئیف لوتیرم، کە وڵاتەکەی لەم کاتەدا سەرۆکایەتی یەکێتی ئەوروپا دەکات، گوتی "هەموو کۆکن کە کۆمیسیۆن هەر خۆی ڕاسپێردراوە بەوەی فەرەنسا سەرپەرشتی باش پیادەکردنی بەڵێن و پەیماننامەکانی تایبەت بە پرسی زۆر هەستیاری قەرەجان بکات".

فینلەنداش هەوڵدەدات داکۆکی لە دەسەڵاتی جێبەجێکاری ئەوروپی بکات. وەزیری دەرەوەی فینلەندا ئەلکسەندەر ستۆب ڕایگەیاند "یەکێتی ئەوروپا لەسەر بنەمای دەوڵەتی یاسا بنیاتنراوە"، گوتیشی "پێویستە هەمووان لەو بارەیەوە زۆر عاقڵ بن، کۆمیسیۆن پاسەوانی پەیماننامەکانە"، وەک ئاماژەیەکیش بۆ شەڕە قسەی نێوان پاریس و برۆکسل گوتی "پێموایە دەبێ هەمووان هێمنی بنوێنن، ئەوەی لەم ڕۆژانەی دوایی ڕوویدا، شتێکی باو نییە لەنێو ئەوروپا".

سەرۆک وەزیرانی بولگاریاش ڕایگەیاند کە وڵاتەکەی هیچ گرفتێکی لەگەڵ فەرەنسادا نییە، بەڵام وەبیریشی هێنایەوە کە دەرکردنی قەرەجەکانی بولگاریا و ڕۆمانیا لە فەرەنسا کارێکە لەگەڵ بەهاکانی ئەوروپادا ناگونجێت.

سەرۆکی بولگاریا ئەوەشی گوت "ئەگەر کەسێک هەیە یاسای پێشێلکردووە، با ئەو شتە هەمووان بیزانن و بە ئاشکراش بڵاوبکرێتەوە، بە هیچ شێوەیەک نابێ لە سەر بنەمای ڕەگەز بە دوای بەرپرسیارێتی و تاواندا بگەڕێین".

سەرۆکی بولگاریا پێشنیازێکی باڵیۆزی فەرەنسای ڕەتکردەوە، سەبارەت بە دامەزراندنی وەزارەتێک کە کار بۆ چارەسەرکردنی پرسی قەرەجان بکات.

### دانا عەبدولعەزیز، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان:

# ئەگەر وا بڕوات شتێک نامێنێ بەناوی خوێندنی باڵا




**خۆشەوی محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

ئەندامێکی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان ڕەخنە لە سیستمی خوێندنی باڵا لە کوردستان دەگرێ و دەڵێت "خوێندنی باڵا لە قەیرانێکی دژواردایە و ئەگەر چەند ساڵێکی دیکە وابڕوات بە تەواوی دەڕوخێت و شتێک بە ناوی خوێندنی باڵا نامێنێ "، ئەو بەرپرسیارێتی ئەوەش دەخاتە ملی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

دانا عەبدولعەزیز، ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان و بەرپرسی نوێنەرایەتی کاروباری قوتابیان لەو ڕێکخراوە پێیوایە پرۆسەی خوێندن بە گشتی و خوێندنی باڵا بە تایبەت لە کوردستان پێویستی بەچاکسازی و گۆڕانکاری بنەڕەتییە. ئەو گرفتە سەرەکییەکانی قوتابیان بەم شێوەیە ڕیز دەکات " کێشەی سەرەکی قوتابیان سیستەمی وەرگرتنی ناوەندییە (قبول مرکزی) بەوهۆیەوە 85%ی قوتابیان بە ئارەزووی خۆیان لە بەشە زانستییەکانی زانکۆ و پەیمانگەکان وەرناگیرێن، هەروەها وەرنەگرتنی قوتابیان لە زانکۆ و پەیمانگەکانیش بووەتە کێشەیەکی دیکە و خەریکە قەیرانێکی گەورە دروستدەکات، کۆمەڵێک کێشەی دیکەش هەن وەک خراپی سیستمی خوێندن و نەبوونی پێداویستییەکانی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندن وەک (تاقیگە سەرچاوەی زانستی مامۆستای پسپۆر و شارەزا ) خراپی هەڵسوکەوتی هەندێ لەمامۆستاکان، هەروەها خراپی بەشە ناوخۆییەکان".

دانا ڕەخنە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەگرێت کە تائێستا نەیتوانیوە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ ئەو گرفتانە بدۆزێتەوەو دەڵێ "وەزارەتی خوێندنی باڵا سەرباری ئەو هەموو توانا داراییەی هەیەتی نەیتوانیوە کێشەی هۆڵەکانی خوێندن چارەسەر بکات، کێشەی سەرچاوەی زانستی و کۆنی ئەو سەرچاوانە و کەمی تاقیگە زانستییەکان چارەسەربکات، ئەمانە کاری قوتابی و مامۆستانین ئەرکی ئیدارەن".

دانا دەڵێت ئەوان وەک یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە ئێستا نوێنەرایەتی قوتابیان دەکەن لە هەولێر و دهۆک، چەندین جار ئەو کێشانەیان لە ڕێگەی یادداشتەوە ئاراستەی بەرپرسانی وەزارەتی خوێندنی باڵا کردووە "بەڵام هیچ ئەنجامی نەبووە".

ساڵی 2007 کۆنفرانسی پەروەردەیی بەستراو گۆڕانکاری لە پرۆگرامەکانی خوێندن کرا، بەڵام هەندێ پسپۆڕی پەروەردەیی دەڵێن تاوەکو ئێستا دەرەنجامی ئەو گۆڕانکاریانە ئیجابی نەبوون، ئەو ئەندامەی سکرتاریەتی یەکێتی قوتابیان هەرچەندە لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەدایە، بەڵام پێیوایە پەلە کرا "ئەو پەلە پەلی و خێراییەی لە جێبەجێکردنەکەدا هەبوو بەڕاستی کێشەی دروستکردو سلبیاتی لەدوای خۆی بەجێهێشت".

لە ماوەی ڕابردوودا وەزارەتی خوێندنی باڵا سیستمی کۆرس و پەڕینەوە (عبوور)ی نەهێشت، بەڵام دانا عەبدولعەزیز پێیوایە مانەوەی عبوور باشتر بوو "سیستمی پەڕینەوە سیستمێکی زانستی جیهانییە و لە زۆر وڵاتی جیهان کاری پێدەکرێ، بەڕای من ئەمە شتێکی باشە و پێویستە هەبێت بۆ ئەوەی قوتابیان سوودی لێ وەرگرن".

سەبارەت بە پەیوەندی یەکێتی قوتابیان لەگەڵ هەردوو وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە دانا دەڵێت "پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ وەزیری پەروەردە هەیە، بەڵام لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا پەیوەندیمان باش نییە و ئاگاداری هیچ هەنگاوێکی وەزارەت نین، تاکو ئێستاش نوێنەری قوتابیان لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەشداری پێناکرێت، ئەمەش جێگەی نیگەرانییە و پێشێلکردنی مافی قوتابیانە".

لەبارەی پرۆژەی یەکێتی قوتابیان بۆ وەرزی نوێی خوێندن دانا گوتی "یاداشتنامەمان ئامادەکردووەو چەندین پێشنیاز و داواکاریمان خستووەتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار، بە هاوکاری لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆکان و سەرۆکایەتی دەستەی فێرکردنی تەکنیکی توانیومانە کێشەی بەشە ناوخۆییەکان تاڕادەیەکی زۆر چارەسەر بکەین ، هەروەها پڕۆژەی هاتووچۆی قوتابیانمان لە بەردەستە و پشت بەخوا ئەمساڵ کاری پێدەکەین".

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، ئەمساڵ 47 هەزار قوتابی لە قۆناخی ئامادەیی دەرچوون، بەڵام پێشبینی دەکرێ زانکۆ و پەیمانگەکان توانای وەرگرتنی 25 هەزار قوتابیان هەبێ، بەمەش 22 هەزار قوتابی لە دەرەوەی پلانی وەرگرتن دەمێننەوە. دانا لەبارەی ئەو گرفتەوە دەڵێت "ئۆباڵی ئەم قەیرانەش لە ئەستۆی وەزارەتی خوێندنی باڵایە، چونکە هیچ پلانێکی نەبووە و ئەم بابەتە پشتگوێ خراوە، دەبووایە چەند ساڵێک لە مەوبەر حیساب بۆ ئەو زۆربوونە بکرابووایە"، بەڵام دەڵێ ئەوان وەک ڕێکخراوێکی لەپێشەوەی قوتابیان هەوڵی بەردەوام دەدەن لە گەڵ داو و دەزگاکانی حکومەت بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە.

هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی قوتابیان لە ناوەندەکانی خوێندن لە ساڵی 1998 دەستیپێکرد و تاوەکو 2003 ساڵانە دەکرا، بەڵام دواتر بە بیانووی جۆراو جۆر ئەو هەڵبژاردنە نەکراو ساڵانە یەکێتی قوتابیان لە هەولێرو دهۆک نوێنەر دیاری دەکات و کۆمەڵەی خوێندکارانیش لە سلێمانی. سەبارەت بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەمساڵدا دانا گوتی "بەهەر جۆرێک بێت داوا دەکەین ئەمساڵ ئەم هەڵبژاردنە بکرێت و داوا لە ڕێکخراوەکانی دیکەش دەکەین پشتیوانیمان بکەن".

زۆرجار ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان بەتایبەتی یەکێتی قوتابیانی کوردستان کە سەر بە پارتییە و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان کە سەر بە یەکێتییە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە دەست لە کاروباری خوێندن وەردەدەن و کار بۆ بەرژەوەندی حیزبەکانیان دەکەن. دانا عەبدولعەزیز ئەو تۆمەتە لەسەر ڕێکخراوەکەیان ڕەتدەکاتەوەو دەڵێ "هیچ کاتێک پارتی هیچ شتێکی بەسەردا نەسەپاندووین، بەڵکو ئێمە زۆر ئازادانە هەڵسوکەوتمان کردووە. لە یەکێک لە دانیشتنەکانمان لەگەڵ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی دا، پێیگوتین پێویستە وەک ڕێکخراوێکی قوتابیان پیشەییانە و سەربەخۆ کار بکەن و هیچ کات وەک کەسێکی حیزبی بیر مەکەنەوە، مەبنە کۆپیکراوی پارتی، چونکە ئەگەر واتان لێهات، بوونتان هیچ پێویست نییە".



# پەرلەمان دەیەوێ پێشینەی هاوسەرگیری بکاتە 5 ملیۆن دینار

"ئەگەر ئەو کەسەی پێشینەکە وەردەگرێ ساڵی یەکەم و دووەمی زەواج دوو منداڵی بوو، 2.5 ملیۆنی پێشینەکە ناداتەوە" پەرلەمانتارێک

**ڕووداو-هەولێر**

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان پرۆژە یاسایەکی ئامادەکردووە بۆ هاوکاری گەنجان، ئەویش بە دانی قەرز بە گەنجان لە ڕێگەی وەزارەتی دارایی بۆ پرۆژە، قەرزەکەش بەشێوەی قیستی مانگانە وەردەگیرێتەوە، لە پرۆژەیەکی دیکەشدا پەرلەمان دەیەوێ پێشینەی هاوسەرگیری بکاتە 5 ملیۆن دینار.

11 پەرلەمانتار لە لیستی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن پرۆژە یاسایەکیان بەناوی (پرۆژە یاسای سندوقی پاڵپشتی گەنجان) پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان کردووەو پێش کۆتایی هاتنی ساڵی یەکەمی خولی سێیەمی پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە.

لە ماددەی دووەمی پرۆژە یاساکەدا هاتووە: "ئەم سندوقە ساڵانە بڕێک پارەی بۆ تەرخان دەکرێ لە بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ پاڵپشتیکردنی ئەو گەنجانەی بێکارن و ئارەزووی کارکردنیان هەیە و توانای داراییان لاوازە". بڕگەیەکی دیکەی پرۆژەکە تایبەتە بە هاندانی ئافرەتان بۆ کارکردن و لە خاڵی دووەمی ماددەی دووەمیدا هاتووە "ئەم سندوقە بەیەکسانی مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی نێر و مێ دا دەکات". بەپێی ئەو پرۆژە یاسایە ئەو کەسەی کە دەتوانێ سوودمەند بێت لەم سندوقە دەبێ تەمەنی لەنێوان 18 بۆ 35 ساڵ بێت.

ئارام حەسەن، 25 ساڵ، دەرچووی کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری زانکۆی سلێمانی، ماوەی ساڵێکە خوێندنی تەواوکردووەو لە هیچ دەزگایەکی حکومی دانەمەزراوەو هیچ کارێکی لەکەرتی تایبەتیشدا نییە، ئارام دەرچوونی یاسایەکی لەم شێوە بە گرنگ دەزانێ "ئێمە دەزانین ئەگەر ساڵانە نزیکەی 40 هەزار کەس لە زانکۆ و پەیمانگاکانی حکومەت دەربچن، کارێکی ئەستەم دەبێت هەموویان دابمەزرێندرێن، بەڵام ئەگەر حکومەت پشتیوانی گەنجان بکات لە کەرتی تایبەتدا کار بکەن گرنگە".

ئارام، هیوای وایە ڕۆتین و گەندەڵی ڕوونەکاتە پرۆژەکە "هیوام وایە ئەم پرۆژە ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی دۆخێکی وا دروستبکات گەنجی کورد بەدوای کاری نوێدا بگەڕێ و بتوانێ ببێتە کەسێک کە پشت بەخۆی ببەستێت و پرۆژەکەش دوور بێت لە گەندەڵی دەستتێوەردان و ڕۆتینی ئیداری".

بەپێی پرۆژەکە ئەو کەسەی دەیەوێ لەم سندوقە سوودمەند بێت دەبێ داوایەک پێشکەش بکات کە بیرۆکە و سوودی ئابوری پرۆژەکەی تێدابێ بەپشتگیری ئابوریناسێک و پرۆژەکەش لە سنووری هەرێمی کوردستاندا بێت.

هەر لە پرۆژەکەدا ڕێگە چارەیەکی دیکە دیاریکراوە بۆ ئەوەی بزاندرێ ئایا ئەو گەنجە دەتوانێ سوود لەو پارە ببینێ، لەخاڵی پێنجەمی ماددەی چوارەمدا هاتووە"پێویستە لە کۆتایی هەموو سێ مانگێکدا کۆی خەرجی و داهاتی پرۆژەکە پێشکەش بە سندوق بکات، وردبینی بکرێت لەلایەن وردبینی یاسایی و دارایی".

ئەم سندوقە سەر بە وەزارەتی دارایی دەبێت و لەلایەن ئەو وەزارەتەوە بەڕێوەدەچێت و وەرگری پارەکەش لە ماوەی 5 بۆ 10 ساڵ ئەو قەرزە دەداتەوە، ساڵی یەکەمی وەرگرتنی قەرزەکەش وەرگر هیچ بڕە پارەیەکی قەرزەکە ناداتەوە حکومەت.

سەرگوڵ قەرەداخی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم پرۆژە گرنگییەکی بەرچاوی هەیە بۆ هاوکاریکردنی گەنجانی کوردستان و دەڵێ "جگە لەوەی خۆمان ئاگادارێکی گەورەی گرفتی بێکارین، چەندین ڕێکخراو و سەنتەر و ڕاپرسی ئاماژەیان بە گرنگی ئەم پرۆژەیە داوە".

هەر لە چوارچێوەی کاروباری گەنجاندا، پەرلەمان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ پرۆژە یاسایەکی دیکە کردووە کە پەیوەستە بەگەنجانەوەو هاوکاریان دەکات بۆ چوونە ناو ژیانی هاوسەرێتی کە پرۆژە یاسای پێشینەی هاوسەرێتییە.

بیلال سلێمان، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند "لەو پرۆژە یاسایەدا داواکراوە پێشینەی هاوسەرێتی بۆ هەموو گەنجێک بکرێتە 5 ملیۆن دینار و ئەگەر ساڵی یەکەم منداڵیان بوو، حکومەت لە 25%ی پێشینەکەی خۆشببێت و ئەگەر ساڵی دووەمیش منداڵێکی دیکەیان بوو ئەوا حکومەت لە 50%ی پێشینەکە خۆش ببێت، چونکە ژیانیان سەخت دەبێت".

**مەرجەکانی وەرگرتنی قەرز لە سندوقی پاڵپشتیکردنی گەنجان، بەپێی پرۆژەکە:**

1. دەبێ تەمەنی لەنێوان- 18 35 ساڵدا بێت.
2. دانیشتوی هەرێمی کوردستان بێت و پرۆژەکەی لە هەرێمی کوردستان بێت.
3. دامەزراو نەبێت لە هیچ دازگایەکی حکومی و نا حکومی کە لە بەرامبەریدا مووچە وەربگرێت.

### کەمدەرامەتی کوڕان و داواکاری زۆری کچان هۆکارێکە

# ڕۆژانە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان 17 ژن تەڵاق دەدرێن و 9 جیادەبنەوە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی شیرین بێ هیوا دەبێ لە ڕازیکردنی مێردەکەی کە ماڵی جیای بۆ دابنێ، لە یەکێک لە بنکەکانی پۆلیس سکاڵا لە دژی مێردەکەی تۆمار دەکات، بەڵام مێردەکەی ئەو سکاڵایە بەسووکایەتی بۆخۆی دادەنێ و بەشایەدی چەند کەسێک سێ بەسێ تەڵاقی دەدات "تەنیا بۆ داوای ماڵ جیاکردنەوە سکاڵام لەسەر تۆمار کردبوو، بەڵام ئەو تەڵاقیدام".

شیرین، ناوی خوازراوی ژنێکی تەمەن 30 ساڵە و دانیشتووی یەکێک لەگەڕەکەکانی شاری هەولێرە، سێ ساڵ بەر لە ئێستا بەرێکەوت شووی کردووەو، دوومنداڵی هەیە، ئەو لەنێو دادگای هەولێر منداڵە یەک ساڵییەکەی لەباوەش گرتبوو، جاربەجاریش لەکاتی قسەکردنی بۆ (ڕووداو) فرمێسک بەچاوەکانیدا دەهاتە خوارەوەو منداڵەکەی ماچ دەکرد، ئەو گوتی



هیچ کێشەیەکی لەگەڵ مێردەکەی نەبووەو زۆریش خۆشیویستووە "بەڵام لەگەڵ خەسووم کێشەم هەبوو، بۆیە داوای ماڵی جیام دەکرد".

بەپێی ئاماری ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ، تەنیا لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 3533 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە (2274 تەڵاق، 1259 جیابوونەوە) لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، کەچی بەدرێژایی ساڵی 2008 تەنیا 3663 حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە هەبووە، هەروەها ساڵی ڕابردووش 4237 حاڵەت هەبووە.

بەپێی لێکدانەوەی ئەو ئامارانەش ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە هەرێمی ڕووی لە هەڵکشانێکی بەرچاوە، کە بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2008 ڕێژەکە 92.9% و بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردووش ڕێژەکە 66.7% زیادی کردووە.

تەڵاق بەپێی پێناسەی یاسایی بەوە دەگوترێ کە پیاوەکە داوای جیابوونەوە لە ژنەکەی بکات، جیابوونەوەش ئەوەیە کە ژنەکە داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات. بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو) لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا وەک ڕێژەیەکی گشتی، لەکاتی دەوامی ڕۆژانەی دادگاکاندا لە هەرێمی کوردستان ڕۆژانە 17 حاڵەتی تەڵاق و 9 حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراون.

پارێزەر مەها سەباح، یەکێکە لەو پارێزەرانەی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کار لە دۆسیەکانی باری کەسی دەکات، پێیوایە لێکتێنەگەیشتنی نێوان ژن و مێرد هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوەیە لە دادگاکان، دەڵێ "بەشێکی زۆر لە کوڕان و کچان بێ ئەوەی پێشوەختە ناخی یەکتر بناسن و بیر لە بەرپرسیارێتی پرۆسەی هاوسەرگیری بکەنەوە، بۆ تێرکردنی حەزە سێکسییەکانیان لە تەمەنی زۆر زوودا بڕیاری هاوسەرگیری دەدەن، کاتێکیش دەکەونە نێو ئەرک و لێپرسراوێتی ژیانی هاوسەرگیری زوو پاشگەز دەبنەوەو بڕیاری تەڵاقدان و جیابوونەوە دەدەن".

ئەوپارێزەرە ئاماژەی بەوەداجگەلەلێکتێنەگەیشتنی نێوان ژن و مێرد دەستتێوەردانی کەسانی دیکە لە ژیانی تایبەتی خێزانەکان و کەمدەرامەتی گەنجان و زۆری داواکاری کچان هۆکاری هەرە سەرەکی دیکەی پشت زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق وجیابوونەوەن لە کوردستان "بەشێک لە کچان بێ ئەوەی بیر لە داهاتی کوڕان بکەنەوە لەکاتی هاوسەرگیریدا داوای زێڕ و مارەیی زۆر دەکەن، پاش گواستنەوەشیان هەر زوو داوای ماڵی جیاو هۆکارەکانی خۆشگوزەرانی دەکەن، کوڕیش ناتوانێ بچێتە ژێر باری ئەو هەموو داواکاریە، بۆیە هەر زوو کێشەیان لەنێواندا دروستدەبێ".

ئەو پارێزەرە، لە ئەزموونی ڕۆژانەی لە دادگاکاندا دەڵێ، زۆربەی ئەو هۆکارانەی کە ژنان و پیاوان بۆ تەلاقدان و جیابوونەوە لە دادگاکان بۆ دادوەرەکان دەیانخەنەڕوو هۆکاری ڕاست نین، بەڵکو هۆکاری دیکەی شاراوەش هەن لە زۆر لە حاڵەتەکاندا کە ئەو کەسانە لە دادگادا باسی ناکەن "بەشێک لەو ژنانەی داوای جیابوونەوە لە مێردەکانیان دەکەن، بەهۆی ساردی سێکسی مێردەکانیان و بوونی پەیوەندی سۆزدارییە لەگەڵ کەسانی دیکە، بەڵام لەبەر داو ونەریت و شەرمکردن، ئەو هۆکارانە لەدادگا باس ناکەن".

کۆمەڵناسانیش هۆکاری زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە نێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا دەگەڕێننەوە بۆ جێگرتنەوەی بەرژەوەندی تایبەت و ئابووری لەجێگەی سۆزو خۆشەویستی و ڕاستگۆیی لە ژیانی هاوسەریدا.

د.عەبدوڵڵا ئیسماعیل، مامۆستای بەشی کۆمەڵناسی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە زۆربەی ئەو گرێبەستە هاوسەرگیریانەی ئەمڕۆ لەدادگاکان لەنێوان کوڕان و کچان دەبەسترێن لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕاستگۆیی نابەسترێت بەڵکو لەسەر بنەمای بەرژەوەندی ئابووری دەکرێن "کاتێک ئەو بنەما ئابووری و بەرژەوەندییە تایبەتانە بەرەو لاوازی دەچن، پرۆسە هاوسەرگیرییەکەش لەگەڵیان بەرەو کاڵبوونەوەو هەڵوەشانەوە دەچێ".

دادوەر عەبدولباست فەرهادی، وتەبێژی ئەنجوومەنی دادوەریی هەرێمی کوردستان و سەرپەرشتیاری دادوەری دادگاکانی هەولێرو دهۆک، نەبوونی ڕۆشنبیری خێزانی و نەمانی لێبووردەیی نێوان ژن و مێرد و پەخشکردنی ئەو زنجیرە دراما دۆبلاژکراوە بیانیانەی کە هانی ژن و مێرد دەدەن بۆ بەستنی پەیوەندی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری و بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل و ئینتەرنێت بەشێوەیەکی نادروست هۆکاری سەرەکی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوەن و دەڵێت "تاوەکو حکومەت هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانە نەنێت، لەو بڕوایەدا نیم ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە بەرەو کەمبوونەوە بچێت".

فەرهادی، چارەسەری دیاردەی تەڵاق و جیابوونەوەش لەوەدا دەبینێ، کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەوڵبدات خولی تایبەتی ڕۆشنبیری خێزانی بۆ ئەو کوڕ وکچانە بکاتەوە کە تازە دەچنە ژیانی هاوسەرگیرییەوە تاوەکو لەڕێگەی پسپۆڕی دەروونناسی و ئابووری و تەندروستی لە خولەکان ئامانجی چوونە نێو پرۆسەی هاوسەرگیری و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی گرفتەکانیان بۆ شیبکرێتەوە. هەروەها لە ڕێگەی لیژنەیەکی پسپۆڕ سانسۆر بخرێتە سەر پەخشکردنی ئەو زنجیرە درامایانەی دەبنە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان.

دەربارەی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری ئەو ژن و مێردانەی لە دادگاکان داوای جیابوونەوەو تەڵاق دەکەن، عەبدولباست فەرهادی گوتی "تەمەنیان لەنێوان 18 تا 30 ساڵیدایەو ئاستی ڕۆشنبیریان هەمەجۆرە و زۆربەیان لەڕووی داراییەوە لە چینی مامناوەندین".

سەرپەرشتیاری دادوەری دادگاکانی هەولێر و دهۆک، تێبینی لەسەر یاسای هەموارکراوی باری کەسی هەیە و دەڵێت "یاسا هەموارکراوەکە لێبووردەیی لەنێوان ژن و مێرد نەهێشت، ئێستا ژنان بەهۆی ئەو مافانەی لە یاساکە پێیاندراوە بەدروستبوونی سادەترین کێشە لەگەڵ مێردەکانیان ڕوو لە دادگا دەکەن و داوای جیابوونەوە دەکەن".

**عەبدولباست فەرهادی:**
**دراما بیانییەکان شیرازەی خێزانیان تێکدا و هەموارکردنی یاسای باری کەسی ژنانی هاندا بۆ جیابوونەوە**

**پارێزەر مەها سەباح:**
**بەشێک لە ژنەکان بەهۆی ساردی سێکسی مێردەکانیان داوای جیابوونەوە دەکەن، بەڵام ئەوە لە دادگادا باس ناکەن**

### حاڵەتی تەڵاق و جیابوونەوە لە دادگاکانی کوردستان




زۆربەی ئەوانەی داوای تەڵاق و جیابوونەوە دەکەن تەمەنیان لەنێوان 18-30 ساڵە

### هۆکارەکان

- داواکردنی ماڵی سەربەخۆ لەلایەن ژنانەوە.
- هاوسەرگیری لەپێناو تێرکردنی حەزە سێکسییەکان و نەبوونی خۆشەویستی ڕاستەقینە.
- کەمدەرامەتی کوڕان و داواکاری زۆری کچان.
- ساردی سێکسی و خیانەتی هاوسەرگیری .
- لاساییکردنەوەی حاڵەتی نێو زنجیرە دراما بیانییەکان لە بەستنی پەیوەندی دەرەوەی هاوسەرگیری و زوو تەڵاقدان.
- خراپ بەکارهێنانی تەلەفۆنی مۆبایل و ئینتەرنێت.

### چارەسەر

- لێکتگەیشتنی کچان و کوڕان بەر لە ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری
- دانانی سانسۆر لەسەر ئەو دراما بیانییەیانەی دەبنە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزان
- کردنەوەی خولی ڕۆشنبیری خێزانی بۆ کوڕان و کچان پێش پرۆسەی هاوسەرگیری.

ئەو هۆکار و چارەسەرانە بەپێی بۆچوونی ئەو کەسانە دانراون کە بۆ ئەو ڕاپۆرتە قسەیان لەگەڵ کراوە.

# عێراق و هەرێمی کوردستان ئەمجارەش ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی ڕەتدەکەنەوە

**سەلام سەعدی**
**ڕووداو- هەولێر**

هەریەک لە حکومەتی فیدراڵیی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان نێوەڕۆکی ئەو ڕاپۆرتە ڕەتدەکەنەوە کە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی (ئەمنستی ئینتەرناشناڵ) هەفتەی ڕابردوو لەبارەی ڕەوشی گیراوان لەعێراق و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لەنێو زیندانەکاندا بڵاویکردەوە.

ڕاپۆرتی ئەمجارەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ کە دووشەممەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، وەک ڕاپۆرتەکانی پێشتری، وێنەیەکی تاریک لەبارەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لەعێراق بەگشتی، بەتایبەتی لەنێو گرتووخانەکاندا دەکێشێ.

ڕاپۆرتەکە نیگەرانی لەوە دەربڕیوە کە ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لەچوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئەمنیدا لەعێراق دەکشێتەوەو چارەنووسی هەزاران بەندکراو کە ڕادەستی لایەنی عێراقی کردوونەتەوە، بەرەوڕووی ئایندەیەکی نادیار دەکاتەوە.

ڕاپۆرتەکە کە لەژێر ناوی (ڕژێمی نوێ و هەمان پێشێلکاری: بەندکردنی نایاسایی و ئەشکەنجەدان لەعێراق)دایە، دەسەڵاتدارانی عێراق بە بەندکردن و ڕاگرتنی نایاساییانەی خەڵک، هێشتنەوەی گیراوان بۆ ماوەیەکی درێژ بەبێ دادگاییکردن، ئەشکەنجەدانی بەندکراوان و ڕاگرتنیان لەزیندانی نهێنیدا و بێ سەروشوێنکردنی هەندێک لەگیراوان تۆمەتبار دەکات.

مالکۆلم سمارت، بەڕێوەبەری پرۆگرامی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقای ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، لەلێدوانێکدا بۆ ماڵپەڕی ڕێکخراوەکە، حکومەتی عێراق بەوە تۆمەتبار دەکات کە ئەو سیاسەتەی ئەشکەنجەدان و بێ سەروشوێنکردنە بە بەرنامە بەڕێوەدەبات. دەشڵێت "ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا کە خۆیشی تۆمارێکی خاوێنتر لەوەی عێراقی نییە لەڕووی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤەوە، بێ هیچ دوودڵییەک هەزاران بەندکراو ڕادەستی هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەکاتەوەو دەستبەرداری مافە مرۆییەکانیان دەبێت".

ڕاپۆرتەکە ژمارەی ئەو بەندکراوانەی تائێستا دادگایی نەکراون بە 30 هەزار کەس مەزەندە دەکات و دەڵێت 10 هەزار لەوانە بەم دواییە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە ڕادەستی عێراق کراون. نیگەرانیش لەوە دەردەبڕێ کە بەندکراوان "لەسایەی نەبوونی یاسا و چاودێریدا" بەرەوڕووی ئەشکەنجەدانی لە ڕادەبەدەر دەبنەوەو هەندێک لەوانە بەهۆی توندی ئەو ئەشکەنجەیەوە گیان لەدەستدەدەن. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە "ئەشکەنجەدان بەمەبەستی وەرگرتنی ددانپێدانان بە تاوانێکدا کە زۆربەی جاران پێشوەختە لەلایەن لێکۆڵەران خۆیانەوە ئامادەکراون

بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لەهەولێر:

## هیچ کەسێک لای ئێمە بەبێ بڕیاری دادوەر لە زیندان نییە

وتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤ لە عێراق:

## پێشێلکاری و ئەشکەنجەدانی زیندانیان ڕەفتاری تاکەکەسی بووەو سیاسەتی حکومەت نییە

و زیندانیان تەنیا هێندەیان لەسەرە بەچاوی بەستراوەوە ئیمزای بکەن، دیاردەیەکی بەربڵاوی نێو گرتووخانەکانی عێراقە و دواتریش هەمان ئەو ددانپێدانانە وەک تاکە بەڵگەی تاوانبارکردن دەخەنە بەردەم دادگا، لەوانەش تاوانگەلێک کە ڕەنگە سزاکەی لەسێدارەدان بێت". هەروەها دەڵێت "زۆرکەس بەم جۆرە سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنراوەو سزاکەشی جێبەجێکراوە".

ڕاپۆرتەکە لەو بەشەیدا کە تایبەتە بە ڕەوشی گرتووخانەکانی هەرێمی کوردستان، ڕەخنە لە دەزگا ئەمنییەکانی کوردستان دەگرێ و باس لەهێشتنەوەی گیراوان بۆ ماوەی زۆر درێژ بەبێ ئاراستەکردنی تۆمەت و ڕەوانەکردنیان بۆ دادگا دەکات و لەو چوارچێوەیەشدا وەلید یونس ئەحمەد، تەمەن 52 ساڵ وەک بەڵگە پێشاندەدات کە لەشوباتی ساڵی 2000ەوە وەک ڕاپۆرتەکە دەڵێت "بەبێ تاوان لەلایەن ئاسایشی هەولێرەوە ڕاگیراوەو تائێستا نە تۆمەتێکی بەرەوڕوو کراوەتەوەو نە ڕەوانەی دادگا کراوە. هەروەها لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە "بەپێی زانیارییەکانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، ئەوە ئەو بەندکراوەیە کە درێژترین ماوەی ڕاگیرانی لەزیندانەکانی عێراقدا بەسەربردبێت و دادگایی نەکرابێت".

لەکاتێکدا ڕاپۆرتەکە نێوبراو وەک کەسێکی بێتاوان دەناسێنێ کە بەرەوڕووی "ئەشکەنجەی توند" بووەتەوە، عیسمەت ئەرگۆشی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی لەهەولێر، بۆ (ڕووداو) گوتی "ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەیە وەک ئاسایش، هەرکەسێک لێرە کە دەستگیر دەکرێ بەفەرمانی دادوەر دەگیرێ و پێشوەخت ڕەزامەندی لەسەر دەستگیرکردنی وەردەگرین، ئینجا ئەنجامی لێکۆڵینەوەش دەدرێتە دادوەر و کارەکە بە ڕێوشوێنی یاسایی خۆیدا دەڕوات".

گوتیشی "لای ئێمە هیچ کەسێک نییە کە بەبێ بڕیاری دادوەر لەزیندان بێت. ئەگەر دواکەوتنیش هەبێت لەمەسەلەی دادگاییکردن ئەوە پەیوەندی بە دەزگای دادوەرییەوە هەیە نەک ئاسایش".

لەبارەی ئەو کەسەش کە ناوی لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووەو لەسەر ماڵپەڕی ڕێکخراوەکەش وێنەکەی بڵاوکراوەتەوە، گوتی "بەڵێ ڕاستە ئەو کەسە لای ئێمەیە، بەڵام ئەوە کەسێکی بێتاوان نییە و یەکێکە لەسەرکردەکانی گرووپی قاعیدەو کۆنترین کەسە لەنێو ئەو گرووپە تیرۆریستەدا، ئەوراقیشی لە دادگا هەیە".

هاوکات سالار مەحموود سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کە بەدواداچوون بۆ ئەو کەیسە دەکەن و گوتیشی "ئەگەر ویستتان دەتوانین لەئەنجامەکەیشی ئاگادارتان بکەینەوە".

لەبارەی تێبینیی لیژنەکەشیان لەسەرنێوەڕۆکی ئەوراپۆرتە، گوتی "تێبینییەکانی ئێمە لەو ڕوانگەوەیە کە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان جیاوازی لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی عێراق ناکەن لەکاتێکدا بەپێی هەموو پێوەرەکان دەبێ وەک دوو کەیسی جیاواز تەماشا بکرێن. چونکە لەهەرێمی کوردستاندا فەزایەکی باشتر بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ هەیە".

هەر لەبارەی ڕاپۆرتەکەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ، کامل ئەمین گوتەبێژی وەزارەتی مافی مرۆڤ لەعێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە وەزارەتەکەی ڕێزی

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان:

## بەدواداچوون بۆ کەیسی وەلید یونس دەکەین

تەواو لەو ڕاپۆرتە دەگرێ "بەتایبەتی کە لەلایەن ڕێکخراوێکی وەک ئەمنستی ئینتەرناشناڵ دەرچووەو پێمانوایە ڕێکخراوێکی بێلایەن و خاوەن پێگەو نێوبانگی تایبەتییە. نزیکەی دوو ملیۆن و 500 هەزار کارمەندی هەیەو لە زیاتر لە 150 دەوڵەتدا کاردەکات و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پشت بە ڕاپۆرتەکانی دەبەسترێ". هاوکات گوتیشی "بەڵام لەهەمانکاتدا هەندێ تێبینیمان لەسەر نێوەڕۆکی ئەم ڕاپۆرتە هەیە. ڕاپۆرتەکە لەبەشێکی زۆریدا پشتی بەهەمان ئەو زانیارییانە بەستووە کە پێشتر وەزارەتی مافی مرۆڤ لەعێراق بڵاویکردوونەتەوە، بەتایبەتی ڕاپۆرتی ساڵی 2009ی تایبەت بە ڕەوشی زیندانەکان لەعێراق کە وردتره لەوەی لەم ڕاپۆرتەی ئەمنستی ئینتەرناشناڵدا هاتووە".

کامل ئەمین هەر لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی "ئەوان لە وەرگرتنی زانیارییەکاندا وردبینییەکی زۆریان نەکردووە، بۆنموونە کە دەڵێت 30 هەزار گیراو لەعێراقدا هەن هیچ تۆمەتێکیان بەرەوڕوو نەکراوەتەوە یان دادگایی نەکراون ئەوە لە ڕاستییەوە دوورەو ئەوان ژمارەکانیان تێکەڵ کردووە، سەرباری ئەوەی کە ئەو ژمارانە جێگیر نین. ئەوەی لەوێدا هاتووە هی ساڵی 2009و ئەوە حوکمدراو و ڕاگیراوان دەگرێتەوە. ئەو 10 هەزار زیندانییەش کە بەپێی ڕێککەوتننامەی ئەمنی لە هێزەکانی ئەمریکا وەرگیراونەتەوە ئەوەش وەک خۆی نەماوە. چونکە لەلایەن ئەنجوومەنی دادوەری و لیژنە تایبەتەکانی سەر بەحکومەتی عێراق پێداچوونەوە بەدۆسیەی ئەوانەدا کراوە و بەشێکیان ئازادکراون، ئەوانەی تاوانباریشن و بەڵگە لەسەریان هەیە بەرەوڕووی دادگاکانی عێراق کراونەتەوە".

گوتەبێژەکەی وەزارەتی مافی مرۆڤ هەروەها گوتی "ئێمە لەهەموو ڕاپۆرتەکانی خۆماندا هەرگیز نکۆڵیمان لەوە نەکردووە کە پێشێلکاری لە زیندانەکاندا هەیە، بەڵام ئەوانە حاڵەتی تاکەکەسی بوونەو بەشێک نییە لە سیاسەتی حکومەت، پێچەوانەی ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەدا زۆر بە ڕەهایی جەختی لەسەر کراوەتەوە".



---



**سلێمانێ ئالیخان**
**ئەڵمانیا**
silemani_alixani@yahoo.com

## برایێن! مە و ئالایێ مە ل بەغدا

د یارییا دووماهیێ ژ خولا تەپاپێ یا عێراقێ دا کو ل بەغدا هاتەکرن، یانەیا تەپاپێ یا دهۆکێ ب سەرکەفت ل سەر یانەیا تەپاپێ یا تەلەبە و مەتالێ قارەمانیا ئەڤسالە ئینا کوردستانێ. تەلەڤزیۆنا فەرمی یا دەولەتا عێراقێ یا ب ناڤێ (العراقیە) ئەڤ یارییە ب شێوەیەکێ زیندی ڤەدگوهاست، لێ ب درێژاهیا دەمێ یارێ هەوڵدا هاندەرێن یانەیا دهۆکێ نیشاننەدەت، ژبەر کو ئالایێن کوردستانێ بلندکربوون. هەروەسا دەمێ یاری ب داوی هاتی و یاریزانێن دهۆکێ ڕێزبیبوون بۆ وەرگرتنا خەلاتێن خوە، وێ تەلەڤزیۆنێ بەرێ زووما کامیرەیێن خوە دا لایەکێ دی دا کو یاریزانێن کورد نیشاننەدەت کو ئالایێن کوردستانێ دانابوونە سەر ملێن خوە، لێ دەمێ یاریکەرەکێ عەرەب یێ هەمان یانەیێ هاتییە پێش و خەلاتێ خوە وەرگرتی، وێ تەلەڤزیۆنێ ئەو ژ نێزیک نیشاندا، ژ بەرکو ئالایێ عێراقێ دستوویێ خوە ئالاندبوو. ژبلی ڤێ یەکێ ژی هندەک هاندەر و پۆلیسێن عەرەب ژی هەولددان ئالایێ کوردستانێ بینن خوار. ئەڤە هندەک ژ وان دیمەنان بوون کو مە ل سەر شاشا تەلەڤزیۆنا ناڤبری دیتین، ئەڤجا خودێ دزانیت چەند دیمەنێن دی یێن هەڤشێوە ل سەر ئاخا یاریگەهێ هەبووینە و"برایێن عەرەب" چەند بێ ڕێزی بەرامبەر ئالایێ پیرۆزێ کوردستانێ کرینە!؟

هەڵبەت ئالایێ کوردستانێ، هێمایێ هەرێمەکێیە کو "نە ل سەر خێرێ" سەر ب دەولەتا عێراقێڤە یە و دەستووری دا دان پێ هاتییە دانان، لەوما پێدڤییە وەلاتیێن وێ دەولەتێ چ کورد و چ ژی عەرەب ڕێزێ ل هێمایێن وێ هەرێمێ بگرن و بەرگریێ ژێ بکەن و ئەگەر کەسەکی سڤکاتی پێ کر دڤێت ل گۆر یاسایێ بهێتە سزادان. هەر ل گۆر وی دەستووری پێویستە هەموو دەزگەهـ و ب تایبەت تەلەڤزیۆنا دەولەتێ، پرۆگرامێن خوە ب زمانێن فەرمی (کوردی و عەرەبی) پێشکێش بکەن، واتە ب کێمانی دڤێت دەنگوباس و چەند پرۆگرامێن عێراقیە ب زمانێ کوردی بن، لێ ئەو تەلەڤزیۆن نە تنێ وی تشتی ناکەت، بەلکو ب شێوەیەکێ ئاشکەرا دووژمنایەتییا گەلێ کوردستانێ دکەت و ب پەخشکرنا یارییا یانەیا دهۆکێ بەلگەیەکا دی یا زیندی ل سەر مەزنییا کەرب و کینا هەموو تەخێن جڤاکا عەرەبی بەرامبەر کوردان، ئاشکەرابوو. ئەڤجا پێویستە مرۆڤ تێبگەهیت کو دەمێ میدیاکار و ڕەوشەنبیرێن عەرەبان هۆسا هزر بکەن، واتە دوورنینە سیاسی و جەنەراڵێن وان مژوولی دارشتنا پلانێن ئەنفالان بن!

ب ڕاستی ئەڤە نە تشتەکێ نوو و نەچاڤەرێکری یە ژ "برایێن عەرەب"، لێ مخابن ل شوونا کو ئەڤ هەڵویستێن دووژمنکارانە یێن عەرەبان بهێنە نیشاندان دا کو زارۆک و لاوێن مە هشیارین و د ڕەوشێ بگەهن، هندەک کوردێن کو ب کۆمکرنا دراڤێڤە دمژوولن، تۆزێ دهاڤێژنە چاڤێن خەلکی و تشتێن وەسا نیشاندەدن کو داکۆکیێ ل سەر "برایەتییا" عەرەب و کوردان دکەن. ئەڤە ژی ب باوەرییا من خوەکێمکرن و خوەسڤککرنە بۆ عەرەبان، لەوما عەرەبان ژی چ جاران حساب بۆ کوردان نەکریە و ناکەن. دەربارەی ڕەفتارێن ڤان نەژادپەرستێن عەرەب ل یاریگەها شەعب یا کو ب دراڤێ کوردان هاتییە نووژەنکرن، من نەباوەرە حکومەتا عێراقێ، یان ئیدارەیا پارێزگەها بەغدا یان حەتا کەناسەکێ وان ژی داخوازا لێبۆرینێ بکەت یان وان کەسێن سڤکاتی ب ئالایێ پیرۆزێ کوردستانێ کری، سزا بدەت!!

---



بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ناکرێ ئێران بەبێ ڕەزامەندی عێراق ئەو دیوارە دروستبکات
بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# ئێران بە دیوار و یەکە سەربازییەکانی خاکی هەرێمی کوردستان دەبەزێنێ

**بورهان ناوپردانی**
**ڕووداو- حاجی ئۆمەران**

بەپاساوی ڕێگەگرتن لە پەڕینەوەی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان و قاچاخچی و کۆڵبەرەکان، کۆماری ئیسلامی ئێران لەناوچەکانی سەر سنوور سەرقاڵی دروستکردنی دیوارێک و ژمارەیەک بنکەی سەربازییە، کە یەکێک لەو یەکە سەربازیانە دەکەوێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە.

بەپێی زانیاری سەرچاوەیەکی ئاگادار لە هێزەکانی پاسەوانانی سنوور، کۆماری ئیسلامی ئێران تائێستا 6 بنکەی سەربازی لە سنووری حاجی ئۆمەران دروستکردوون کە دەکەونە ناوچەکانی پەتک، ماوەتان، بەردوناز و سەری شیوەڕەش، هەروەها ئێستا سەرقاڵی دروستکردنی دوو بنکەی دیکەیە.

هەروەها ئاشکراشی کرد کە "دوا بنکەی سەربازیی ئێران لەسەر سنوور مانگێک لەمەوبەر لەناو خاکی هەرێمی کوردستان دروستکراوە لە کوێستانی بەردوناز و نزیکەی 50 پاسداری تێدا جێگیر کردووە".

جگە لەو بنکە سەربازییانە، ئێران دیوارێکی بە سیمی کارەبا دەورەدراوی بە درێژایی پێنج کیلۆمەتر دروستکردووە، ئەو سەرچاوەیەی هێزەکانی پاسەوانی سنوور گوتی "بەشێک لەو دیوارە دەکەوێتە نێو خاکی هەرێمی کوردستان و لە هەر دووسەت مەتری دیوارەکەدا چەند پاسدارێک دانراون".

نزیکەی 14 ساڵ بەر لە ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران بە بیانووی ئەوەی 50 سانتیمەتر چووەتە نێو خاکەکەی، خانووی ئەمجەد ڕەحمانی لە شارۆچکەی بیارەی سەرسنوور ڕووخاند.

مستەفا محەممەد نەجار، وەزیری ناوخۆی ئێران لە نێوەڕاستی مانگی تەممووزی ئەمساڵ ڕایگەیاند "ئێران بڕیاریداوە تەواوی سنوورەکانی لەگەڵ عێراق، تورکیا، ئەفغانستان و پاکستاندا دیواربەند بکات، بڕی 150 ملیۆن دۆلاریشی بۆ ئەو مەبەستە تەرخانکردووە"، گوتیشی مەبەستیان لەو دیوارکردنە ڕێگەگرتنە لەپەڕینەوەی بازرگانانی مادده هۆشبەرەکان و پەڕینەوەی نایاسایی.

هەرچەندە ئێران دەڵێت ئەو دیوارانە بۆ ڕێگرین لە کاری قاچاخچێتی ، بەڵام چاودێران پێیانوایە مەبەستی ئێران پتر ڕێگەگرتنە لە چالاکییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، لەوانەش پارتی ژیانی ئازادی کوردستان PJAK کە بنکە و بارەگاکانیان لەسەر سنوورەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئێرانە.

دکتۆر سەید خان، ئەندامی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەرایەتی PJAK بۆچوونی وایە کە "ئامانجی سەرەکی ئێران بڕینی پەیوەندی نێوان کوردان و پارچەکانی کوردستان و دابڕینی پێکهاتەکانی گەلی ئێرانە لەگەڵ جیهان. ئێران هەستی بە بەهێزبوونی گەلی کورد کردووە بۆیە دیواربەند لەگەڵ هەرێمی کوردستان دروستدەکات"، سەیدخان گوتیشی "ئێران بوونی حکومەتێکی کوردی پێ قبوڵ ناکرێ، بۆیە ساڵانە بە بیانوی جۆراوجۆر، نائارامی و پشێوی بۆ دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەکات و سنوور دەبەزێنێ".

بەرپرسانی بواری ئەمنی، دروستکردنی ئەو دیوارە بە کارێکی نایاسایی دەزانن. د.تارق گەردی، بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو بارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان ناکرێ ئێران تاکلایەنە بڕیار لەسەر دروستکردنی دیوارێک بەدرێژایی سنووری هەرێمی کوردستان بدات، ئەو کارە پێویستی بە ڕەزامەندی حکومەتی فیدرالی عێراقیشە".

هەرچەندە بەرپرسە باڵاکەی هێزی پاسەوانی سنووری هەرێمی کوردستان دووپاتیکردەوە کە بەگوێرەی نەخشەی جوگرافی عێراق، وڵاتی ئێران بە قووڵایی 3 کیلۆمەتر سنووری هەرێمی کوردستانی بەزاندووە لە ماوەی شەڕی 8 ساڵەی عێراق و ئێراندا و ئەو بەشە خراوەتە سەر خاکی کۆماری ئیسلامی ئێران کە ئێستە پێیدەڵێن شوێنی بازاڕی تەمەرچیان.

حاکم تارق ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان وەک وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراقی فیدراڵ دووجار سەردانی تارانیان کردووە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەشەی ئێران لە خاکی عێراقی دابڕیوە لە سنووری ناحیەی حاجی ئۆمەران کە درێژیەکەی 150 مەترە "بەڵام تائێستا نەگەڕاوەتەوە سەر خاکی هەرێمی کوردستان".

سیاسەتکاران پێیانوایە دروستکردنی دیواربەند بەدرێژایی سنووری هەرێمی کوردستان ناتوانێ مەبەستەکەی ئێران بەدیبێنێ. سەیدخان گوتی "هیچ شتێک ناتوانێ ڕێگە لە خەباتی پژاک بگرێت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە کۆنفرانسی یەکەمی ئەمساڵدا بڕیاردرا خەباتی خۆمان بگوازینەوە ناو چیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە پراکتیکی دەست بەخەباتی خۆمان دەکەین، بۆ ئەوەی هێزەکانی پاسدارانی ئێران بەوبیانووە ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆردوومان نەکەن". گوتیشی "ئێران ئەگەر بیەوێ ڕێگە لە پەڕینەوەی ماددەی هۆشبەر بگرێت، پێویستە کێشەی سیاسی ناوخۆی چارەسەربکات و بژێوی ژیانی هاووڵاتیانی باش بکات، ئەوکات هیچ کەسێک بازرگانی مادده هۆشبەرەکان ناکات و کاری قاچاخچێتیش نامێنێ".

---

# جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت لەکوێوە دەستپێدەکات؟



**کاوە محەممەد**
kawamuhamad@yahoo.com

لە ژمارە 129ی ڕۆژی 2010/9/6ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووس نەوزاد مەحمودم خوێندەوە، بەناونیشانی (زەنگ خەریکە لێدەدات و قوتابخانە داگیرکراوەکان چۆڵنەکراون)، بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشام، بەتایبەتیش کە باس لەبینای ئێستای مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانیش لەسلێمانی دەکات وەک یەکێک لەو بینایانەی حکومەت کە تائێستا چۆڵنەکراون. وێڕای دەستخۆشیم بۆ ئامادەکاری ڕاپۆرتەکە، بەپێویستم زانی منیش هەندێ تێبینی خۆم لەبارەی ئەو مەسەلە گرنگە بخەمەڕوو و بیکەمە دەروازەیەک بۆ قسەکردن لەسەر پەیوەندییە نادروستەکەی نێوان حیزب و حکومەت.

ساڵی 1993 ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) لەبینایەکی سەر بە وەزارەتی پیشەسازییدا بوو لەسەر شەقامی شەست مەتریی لە هەولێر، ڕۆژێکیان هەر ئەوەندەمانزانی وتیان دەبێ خۆمان بپێچینەوە و بیناکە چۆڵبکەین، هێندە بەپەلە بووین، ئێوارەیەک نم نم بارانیش دەباری، بەڵام ئێمە ناچار بووین گواستنەوەکە دوانەخەین، چونکە پێیانڕاگەیاندین کە ئەوە بڕیارێکی مام جەلالە و دەبێ بەزوویی و بێ دواکەوتن ئەو بینا حکومییە چۆڵبکەین. ئەوەبوو (کوردستانی نوێ) بۆ بینایەک لەناو جەرگەی بازاڕی هەولێر گواسترایەوە کە بە بینای (عەبدلقادر جیمسی) بەنێوبانگ بوو.

ئەو بڕیارەی سکرتێری گشتیی لەچوارچێوەی هەڵمەتێکی حیزبی دا بوو بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بینا و خانووە حکومییانەی دوو ساڵ پێشتر لەکاتی ڕاپەڕین دا حیزبەکانی بەرەی کوردستانی دەستیان بەسەرداگرتبوو و بنکە و بارەگای خۆیان تێدا دامەزراندبوو، دیارە یەکێتیش لەو هەڵمەتەدا دەسپێشخەر بوو و بڕیاری یەکلاکەرەوەیدا کە دەبێ لە دوورخستنەوەی دەستی حیزب لەحکومەت و بەهێزکردنی حکومەتی تازە دامەزراوی هەرێمی کوردستاندا لەپێشەوەی هەمووان بێت. لەکاتێکیشدا یەکێتی ئەو بڕیارەیدا کە هەموو لایەک دەزانین ئەوکاتە باری دارایی حیزبەکانی کوردستان چەندە نالەبار بوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە، فاکتەرە داراییەکە نەیتوانی ئەو ئیرادە سیاسییەی یەکێتی بێ هێز بکات و ئۆرگانە حیزبییەکانی خۆی ناچارکرد بچن بینای دیکە بەکرێ بگرن و موڵک و ماڵی حکومی بۆ خاوەنەکەی بگەڕێننەوە.

بۆیە جێی خۆیەتی ئێمەی کادیرانی حیزب، پێش هەر کەسێکی دیکە لەوە نیگەران بین و ڕەخنە بگرین کە بۆچی دوای 17 ساڵ لەو هەڵمەتە، تائێستاش بینا و شوێنی حکومیی هەبێت بەدەست حیزبەکانەوە بێت و هیچ ئامادەییەکی جدیش بۆ چۆڵکردنیان نەبێت. نیگەران دەبین، چونکە جگە لەوەی حیزب لەسەر ئەو چەند بینایە پەکی ناکەوێت، هاوکات بۆ پرەستیج و بڕیارەکانی، بە سلبی دەشکێتەوە و هەمیشە باسکردن و وروژاندنی لەکەناڵەکانی میدیادا، میسداقیەتی حیزب لەپشتیوانیکردنی حکومەت و دامەزراوەییکردنی هەرێم، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. زەقترین نموونە وەک لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە بینای ئێستای مەکتەبی سیاسیی یەکێتییە لەسلێمانی کە بینایەکی حکومیی سەر بە وەزارەتی پەروەردەیە، چەندین ساڵە یەکێتی بەو هەموو بودجە و داهاتەی هەیەتی، بینایەکی تازە و مۆدێرنی بۆ مەکتەبی سیاسییەکەی خۆی دروستنەکرد، بۆئەوەی دەسبەرداری بینا حکومییەکە بێت و چۆڵی بکات، لەکاتێکدا مەکتەبی سیاسی ناوەندی سەرەکی دروستکردنی بڕیاری حیزبە و هەر کەموکوڕییەک لەو ئۆرگانەدا هەبێت، زیانی گەورە بە حیزبەکە دەگەیێنێ و ناشتوانێ ئۆرگانەکانی خوار خۆی ناچار بکات بڕیارێک جێبەجێبکەن کە خۆی جێبەجێینەکردووە. بێگومان پارتیش لەهەولێر و دهۆک چەندین بینای حکومیی کردووەتە بارەگای حیزبی و تائێستا چۆڵی نەکردوون. زەقترین نموونەی ئەوێش هاوینەهەواری سەری ڕەشە کە شوێنێکی گشتییە و چەندین دامەزراوەی گەشتیاری حکومی لێ بوو و ئێمەی نەوەکانی پێش ڕاپەڕین، چەندین یادگاری و یادەوەریی جوانمان لەو هاوینەهەوارە دڵرفێنەی سەر بە پارێزگای هەولێردا هەیە، بەڵام نەوەی دوای ڕاپەڕین نەک هیچ یادگارییەکیان لەوێ نییە، بەڵکو ڕەنگە هی وایان تێدابێ ئەسڵەن نەزانێ هاوینەهەوارێکی ئاوا دڵگیر لەکوردستاندا هەیە، چونکە هەڵکەوتەیەکی لاچەپی هەیە و ڕاستەوخۆ ناکەوێتە سەر ڕێگای هامیلتۆنەوە. خۆ ئەگەر بەهۆی بوونی بارەگای سەرۆکایەتیی پارتی و دواتریش سەرۆکایەتیی هەرێم، کراوەتە ناوچەیەکی داخراو، پێموایە ئەوە ڕێگە لەوە ناگرێ وەک هاوینەهەوارێکی هاوشێوەی شەرم ئەلشێخی میسری لێ بکرێ، کە سەرەڕای ئەوەی چەندین کۆنگرە و کۆبوونەوەی باڵای نێودەوڵەتی و ناوچەیی لێکراوە و دەکرێ و سەرۆکی میسر لەوێ کۆبوونەوە گرنگەکانی لەگەڵ سەرۆک و پادشای وڵاتان دەکات، بەڵام هاوینەهەوارێکی هەمیشە کراوەیە بەڕووی گەشتیاران و ڕووە سیاسییەکەی نەک هەر ڕووە گەشتیارییەکەی نەشاردۆتەوە، بەڵکو بۆتە فاکتەری هاندانی زیاتری گەشتیاران کە لەهەموو لایەکی دنیاوە ڕووی تێبکەن.

بەداخەوە ئەمە تەعبیر لەلێکئاڵانی ڕیخۆڵەی حیزب و حکومەت و نەبوونی ئیرادە و بڕیاری سیاسی بۆ لێکجیاکردنەوەیان دەکات، ئەگەرنا دەبوایە بەر لەهەر دامەزراوەیەکی دیکەی حیزبی، مەکتەبی سیاسی یەکێتی و سەرۆکایەتیی پارتی، نەشتەرگەریی ئەو جیاکارییە ئاڵۆزە بکەن و لەو شوێنەوە دەستپێبکەن کە خۆیانی لێن. بۆئەوەی ئیتر دوای 18 ساڵ لەحکومەتداریی، موڵکەکانی حکومەت و خەڵک تەسلیم بە خاوەنە ڕاستەقینەکانی خۆیان بکرێنەوە و چیتر دروشمی (جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت) لەدەرەوەی کایەکانی کردار و بڕیاردا نەمێنێتەوە.



## پۆلیسە قەڵەوەکان بۆ ماڵەوە

**رووداو- ئاژانسەکان**

پۆلیسی ئەفریقیای باشوور بڕیاریدا هەر پۆلیسێکی قەڵەو کێشەکەی دانەبەزێنێ دەردەکرێ. جێگری وەزیری ناوخۆی ئەفریقیای باشوور رایگەیاند، وەزارەتەکەی بەپێی ئەو بڕیارە پۆلیسە قەڵەوەکان دەردەکات ئەگەر لە ماوەیەکی دیاریکراودا کێشەکەیان دانەبەزێنن. پۆلیسە قەڵەوەکان لەلایەن خەڵکەوە زۆر رەخنەیان لێدەگیرێ، چونکە بەو هۆیەوە ناتوانن بەتەواوی و گورجوگۆڵی کاری خۆیان بکەن.



# قەیسییەکانی عەزیز وەیسی بەسێ رۆژ نەمان

**رووداو- هەولێر**

نوێترین ئەلبوومی هونەرمەند عەزیز وەیسی کە رۆژی پێش جەژنی رەمەزان لە هەرێمی کوردستان بڵاوبووەوە، لە چاپی یەکەمیدا کە نزیکەی 70 هەزار دانەی لێ چاپکرا بە 3 رۆژ هەمووی فرۆشرا و ئێستا بۆ جاری دووەم چاپکراوەتەوە.

عەزیز وەیسی رەخنەی لەوەگرت کە لە یەکەم رۆژی بڵاوبوونەوەی ئەلبوومەکەی دەستکرا بە کۆپیکردنی "بەداخەوە هەر لە یەکەم رۆژدا کۆپی کرا، خاوەنی یەکێک لە نووسینگەکانی فرۆشتنی سیدی نزیکەی 500 کۆپی فرۆشتووە، جگە لەوەش یەکێکی دیکە ئەلبوومەکەی منی بەبێ پرسی من چاپکردووەتەوەو لەجیاتی ئاوا گرووپ و ناوەندی ئارۆ کە کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکەمە، ناو و تەلەفۆنی خۆی لەسەر داناوە".

بەڵام عەزیز وەیسی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) رایگەیاند کە نایەوێ سکاڵا لەسەر کەس تۆمار بکات "نامەوێ کەس لە خۆم عاجز بکەم، بۆیە سکاڵایان لەسەر تۆمار ناکەم، تەنیا دەڵێم بۆ دەبێ خەڵک بە سکاڵا واز لەکاری وا بێنێ، بۆ دەبێ هەست بە بەرپرسیارێتی نەکەن، ئەوانە بە کۆپیکردن هونەرمەندەکان ئەنفال دەکەن، هونەرمەندان لە رێگەی سیدییەکانیانەوە داهاتیان دەستدەکەوێ، ئەگەر سیدییەکانی کۆپی بکرێ ئەو هونەرمەندە ناتوانێ کاری نوێ و باشتر بکات".

عەزیز وەیسی کە هونەرمەندێکی خۆشەویستە لەنێو خەڵکدا ، ئاماژەی بەوەدا ئەگەر ئەلبوومەکەی کۆپی نەکرێ، دڵنیایە چاپی پێنجەمیشی دەکات.

نوێترین ئەلبوومی عەزیز وەیسی بەنێوی (سروە) کە لە 10 گۆرانی شاد پێکهاتووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی بەنێوی (هەرمێ و هەلۆژەو قەیسی) کلیپکراوە.

دیدار شێرزاد، خاوەنی سەنتەری ئەربائیلۆ لە هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند کە چاپی یەکەمی ئەلبوومی تازەی عەزیز وەیسی لەرۆژانی جەژنی رەمەزان تەواو بوو، ئێستا چاپی دووەمی دەفرۆشن. دیداریش گوتی ئەلبوومەکەی عەزیز وەیسی کۆپیکراوە " بەڵام کەسێک کە نووسینگەی لە دەرەوەی هەولێر هەیە ئەو کارەی کردووە، من وەک بریکارێکی بڵاوکردنەوە سکاڵام لەسەر تۆمارکردووە".

دیدار باسی ئەوەیکرد کە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر لەکچ و کوڕی گەنج داوای ئەلبوومی عەزیز وەیس دەکەن ، ژمارەیەکی زۆر عەرەبیش ئەلبوومە نوێیەکەی عەزیز وەیسیان لەسەنتەرەکەی کڕیوە.

## عەزیز وەیسی : خەڵک ئەنفالمان دەکەن



# ئەحمەد رزق بێ هۆشیکردم

**رووداو – ایلاف**

دینا فوئاد، یەکێک لە پاڵەوانەکانی زنجیرە درامای (العار) کە رەمەزان نیشاندرا، رایگەیاند کە ئەحمەد رزق لەکاتی وێنەگرتنی ئەلقەیەکدا زللەی راستی لێدا و لەخۆی چوو.

دینا کە رۆڵی (رەشا)ی کچە خراپەکارەکەی لە زنجیرەکەدا دەگێڕا، دەڵێ گێڕانی ئەو رۆڵە بۆ ئەو زۆر ئاسان نەبوو " چونکە من هەمیشە وەک کچێکی ئورستوکراتی و نەرم و رۆمانسی دەرکەوتبووم لە فیلم و زنجیرەکاندا".

سەبارەت بە دیمەنی لێدانیشی لەلایەن هونەرمەند ئەحمەد رزقەوە گوتی " دیمەنی لێدانەکە سەختترین دیمەن بوو بۆ من، نەدەکرا پەنا ببەمە بەر دوبلێرەیەکیش چونکە لەو گرتەیەدا دەبووایە دەموچاوی من بەتەواوی دەربکەوێ، وێنەگرتنی ئەو دیمەنە زۆری خایاند، سێ جار وێنەگرتنەکەیمان دووبارە کردەوە، هەموو جارێکیش ئەحمەد رزق زللەی راستی لێدەدام، لە کۆتایی دیمەنەکەدا خوێن لەسەرمدا کۆبووەوە پاش ئەوەی سەرم بە شتێکی رەق کەوتوو و لەخۆم چووم، چەند کەوتمە ژێر چارەسەری".

دینا کە کچێکی تازە دەرکەوتووی سینەمای میسرییە دەڵێ ئامادەنییە رۆڵێک بگێڕێ کە دیمەنی ورووژاندنی بە زار تێدابێ نەک دیمەنی سێکسی " چونکە نامەوێ شتێک بکەم خێزانەکەم شەرمی لێ بکاتەوە".

## باواجی چووە ئەڵمانیا

# لێوزە جەلال: بەهۆی بریندابوونم وەستام



**رووداو- هەولێر**

پێشکەشکار و گۆرانیبێژ لێوزە جەلال کە ماوەیەکە لە بەرهەمهێنانی گۆرانی تازە وەستاوە، هۆکاری ئەوەی روونکردەوەو گوتی "چەند گۆرانییەکی تازەم لەبەردەستبوو، بەڵام بەهۆی بریندابوونم بەهۆی رووداوی ئۆتۆمبێلەوە کارەکانم دواکەوتن".

لێوزە جەلال، پێشکەشکار و ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە و سەرۆکی شاندی ئەو تیپە بۆ ئەڵمانیا بە (رووداو)ی راگەیاند بۆ یەکەمجار تیپەکەیان گەشتێکی هونەری بۆ دەرەوە لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی کوردستان بۆ رێکخرا بۆ بەشدارییکردن لەشەشەمین فیستیڤاڵی (یانەی رافیدەینی رۆشنبیری عێراقی) لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا. لێوزە گوتی "لەنێو تیپە موزیکییەکانی عێراق و کوردستان تەنیا تیپی باواجی کۆیە بەشداربوو". تیپی باواجی 20 رۆژ لە ئەڵمانیا مایەوە "توانیمان چەندین چالاکی هونەریی و رۆشنبیری ئەنجام بدەین".

لێوزە جەلال کە یەکێکە لە بێژەرەکانی کەناڵی ئاسمانی کوردسات، گۆرانیبێژیشە. لێوزە گوتی "من لەساڵی 1997ەوە گۆرانی دەڵێم و کاری موزیکیم ئەنجامداوە، بەڵام بەشێوەیەکی پچڕ پچڕ ، کەمیش دەردەکەوم". لێوزە زۆر حەزی لە گۆرانی گوتنە، ساڵی رابردوو بەچەند گۆرانییەک بەشداریی لە ئەلبوومێکی تیپی باواجی کۆیەدا کرد "هەروەها چەند گۆرانییەکی تازەم لەبەردەستە، بەڵام بەهۆی بریندابوونم لە رووداوی ئۆتۆمبێلدا کارەکانم دواکەوتن، هیوادارم لەداهاتوودا ئەو گۆرانیانە تەواوبکەم".

# بیبەر تووشی شێرپەنجەت دەکات

**رووداو – ئاژانسەکان**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک ماددەی (کابسیسین) کە هۆکاری تیژبوونی بیبەرە و لە زۆر خواردندا بەکاردەهێنرێ لە جیهاندا، یارمەتی تووشبوونی شێرپەنجەش دەدات.

بەپێی لێکۆڵینەوەی زانایانی زانکۆی کۆنکۆکی کۆریای باشوور، ئەو مادە تیژەی لە بیبەردا هەیە مەترسی زۆرە بۆ هەموو مرۆڤەکان بەتایبەتی منداڵان.

لێکۆڵەران دەڵێن بوونی ئەو مادەیە لەبیبەردا هۆکارێکی سەرەکییە بۆ تووشبون بە نەخۆشی شێرپەنجە، بەتایبەتی شێرپەنجەی پێست.

بێگومان خواردنی مادده تیژەکان سوودیشیان هەیە، چونکە چەندین ڤیتامینی جۆراو جۆریان تێدایەو لە هەموویان گرنگتر ڤیتامین G ، کە سوودی هەیە بۆ گەشەکردنی خانەکانی لەشی مرۆڤ.





# ئافرەتانی نیپاڵی بۆ مێرد بەرۆژوو دەبن

**رووداو-AFP**

فیستیڤاڵی پەنجامی لەلایەن ئافرەتانی نیپالی بۆ باشبوونی مێردەکانیان و دەستکەوتنی مێردێکی باش کۆتایی هات.

هەفتەی رابردوو لە وڵاتی نیپال فیستیڤاڵی پەنجامی کە سێ رۆژ دەخایێنێ کۆتایی هات، لە ماوەی ئەو فیستیڤالەدا ئەو ئافرەتانەی شوویان کردووە دەچنە رووباری باگاماتی و لەوێ خۆیان دەشۆن و کۆتایی بەو سێ رۆژەی بەرۆژووبوونیان دێنن و لە شیڤا دەپاڕێنەوە، کە خواوەندێکی ئاینی هیندییەکانە تا مێردەکانیان لەش ساخ بن و دووچاری کێشە نەبن. ئەو ئافرەتانەش کە شوویان نەکردووە لە شیڤا دەپاڕێنەوە مێردێکی باش و ژیانێکی بەختەوەریان پێ ببەخشێ.

# کارلا و میشێل ناکۆکن



**رووداو- ئاژانسەکان**

کتێبی ژیانی کارلا برۆنی خانمی یەکەمی فەرەنسا، هەرای ناوەتەوە، لەبەرئەوەی تێیدا هاتووە کە پەیوەندی کارلا برۆنی و میشێل ئۆبامای خانمی یەکەمی ئەمریکا باش نییە.

کتێبەکە کە نێوی (کارلا و ئاواتەکانی)یە، تێیدا بەڕاشکاوی باس لە ساردی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو خانمی یەکەمی فەرەنسا و ئەمریکا کراوەو تێیدا نووسراوە "بەهۆی رابردووی کارلا و سارکۆزییەوە، میشێل ئۆباما پێیوایە کە ئەو ژن و مێردە، دووانەیەکی نموونەیی نین تاوەکو ئەو و ئۆبامای مێردی لێیان نزیک ببنەوە". هەروەها لەکتێبەکەدا ئەوەش ئاشکرا کراوە کە میشێل ئۆباما تاکە خانمی یەکەمی جیهانە "بتوانێ رکابەری بکات لەسەر ئاستی رێکپۆشی و جوانی جلوبەرگ".



# خەسوو رووحە

**رووداو- مادەزن**

لەژێر دروشمی (خەسووەکەم رووحی منە) خولێک لە سعودیە کراوەتەوە بۆ باشکردنی پەیوەندی نێوان بووک و خەسوو. رێکخراوێکی سعودی خولێکی کردەوە بۆ ئەو کچانەی کە لە تەمەنی شووکردندان تاوەکو فێریان بکات لەگەڵ خەسووەکانیاندا باشبن و خۆیان لەگەڵ بگونجێنن. وەفا غامیدی، سەرۆکی رێکخراوەکە رایگەیاند "ئامانجی ئێمە لەکردنەوەی ئەو خولە ئەوەیە بووک هەوڵبدات رۆڵێکی باش بگێڕێ لە دروستکردنی سۆز و خۆشەویستی لە خێزاندا".



# سەرۆکی ئیتالیا شیعری گۆرانی دەنووسێ

**رووداو- ئاژانسەکان**

گۆرانیبێژ بەنێوبانگی ئیتالی، ماریانۆ ئەبچیلا کە ئێستا خەریکی ئەلبوومە تازەکەیەتی رایگەیاند شیعری گۆرانییەکانی لەلایەن بێرلسکۆنی سەرۆکی ئیتالیا نووسراون.

ماریانۆ ئەبچیلا گۆرانیبێژی بەنێوبانگی ئیتالی رایگەیاند کە دۆستایەتییەکی گەرمی لەگەڵ بێرلسکۆنی سەرۆکی ئیتالیا هەیەو لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەلبوومە تازەکەی بڵاودەبێتەوە کە لە 13 گۆرانی پێکهاتووە. ئەبچیلا گوتی " بێرلسکۆنی ئەو شیعرانەی بەشێوەزاری ناپۆلی بۆ من نووسیون".



# بەختی رووداو

ayarfalaky@hotmail.com

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

ئەو شتانەی پەیوەندی بە ماڵ و خێزانەوە هەیە پێویستی بە گرنگیپێدانی زیاترە. رووخسار دەربڕی ناخە، دەوروبەرت بە ئاسانی هەستەکانت دەخوێننەوە، بەتایبەت ئەو ماوەیە کە رەشبینییەکانت زۆرن. کۆنترۆڵی راڕایی خۆت بکە و ئەو هەنگاوە جێبەجێبکە کە بڕیارت لەسەریداوە.

### گا
Apr 20–May 20

گۆڕانکاری ژیان هەوڵی زۆری دەوێ، هەموو هەوڵێکیش بەپێی توانای خۆی ئەنجامی دەبێ. کاتێکی باشە و بەخت هاوکاریت دەکات لەو کارانەی بەنیازی ئەنجامیانبدەی. لەلایەن هاوسۆزەکانتانەوە گرنگییەکی زیاترتان پێدەدرێ . پرۆژەیەکی خۆت بۆ کەسانێکی بەتوانا باسدەکەی.

### جمک
May 21–Jun 21

ئەم مانگە بەگشتی دەرفەتی تۆیە بۆ رێکخستنەوەی هەموو ئەو کارانەی پەیوەستن بە ماڵ و خێزانتەوە، پڕکردنەوەی پێویستییەکانیان و هاوکاریکردنی ئەندامانی خێزان. سەردانەکانت بۆ جێگە کۆمەڵایەتییەکان چڕ بکەوە، رەنگە سوود لە ئەزموونی هاوڕێ نوێیەکان وەربگرن.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

کاتێکی گونجاوە بۆ بڕیاری یەکلاییکەرەوە، بەخت هاوکارییەکی باشت دەکات و هەنگاوەکان بەرەو ئاراستەیەکی گەشاوەت دەبەن. ئێستا چالاکییە فیکرییەکانتان بەهێز دەبێ ، پێویستە هێزێکی زیاتر بەجەستەتان ببەخشن بۆ جێبەجێکردنی ئەوشتانەی بیریان لێکردوونەتەوە، چونکە بیرکردنەوە و بڕیارەکانتان راستن.

### شێر
Jul 23–Aug 22

دەتوانن کار بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانتان بکەن. رێگە مەدەن راڕایی و رەشبینی کارەکانتان بەرەو ئاراستەیەکی نادیار ببات، سوود لە ئەزموونی رابردوو وەربگرن بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی داهاتوویی بەهێز. گرفت دروست مەکە لە کاتێکدا دۆخەکان خۆیان هێمنن.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

هەوڵبدەن خۆتان لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەرتان بگونجێنن و پەیوەندییە ئاڵۆزەکان هێور بکەنەوە. پشوویەکی باش بە بیرکردنەوەکانتان بدەن و بەرنامەیەکی نوێ بۆ داهاتووتان دابنێن، دەتوانن کاری دارایی بکەن چونکە دەرفەتی دەسکەوت و داهاتتان زیاتر بووە.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

هێز و بڕوابەخۆبوون یەکبخەن بۆ چارەسەری کێشەکانتان، بەبێ هیچ راڕاییەک داوای هاوکاری بکەن. هەموو گرفتەکان لە سەرەتاوە چارەسەریان ئاسانترە وەک لەوەی پشتگوێ بخرێن. کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی چەند دیدارێکی گرنگ و پێشنیازکردنی هەندێک لە داواکارییەکانتان.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

بڕوابەخۆبوون کلیلی چارەسەری هەندێک لە کێشەکانە. بوونی ڤینۆس لە بورجەکەتان سەرنجڕاکێشتان دەکات و خەڵک حەز لە نزیکبوونەوەتان دەکات ، هەروەها کارەکانتان بەشێوەیەکی باشتر بەڕێوەدەچن لەهەر هەنگاوێک دەتوانن چاوەڕوانی یاوەربوونی بەخت بکەن.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

لەم هەفتەیەدا سەرقاڵی تەواوی پەیوەندییەکان دەبی. دواکەتنەوەی هەندێک لە کارەکان نابێتە دواکەوتنەوەی یەکجارەکی. بەبێ هۆ هەست بەماندووبوون و پەستانێکی زۆر دەکەن. دەرفەتتان بۆ دەرەخسێ کار بۆ بەدیهێنانی یەکێک لە ئاواتەکانت بکەی.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

ئەو کارانەی بەبەهاداریان دەزانی پێویستیان بە گرنگیپێدان و بەردەوامییە. دەتوانن لە کارێکدا هاوبەشی لەگەڵ کەسانێکی بەتوانا بکەن. ئامادەییتان لە جێگە کۆمەڵایەتییەکان بیرکردنەوەکانتان دەوڵەمەند دەکات. هەستدەکەی زۆربەی شتەکان بەرەو گۆڕانکاری دەچن بەوشێوەیەی کە خۆت ئاواتی پێدەخوازی.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

خەیاڵەکانتان رێنیشاندەرێکی باشی ژیانتان دەبن . ترس و دڵەڕاوکێ هیچ کارێکتان بۆ چارەسەر ناکات. لەهەوڵێکدا ئەنجامێکی باش بەدەستدێنن ئەمەش خۆشحاڵتان دەکا. چاوەڕوانبن چەند شتێکی کتوپڕی خۆش روودەدەن. کارە پەرشو بڵاوەکانتان رێکبخەنەوە.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

فرسەتێکی باشت بۆ دەرەخسێ چەند هەنگاوێکی نوێ کارەکانت بەرەوپێش بەری، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی بدە و سوود لە کاتەکان وەربگرە. رێگە مەدە کەسانێک بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارتبێنن. باری دارایت باشتردەبێ و دەتوانی کار بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانت بکەی.

**بەکشتی:**

**بورج دووپشکەکان بەهێزتر دەبن**

لەجاران زیاتر خۆڕاگر دەبین و بڕوامان بەخۆمانە، بەڵام خەم دەخۆین چونکە لە رابردوو نەمانتوانی کارەکانی ئێستا جێبەجێ بکەین. بەهۆی بوونی هەردوو هەسارەی ڤینۆس و مارس لە بورجی دووپشک هەستەکانمان بەهێز دەبێ بۆ خوێندنەوەی ناخی خەڵکانی بەرامبەرمان. کاتێکی باشە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە کارێک یان هەنگاوێک سەرکەوتوو نەبوون، دیسانەوە هەوڵبدەنەوە.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# عەقڵی داخراو دانیشتنی کراوە

کۆمپانیا سیاسییە عێراقییەکان تائێستا نەیانتوانیوە دوو سێ پۆستی سەرۆکایەتی لە نێوان خۆیاندا وەکو برا بەش بکەن، بۆیە هەر لە 14ی حوزەیرانەوە تائێستا کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە کراوەیی ماوەتەوە و کۆتایی نەهاتووە. یانی ئەوە پتری سێ مانگە، بە گوێرەی ئەو بڕیارە عەنتیکەیە، کۆبوونەوە بەردەوامە. یانی ئەندامانی بەڕێزی ئەنجوومەنی نوێنەران، با هەر یەکەیان لە ماڵی خۆی پاڵی دابێتەوە و وەک ئێمە چاوەڕێی ڕەحمەتی مالیکی و خوا بکات، کۆبوونەوە هەر بەردەوامە.

ئەندام پەرلەمانی عێراقی، یەکەمین ئەندام پەرلەمانی دونیایە، بخەوێت و لە کۆبوونەوەش بێت، بچێتە سەر ئاو و لە ئاودەست بێ و کۆبوونەوەش هەر بەردەوام بێت. شەرع شەرمی تێدا نییە، ئەندام پەرلەمانی عێراقی، یەکەمین ئەندام پەرلەمانی سەر گۆی زەوییە، هاوزەمان، لە ناو جێدا تەکان لێبدات و کۆبوونەوەشی هەر بەردەوام بێت، ئەمەیە ئاوێتەبوونی گەڵ و گەل ئا ئەمەیە نەمانی جیاوازیی نێوان هەڵبڕینی دەست و هەڵبڕینی لاق. ئاخر کاتێ کۆبوونەوەیەک پتری سێ مانگی پێ بچێت و هێشتا بەردەوام بێت، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان بپرسێت کێ لە گەڵە، ئەندام پەرلەمان مافی خۆیەتی و گلەیی لێناکرێت، کاتێ کۆتری خەیاڵی بەرەو هێلانەی گەڵی خۆشەویست، نەک گەلی نەگبەت بڕوات.

پرخەی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوات، لێی بپرسە چی دەکەیت؟ دەڵێ کۆبوونەوە بەردەوامە، ئەها هەر کۆبوونەوە نا، سەفتە ملیۆنیش هەر بەردەوامە، ئاخر چوونە کازینۆ و بوون بە ئەندام پەرلەمانی عێراق تەنیا یەک جیاوازیی بچکۆلەیان هەیە، لە کازینۆ تا جارێک ماشێنی بەخت ڕووت لێدەکا، هەژدە جار پشتت بۆ بادەدات، لێ لە پەرلەمانی عێراقدا هەمیشە براوەیت. مێزی کۆبوونەوەی پەرلەمانی عێراق و مێزی ڕۆڵێت یەک جیاوازییان هەیە. لە ڕۆڵێت تۆپەکە سیی و پێنج ئەگەری هەیە، لە پەرلەمانیش تەنیا یەک.

ئەمە حیلەی یاسایی نییە کۆبوونەوە بە کراوەیی بەجێ بێڵی، ئەمە تەقلەلێدانە بە یاسا، هەلهەلە لێدانە بە یاسا، جڕتلێدانە بۆ یاسا، قەشمەری کردنە بە خەڵک و یاسا.

کە عەقڵەکان، بە کەچەڵ و عەمامەبەسەر و سوبوخکراوەوە هەموویان داخراو بن، کە ئەندام پەرلەمان کۆتری تەقلەباز بن و تەنیا بە چەپڵەی ئەم مەلا و ئەو سەید هەڵفڕن، کە عەقڵ داخراو و گیرفان دڕاو و دڵ ڕەش و دەروون کلۆر و ئیرادە تورەهات بێت، ئیدی کۆبوونەوەی کراوە فایدەی چییە؟

---



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# دوای ریفراندۆم تورکیا بەرەو کوێ دەڕوات؟

ڕۆژی 12ی ئەیلول هاووڵاتیانی تورکیا دوای سی ساڵ دەنگیان بۆ گۆڕینی 26 ماددەی دەستووری دا و، بەم دەنگەشیان دەرگایان لەسەر دادگاییکردنی ئەنجامدەرانی کودەتای سەربازیی 12ی ئەیلولی ساڵی 1980 دا کردەوە کە بەپێی ماددەی 15ی دەستوورەکەی ئەوان، نەدەبووایە قەت دادگایی بکرێن.

هەفتەیەک بەر لە ڕۆژی ریفراندۆم لەگەڵ دوو هاوکاری دیکەم لە ئانکارا و ئیستەنبوڵ بووین، کەشوهەوای بەر لە ریفراندۆممان بینی و لەگەڵ سیاسی، ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسان دیدار و گفتوگۆمان هەبوو. بەر ئەنجامی ئەو دیتن و گفتوگۆیانە پوختەکەی ئەوەبوو کە خەڵکی تورکیا پتر لەوەی بەشدارییان لە ریفراندۆمێکدا کردبێت کە بریتی بوو لە گۆڕینی 26 ماددەی دەستووری، دەنگیان بە مانەوەی ڕەجەب تەییب ئەردۆغان و حکومەتەکەیدا. هەڵمەتی پڕوپاگەندە لە تورکیا هیچ پەیوەندی بە نێوەڕۆکی گۆڕینی ماددە دەستوورییەکانەوە نەبوو، ئەوانەی لە بەرەی "نەخێر" و "بایکۆت" دا بوون، حیزبی حاکم و سیاسەتەکەیان دادگایی دەکرد و چەپ و ڕاستی شۆڤینی MHP-CHP ئیدعای ئەوەیان دەکرد کە حیزبی حاکم AKP بەم ریفراندۆمە دەچێتە مێژووەوە و کۆتایی پێ دێت.

پێشبینی و ئیدیعای ئەوان ڕاست دەرنەچوو، چونکە هەمووکەس دەیزانی ئەنجامی ریفراندۆم "بەڵێ" دەبێ، بەڵام چۆن"بەڵێ"یەک؟ ئەگەر تەنها 51%ی هێنابووایە، حیساب و کتابی دوای ریفراندۆم شتێکی دیکە دەبوو، بەڵام ئەمڕۆ کە توانیویەتی 57.8%ی دەنگەکان ببات حیسابێکی دیکەیە. بە کورتی ئەم ئەنجامە ڕێ بۆ هەندێک گۆڕانکاری گەورەتر دەکاتەوە و ئەو 26 ماددەیەش هەندێک گۆڕانکاری بە ڕواڵەت بچووک، بەڵام لە نێوەڕۆکدا گەورە لە ژیانی سیاسی تورکیادا درووستدەکات کە دەمەوێ لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان بکەم.

## گۆڕانکارییەکان چین و چ شتێک دەگۆڕدرێت؟

**یەکەم:** بەشێکی زۆری گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەی جیاوازیدانانی پۆزەتیفە بۆ ئافرەتان و منداڵان و کەمئەندامان و پێدانی مافی زیاترە بەوان لە ڕێگەی دەستوورەوە و ئەوەش لە چوارچێوەی چاکسازیی دەستوورییە بۆ هەنگاونان بەرەو ستانداردەکانی یەکێتی ئەورووپا.

**دووەم:** پێدانی ئازادیی زیاترە لە ڕوانگەی ئازادیی تاکە کەسی، مافی کرێکار و سەندیکاکان و مافەکانی مانگرتن و ناڕەزایی دەربڕین کە ئەوەش هەر بە ئاراستەی چاکسازییە بۆ هەنگاونان بەرەو ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا.

**سێیەم:** گۆڕانکاری لە ساختار و پێکهاتەی دادگای دەستوورییە کە تائێستا 25 حیزبی سیاسی بە بڕیاری ئەم دادگایە داخراون و دەیان چاکسازی و هەوڵدان بۆ ریفۆرمی دیموکراسی لەلایەن ئەو دادگایەوە پوچەڵ کراونەتەوە. دادگای دەستووری کە پێشتر لە 11 ئەندام پێکدەهات، ئێستا بۆ 17 ئەندام زیاد کراوە و میکانیزمی دەیاریکردنی ئەندامانیشی کە پێشتر تێکڕای لەلایەن سەرۆک کۆمارەوە دەستنیشاندەکران، گۆڕاوە و تەنها بۆیان هەیە تا تەمەنی 65 ساڵی لە کاریان بەردەوامبن و دواتر خانەنشین دەکرێن. هاوکات دەبێ بۆ داخستنی حیزب دوو لەسەر سێی ئەم 17 ئەندامە دەنگ بدەن کە جاران تەنها پێویستی بە 50+1 هەبوو.

**چوارەم:** دادگا سەربازییەکان دەبەستێتەوە بە ماف و دەستووری وڵاتەوە و لە سەربەخۆیی قانوونی خۆیان دەریاندێنێ، لەهەمانکاتدا ڕێگە نادات هیچ سیڤیلێک لە دادگای سەربازی دادگایی بکرێ، ئەوەش فەرز دەکات کە سەربازەکان ئەگەر تاوانێک بکەن لە دەرەوەی کاری سەربازییان ڕاپێچی دادگای سیڤیل دەکرێن. ئەمە خورد کراوەکەی ئەوەیە کە زۆر سەرباز کاتێک خەڵکی بێتاوانی کوردیان بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ PKKدا دەکوشت، لە دادگای سەربازی بە "بەرگری" حیساب دەکرا و نەدەچووە خانەی تاوانەوە، بەڵام لەمەودوا ڕاپێچی دادگا دەکرێن.

**پێنجەم:** جاران سوپا بە کەیفی خۆی و بەناوی پاشکەوتووخوازییەوە ئەفسەر و پلەداری دەردەکردن، ئەو ئەفسەر و پلەدارانە لە هەموو مافێک بێبەش دەکران و تەنها خانەنشینیان وەردەگرت. ئێستا هەر ئەفسەرێک لەلایەن سووپاوە دەربکرێت، بۆی هەیە لە دادگای مەدەنی بەدوای مافی خۆیدا بچێت و سوپا بداتە دادگا کە بۆچی دەریکردووە؟

ئەم چەند خاڵە جەوهەرییە، ڕێگە بۆ گۆڕانکاریی گەورەتر دەکەنەوە. چوونکە لە کاتێکدا دەسەڵاتی سوپا کەم کراوەتەوە و خراوەتە بەر لێپێچینەوە، ئەوەش ئەگەری کودەتای سەربازی، داخستنی حیزبەکان و ڕەتکردنەوەی گۆڕانکاریی دەستووریش کە لە داهاتوودا دەکرێن، لەلایەن دادگای دەستوورییەوە قورستر دەکات.

## سەرکەوتنی حیزبی حاکم چی لێدەخوێندرێتەوە و بەرەو کوێ دەڕوات؟

BDP بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی کرد و داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بەشداری لەو ریفراندۆمەدا نەکەن، بە شێوەی گشتی بانگەشەی بایکۆت سەرکەوتنێکی بەدەستهێنا و لەسەر ئاستی کوردستان ڕێژەی بەشداری نزیکەی 35% بوو، ئەمە نیشاندەدات کە BDP توانی لانیکەم وا بکات نزیکەی 50%ی دانیشتوانی کوردستان (نەک هەموو کوردی تورکیا چونکە لە ئیستەنبوڵ و شارە گەورەکان خەڵکی کورد کەمتر بەپیر داوای بایکۆتەوە چوون چونکە ڕێژەی بەشداری لەسەر ئاستی تورکیا 77% بوو) بەشداری لە ریفراندۆمدا نەکەن.

MHPو CHP شکستیان خوارد ئەوەش سەرباری ئەوەی کە زۆر کورد لە کوردستان بە تایبەتی لە مێردین و وان و تەنانەت دیاربەکریش لەژێر کاریگەریی ئەواندا دەنگیان بە "نەخێر" بەکار هێنابوو، کە لە بنەڕەتدا ئەم دوو حیزبە هیچ جەماوەرێکیان لە کوردستان نییە.

بەڵام بەنیسبەت AKP ئەمە سەرکەوتنێکی گەورە بوو، چونکە دوای 8 ساڵ حوکمڕانی و کردنەوەی دۆسیەی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا، نەک هەر نەببوونە هۆی کەمبوونەوەی دەنگەکانی بگرە لە چاو هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی مانگی مارسی2009 دەنگی زیاتریش بووە. چونکە بەپێی لێکدانەوەکان لەو 58%ە، نزیکەی 45%ی دەنگەکان هی دەنگدەرانی AKP بووە. ئەم ئەنجامانە بۆ AKP زۆر گرنگ بوون و دەنگدەرانی تورکیا چ بە ئەوانەی بایکۆتیان کرد و چ بە ئەوانەی بە بەڵێ دەنگیان بۆ دا، ئەو پەیامەیان دا بە AKP کە ئەوان لەگەڵ دیموکراسی و کرانەوەی زیاترن و پشتیوانی لە بە دیموکراسیبوونی تورکیا و دەرچوونی تورکیا لە ژێر ئینتیدابی عەسکەری دەکەن.

AKP لەو ناوچانەی کە MHP-CHP وBDP ش تێیدا باڵادەستبوون ئەگەرچی دۆڕاندی، بەڵام دۆڕانێکی ئەوتۆ کە ڕێژەکەی ئەوە نییە بڵێ دۆڕاوە، لە زۆر شوێن کە MHP-CHP ی تێدا باڵادەستن بە ڕێژەی 51% نەخێر و 49% بەڵێ دۆڕاندوویەتی و تەنانەت لە کوردستان لەوانەی بەشدارییان کردووە ڕێژەی 95% بەڵێ تۆمار کراوە وەک شاری باتمان.

ئەم ئەنجامانە حیزبی حاکم بەرەو ئەوە دەبات کە بە خێرایی هەڵبژاردنی پەرلەمانی لە وڵاتدا ئەنجامبدات و هەم دەسەڵاتی خۆی دووبارە بکاتەوە و هەمیش بە هێزێکی زیاترەوە بچێتە ناو پەرلەمانەوە بۆ ئەوەی بتوانێ گۆڕانی دەستووریی زیاتر بکات، هەروەک خۆی بەڵێنی داوە کە هەموو دەستوور دەگۆڕێت. هاوکات ئەردۆغان لەوە دڵنیابوو کە ئەگەر لە قۆناغی داهاتوودا خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بپاڵێوێت دەتوانێ لە ڕێگەی دەنگدانی گشتییەوە دەنگ بێنێ و ببێتە سەرۆک کۆمار.

تورکیا وڵاتێکە کە ئێستا بە ژانی دیموکراسیدا تێدەپەڕێت. بەشێوەی بنبڕیش نەبێت، قەناعەتێک دروست بووە و کاری لەسەر دەکرێت کە تورکیا دیموکراسیی زیاتری تێدا بێت و بەو ئاراستەیە هەنگاو بنێت. ئەم ئەنجامە دەبێ حیزبی حاکم دڵنیا بکەنەوە کە خەڵکی تورکیا لە دیموکراسی ناترسن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش پشتیوانیان لێدەکات بۆ هێنانەکایەی دیموکراسی، ئازادی و مافی زیاتر.

---



هێمن عەبدوڵڵا
هۆڵەندا
hemen@live.nl

# کێ وەڵامی پێیە؟

پرسیارێکە زۆرجار لە خۆمی دەپرسم: ئەگەر لە هەر شارێکی کوردستان مۆزەخانەیەک هەبێ، چیی تێدا دابنرێت باشە؟ هاوکارێکی کوردی دانیشتووی هۆڵەندام دەڵێت:"هیچ شتێکی چاکمان نییە شایانی ئەوە بێ لە مۆزەخانە دایبنێین"، بەڵام ئایا مۆزەخانەکان تەنیا جێگەی نمایشکردنی "شتە چاکەکان"ن؟

من هەفتانە سەردانی مۆزەخانەیەکی هۆڵەندا دەکەم. ئەوە وەک پێداویستییەکە بۆ نووسینی نامەیەکی لێکۆڵینەوەی زانکۆیی دەربارەی شێوازی پێکەوەکارکردنی میدیاکان و دامەزراوە کولتوورییەکان لەو وڵاتەدا. کاری من لێکۆڵینەوەیە لەو چانسانەی کە لەبەردەم ئەو دامەزراوانە لەلایەک و میدیاکان لەلایەکی دیکەدان بۆ ئەوەی لە ئایندەدا چاکتر هاوکاریی یەکدی بکەن. بەڵام لەپەنای ئەوەدا پرسیارێکی دیکەش، کە هەر کوردێک لە دەرەوەی وڵات لەخۆی دەکات، بەخۆیەوە سەرقاڵم دەکات: ئەوان چییان هەیە کە ئێمە نیمانە و چۆن دەتوانین لێیانەوە فێر بین؟

لە شاری ئوترێخت زانکۆیەکی بەنێوبانگ هەیە کە چەند سەد ساڵێکە دامەزراوە. بۆیەش مۆزەخانەیەکی بچکۆلەی تایبەت بەخۆی هەیە. لەوێ هەموو ئەرشیڤی زانکۆکە کۆکراوەتەوە و خەڵک دەچن سەردانی دەکەن. واتە دەچن بۆ نموونە ئەوە ببینن کە بەر لە دوو سەت ساڵ، چۆن و بە کام (چەقۆ و مقەستی ترسناک) نەشتەرگەری ئەنجامدراون، یان بەر لە چەند دەیەیەک قورسایی مۆبایلێک کە لە زانکۆدا بەکارهاتووە چەند (کیلۆ) بووە و درێژیی مێمۆرییەکی کۆمپیوتەریش چەند (مەتر) بووە. بەڵام ئەوەی لەوێ سەرنجی منی ڕاکێشا وێنەیەکی بەدەست درووستکراوی کۆن بوو کە بە دیوارەوە هەڵواسرابوو و لەژێری نووسرابوو: "قوتابیانی زانکۆ لەکاتی خۆئامادەکردنیاندا بۆ بەشداریکردن لە جەنگی دژی یاخیبووە بەلجیکاییەکاندا". ئەو یاخیبووانەش کە لەوێ ناویان هاتبوو بەشدارانی ڕاپەڕینی ساڵی 1830ی بەلجیکان کە بۆ وەرگرتنی سەربەخۆیی لە شا ویلیەمی یەکەمی هۆڵەندا دەستیان بە شۆڕش کردبوو.

سەرنجڕاکێشیی ئەو تابلۆیە لە بەرزی ئاستی هونەرییدا نەبوو، بەڵکو لەوەدا بوو کە خاوەنەکانی وەک پەڵەیەکی نەنگیی زانکۆکەیان نەیانشاردبووەوە و لەپەنای ئەو ئیشانەدا دایاننابوو کە بە شانازییەکانی زانکۆکە دەژمێردرێن. واتە جوانییەکە لەوەدا بوو کە زانکۆکە چاک و خراپی ڕابردووی خۆی خستبووە ڕوو.

لە هۆڵەندا نموونەی دیکەی هاوشێوە زۆرن. لە مۆزەخانە گەورەکانی ئەم وڵاتەدا زۆر کەرەستەی سەردەمی کۆڵۆنیاڵیزم نمایش دەکرێن کە نەوەی ئێستا شەرم لە بوونیان دەکات، بەڵام وەک سامانی کولتووریی وڵاتەکە بە گرنگی دەزانن بیپارێزرێن و بمێنن. ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارەی لە دەستپێکدا پرسیم ئاسانتر دەکات: ئایا مۆزەخانەکان تەنیا جێگەی نمایشکردنی "شتە چاکەکان"ن؟ بێگومان نەخێر.

لە وڵاتانی ئەوروپا دەوڵەتەکان بودجەی ساڵانەی چەند سەد میلۆن یۆرۆ بۆ ئەو مۆزەخانە و شوێنە کولتوورییانە تەرخاندەکەن کە چاک و خراپی وڵاتەکانیان پیشاندەدەن. کاربەدەستێکی هۆڵەندی لە بواری سامانە کولتوورییەکاندا لە سیمینارێکیدا بۆ قوتابیانی زانکۆی ئێمە باسی ئەوەی دەکرد کە هەفتانە چەند شوێنێکی تازە لە هۆڵەندا ناویان دەچێتە نێو لیستی شوێنەوارەکان و کەرەستەکانیان دەبردرێنە نێو مۆزەخانەکانی ئەو وڵاتە. ئەو دەیگوت "کاری ئێمە تۆمارکردن و پاراستنی مێژووە"، منیش خەیاڵم بۆ ئەوە دەچوو کە ئەگەر ڕۆژێک بێت و لە کوردستانیش وا بایەخ بە مۆزەخانە و تۆمارکردنی ڕابردوو (بە چاک و خراپییەوە) بدرێ چ ڕوودەدا؟ ئایا لەو مۆزەخانانەدا بۆ نموونە چیرۆکەکانی "شەڕەکانی براکوژی" و "گەندەڵکاری" و "ڕۆژنامەنووسانی بکوژ نادیار" لەچاو "جینۆسایدکردن" و "شۆڕشەکان" و "شانازییە نەتەوەییەکانی دیکەمان" پشکی شێریان بەرناکەوێ؟ خۆزگەم بەو کەسەی وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانێ!

---



کامەران قەرەداخی
karadaghi@gmail.com

# بلێریش وەک عێراقییەکان لە ڕووخاندنی سەددام پەشیمان نییە

بەبۆنەی دەرچوونی یاداشتەکانی لەکتێبێکدا بەناونیشانی (گەشتێک)،خاوەنەکانی (مەسەلە) هێرشێکی توونیدیان بۆ سەر تۆنی بلێر سەرۆک وەزیرانی پێشووی بەریتانیا دەستپێکرد. دیسان دەستیان بە دووبارەکردنەوەی ئەو تۆمەتە پووچە کردەوە کە گوایە بلێر تاوانباری جەنگەو شایانی دادگاییکردنە بەتۆمەتی بەرپرسیارێتی لە کوژرانی یەک ملیۆن عێراقی، ئەمەش ژمارەیەکی خورافیی باوەڕپێنەکراوەوخاوەنەکانی (مەسەلە) لەهەندێ لایەنیان وەرگرتووە کە ڕاپۆرتەکانیان جێی متمانە نین (بۆ نموونە ژمارەکە بەگوێرەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە 100 هەزار تێناپەڕێ). هەروەها دەڵێن عێراقی ئێستا زۆر خراپترە لە عێراقی (کۆماری ترس) وەک کەنعان مەکییە لە کتێبە نێودارەکەیدا کە بەهەمان ناونیشانە، وەسفی دەکات.

لەودیدارە تەلەفزیۆنی وڕۆژنامەوانییە زۆرانەی کە پاش دەرچوونی کتێبەکەی لە سەرەتای ئەم مانگەدا لەگەڵی سازکراون، بلێر بەردەوام ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کە پەشیمان و داخبار نییە لە بڕیاری بەشدارییپێکردنی بەریتانیا لەپاڵ ولایەتە یەکگرتووەکان لەجەنگی ڕووخاندنی سەددام حوسێن و ڕزگارکردنی عێراق و ناوچەکە و جیهان لەو ڕژێمە دووژمنکارەی بەرپرسیاربوو لە بەرپاکردنی دوو جەنگی هەرێمی لە ماوەی تەنیا 10 ساڵدا کە کوژرانی نزیکەی یەک ملیۆن کەسی لەهەردوولا لێکەوتەوە، ئەوە سەرباری لەنێوبردنی سەدان هەزار هاووڵاتی سڤیلی عێراقی بەئامرازی جۆراوجۆر تا دەگاتە بەکارهێنانی چەکی کۆکوژ لەدژی کورد (ئەم داتا و زانیارییانەش بەپێچەوانەی ئەو ژمارانەی کە خاوەنەکانی "مەسەلە" پشتی پێدەبەستن، هەمووی بە بەڵگەیە).

ڕایان کرۆکەر باڵیۆزی ئەمریکی لەعێراق لەماوەی نێوان ساڵانی 2007-2009، پێش ئەو ئەوکاتەش چەندین جار لەبەغدا کاری کردووە: لەدەستپێکی کاری دیپلۆماتیدا ساڵانی 1978-1980و دواتر ساڵی 1998 لەگەڵ تیمی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ داماڵینی چەکە قەدەخەکراوەکانی عێراق (ئۆنسکۆم)دابوو. پاشان لەساڵی 2003 کە ڕژێمی سەددام ڕووخا و ئینجا لەساڵی 2007 وەکو باڵیۆز گەڕایەوە بەغدا.

کرۆکەر عەرەبییەکی باش دەزانێ و سەر بەتیمی عەرەبیزانانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکایە. بەشی هەرەزۆری ژیانی دیپلۆماسیی خۆی لە وڵاتانی عەرەبیدا بەسەربردووە. بەکورتییەکەی کرۆکەر دیپلۆماتکارێکی پیشەگەرەوناکرێ بەدژایەتیکردنی (مەسەلەکە) تۆمەتبار بکرێ.

حوزەیرانی ڕابردوو، کرۆکەر لە گۆڤاری (ناشناڵ ئینترێست)دا وتارێکی لەژێر ناوی (خەونەکانی بابل) بڵاوکردەوە. وتارەکەی بەوە دەستپێکردبوو کە یەکەمین خولی لەبەغدا هاوکات بووە لەگەڵ لەسێدارەدانی ئایەتوڵڵا محەممەد باقر سەدر دامەزرێنەری حیزبی دەعوەو عەدنان حوسێن حەمدانی کە یەکێکبوو لەسەرکردەکانی حیزبی بەعس و ئەو هەڵمەتە وەحشیگەرییەی دژی نەیاران و بەرهەڵستکارانی سڤیل و بێتاوان هاوشانی لەسێدارەدانی ناوبراو دەستیپێکرد، لەوانەش شۆفێری ئۆتۆمبێلەکەی کە ساڵانێکی درێژ خرایە زیندانەوە چونکە لە باڵیۆزخانەی ئەمریکا کاری کردووەولەبەرئەوەش کە کورد بوو. کرۆکەر دەنووسێ: "پێش ئەوەو دوای ئەوەش لەهەندێ دەوڵەتی پۆلیسی کارم کرد، بەڵام نە ئێرانی شاهنشایی و نە سووریای حافز ئەسەد ناتوانن هێندەی یەک تۆزیش شان لەشانی عێراقی سەردەمی سەددام بدەن".

هەروەها دەڵێت، ساڵی 1998 گەڕاوەتەوە بەغدا و بەحوکمی کارەکەی لەگەڵ (ئۆنسکۆم) چاوی بە عەبد حموود تکریتی سکرتێری تایبەتیی سەددام کەوتووە کە "یەکێکبوو لە ترسناکترین پیاوانی ڕژێم". عەبد حموود لەگەڵ خۆی بردوویەتی بۆ بینینی دوو کۆشکەکەی هەردوو زاواکەی سەددام کە تکریتی خۆی سەرکردایەتی هەڵمەتی کوشتنی کردوون دوای ئەوەی لە ئوردنەوە گەڕانەوە عێراق. دەڵێت "لە ڕووخساری ئەو عێراقییانەدا کە دەهاتنە بەردەمی، بەئاشکرا ترسم بەدیدەکرد"، هەربۆیە کاتێک لە ساڵی 2003دا کە کرۆکەر لەبەغدا کاری دەکرد، دەستگیرکردنی ئەو تاوانبارە زۆر خۆشحاڵی کردووە.

بەکردەوە، هەموو سەرکردە سیاسییەکانی ئێستا کە کرۆکەر کاری لەگەڵ کردوون، بەشێوەیەکی شەخسی بەرەوڕووی تاوانکاریی سەددام بوونەتەوە. ئەیاد عەللاوی هێشتا ئاسەواری ئەو تەوردانەی بە ڕووخساریەوە دیارە کە یەکێک لە بەکرێگیراوانی سەددام لێیدا و بەهۆیەوە تائێستاش دەلەرزێ. حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوت دەیان ساڵی لە زیندانی تاکەکەسیدا بەسەربردووە لەبەرئەوەی ڕازی نەبوو لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی سەددامدا کاربکات. نوری مالیکی پێش ئەوەی دەستگیربکرێ و لەسێدارە بدرێ، توانی خۆی لەعێراق دەرباز بکات. مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لەنێو ترس و تۆقینی ئەنفالی گەلەکەیاندا ژیان. تارق هاشمی دوو برای بەدەستی فیداییەکانی سەددام ڕۆیشتوون. کرۆکەر ئینجا ئەو پەندە پاکستانییە بەبیردێنێتەوە کە دەڵێت "دوو پیاو و یەک قەبر"، واتە یان تۆ یان من، بۆئەوەی پاش گێڕانەوەی هەموو ئەو شتانە وەبیرمان بهێنێتەوە کە "ئەمریکییەکان ئەم میراتی ترس و تۆقینە لەبیردەکەن، بەڵام عێراقییەکان لەبیری ناکەن".

ئەوەی لەسەرەوە گوترا دەمانباتەوە سەر بڕیارەکەی بلێر سەبارەت بە ڕووخاندنی سەددام. ئاخۆ هیچ عاقڵمەندێک هەیە بەڕاستی پەشیمان بێت و بۆ ڕووخاندنی داخبار بێت؟. خاوەنەکانی (مەسەلە) دەیانەوێ قەناعەتمان پێبکەن کە ئەم تیرۆر و ناسەقامگیرییە سیاسییەی کوژرانی دەیان هەزار قوربانیی لێکەوتووەتەوە، ئەو داگیرکارییە لێی بەرپرسە کە جەنگ و ڕووخاندنی ڕژێم بەدوای خۆیدا هێنای، بەمانایەکی دیکە بوش و بلێر لێی بەرپرسن. دەگەڕێمەوە بۆ سەرنجێکی گرنگ کە کرۆکەر لە وتارەکەی خۆیدا ئاماژەی بۆ کردووە. کرۆکەر دەڵێت کە ئەو ئەزموونە خوێناوییەی عێراقییەکان تێیدا ژیاون توندوتیژی کردوون، هەروەها بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێککەوتنیان لەسەر چارەسەری مامناوەند شتێکی زەحمەت بێت.

کرۆکی بابەتەکە لێرەدایە. کێشەکە لەخودی عێراقییەکان خۆیاندایە نەوەک ئەو جەنگەی لە ڕژێمی سەددام حوسێنی قورتارکردن. بۆ ڕۆچوون بەنێو لێکدانەوەی قۆناغی پاش جەنگ و هۆکارەکانی ونبوونی سەقامگیری سیاسی و ئەمنی تائێستا، دەکرێ چەندین بەرگ تەرخان بکەی. ڕاستە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بەوپێیەی دوو هێزی سەرەکیی داگیرکار بوون لە مامەڵەکردن لەگەڵ بارودۆخی نوێ هەڵەی زۆریان کرد، بەڵام پاساوەکان هەرچییەک بن، ئەمە شانی عێراقییەکان خاڵی ناکاتەوە لە بەرپرسیارێتی شکستهێنان لە گۆڕینی ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی بە فەزڵی بڕیارێکی دەرەکی بۆ بەرپاکردنی جەنگ و ڕووخاندنی سەددام پێکهات، بۆ سەرکەوتنێکی سیاسی کە خۆی لە بەدیهێنانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی و تائیفیدا دەبینێتەوە لەپێناو ڕێگەگرتن لەشەڕی ناوخۆ و دەستتێوەردانی دەرەکی و ئینجا خۆ تەرخانکردن بۆ پرۆسەی بنیاتنانەوەی دەوڵەت و دامەزراوە دەستوورییەکانی.

لەکۆتاییدا دەڵێم، خاوەنەکانی (مەسەلە) بۆ ئەوە دەستناندەن کە حوکم لەسەر دروستیی بڕیاری جەنگ بدەن، چونکە ئەوان هێندەی لەخەمی (مەسەلە)کەدان هێندە لەخەمی عێراق و ئایندەی عێراقدا نین.

ئەوان قەناعەتی پێشوەختیان هەیە لەجۆری ئەوەی کە بلێر، نەک سەددام، بەرپرسە لە گەیشتنی عێراق بەم دۆخەی ئێستا. تیرۆری قاعیدەو تاڵیبانیش پاساوی هەیە لەبەرئەوەی بەرئەنجامی "جەنگی خاچپەرستان" و "پیلانی زایۆنیزم"ن.

دەبێ بپرسین ئاخۆ بەڕاستی ئەوانەی عێراقیان لەچنگی ڕژێمی سەددام حوسێن دەرباز کرد تاوانباری جەنگن؟ ئەدی ئەوانە چۆن وەسف بکەین کە پێیانوایە عێراقی نوێ لەعێراقی سەددام خراپترە؟



wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبیرخ

# شەڕی بەغدا بە میدیاکانتان بکەن

بەغدا کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە نەوت بە قاچاخ دەنێرنە ئێران. بەڵام خۆیشیان ساڵەهایە ئەو کارە دەکەن و ڕۆژئاوا لێیان وەدەنگ نایێت! بەغدا هەموو ڕۆژێک کار لەسەر درێوکردنی وێنە و نێوی کورد دەکات، ئەوەش کەمتەرخەمیی میدیای کوردییە کە ستراتیژییەکی باشیان نییە.

هەموو گێرە و کێشەی بەقاچاخ بردنی نەوتی کوردستان بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڕیپۆرتاژی ڕۆژنامەنووسێک بوو لە ڕۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)دا. خۆشییەکەیشی لەوەدایە کە کوردستان بە ئامێزی ئاوەڵاوە پێشوازی لەو ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییانە دەکات! ئەوانیش بە خراپ سوود لە هەڵویستی دۆستانە و سادانەی کوردان وەردەگرن. بێگومان چاوەڕوان ناکرێت کە ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییەکان بەشێوەیەکی ئەرێنی لەسەر کوردستان بنووسن. چونکە ئەوان هێندە بە ئەرێنی نووسیویانە کە چیدیکە حەزیان لەوە نییە و دەیانەوێ لایەنە نەرێنییەکانیش ببینن. من خۆم هەست بەوە دەکەم کە ئەو ڕۆژنامەنووسانە ئێستا یان زۆر بە ئەرێنی دەنووسن لەسەر کوردستان یان زۆر بە نەرێنی. واتە ئاستی مام ناوەندیان نەماوە.

بەڵام لەبەرئەوەی بەشەکانی دیکەی عێراق کەمتر ئاساییشیان تێدا بەرقەرارە و لە کوردستان ڕەوشەکە ئارامترە، ئەو ڕۆژنامەنووسانە زۆرتر ڕوو لە کوردستان دەکەن و لەبارەی ئەوێ دەنووسن. ئەوەش لەکاتێکدایە کە بەڵگەکان پیشانیدەدەن لە بەشەکانی دیکەی عێراقدا پرۆسەی یەکجار زۆر گەورەی گەندەڵی و دزەکردن و دزیکردن لە کەرتی نەوتدا لەدوای ساڵی 2003 و هاتنی ئەمریکاییەکانەوە بۆ عێراق لەگۆڕێدایە.

بەغدا کوردستان لەسەر بەقاچاخ ناردنی نەوت بۆ دەرەوە سزا دەدات، کەچی خۆیان هەمان کار دەکەن. بۆ نموونە ڕەوتی سەدر و پارتی فەزیلە بەوە تۆمەتبار دەکرێن کە نەوت دەنێرنە ئێران. چاودێران پێیانوایە کە دوای کشانەوەی ئەمریکا ئاستی بە قاچاخ ناردنی نەوت لە بەشە عارەبییەکەی عێراقەوە زۆر زیاتریش ببێت.

من ئەگەر کورد بوومایە چەند ڕۆژنامەنووسێکم دەنارده باشووری عێراق تاوەکو لەوبارەوە بەڵگە و کەرەستەی پێویست کۆبکەنەوە. یان دەکرێ هەردوو پارتە سەرەکییە کوردییەکە (واتە پارتی و یەکێتی) لە ڕێگەی دەزگا و ئەندامانی خۆیانەوە هەوڵی کۆکردنەوەی ئەو بەڵگانە بدەن. ئینجا دەتوانن ئەو بەڵگانە بدەنە ئەو ڕۆژنامەنووسە ڕۆژئاواییانەی کە دەیانناسن (کورد زۆر ڕۆژنامەنووسی ڕۆژئاوایی دەناسن). ئەوەش دەتوانێ لە جیهان بگەیێنێ کە عێراق سزاکانی سەر ئێران دەشکێنێ، بۆیەش مافی تۆمەتبارکردنی کوردانی نییە.

کوردەکان دەتوانن بە جیهانی پیشانبدەن کە ئەمریکاش لەوبارەوە خۆی لە گێلی دەدات و وای پیشاندەدات کە ئاگای لە هیچ نییە. چونکە کەس ناتوانێ بڕوا بکات کە عێراق بەقاچاخ نەوت دەنێرێتە دەرەوە و ئەمریکاش نایبینێ. ڕاستییەکەی شتێک کە دەبێ باسی بکرێت ئەوەیە کە ئەمریکاییەکان خۆیان بەشداری ناکەن لە بەقاچاخ ناردنی نەوت، بەڵام ڕێگەشی لێناگرن. ئەمریکییەکان باش دەزانن کە وڵاتێکی وێرانی وەک عێراق لەڕووی ئابوورییەوە وابەستەیە بە ئێرانەوە و ناچارە هەموو شتێک بنێرێت بۆ ئەو وڵاتە تاوەکو لەبەرامبەردا پێداویستییە ڕۆژانەییەکانی هاووڵاتیانی دابین بکات. گوناهی سەرەکی ئەو ڕەوشەش لە ئەستۆی وێرانبوونی کەرتی پیشەسازیی عێراقدایە.

بۆیە دەبێ کوردەکانی عێراق عاقڵانە هەڵسوکەوت بکەن و ستراتیژی میدیایی خۆیان بگۆڕن. کاتێک کورد دەبینن کە ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوایی نایانەوێ ئەو زانیارییانە وەدەست بخەن و لەسەری بنووسن، دەبێ کوردەکان خۆیان کار لەسەر ئەوە بکەن کە ئەو زانیارییانە بگەنە دنیا. لە هەولێر زۆر کەس کار بۆ حکومەتی کوردستان دەکەن و هەوڵی بەهێزکردنی پێوەندییەکانیان لەگەڵ میدیای ڕۆژئاوایی دەدەن. بۆیەش باشترە کوردەکانی عێراق واز لەو سادەییەیان بێنن و ئەو گەمە پیسەی عێراق دەیکات بە کاردانەوەی هاوشێوە پووچەڵ بکەنەوە. بەداخەوە جیهان ئاوایە، ڕۆژنامەکان پشت بەو سەرچاوەی زانیارییە دەبەستن کە زانیارییەکانیان بە ئاسانترین شێوە و بە کەمترین ماندووبوون و خەرجی پێدەگەیێنن






حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

لە سای سەرتان

# ئامێری تەعریب وەک سەردەمی بەعس دەگەڕێت و دەمانهاڕێت

زۆر لە ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکان ئەو هەواڵەیان بڵاوکردەوە کە ناوچەی شەبەک لە پارێزگای موسڵ، سەرلەنوێ عارەبی تێدا نیشتەجێدەکرێن. هەر خێزانێکی ئەو عارەبانە، لە سێبەری ماددەی 140ی دەستبڕی کورددا بە 20 ملیۆن دینار قەرەبوو کراونەتەوە و ئەو ناوچانەیان جێهێشتووە، کەچی ئێستا، لە عێراقی فشەفیدرالیدا، بەو پارەیە و بەڕێنمایی داگیرکەرانی موسڵ دەگەڕێنەوە ئەو شوێنانەی کە لەسەردەمی سەددامدا تێیاندا نیشتەجێکرابوون و سەرلەنوێ لەلایەن عارەبەوە (استیطان) دەکرێتەوە. عارەبەکان، چ لە ناوچەی موسڵ و چ لە ناوچەکانی دیکە و باسی سووریاش هەر ناکرێت، هەمان ئەو سیاسەتە بەرامبەر بە کورد پێڕەو دەکەن کە ئیسرائیلییەکان بەرامبەر بە عارەب پێڕەوی دەکەن: کوشتن و گواستنەوە و نیشتەجێکرن و داگیرکردن و هەموو سووکایەتییەک کە بە دوایاندا دێن. واتە عارەب وانەی باش لە ئیسرائیلی دووژمنی خۆیانەوە فێر دەبن و هەرچییەک لە فەلەستین دەدۆڕێنن، بە پەلە لە ناو چاوی کورد دەریدێنن و لە فەلەستین چییان بە سەر بێ، ڕاستەوخۆ بە سەر کوردیدا دێنن. خەڵکیش هەیە لە سەر فەلەستینییەکان بەدەنگ بێ، بەڵام کەس لە سەر کورد، بە خۆشمانەوە، ورتەی لێوە نایێ.

من وەک کوردێک، بە ڕاستگۆیی و یەکڕوویی عارەبە شۆڤینییە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی موسڵ، سەرسام و بە قەدەر ئەوەش بەو سەرکردە دووڕوو و منجەمنجکەر و شەرمنانەی خۆمان شەرمەزارم. ئەوەتا ئەوان خاکمان داگیر دەکەن و سەرانی کوردیش باسی تەبایی و برایەتییەک دەکەن، کە لە قامووسی داگیرکەردا بوونیان نییە و نەبووە. ئەوان خەریکی پیلانگێڕانن بۆ ملشکاندنمان، سەرانی کوردیش بێوچان هەوڵ بۆ ڕێکخستنەوەی لایەنە ناتەبا عێراقییەکان دەدەن و کاری سەرەکییان پێکهێنانی حکوومەتی عێراقە و تەنانەت جێی دانیشتنیشیان لە هەولێر بۆ دابین دەکەن چونکە بەغدا هەمیشە مەترسی تەقاندنەوەی هەموو شوێنێکی لەسەرە.

بایبوختێ کە خاکی کوردستانە و کوردی شەبەکی لێ دەژین، بڕیارە 160 ماڵە عارەبی بۆ بچێت. بە دڵنیاییەوە هەریەکە لەو ماڵانەش دەبنە بنەگەی نیشتەجێبوونی دەیان و سەدان کەسیتر ئەوجا دەبێ لە بەغدا ماددەی 141 بۆ قەرەبووکردنەوەیان دەرچێ و بشێکەینە دەستکەوتی سەرانی کورد: لادان لە ماددەی 141 خەتی سوورە و سڕینەوەی شوێنەواری تەعریب لە بایبوختێ ئەرکی سەر شانی حەدبا و تەعریبچییەکانە!! هەر بژین بۆ خۆتان و هەڵوێستتان!

ئەوجا، ماددەیەکی دیکەش بە دوای ئەوەدا و یەکێکیتر و یەکێکیتریش.. تا لە ماددە سەدوچلییەکان تێر دەبین و مڕ دەبین و هەمووشیان خەتی سوورن و هەر خەتی سوورە و ئەوەی پێش خۆی دەسڕێتەوە و ئاوی کوردیش لێڵ نابێت!

سەرانی کورد کارێکیان کردووە، ئەو میللەتە فێڵلێکراوە هەزاران جار دەستبڕاوە، باوەڕی نەمێنێ.. باوەڕی بە سەرکردەی خۆی نەماوە...باوەڕی بە سبەینێی خۆی نەماوە.. باوەڕی بە هیچ بەڵێنێک نەماوە.. باوەڕی بە خۆی، وەک میللەت، نەماوە.. لە جێگەی هەموو ئەو باوەڕانە، باوەڕهێنانە بەڕەوکردن بەرەو هەندەران، یان باوەڕهێنان بە دوامۆدەی ئۆتۆمبیل سەریان هەڵداوە و کەسیش ئەو خەڵکە ئاگادار ناکاتەوە:

کاکە! کە کۆڕەو دەست پێدەکات، ئۆتۆمبێلە زۆرەکان، هەموو ڕێوبانەکانی کوردستان قوفڵ دەکەن و ڕێگەی پیادە و لارێ نەبێ ڕێگەی دیکە نامێنێ!

سەرۆکی دەستەی ڕاوێژکاری شەبەک داوای لە دەسەڵاتی کوردی کردووە هاوکارییان بکەن و ئەگەر نەیکەن، ناوچەکە توندوتیژی بە خۆیەوە دەبینێ! توندوتیژی چی؟! لە دوای ڕووخانی بەعسەوە، هەموو توندوتیژییەک واتە قوڕگی ئێمە و چەقۆی ئەوان، پشتی ئێمە و شاپی ئەوان. هەموو توندوتیژییەک واتە دەرپەڕاندنی کورد لە زێدی خۆی و پڕکردنەوەی ناوچەکان بە عارەب، هەموو توندوتیژییەک واتە کشانەوەی چەکداری کورد بەرەو دواوە و هەڵکشانی تەعریب بەرەو پێشەوە! پێم خۆشە بەو ئازیزانەی کە تەعریب لە موسڵ سەغڵەتیان دەکات بڵێم: بە تەمای حکوومەتی هەرێمی کوردستان مەبن! ئەوان پەکیان بە تەعریبکردنی کەرکووک و جەلەولا ناکەوێ و خۆیان هاوکاری تەعریبن و دەستیان دەگرن، دەبێ چ پەکیان بە تەعریبکردنەوەی بایبوختێ بکەوێ کە بە زەحمەت بیریان دەکەوێتەوە؟! ئەوان لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیاندا مەخمووریان دۆڕاند، ئێستا بایبوختێ نادۆڕێنن؟! چ ئێمەی دەڤەری کەرکووک و چ ئێوەی دەڤەری موسڵ و چ مەخموورییەکان، دەبێ سەری خۆمان بە نینۆکی خۆمان بخورێنین دەنا هەموو شتێکمان فت! دەسەڵاتی کوردی سەرگەرمی بازرگانی قەبە و گۆرانی ڕووت و ئاهەنگی گەپ و گەمە و ڕێککەوتننامەی قەبە و دروستکردنەوەی دەوڵەتی عێراق و بەندکردن و سزادانی پاشماوەکانی ئەنفال و خەڵاتکردنی ئەنفالچین، کوا دەپەرژێنە سەر کێشەی ئاوها بچووووک!

خۆ هەر دەبێ ئەوەندە ڕووی دەمم لە بەرپرسان بێت کە بڵێم: زۆربەی مەزەندەکان بۆ ئەوە دەچوون نەتوانن دەستبەرداری کەرکووک بن، بەڵام لە سای سەرتان، تەعریب وەک سەردەمی بەعس، بەڵکو چڕتریش، وەک ئاش دەگەڕێ و دەمانهاڕێت! تەعریب، وەک سەگی هار، هەر ڕۆژە و قولێکی ئەم نیشتمانە هەڕاجکراوەمان دەگرێت!

خەریکە بیری ئەو سەردەمە دەکەم کە کوشتنمان، کوردبوونمانی دەمەزەرد دەکردەوە. ئاوارەبوونمان، کوردستانیبوونمانی تیژتر دەکرد. ئەنفال، ئاگری یاخیبوون و بەرەنگاربوونەوەی کوردی خۆش دەکرد. زوڵم، هیوامانی بە سبەینێی خۆمان باری قورسی زوڵمی بەعسی لە سەر ئەستۆمان سووکتر دەکرد. کاتێک لە سەردەمی بەعسدا هاتن ماڵی باوکی منیان گرت و ڕەوانەی بیابانیان کردن، کەس نەیوێرا پێیان بڵێ: بۆچی وا لەو خێزانە دەکەن؟ کەچی منداڵێکی خۆمان، ئەمن و پۆلیسەکانی بەردباران کرد! ئەویشتان کردە قوڕگی شەڕی خۆتانەوە و بووە قوربانی سەرکردەی غەرقی دۆلار و فایل و نەما تا ئەمڕۆش تەعریبچییەکان بەردباران بکات! هەر کەسێک بەعسی بەردباران کردبێ، نابێ هەبێ! بەڵێ، خەریکە بیری ئەو سەردەمانە دەکەم کە جیهانی کورد پڕ بوو لە هیوای ڕووخانی بەعس!



کاوە ئەمین
سوێد
kawe35@hotmail.com

# ئەحمەدۆی کورد ڕاستدەکات

لەو هەڤپەیڤینەی ڕۆژنامەی (ڕووداو) لەگەڵ ئەحمەد تورک کردوویەتی، شتێکی باڵکێشم خوێندەوە دەربارەی جورئەتنەبوونی AKP لەمەڕ چارەسەرکردنی کێشەی کورد، ئەحمەدۆی کورد دەڵێت: " ئەگەر باوەڕیان هەبووایە، جورئەتیشیان دەبوو، سیاسەت وایە، ئەگەر بڕوات بە شتێک هەبێ، جورئەتیشت بۆی پەیدا دەبێت". من لەگەڵ ئەو قسەیە تەواو هاوڕام، چونکە هیچ شتیک بێ قوربانیدان ناکرێت. سوێدییەکان زۆرجار لەسەر شتە هەستیارەکان جا شتێکی شەخسی بێت یان دەوڵەتی،دەڵێن مرۆڤ دەبێ گرنگی و ئەوەلەویەت بەو شتە بدات کە بە لایەوە گرنگە. بەڵام ئەردۆغان و پارتەکەی، کێشەی کورد ناکەنە کاری لەپێشینەی خۆیان، بەڵکو زیاتر وەک پاشکۆیەک باسی دەکەن و ئەویش زۆرجار بۆ چنینەوەی دەنگەکانی کوردە لە هەڵبژاردنەکاندا. لە گشتپرسیی 12ی ئەیلوولدا، لەلایەکەوە هەم پارتی ئاشتی و دیموکراتی و هەمیش پارتی کرێکارانی کوردستان، جورئەتێکی گەورەیان نیشاندا کاتێک داوایان لەگەلی کورد کرد، بایکۆتی ریفراندۆم بکەن، لەلایەکەی دیکەشەوە پارتی دادوگەشەپێدان هەمان کاری کرد و هەردوولاشیان بە شێوەی خۆیان سەرکەوتنی گەورەیان تۆمارکرد. هەردوو سەرکەوتنەکەش بە قازانجی گەلی کورد شکایەوە، چۆن؟ بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە شاخ و شارەوە، هێزی خۆیان هەم بۆ تورکیا و هەمیش بۆ جیهان نیشاندا، بەشێوەیەک کە ئیتر مەحاڵە بتوانرێت نوێنەرایەتی کورد پشتگوێ بخرێ، بەلایەکەی دیکەشدا هەندێک لەو خاڵانەی دەستوور کە خەڵکی تورکیا بە بەڵێ دەنگیان پێدا لەبەرژەوەندی کوردە. ئەوەتا ئەردۆغان، شەرمنانەیش بێت دان بە وەدادەنێت کە ناکرێت بایکۆتی کورد حسابی بۆ نەکرێت. بۆیە دەکرێ هەم بایکۆت و هەمیش هەمووارکردنی ئەو 26 مادەیەی دەستوور وەک پەنجەرەیەکی کراوە بەڕووی چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد لە باکوور تەماشا بکرێت. پاشەکشێی پارتە نەژادپەرستەکانی وەک MHP و CHPکە ئێستا لە باکووری کوردستان تەنها تابلۆکانیان ماون، کە چەندین دەیەیە داردەستی سوپای تورکیان، شکستێکی گەورەیە بۆ جەنراڵەکان و عەسکەرتاریەت لە تورکیا کە مێژوویەکی خوێناویان هەیە.

پارتی دادو گەشەپێدان AKP چاوی نەک تەنها لە سەر کوردستانە بەڵکو خەون بە بالکان و زۆر لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستیشەوە دەبینن، ئەگەر بەخۆیاندا نەچنەوە و هەوڵی چارسەرکردنی کێشەی کورد بە ئاشتیانە نەدەن ئەوا گومانی تێدانییە ڕووبەڕووی هەمان چارەنووسی پارتە نەژادپەرستەکان دەبنەوە لە کوردستاندا، بەڵام پرسیارە گەورەکە ئەوەیە کەی ئەو جورئەتە پەیدا دەکەن؟ ئێستا خەباتی هەقوازانەی کورد لە باکوور کەوتووەتە سەر سکەیەکی ڕاست، بۆیە هەروەک ئەحمەد تورکیش دەڵێت دەبێت هەموو بیانوو و خۆدزینەوەیەکی AKP بنبڕ بکرێت و ماوەیەکی دیکەیش ئاگربەستی یەکلایەنە درێژبکرێتەوە، چونکە ئیتر کورد پشتئەستوورە بە هێزی خۆی، هەر لەو سۆنگەیەشەوە بوو کە شارەداری گەورەی ئامەد، عوسمان بایدەمیر، پێش ریفراندۆمەکە مەرجی ئەوەیکرد ئەگەر کورد بایکۆتی ریفراندۆم نەکەن ئەوا دەست لەکاردەکێشێتەوە، چونکە ئەگەر وابووایە هەروەک خۆیشی وتی شایەنی نوێنەرایەتی ئەو خەڵکە نەدەبوو، ئەوەش یەکەم جارە سیاسییەکی کورد وەک ئەوروپییەکان بکات کاتێک بدۆڕێن لە هەڵبژاردندا کورسییەکانیان بۆ خەڵکانی دیکە چۆڵ بکەن. بەڵام گەلی کورد نیشانیاندا کە قەڵاکەی بایدەمیر هێندە بەهێزە نە ڕەشەبای ئیسلامی تورک و نە هەڕەشەی شۆڤینییەکان، خشتێکی بنکۆڵ ناکەن، چونکە لەو گشتپرسییەدا لە کوردستان بایکۆت و لە تورکیا بەڵێ بوو.



دەیڤد ڕۆمانۆ *

# تورکیا دەبێ قسە لەگەڵ فیلی ژوورەکە بکات

کاتێک ئەم وتارە دەنووسم، مارتی ئۆیڤا کالیڤی ئەتیساری سەرۆکی پێشووی فینلەندا و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی لەتورکیایە و لەگەڵ حکوومەتی تورکیا و سەرکردەکانی کورد دادەنیشێ. ئەتیساری و هاوڕێکانی بە ئاشکرا مەبەستیانە چاودێری ناکۆکییە درێژخایەنەکەی نێوان ئەنقەرە و گرووپە سیاسییە کوردەکانی ئەو وڵاتە بکەن، ڕەنگە چەند پێشنیازێکیش بۆ چارەسەر پێشکەش بکەن. ئەتیساری کەسێکی بەئەزموون و شیاوە، بەشداری لە چەندین کێشەی لەو جۆرە کردووە، لەوانە گفتوگۆکانی نێوان کۆسۆڤۆ و سربییەکان، بزووتنەوەی ئاسی ئازادیخوازان و حکوومەتی ئەندەنووسی، سەرپەرشتیکردنی هەڵمەتی چەککردنی سوپای کۆماری ئیرلەندداIRA . ئەم سیاسەتمەدار، دیپلۆماتکار و چالاکڤانە ناسراوە دووژمنی تورکیا نییە، بەڵکو سەرۆکی کۆمیتەی سەربەخۆیە لە تورکیا کە ماندوونەناسانە کار بۆ بە ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا دەکات.

ئێمە تەنیا هیواداریین کە ئەتیساری ئەزموونی باشی وەرگرتبێت لەو ناکۆکیانەی پێشووتر کاری تێداکردووە تاوەکو یارمەتی سەرکردەکانی ئەنقەرە بدات کە تێبگەن تەنازولی گەورە پێویستە بۆ ئەوەی سەقامگیری و ئاشتی و داهاتوو بۆ تورکیا دابین بکەن.

ڕێککەوتننامەکەی بێلفاست هەرگیز ڕوووینەدەدا، ئەگەر نوێنەرانی IRA بەشداری مفاوەزاتیان پێنەکردنایە لەڕێگەی پارتە سیاسییە ڕەسمییەکەیانەوە کە پارتی شین فین بوو. هەروەها لەکۆسۆڤۆ و بەڵکانیش، گفتوگۆکان هەموو لایەنە سەرەکییەکانی ناکۆکییەکەی لە خۆگرتبوو. لەگەڵ ئەوەش ئایا هیچ ئەگەرێکی دووریش لە ئارادابوو بۆ چارەسەری ناکۆکی نێوان فەڵەستین و ئیسرائیل، ئەگەر ئیسرائیل دانی بەفەڵەستینییەکان و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی PLOدا نەنایە و تەنیا سووربووایە کە قسە لەگەڵ ئوردنییەکان دەکات؟ بێگومان ئێمە هەرگیز نەدەگەیشتینە ڕێککەوتننامەی ئۆسلۆ (ئەو ڕێککەوتننامانە تەنیا ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە دانپێدانانی دوو لایەنە پێویستە).

بێگومان هەندێ خوێنەری تورکی ئێستا دژی ئەمە دەوەستنەوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو کەیسانە هەمووی جیاوازن و ناکرێت حکوومەتی تورکی دانووستاندن لەگەڵ تیرۆرستدا بکات. با جارێ ئەوانە بخەینە لاوە کە لەم ناکۆکییەدا ئەنقەرە چەندین جار میوانداری سەرکردەکانی حەماسی کردووە و چەندین گوندیشی سووتاندووە. ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە هەمیشە حکوومەتەکان دانووستاندن لەگەڵ تیرۆرستان دەکەن. کاتێکیش ئەم کارە دەکەن کە ئەوان هەموو شتێکی دیکەیان تاقیکردووەتەوە و سەرینەگرتووە و توانای کۆتایی هێنانی شەڕەکەیان نییە. IRA چەندین تەقینەوەی لە بەریتانیا ئەنجامدا، کەچی لەکۆتاییدا بەریتانیا لەگەڵ نوێنەرەکانیان دانیشت. PLO فڕۆکەی ڕفاند و لە ئۆلۆمپیادی میونخیش هێرشیکردە سەر وەرزشکاران و دەستڕێژی لە پاسی قوتابیانی ئیسرائیلی کرد، کەچی ئیسرائیلییەکان گفتوگۆیان لەگەڵ کردن و ڕازیبوون زۆربەی کەناری ڕۆژئاوا و هەموو غەزەشیان بدەنێ. بەریتانییەکان، ئیسرائیلییەکان و ئەوانیدیکەش لەوە گەیشتن کە ناتوانن نوێنەرانی خەڵکی دیکەش دەستنیشان بکەن و قسەکردنیش لەگەڵ ئەو نوێنەرانە بەو مانایە نایێت کە دەبێت خۆشتبوێن.

ئایا PKK نوێنەرایەتی کوردەکانی تورکیا دەکات؟ من زۆر خەڵکم لەتورکیا بینیوە و قسەشم لەگەڵ کردوون، کورد و تورکیش، کە پێیانوانییە. هەر ئەو خەڵکەش قسە لەگەڵ DTP کە ئێستا بووەتە BDP، ناکەن. لەبەرئەوەی پێیانوایە بەڵگەشیان هەیە کە ئەو پارتە ڕووی سیاسی PKK یە. ئەمەش پرسیارێکی گرنگ دێنێتە ئاراوە: کێن ئەو ملیۆنانەی کە لەچەند هەڵبژاردنەکانی ڕابردووی تورکیادا دەنگیان بە DTP داوە و بۆچی؟ لەتورکیا پارتی دیکەی کوردی هەن، بەڵام بێ ئەوەی پەیوەندییان بە PKKوە هەبێت، کەچی هەرگیز نوێنەرەکانیان نابینین سەرکەوتن بەدەستبێنن لەشارەوانییەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیا. خۆشی بێ و ترشی، PKK لە ڕێگەی لایەنە سیاسییەکانییەوە DTP/ BDP نوێنەری سەرەکی سیاسی کوردە لە تورکیا. ئەو ڕاستییە لۆژیک و پێویست و تاڵەی ئەنقەرەش بۆی ئاشکرا دەبێت ئەوەیە کە هیچ چارەسەرێکی سیاسی یاخود "کرانەوەیەکی کوردی" سەرکەوتوو نابێت، بێ بەشداری PKK. چارەسەرێک کە ڕەنگە کوردەکان پێی قایل بن، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، لەبەرئەوەی بەبۆچوونی سەرکردایەتی PKK، ئەوان ژیانی خۆیان نەکردە قوربانی و بۆ چەندین ساڵ لە چیاکان نەمانەوە بۆ ئەوەی هیچ داهاتوویەکیان لەتورکیادا نەبێت. جا ئەوە بیرکردنەوەیەکی خۆپەرستانە بێت یان بڕوایان بەکەسی دیکە نییە پێشڕەوی خەڵکەکەیان بکات، ئەو سەرکردانە هەموو چارەسەرێک ڕەتدەکەنەوە کە لێبووردنیان پێ نەبەخشێت و داهاتوویەکیان نەداتێ.

خۆشبەختانە بۆ ئەنقەرە، PKK چیدیکە داواکارییەکانی مەحاڵ نین. هەتا بەریتانییەکان، ئیسرائیلییەکان و ئیسپانییەکانیش ناچاربوون سنوورێک بۆ داواکارییەکانی IRA، حەماس و ETA دانێن. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، موراد قەرەیلان و سەرکردەکانی دیکەی PKK هەموویان هەندێک لە داواکاری دەوڵەتێکی سەربەخۆ تەنازولیانکردووە و دەڵێن ئامادەن چەکەکانیان دابنێن ئەگەر لێبووردنی گشتییان بۆ بدرێ و ریفۆرمی ڕاستەقینەی سیاسی ئەنجام بدرێت. ئەو ریفۆرمانەش دەبێ بەهەمان شێوەی ئۆتۆنۆمییەکەی کەتەلۆنیا بێت لەگەڵ ئەوەی PKK بەشێوەیەکی سروشتی بۆ خۆی هەمان داواکاری هەیە. بەهەر شێوەیەک بێت ئەو وردەکارییانە یەکێک دەبێت لەو خاڵانەی کە ئەنقەرە لەدانیشتنی نهێنیدا لەگەڵ دووژمنەکانی باسی لێوە دەکات، کاتێک دەستیکرد بەگفتوگۆکردنی جیدی لەگەڵیان.

لەدەرئەنجامی ریفراندۆمەکەی هەفتەی ڕابردوو، ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەستکەوتی سیاسی گەورەی بەدەستهێنا. کارێکی باش دەکات ئەگەر بەیارمەتی کەسانی دانای وەک ئەتیساری ئەو بەهێزبوونە سیاسییە نوێیەی هەیەتی بەکاربێنێ بۆ ئامادەکردنی تورکەکان تاوەکو قسە لەگەڵ فیلی ژوورەکەدا بکەن. ئەگەر ناوبراو کێشەشی هەبوو لەبینینی فیلەکە، تەنیا دەتوانێ ئەو پرسیارە لەخۆی بکات بۆچی تەنیا 33%ی دانیشتووانی ناوچە کوردییەکان بەشدارییان لەو ریفراندۆمەدا کرد، لەکاتێکدا لەڕۆژئاوای تورکیا ڕێژەی بەشداری دەنگدەران گەیشتە نزیکەی 80%. ئایا ئەوە هیچ پەیوەندییەکی هەیە بەوەی کە خەڵک گوێ لە نوێنەرە دەستنیشانکراوەکانیان دەگرن و داوایان لێکراوە بایکۆتی ریفراندۆمەکە بکەن؟

***دەیڤد ڕۆمانۆ، پرۆفیسۆری سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە لە زانکۆ ولایەتی مزووری لە ئەمریکا و نووسەری کتێبی (بزووتنەوەی نەتەوەی کورد) لە ساڵی 2006. ئەم وتارەی بە تایبەت بۆ (ڕووداو) نووسیوە**

# لە هەولێر بازاڕمان گەرمە



**ڕووداو–ئیستەمبوڵ**

دوێنێ 2010/9/19 ، گۆرانیبێژی بەناوبانگی تورکیا ئیبراهیم تاتلیسەس ڕایگەیاند کە هۆتێلەکەی خۆی لەشاری کوشئاداسە بەبڕی 8 ملیۆن دۆلار فرۆشتووە، بۆ دابینکردنی پێداویستی پڕۆژەکانی لە شاری هەولێری. لەو بارەوە تاتلیسەس گوتی"ئێمە بۆ فرۆشتنی ئەم هۆتێلە بڕی 10 ملیۆن دۆلارمان داوادەکرد، بەڵام دواتر نرخەکەمان دابەزاند بۆ 8 ملیۆن دۆلار، ئێستا پێویستە لەسەر من کە ئەم هۆتێلە بفرۆشم. نرخی فرۆشتنی هۆتێلەکە گرنگ نییە، ژمارەی هۆتێلەکانم کەمدەکەمەوە، چونکە لەهەولێر خەریکی کاری سەرمایەگوزاریم و ئێستا کارەکانمان زۆر بەباشی بەڕێوەدەچن"، گوتیشی "لە هەولێر بازاڕمان گەرمە، ئەمڕۆ لە ئزمیر بازرگانێک بەزۆر ڕۆژانە 3-4 شووقە دەفرۆشێت، بەڵام ئێمە لەهەولێر 10-15 شووقە دەفرۆشین".

# 1000مەڕی جۆرجی لە کوردستان نیشتنەوە

**ڕووداو–سلێمانی**

بۆ یەکەمجار بازرگانێکی کورد لە ڕێگەی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی 1000 سەر مەڕی لە جۆرجیاوە بە فڕۆکە هێنایە کوردستان. ئەو بازرگانە کوردە کە ناوی حەمزە محەممەدە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"دەمەوێ ڕەچەشکێنی بکەم، ئینجا بیر لەسوود و قازانج دەکەمەوە"، حەمزە، گوتی بیرۆکەی هێنانی مەڕ بە فڕۆکە گوتی "بیرۆکەی هاوڕێییەکی ئێرانیمە، بەڵام نەمزانی هێندە پێوەی ماندوو دەبم". ئەو مەڕانە تا گەیشتوونەتە شاری سلێمانی 300 هەزار دۆلار خەرجیان بووە. زانا حەمە ساڵح، قایمقامی ناوەندیی شاری سلێمانی دەربارەی دیاریکردنی نرخی گۆشتی ئەو مەڕانەی حەمزە هێناونی گوتی "دەبێ لیژنەیەک نرخی تێچوونی هێنان و خەرجییان بخەملێنێ ئەوجار دیاری دەکرێ کیلۆی بەچەند بفرۆشرێ"، ناوبراو گوتیشی "هێنانی ئاژەڵ لەدەرەوە کار لە کەمکردنەوەی نرخی گۆشت دەکات لە هەرێمی کوردستان".

« 8



# نە قەیسی ما و نە هەڵۆژە



**ڕووداو– هەولێر**

نوێترین ئەلبوومی هونەرمەند عەزیز وەیسی بەناوی (سروە)، لە چاپی یەکەمیدا کە نزیکەی 70 هەزار دانەی لێ چاپکرا بە 3 ڕۆژ هەمووی فرۆشراو، ئێستا چاپی دووەمی لەبازاڕە. عەزیز وەیسی ڕەخنەی لەوەگرت کە لە یەکەم ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەلبوومەکەی دەستکرا بە کۆپیکردنی "بەداخەوە هەر یەکەم ڕۆژدا کۆپیکرا". بەڵام عەزیز وەیسی دەڵێت نایەوێ سکاڵا لەسەر کەس تۆمار بکات "نامەوێ کەس لە خۆم عاجز بکەم". دیدار شێرزاد، خاوەنی سەنتەری ئەربائیلۆ لە هەولێر، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە چاپی یەکەمی ئەلبوومی تازەی عەزیز وەیسی لەڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان تەواو بوو، هەرچەندە سەنتەرێکیش بەبێ مۆڵەت چاپی کردبووەوە. خاوەنی سەنتەری ئەربائیلۆ گوتیشی"ژمارەیەکی زۆر عەرەبیش ئەلبوومە نوێیەکەی عەزیز وەیسیان دەکڕی". عەزیز وەیسی یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەو ئەلبوومەی بەنێوی (هەرمێ و هەڵۆژەو قەیسی) کلیپ کردووە.

« 17


Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای ڕووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نووسین** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

**بەڕێوەبەری هونەری**: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**دیزاینەران** : بەختیار مستەفا ـ محەممەد مستەفا خۆشناو

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای ڕووداو دەریدەکات نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net









